# چیرۆک و بەیتی کوردی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# چیرۆک و بەیتی کوردی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:

**عەزیز شاڕوخ**



ناوی کتێب: چیرۆک و بەیتی کوردی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: عەزیز شاروخ
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٤٦
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەمەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: دلاوەر صادق ئەمین
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

## کورتە سەرەتایەک

خوێنەری عەزیز و بەڕێز ئەوەی بەدەستتانەوەیە کۆمایەکە لە ئەدەب و فۆلکلۆری کورد بەناوی بەیت یان چریکە دەگەڵ چەند چیرۆکێک. دیارە چیرۆکەکان زۆر گرنگ نین بەڵکو ئەوەی گرنگە و دەبنە بنەڕەتی پتەوی هونەر و ئەدەبی کوردی بەیتەکانن واتە چریکەکان، کە زۆر بەداخەوە لایەنگرانی ئەدەبی کوردی زۆر کەم سەرنجیان داوەتێ و، خۆیان بۆ ماندوو کردووە کە هەتا ئەورۆ بەرە بەبەرە و، سینە بەسینە ڕاگیراون و پارێزراون. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ڕادە و ژمارەی بەیت بێژەکان زۆر کەم بۆتەوە. لە ڕاستیا بەرەی نوێ لە ئاواییەکاندا بۆ فێربوونی ئەوانە خۆیان زەحمەت نادەن و گوێی بۆ شل ناکەن. بۆ وێنە باوکی خۆم لەو کەسانە بوو کە بەشی زۆری ئەو بەیتانەی دەزانی و بۆ ئەوەی منیش فێریان بم زۆر جاران بۆی دەگوتمەوە. ئەو وەختی منداڵ بووم ئەگەرچی فێریان ببووم بەڵام بەداخەوە زوو لە بیرم چوونەوە. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە بەیت بێژ دەبێ خۆش خۆش و زوو زوو بیان گێڕێتەوە ئەگینا لەبیری دەچنەوە. هەر لەبەرئەوەشە کە ئێستا بەیتەکان کەوتوونەتە ژێر مەترسی لە ناوچوون و دراونەتە دەستی فەرامۆشی.

شەش ساڵ لەمەوپێش کاتێ دێ بەدێ و ئاوایی بەئاوایی بەشاخ و کێواندا بەشوێن چرگەرەکان گەڕام و پەیدام کردن و لە خزمەتیاندا بووم، بۆ خۆشیان لەو بابەتەوە هەستیان بەناڕەحەتی دەکرد و دەیانگوت: لاوەکان بۆ فێربوونیان حەول نادەن و نووسەرانیش کەمتر بەشوێنیاندا دێن. ئەڵبەت مەبەستی منیش ئەوەدەمی ئەوەبوو کە هەتا ئەو جێیەی لە توانامدا هەیە بگەڕێم و بەیت و چیرۆکەکان تۆمار کەم و لەکاتی خۆیدا بیانهێنمەوە سەر کاغەز، کەوا ئێستا کۆمەڵێک چیرۆک و بەیتم لە شریتەکانڕا هێناوەتە سەر کاغەز. کە هیوادارم لەلایەن ئێوەوە پەسەند بکرێ، هەروەها پێویستە بڵێم هیچ جۆرە دەستکارییەکم نەکردوون نەوەکو تام و چێژی خۆیان لەدەست بدەن. ئەگەر نووسەر و شارەزایانی بەیت و چیرۆکیش ویستیان ئەوەبێ کە بەشێوەی عیلمی کاری لەسەر بکەن گەردنیان ئازابێ و، دڵنیاش بن کە لە کانگاکانی زۆر باوەڕپێکراوڕا تۆمارکراون و، ڕاستی و ڕەسەنی بەیتەکانیان بۆ هەموو عەلاقەمەندان و لایەنگرانی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی ڕوون بۆتەوە، وەکو حوسێن شەشە لە «بوپانە»ی سەردەشت و حەمەدی ئاغای لە کانیەباغی پیرانشار.

با ئەوەش بڵێم کە ئەو بەیتانە، هەمووی پڕن لە وشە و ڕستەی جوان و ڕەسەنی ئەدەب و هونەر، بۆ وێنە «ئازیزە»ی خلە دەرزی ئەوەندە وشەی جوانی تێدایە کە دڵنیام





خوێنەران پڕ بەدڵ حەزی لێ دەکەن. جگە لەوەش ئەو بەیتانە هەمووی بەسەرهاتی پڕ لە ناکامی و پەژارەی ئەو خەڵکە لێقەوماوەیە کە بەبیروبڕوای من باشترین بەیت لە باری چیرۆکەوە بەیتی لاس و خەزاڵە. چونکە قارەمانی ئەو چیرۆکە هەتا دەمرێ هەر بەهێز و دەستەڵات بووە و، هەرگیز تووشی تێشکان نەبووە.

بۆ بیرەوەری ناچارم بڵێم: ڕاستە ئەوە دەرمانی گەل نییە، بەڵام هیچ گومان لەوەشدا نییە کە دەوام و زیندووبوونی هەموو گەلێک پێوەندی ڕاستەوخۆی بەزیندووبوونی ئەدەب و هونەری ئەو گەلەوە هەیە. هەر گەلێک ئەگەر فەرهەنگ و هونەری خۆی لەدەست بدات بێگومان خۆشی وەبەر لافاوی زەمان دەکەوێ و لەناودەچێ. گەلی کورد ئەگەر نووسەر و پەرتووکیشی کەم بووبێ بەیت بێژەکانی توانیویانە هەتا ئەورۆ بەیتە فۆلکلۆرییەکان بپارێزن و ئێستاش جێگای خۆیەتی بنووسرێتەوە و لە چاپ بدرێن.

بەهیوای پەسەندکردن و سەرکەوتنتان

عەزیز شاڕوخ

***

## چیرۆکی شێری مەنەشێر

دەڵێن کەرێک و وشترێک کە زۆریان بار لێ نابوون پشتیان بریندار ببوو. بەرەڵڵا کرابوون و چووبوونە نێو لێرەوارێکی. ڕۆژێک کاروانێک بەتەنیشت لێرەوارەکەدا ڕادەبرێ. کەرەکە ڕوو لە وشترێ دەکا و دەڵێ: ئەمن دەزەڕێنم. وشتر کە گوێی لەو قسەیە دەبێ دەترسێ و دەڵێ: کوڕە بۆ خاتری خودای نەکەی، کاروانچییەکان گوێیان لێ دەبێ و دەمانگرن و بارمان لێدەنێن. کەرەکە بەقسەی وشتری نەکرد و دەستی کرد بەزەڕەزەڕێ. کابرایەکی کاروانەکە گوێی لە زەڕەزەڕی کەرەکە دەبێ و دەڵێ: باری ئەو دوو کەرانەم زۆر قورسە وا چاکە ئەو کەرەی بگرن و باری کەم. چووە پێشێ، دیتی وشترێکیش لەوێیە. هەر دووکی دەگەڵ خۆی هێنان و بارە قورسەکانی لە کەرەکەنان. گەیشتنە هەورازێکی، کەرەکە گوتی ئەمن ئەوە خۆ لە عەرزی دەدەم. وشترەکە گوتی بۆ خاتری خودای خۆ لە عەرزی نەدەی ئەتۆش و بارەکەشت لە من دەنێن. بەدبەخت و سەرگەردان دەبم. کەرەکە بەقسەی وشتری نەکرد و خۆی لە عەرزی دا. ئەوانیش بەناچار کەر و بارەکەی لە وشترەکە دەنێن. هێندێکی دیش ڕۆیشتن گەیشتنە سەراوژێرێکی، وشترەکە ملی بڵێند کرد و سەری هێنا بن گوێی کەرەکەی و گوتی: ئەوجار نۆرەی منە، ئەمنیش هەڵدێم. ئەتۆ چ دەردێکت دا بەمن ئەمنیش ئەو بەڵایەت بەسەر دێنم. بەڵێ، وشترەکە هەڵات و کەروباری بەعەرزێ دادا.

هەردووکیان بەرەڵڵا کردن، بەڵام کەرەکە هەموو گیانی بریندار ببوو. کەرە ڕووی کردە دارستانێک و پاش ماوەیەکی برینەکانی ساڕێژ بوونەوە. ڕۆژێکی تووشی شێرێکی دەبێ، شێر ڕووی تێدەکا و دەڵێ: لێرە لە چی دەگەڕێی؟ نازانی ئێرە وڵاتی منە؟ گوتی نەخێر وڵاتی تۆ نییە. شێر گوتی ئەمن شێرم. ئەتۆ چی؟ کەر گوتی ئەمن شێری مەنەشێرم، بەخۆم و بەشمشێرم. شێر گوتی زۆر باشە ئەگەر وایە وەرە قەرارێکی دانێین، هەرکەس سێ کاری خەراپی کرد ئێرە بەجێ بێڵی، کەرە گوتی زۆر باشە. ڕۆژێک قشقەڵێک سەری دەکەرەکە گیرسابوو نەدەهاتەوە دەرێ، شێرەکە ئەوەی دیت پڕی دایە و هێنایەوە دەرێ. کەرەکە گوتی: «هۆیت» ئەوە خەراپێک، شێر گوتی: ئاخر بۆچ؟! ئەمن چاکەم دەگەڵ کردی دەنا دەمردی، کەرە گوتی: نەخێر ئەو قشقەڵە حەکیم بوو، بیلاتەژبی، کۆمی دەرمان دەکردم.

ڕۆژێکی دیش کەرەکە خۆی گەوزاندبوو، لە نێوان دوو داراندا گیرسابوو چوار پەلی دەحەوای کردبوو. شێرەکە، کەرەکەی لەو حاڵەدا بینی لەو داوەش ڕزگاری کرد. کەرەکە ڕووی تێدەکا و دەڵێ: ئەوەش دوو خەراپە، شێر دەڵێ: ئاخر بۆ؟ ئەمن ڕزگارم کردی،





گوتی نەخێر ئەتۆ کارێکی خەراپت کردووە، چونکە حەکیم بەمنی گوتبوو، دەبێ سێ ڕۆژان ئاوا بکەی، پارێزتە دەنا چاک نابییەوە، ڕۆژێکی دیکە کەرەکە لەنێو زەلاوێکی چەقیبوو هەر ملی بەدەرەوە بوو، زۆر نارەحەت بوو. شێریش پڕی دەداتێ و ڕاکێش ڕاکێش دەیهێنێتەوە دەرێ. کەرەکە ڕووی تێدەکا و دەڵێ: فەرموو ئەوەش سێ خەراپە. چونکە ئەو زەلاوە دەرمانی دەردم بوو. ئەمن بەئەنقەست چووبوومە دەوێوە. بەڵێ شێر بەناچار ڕۆیی و لێرەواری بەجێهێشت. ماوەیەک ڕۆیی تووشی گورگێکی بوو. گورگەکە لێی پرسی، شێرە بۆ وا نارەحەتی؟ شێر گوتی: وڵاتەکەیان لێ بڕیوم، شێری مەنەشێر هاتۆتە جێگاکەم. گورگەکە گوتی: ئەمن ئەوەی دەناسم، ئەوە کەرە، وەرە ئەمن ئەو بەڵایەت لە کۆڵ دەکەمەوە، شێر ترسا، گوتی ئەمن نایەم بەمەرجێک نەبێ، گورگەکە گوتی: چی؟ گوتی گوریسێکی بێنە سەرێکی دەملی من کە و، سەرێکیشی لە ملی خۆت ببەستەوە. گورگەکە گوتی: باشە، وایان کرد. بەرەو لێرەوار وەڕێ کەوتن کەرەکە لە دوورڕا دیتی ئەوە شێر و گورگ بۆ لای ویی دێن و گوریسێکیان لە ملی خۆیان بەستووە. لێیان لە فێڵێ کەوت و ملی نا لە زەڕەزەڕێ. شێر هەر کە دیتی کەر بەجووتە هاوێشتن و زەڕەزەڕەوە دێ، ترسا و هەڵات. چونکە سەرەکەی دیکەی گوریسەکەش بە ملی گورگەکە بوو ئەویشی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا و لە بەرد و داری دا. هەرچەندە گورگەکە گوتی: ئەوە کەرە، مەترسێ و ئەمن دەیخۆم، شێر جوابی نەداوە هەتا گورگەکەی کوشت.

***

## بزنۆکە و مەڕۆکە

مەڕۆکێک و بزنۆکێک لە جێ هەواران بەجێمابوون ساڵ درەنگ بوو، بزنۆکە گوتی: مەڕۆکە وەرە با جێیەکی بۆ خۆمان سازکەین، هۆڵێک، شتێک بۆ زستانێ بچینە تێوی. مەڕۆکە گوتی خوریلەی خۆم خۆش بێ ئەمن هۆڵم بۆ چییە. بزن گوتی: ئەلحان ئەگەر دەگەڵم سازنەکەی دوایە ئەمنیش ڕێگات نادەم بێیە تێوی. مەڕۆکەش دەڵێ: خوریلەی خۆم خۆش بێ مەهێڵە.

پاییز دادێ، ساڵ درەنگ دەبێ، سەرما پەیدا دەبێ. بزن خانوێکی بۆ خۆی دروست دەکا. مەڕۆکەش لە سەحرایە دەمێنێتەوە. مەڕۆکە زۆری سەرما دەبێ، بەفر دەبارێ. دەچێتە لای بزنۆکەی و دەڵێ: بزنۆکێ جێی سەرم کە، دەڵێ: جێت ناکەم، دەڵێ جێی لاقم کە، دەڵێ جێت ناکەم، دەڵێ جێی دەستم کە، دەڵێ جێت ناکەم، مەڕۆکە لە

سەرمان مندار دەبێتەوە.

بزن دێنێ مەڕەکەی کەوڵ دەکا و دەیکاتە چادر، ڕیخۆڵەکەی دەکاتە ڕستە و لاقێکی دەگەڵ سەری دەکاتە کوتک. لاقەکەی دیکە و دەستەکانیشی دەکاتە سینگ. بزنۆکە لەوێ دەحاوێتەوە هەتا بەهارێ، بەهارێ دەزێ و دوو کاریلەی دەبێ. یەکیان نێو دەنێ تیتل و ئەوی دیکەیان نێو دەنێ بیبل. هەموو ڕۆژێ دەڵێ: ڕۆڵە ئەمن دەچمە لەوەڕێ و، دێمەوە شیری بۆنگۆ دێنم، بۆ خۆشم خۆم تێردەکەم. ئەگەر هاتمەوەش دەڵێم: تیتل و بیبلی دەدایە دەرکەی وەکەن لە مایە، شیرم دەگوانان دایە، شینکەم دەکەلێن ددانان دایە. ئەنگۆش دەرکەم لێ بکەنەوە. ئەوانیش دەڵێن باشە، ڕۆژێکی دەچێتە لەوەڕێ و دێتەوە دەڵێ: تیتل و بیبلی دەدایە، دەرکەی وەکەن لەمایە. شیرم دەگوانان دایە، شینکەم دەکەلێن ددانان دایە. ئەوانیش دەرکەی دەکەنەوە و دەچێتە ژوورێ، وەسبەینێ ڕا دەچێتەوە سەحرایە، ئەگەر بلەوەڕێ. ئێوارێ دێتەوە و دەڵێ: تیتل و بیبلی دەدایە دەرکەی وەکەن لەمایە، شیرم دەگوانان دایە، شینکەم دەکەلێن ددانان دایە. دوو جاری دیکەش وا دەڵێ کەس دەرکەی لێ ناکاتەوە. ئەوجار بەشاخەکانی دەرکەکەی هەڵدەگرێ، دەچێتە ژوورێ. تەماشا دەکا تیتل و بیبل نەماون، دەچێتە سەربانی ماڵی گورگی دەست دەکا بەهەڵبەزینێ. گورگ دەڵێ: کێیە هەڵبەزهەڵبەزێ دەکا، میوانانم لێ شەرمەزار دەکا، کاسە و کەولانم لێ پیس دەکا؟

بزن دەڵێ: ئەمنم، ئەمنم بزنۆکێ، دووچاوم پێوەنە بزبزۆکێ، کێ خواردوویەتی تیتلی من، کێ خواردوویەتی بیبلی من، بێتە شەڕە جەنگی من. گورگ دەڵێ ئەمن خواردوومە تیتلی تۆ، ئەمن خواردوومە بیبلی تۆ، دێمە شەڕە جەنگی تۆ.

بزن دەڵێ سبەینێ با بچینە شەرحێ.

گورگ هەمبانێکی دێنێ پڕی دەکا لە تۆز و دوو دەنکە نۆکی تێداوێ و دەڵێ ئەو تووتنەی بۆ مەلای دەبەم. بزنیش ماستی جوان دەکوپەڵەیدا هەوێن دەکا و بۆی دەبا. دەچنە لای مەلای، مەلا دەڵێ: دەبا سیغارێکی بکێشم لە تووتنی گورگی. ئەگەر دەیکاتەوە دەنکە نۆکێک وەچاوێکی دەکەوێ و ئەوی دیکەش وەچاوەکەی دیکەی دەکەوێ. دەڵێ ئەدی بزانم ئی بزنۆکەی چۆنە. لە ماستی بزنۆکەی قامکێکی دەخوا و قامکێکی لە چاوەکانی خۆی دەدات چاوی چاک دەبێتەوە. دێنێ شاخی بزنێ لە ئاسنی دروست دەکا و، ددانی گورگیش لە لۆکەی. جا دەڵێ بڕۆنە شەڕێ. ئەوانیش بۆ شەڕێ دەچنە مەیدانێکی. ئەگە گورگ دای دێتێ ئەوەندەی موو لێ دەپچڕێ، ئەوجاریش دای دێتێ هیچی وەبەرنایە. ئەگە بزنیش لێی دەدا ناو زگی گورگی بەولاتی وەردەکا، تیتل





و بیبلان لەزگی گورگێ دێنێتەوە دەرێ و دەڵێ: ڕۆڵە لە کوێ بوون؟ دەڵێن لە ماڵی خاڵمان بووین، دەڵێ: چوو خوارد، دەڵێن دانۆڵە. دەڵێ ئەدی بۆ بۆ منوو نەهێنا، دەڵێن کۆشمان دەسووتا. دەڵێ چی دیکەشوو خوارد؟ دەڵێن خورما، دەڵێ ئەدی بۆ بەشی منوو نەهێنا، دەڵێن: کۆشمان پیس دەبوو.

***

## چیرۆکی پیرێژن و حەزرەتی سولێمان

دەڵێن لە زەمانی حەزرەتی سولێماندا پیرێژنێک دەچێتە خزمەتی و دەڵێ: قوربان بێ کەسم، کەسم نییە فەعلەم بدەیە خانوێکم بۆ دروست بکەن. حەزرەتی سولێمانیش کە باڵندە و دێو و هەموو زیندەوەرێکی لەبەر حوکم دابوو، دوو دێوی بانگ کرد و پێی گوتن کە بچن خانووی بۆ ئەو پیرێژنە دروست بکەن. دێوەکان بەفەرمانی حەزرەتی سولێمان خەریک بوون و خانوویان بۆ پیرێژن دروست کرد، پاشان بەپیرێژنەیان گوت ئەوە خانووەکەت ئامادەیە، ئایا کاری دیکەت نەماوە؟ پیرێژن گوتی: ناوەڵڵا بەسەدەقەتان بم، دێوەکانیش گورجێ خانووبەرەکەیان ڕووخاند. سبەینێ زوو پیرێژن چووە خزمەت حەزرەتی سولێمان و گوتی قوربان ئەو دێوانەی تۆ خانووبەرەیان بۆ دروست کردم و پاشان لێیان ڕووخاندمەوە. حەزرەتی سولێمان گوتی مەگەر تۆ نازانی کاری دێوان بەپێچەوانەیە؟ تۆ دەبوو کارێکیان بۆ بدۆزیەوە و، نەڵێی کە کارت تەواو بووە. حەزرەتی سولێمان دیسان دوو دێوەکانی بۆ نارد. دێوەکان دەستیان کرد بەدروست کردنەوەی خانووبەرە بۆ پیرێژنێ. ئێوارێ کە بۆیان تەواو کرد، گوتیان پیرێژن ئەوە تەواو بووین، کاری دیکەت نەماوە؟ پیرێژن گوتی بەڵێ کارم ماوە، وەرن ئەو کونەم بۆ فوو لێ بکەن. دێوەکانیش دەستیان کرد بەفوو لێکردن و باوەشێن کردن. لە پڕڕا یەکێک لە دێوەکان قامکی وە عەدەبی پیرێژنێ کەوت، پیرێژن تڕێکی لێ بەربوو. دێوەکان وتیان: ئەها! وەڵڵا دڕا تازە بەکەس چاک نابێتەوە، هەتا زووە با هەڵێین. پیرێژنیان بەجێهێشتوو هەڵاتن.

***

## ئاشەوان و کابرای قەرەتاڵەچن

دەڵێن مەلایەک لە خۆڕا لە دێی قوشقی ببوو ملی ڕێگای گرت و گەیشتە ئاواییەکی تر. کابرایەک کە لەبەر گاڕانێ بوو کوڕە کەچەڵێک بوو. لێی پرسی: ئەرێ مامۆستا

ئەوا بۆچ وا بەو ڕێگایەدا هەڵدێیی؟ مەلا گوتی خەونم دیوە کە تۆفانی نووح هەڵدەستێ و من هەڵدێم بۆ لای کەشتی نووح. ئەویش گاڕانی بەجێهێشت و، وەدوای مەلای کەوت. هەردووکیان هاتن گەیشتنە ئاواییەکی دیکە، دیتیان کە پیاوێک قەرتاڵەی دەچنێ و لەو ڕێگەیەوە نانی پەیدا دەکات، کابرای قەرتاڵەچن وتی ئەوە بۆ کوێ دەچن، گوتیان ئەوە تۆفانی نووح هەڵدەستێ. ئەویش گوتی جا ئەگەر وایە منیش دەگەڵ ئێوە دێم. هەستان هەرسێکیان وەڕێ کەوتن. لە ڕێگادا تووشی کوێرێکی بوون، کوێرە لەگەڵ کوێرکێشەکە بەکێشە هاتبوو. کە گوێی لە گرمە و تەپوهۆڕی چەند کەسێک بوو گوتی بۆ خاتری خودای ئەوە چییە؟ وتیان تۆفانی نووح دێ. گوتی جا ئەگەر وایە ئەمنیش دەگەڵ خۆتان بەرن.

هەرچواریان ڕوویان لە ماڵێکی کرد. ژنی کابرای خاوەن ماڵ حەزی لە ئاشەوانێ دەکرد. ئەوێ شەوێش قەراری دەگەڵ دانابوو. ئەو شەوەش مەلا و کابرای گاوان و کوێرە و کابرای سەلە و قەرتاڵانیش لەوێ مابوونەوە. ئێوارێ ئاشەوان دەسرۆکێکی پڕ لە مێوژ و گوێزی ساز کردبوو کە بۆ ژنە تیوێی بەرێ. قەراریشیان وابوو کە پەتێکی لە دەستی بکا و، پەتەی ڕاوەشێنی و بێتە دەرێ.

شەوێ کە ماڵە کابرای هاتن بنوون، مەلا کە هەر لە تۆفانێ دەترسا گوتی: براژن جێگای من لەسەر ئەو کەندەوە چابکە: ژنەکەش هێنای جێگای مەلای لەوێ ڕاخست. جێگای کوێرە و کەچەڵ و کابرای سەلە و قەرتاڵانیشی لەبەر دەرگاکە ڕاخست، هەتاوەکو شەوێ کە چوونە دەرێ نارەحەتی بۆ ئەوانی دیکە ساز نەکەن. کابرای ئاشەوانیش ئاشیر و ماشیری حاواندەوە، دەسرەگوێزی هەڵگرت و چوو بۆ لای ژنەکە. کابرای سەلەوقەرتاڵان کە شەوێ هاتە دەرێ و هەڵترووشکا، دیتی کە پەتێک لەوێیە. بەشوێن پەتەکەدا چوو، تەماشای کرد کە پەتەکە بەدەست ژنی خاوەن ماڵەکەوەیە. کە وای دیت گوتی وەڵڵاهی شەرتە ئەوشۆ ئەمن نەنووم، هەتا بزانم ئەو پەتە چی لێ دێتەوە. لەسەر پەتەکەی دانیشت. هێندەی پێ نەچوو پەتەکەیان ڕاوەشاند، هەر ئەو کێشای و ئەو کێشای. کابرای ئاشەوان وتی: ماڵت خەرانەبێ ئەوە بۆ نایە دەرێ؟ کابرای سەلەو قەرتاڵانیش دەنگی خۆی گۆڕی و گوتی: ئاخر نابێ و ناکرێ، میوانانم هەیە و پێدەزانن. کابرای ئاشەوان گوتی: خێر، دەبێ هەر بێی. ئەوجار گوتی هانێ ئەوە دەسرێکم گوێز و کشمیش بۆ هێناوی. دەسرەگوێزەکەی لێ وەرگرت. دەرگای ئەو زەمانی لە چەپەری بوو، کابرای ئاشەوان............. دەرهێنا و لە چەپەری بردە ژوورێ، کابرای سەلە و قەرتاڵانیش تەڕکی گرتو بڕی. کابرای ئاشەوان بەناڵە و هاوار گەڕاوە بۆ





لای ئاشەکەی خۆی. کابرای قەرتاڵانیش ملی نا لە کشمیش و گوێز خواردنێ. کوێرەش گوێی لەملچەملچێ بوو، گوتی: ئەرێ ئەوە چ دەخۆی؟ گوتی: ئێوارێ قاورمێک لەناو کێشتەکەمان دابوو هەڵمگرت، ئێستا خەوم لێ ڕەویوەتەوە و ئەوە دەیخۆم، کوێرە گوتی: دا بڕێکی بدە بەمن بیخۆم. کابرای قەرتاڵانیش گوتی زۆر چاکە........ بڕاوەکەی دا بەکوێرەی، کوێرەش ملی لە ملچەملچێ نا. کوێرە کە نەختێ چاوی تارمایی دەکرد سەری کابرا کەچەڵەی دیتبوو کە سوور دەچوو، وەدەزانێ ئەوە پۆلووە ئاورە. پێشی وابوو کە گۆشتەکە نەبرژیوە، هەر بۆیە هاوێشتییە سەرسەری کابرای کەچەڵ تاکو بیبرژێنێ و دەستی کرد بەفوو لێ کردنێ. لەولاشەوە کابرای ئاشەوان دەڵێ وەڵڵاهی ئاخری ئەو ژنە پاش ئەو هەموو ساڵە کە حەزی لێکردم ئاخری بەو دەردەی بردم، وا چاکە تۆڵەی خۆی لێ بکەمەوە. ئەویش چوو ئەستێولکێکی سوور کردەوە و بەپەڕۆیەک هەڵیگرت و بەغار هێنای تاکو تۆڵەی خۆی بکاتەوە، سەرلەنوێ پەتەکەی ڕاوەشاند. دیسان کابرای سەلەوقەرتاڵان پەتەکەی گرت و لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەو سەگبابە........ یشی بڕاوە هەر دەست هەڵناگرێ. پەتەکەی ڕاوەشاند و هاتە بەردەرکەی و، گوتی: دیسان چت دەوێ؟

ئاشەوان گوتی: ئاخر دە وەرە دەرێ. گوتی ئاخر پێم گوتی کە میوانم هەیە ناتوانم بێمە دەرێ، گوتی دەنا سمتت بەدەرکەیەوەنێ، کابرای سەلەوقەرتاڵانیش گوتی: خۆ تازە تلپاتی تەڕی پێ نەماوە و چی پێ ناکرێ، سمتی خۆی بەدەرکەیەوە نا و گوتی هانێ.

ئاشەوانیش ئەستێولکەی بەقوونی کابرایەوە نا. کابرای سەلەوقەرتاڵان هاواری کرد و گوتی: مامۆستا بۆ خاتری خودای سووتام. لە کوێرەش وایە کە سەری کابرای کەچەڵ ئاورە و، ئاور پەڕیوەتە کابرای قەرتاڵان، ئافتاوێک ئاو لەوێ دەبێ بەسەری کەچەڵەی دادەکات. کەچەڵیش لەخەو ڕادەپەڕێ و دەردەپەڕێ، هاوار دەکا و دەڵێ: مامۆستا بەو قورعانەی لێت خوێندووە ئاو هات. مامۆستاش کە وەخەبەر دێ و لەخەو ڕادەپەڕێ و چاوی خەواڵوو دەبێ، تیشکی مانگەشەو دەبینی کە لە ژوورەکەی دابوو، وا دەزانێ، کە ئاو هاتۆتە ژوورێ، گوتی وەڵڵا ئەمن کەمێک مەلەی دەزانم، لەسەر کەندووەکەوە خۆی فڕێ دەداتە خوارێ و، دەست و لاقی دەشکێ.

***

## مەڕ و گورگ

دەڵێن کابرایەک سەد مەڕی هەبوو سەگێکیی زۆر باشیشی ڕاگرتبوو. هەموو ڕۆژێ ئەو مەڕانەی دەبرد بۆ شاخی یان نێو مێشە و سەرچۆمی بۆ لەوەڕاندن و دەیهێنانەوە.

ڕۆژێکی ئێوارێ کە هاتەوە دیتی مەڕێکی کەمە و نەهاتۆتەوە. بەشوێن مەڕەکەیدا ڕۆیشت، کە تەماشای کرد، مەڕەکە لەسەر کانیەکیە. کە سڵ بوو بڕێکی هەڵگلۆفی و چەپۆکێکی پێدادا و گوتی: ئەتۆ بۆچ نەهاتوویەتەوە. بۆ چ بەجێماوی؟

مەڕەکە گوتی: ئاخر شەلم، وتی دە هەستە با بڕۆینەوە، گوتی: نایەمەوە قەرارم لەگەڵ گورگ داناوە. گورگ چووە شاهیدی خۆی بێنێ. ئەو دەڵێ ئەو مێرگە ئی منە، تۆ لێت خواردووە، ئەمنیش دەڵێم ئەو مێرگە ئی ساحەبی منە و کرێویەتی. ئێستاش چووە کە شاهید بێنێ. سەگ گوتی: جا ئەگەر وایە بێنە ئەمن بشارەوە و لەبن ئەو قانگەلاشەم بنێ. سەگەکە خۆی شاردەوە. لەو دەمەیدا گورگ لەگەڵ مام ڕێوی هاتنەوە. مام ڕێوی دوور بەدوور ڕوو لە مەڕ دەکا و دەڵێ: ئەوە بۆچ ئەو مێرگەت لەو گورگە خواردووە؟ مەڕەکە گوتی: ئەو مێرگە ئی ساحەبی خۆمە و ئەو کڕیویەتی، چەندساڵە پوڵی پێداوە. مام ڕێوی گوتی: نەخێر ناوەڵڵا، ئەشهەد و بیلا ئی مام گورگییە.

مەڕەکەش گوتی: ئەمن وات سوێند نادەم، دەبێ سوێند بەو گومبەزە بخۆی (ئیشارە بەقانگەلاشەکە دەکات) ڕێویەکە ڕۆیی بۆ لای قانگەلاشەکە تا سوێندی بۆ بخوات، کە گەیشتە قانگەلاشەکە دیتی ئەوا سەگەکە لەناو قوڵکەدا خۆی مات کردووە. قەڵمبازێکی هەڵاویشت و خۆی بۆ دەرباز کرد.

مام گورگ گوتی: ئەوە بۆ کوێ دەچی؟

گوتی: ئەوە دەڕۆم سەر حەد و سنوورو بۆ دیاری دەکەم. مام ڕێوی ڕۆیشت و نەگەڕاوە. ئەوجار مام گورگ خۆی گوتی سوێندت بۆ دەخۆم.

چوو بۆ لای قانگەلاشەکە تا سوێندی بۆ بخوات، هەر کە گەیشتەوێ و دەستی پێدادا سەگ لێی دەرپەڕی و مام گورگی خنکاند.

***

## مام ڕێوی و دایە پیرێ

دایە پیرێک بوو تاقە بزنێکی هەبوو. بزنەکەی دەدۆشی و شیرەکەی دەداس کۆلێدا دەبن مەنجەڵێ دەنا. ڕێوی پێی فێر ببوو هەموو ڕۆژێ دەچوو دەیخوارد، دایە پیرە





گوتی: مام ڕێوی دەردت لە گیانم، جا ڕاوەستێ. تەورداس و کۆلکەیەکی لە پەنای خۆی دانا. دوای ماوەیێ ڕێوی هات سەری مەنجەڵەکەی هەڵداوە و ویستی شیرەکە بخوات، داپیرە تەورداسێکی لە کلکی دا و پەڕاندی. ڕێوی هەڵات و گوتی: دایە پیرە کلکەقوڵەی خۆم وێدەوە، داپیرەش گوتی: بڕۆ شیری بزنەکەی خۆم بۆ بێنەوە. ڕێوی چووە کن بزنۆکەی و گوتی: بزن شیر دا، بۆ داپیر دا، داپیرە کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا. بزن گوتی: بڕۆ گەڵام بۆ بێنە. چووە کن دارێ و گوتی: دارێ گەڵا دا بۆ بزن، بزن شیر دا بۆ داپیر دا، داپیرە کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا، گوتی بچۆ ئاوم بۆ بێنە، چووە لای کانی و گوتی: کانی ئاو بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بزن، بزن شیر دا بۆ داپیر دا، تا داپیرە کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا. کانی گوتی: بچۆ کیژانم بۆ بێنە تا لە دەوری من چۆپی بگرن. چووە کن کیژان گوتی: کیژ چۆپی کا بۆ کانی کا، کانی ئاودا بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بزن دا، بزن شیر دا بۆ داپیر دا، تا داپیرە کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا.

کیژان گوتیان: سۆڵمان نییە، بچۆ سۆڵانمان بۆ بێنە. چووە کن سۆڵکەر گوتی: وەستا سۆڵ دا، کیژ چۆپی کا لە کانی کا، کانی ئاو دا بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بزن دا، بزن شیر دا بۆ داپیر دا تا داپیرێ کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا.

سۆڵکەر گوتی: هەڕوو هێلکانم بۆ بێنە. چووە کن مریشکە ڕەشەی و گوتی: مریشکە ڕەشە، هێلکەدا بۆ سۆڵکەردا، سۆڵکەر سۆڵان بۆ کیژان دا، کیژ چۆپی کەن لە کانی کەن، کانی ئاو دا بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بزن دا، بزن شیر دا بۆ داپیر دا، تا داپیرێ کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا.

مامر گوتی: هەرزنم بۆ بێنە تا بیخۆم و هێلکانت وێدەم. مام ڕێوی بە فێڵ و گزی لۆچێک هەرزی دزی و دای بەمامر. مامر بەبێ پرسی خێوی چنگێک هێلکەی دانە ڕێوی. ڕێوی هێلکەی بۆ سۆڵکەر برد، سۆڵکەر سۆڵی بۆ کیژگەل کرد. کیژ داوەرینە سەر کانی، کردیان بەچۆپی و شێخانی. کانی ئاوی بەدارگەیاند. دار چرۆ و گەڵای داوەراند. بزن پارووی لێ ڕابادا، بۆ چرۆیان شیری دادا.

لەڕێوی بووە خۆشی خۆشی، پڕ بەقاپێک شیری دۆشی، هات بەلای پیرەدایەوە، ئەویش کلکەقوڵەی دایەوە ...... کلکەقوڵەی بەئاوێ خووساند، بەقیل بەخۆیەوە نووساند.

ڕووی کردەوە شاخ و کێوی
خۆی گەیاندە گەلە ڕێوی

ڕێوی کردیانە قریوە
گوتیان: پف لەو بۆگەنیوە
تۆ دەبێ بارکەی لەو نێوە
نامانەوێی قیلت پێوە
هاتەوە کن پیرەدایە
گوتی: «هەیرۆ وا وەیلایە
هیچ ڕێویم بەلادا نایە
دەڵێن قیلاوی بەڵایە»
داپیر زەنگوڵێکی دایە
ڕێوی بەپەتێکی دوو بست
زەنگوڵەی دەکلکی خۆی خست
بۆ کوێ دەچوو زەنگوڵە شۆڕ
دەیکرد بەزرینگە زرینگ و هۆڕ
ڕێوی گوتیان لە کوێت هێنا ؟
گوتی: لەو گۆمەم دەرهێنا
هەر ڕێوی بوو خۆی تێدەخست
نوقم دەبوون بێ هەست و خوست
گڕی تەماحیان تێ بەربوو
هەتا قڕانیان پێ وەربوو

***

## مام ڕێوی

دەڵێن: ڕاوچییەک تاجیەکەی لە ڕێوییەکی بەردەدا. ڕێوی لە حاڵێکدا هەڵدەهات، دەیگوت: خودایە ئەگەر بێتو لە دەست ئەو تاجییەی ڕزگارم بێ، لە ڕێگای تۆدا ڕبە نۆکێک و گەزە جاوێکی دەکەمە خێر.

وا دەبێ ڕێوی ئەوجارە خەلاسی دێ و تاجی ونی دەکا. پاشان کە ڕزگاری دەبێ،





دەڵێ خوایە جاوی چی و نۆکی چی.

ماوەیەک ڕادەبرێ، ڕۆژێکی ڕاوچییەکی زۆر دێنە ڕاوێ و تاجیان لە ڕێوی بەردەدەن، ئەوجار ڕێوی دەیگوت: خودایە ڕبەکەت بێنە و نۆکەکەت بەرە، گەزەکەشت بێنە و جاوەکەت بەرە.

***

## چیرۆکی هێلکە و ڕۆن

چوومە ماڵێکی ئاوا، هێلکە و ڕۆنیان لێناوە، لە پێش منیان داناوە. مریشکێک هاتووە لەولاوە، دندووکی پێداداوە. گوتم: هەی کشە کشە، باڵی لێکردم فشە. کەڵەبابی شەیتانی، هەڕای کردە سەربانی، دەستی دا قولەگۆچانی، گوتی: هەی ژنێ ژنێ، تیروکەوانم دەنێ، دەچمە شەڕی قۆشەنێ، قوشەن زۆرە و ناشکێ، ئەستۆ و ڕانم دەشکێ.

کەرێک لەوێ دەناڵی، بردیان بۆ میری شاڵی، میری شاڵی حەمبەڵ بوو، دوو سەد سواری دەگەڵ بوو، هەمووی کوێر و کەچەڵ بوو، هەر خۆمیان ساغ دەگەڵ بوو.

***

## مێروولە و مشک

دەڵێن مشکێک هێندنێکی گەنم لە مێروولێکی بەقەرز وەرگرتبوو، نەیدەداوە، مێروولەش هەموو ڕۆژێ دەچوو داوای قەرزەکەی دەکرد و مشک توورە دەبوو، دەیگوت: هۆی سەر ئەستووری نێو قەد باریک بێمە دەرێ ونجڕونجڕت کەم؟ مێروولە ناچار دەبێ پەنا بۆ پشیلەی بەرێ، دەڵێ: جەنابی پشیلە مشک پێم قەرزدارە و، قەرزەکەم ناداتەوە. پشیلە و مێروو هاتنە بەرکونی مشکێ، مێروولە گوتی: مشک بۆ خاتری خودای قەرزەکەم بدەوە. مشک جوابی داوە و توورەبوو، گوتی: هۆی سەر ئەستووری نێو قەد باریک لێت بێمە دەرێ ونجڕونجڕت دەکەم. ئەوجار پشیلە لە کەلێنێکەوە گوتی: میاو...

مشک هەر گوێی لە میاوەی پشیلە بوو، گوتی: مێروولە گیان وەرە وەرە کیلۆیەکیشت زیاتر دەدەمەوە.

***

## چیرۆکی مریشکە قوڵە

دەڵێن مریشکێک بوو، مریشکێک. ڕۆژێکی لەسەر چۆمێکی شیوی دەکرد. پاشان سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیی. زۆر ڕۆیی کەم ڕۆیی تووشی شوانێکی بوو. شوانە گوتی: هۆی نازیلێ کەوش تەقتەقی، پێ مەڕمەڕی چارۆکە پیوازی، ئەو دەچیە کوێ؟

مریشکە قوڵە دەڵێ: دەچم شوو دەکەم.

شوانە دەڵێ وەرە شوو بەمن بکە. مریشکە قوڵە دەڵێ: بەچم لێدەدەی؟ دەڵێ بەگۆچانی مەڕێ.

دەڵێ بەچیم بەخێو دەکەی؟ دەڵێ: بەنانی مەڕێ.

مریشکە قوڵە دەڕوا و جوابی ناداتەوە. زۆر دەڕوا و کەم دەڕوا، ئەو جار تووشی گاوانێکی دەبێ. گاوان دەڵێ: هۆی نازیلێ کەوش تەقتەقی، پێ مەڕمەڕی چارۆکە پیوازی ئەوە دەچیە کوێ؟ مریشکە قوڵە دەڵێ: دەچم شوو دەکەم.

دەڵێ: وەرە شوو بەمن بکە.

دەڵێ: بەچیم لێدەدەی؟ دەڵێ: بەگۆپاڵی گاوانی.

دەڵێ: بەچم بەخێو دەکەی؟ دەڵێ: بەنانی گاوانی.

مریشکە قوڵە دەڕوا و جوابی ناداتەوە. زۆر دەڕوا و کەم دەڕوا، تووشی مشکێکی دەبێ. مشک دەڵێ: هۆ نازیلێ کەوش تەقتەقی، بێ مەڕمەڕی چارۆکە پیوازی، ئەوە بۆ کوێ دەچی؟ مریشکە قوڵە دەڵێ: دەچم شوو دەکەم.

ئەویش دەڵێ وەرە شوو بەمن بکە.

دەڵێ: بەچم لێدەدەی؟ دەڵێ: بەکلکە قوڵەم.

دەڵێ: بەچم بەخێو دەکەی، چم دەدەیەی؟

دەڵێ: هەرچی دەتەوێ دەتدەمێ، گەنمت دەوێ، نۆکت دەوێ، دانووت دەوێ؟ هەرچی دەتەوێ بۆت پەیدا دەکەم. مریشکە قوڵە مێرد بەمشکێ دەکا. ئەوێ شەوێ دانوان لێدەنێن، مریشکە قوڵە دەچێتە کانی ئەگەر ئاوێ بێنی. مشک سەری دانوان هەڵدەگرێ و تێدەکەوێ. مریک دەگەڕێتەوە هەرچەند بانگی مشک دەکا، ژوورێ دەگەڕێ، نێو دێی دەگەڕێ و هەموو وڵاتی دەکا مشکێ نابینیتەوە، ئەوجار دەچێ سەری دانوان هەڵگرێ، ئەگەر سەری دانوان هەڵدەداتەوە، تەماشا دەکا ئەوە مشک دەوێ کەوتووە و تۆپیوە. زۆر لە خۆی دەدا و، زۆر بەخۆی دادەدا بەڵام فایدەی نابێ و





هەر لەبەر خۆیەوە دەقیرێنێ و دەڵێ:

مشکە قوڵەی.........، کەوتە دیزەی خوانەکە، نەیماوە ئێسقانەکە.

***

## سووری عەیار

دەڵێن کابرایەک سێ کچی دەبێ کە دایکی منداڵەکان دەمرێ، هەموو ڕۆژێ سووری عەیار دێتە لای ئەو سێ کچانە و دەڵێ: بابتان بۆچ ئەمن ناهێنێ؟ ئەگەر بێتوو بابتان ئەمن مارەکا. هەموو ڕۆژێ سەر و لاجانگتان دەشۆم و پاک و خاوێن ڕاودەگرم. ئەوانیش هەموو شەوێ بەبابیان دەڵێن: بابە بۆ سووری عەیار ناهێنی؟ زۆر ژنێکی چاکە. بابیشیان دەڵێ: ئاخر نابێ بەرگی دایکو بدڕێ؟!

سێ کچەکان دەچن بەرگی دایکیان دەبەن، ئەوەندەی بەخیزی دەشۆن هەتا شڕشڕی دەکەن و، دەیهێننەوە ماڵێ. شەوێ دەڵێن بابە ئەتۆ بۆچ سووری عەیار ناهێنی؟ بابیشیان دەڵێ ئاخر ڕۆڵە نابێ بەرگی دایکتان بدڕێ! ئەوجار منداڵەکان بەرگی دایکیان دەهێننە گۆڕێ و دەڵێن ئەوەتانێ هەموو دڕاوە. ئەوجار باوکیان سووری عەیار مارە دەکا و دەیگوێزێتەوە. بەڵام سووری عەیار تەنیا هەر سێ ڕۆژان دەگەڵ کچەکان باش دەبێ. پاشی سێ ڕۆژەکان بەباوکی منداڵەکان دەڵێ: ئەگەر ئەو سێ کچانە دەرنەکەی ئەوا دەڕۆم و لەو ماڵەدا نامێنم. بابی کچەکان دەڵێ باشە بەڵام ئەوڕۆ تێرێکیان نان و کولێرە بۆ بکە جا بڕۆن.

سووری عەیار شەش نان و شەش کولێرەیان بۆ دەنێو تێرێکی دەنێ و پڕی دەکا لە تەپاڵە......... ئەوجار بابەکە بانگی کچەکانی دەکا و دەڵێ: ڕۆڵە وەرن بڕۆین، بچینە فلان شاری، سەری کاکم دەدەین. بەڵێ هەموو وەڕێ دەکەون. دوور دەڕۆن، نزیک دەڕۆن دەگەنە نێو دارستانێکی بابەکە ڕوو لە کچەکان دەکا و دەڵێ: ڕۆڵە ئەوە ئەمن دەچم نوێژێ دەکەم. موورووی دەنگێ بەدارێکەوە هەڵداوەسێ و بۆ خۆی دەگەڕێتەوە ماڵێ و، لە چۆل و هۆڵی بەجێیان دەهێڵێ. کچەکان هەرایان دەکرد: بابە، بابە......... بابە بۆچ نایەوە؟ موورووی دەنگێ جوابی دەداوە: با نوێژەکەم بکەم دێمەوە. خوشکی گەورە دەڵێ بابچین بزانین چییە بەسەر ئەو دارەدا دراوە کە ئێمە بانگی بابمان دەکەین ئەو جواب دەداتەوە. دەچن تەماشای دەکەن، دەبینن ئەوە مووررووی دەنگێیە. مووروووەکەی دێننە خوارێ و دەیشکێنن و دەنگی بابیان دەبڕێ. ئەوجار کە خۆیان لەو چۆل و هۆڵییەی تەنیا و بێکەس دەبینن هەتا شل دەبن هەر دەگرین.

خوشکە گەورەکەیان دەڵێ: ئەو حاڵە بەوحاڵەی ناشێ، با نانی بخۆین. کە تەماشا دەکەن تێرەکە هەر شەش نان و شەش کولێرەی تێدایە. هەریەکەی دوو نانان دەخۆن و شەش کۆلێرەکەی دەهێڵنەوە کە سبەینێ بیخۆن. سبەینێ دەڵێن وەرن با ئەو شەش کولێرەش بخۆین. شەش کۆلێرەکەش دەخۆن، پاشان زۆریان برسی دەبێ. خوشکی گەورە دەڵێ وەرن با میزی بکەین، هەر کەس میزی کەفی کرد ئەوی دەخۆین. میزیان کرد، میزی خوشکی چکۆلە کەفی کرد. خوشکی چکۆلە ڕووی لە خوشکەکانی کرد و، وتی: ئەگەر هەر دەمخۆن، بڕێکم سەر بدۆزن. ئەوانیش دەڵێن باشە. دەست دەکەن بەدۆزینی سەری خوشکە چکۆلەیان. لە کاتێکا کە سەریان دەدۆزی، خوشکی چکۆلە هەر چیلکەی دەعەرزی دەوەژێنی و سێ دەنکە گەنم وەدەر دەکەون، سێ دەنکەکەی دەخۆن ئەوجار بەهەرسێکیان ئەو جێیە دەکۆڵن تاکو دیسان سێ دەنکە نیسک وەدەر دەکەون، ئەویش دەخۆن. ئەوجار دوو خوشکەکە دەڵێن جا با بتخۆین. خوشکی چکۆلە دەڵێ بڕێکی دیکەشم سەر بدۆزن، ئەویش هەر جێگەکە دەکۆڵێ هەتا کونێک وەدەردەکەوێ. کونەکەی فرەوان دەکەنەوە، ئەوجار خوشکی گەورە دەڵێ: ڕۆمهێڵن لەسەر خودا و پێغەمبەر تا بزاتم ئەو کونە چییە!

خوشکی گەورەیان ڕۆهێشت گوتی ئەگەر هاوارم کرد هەڵمکێشنەوە، هەڵمکێشنەوە. گوتیان زۆرباشە. خوشکی گەورە چووە خوارێ ئەگەر تەماشای کرد ئەوە مزڵی دێوانە و دیوێکی زۆر خۆشیشە. دێوە چوو بووە بەر مەڕی نان و چێشتیشی بۆ خۆی سازکرد بوو تا ئەگەر هاتەوە بیخوا. خوشکی گەورە چارۆکێکی لە نان و پڵاوەکە دادەگرێ و دەڵێ هەڵمکێشنەوە. ئەوانیش هەڵیدەکێشنەوە. ئەو نان و چێشتە بەشی سێ ڕۆژیان دەکا. پاش سێ ڕۆژان خوشکی گەورە دەڵێ: وەرن با هەرسێکمان بچینە خوارێ لەسەر خودا و پێغەمبەران. دەڵێن باشە. دێوە دێتەوە دەڵێ کێ ئەو خەراپەی پێکردم هەزار خەراپەی دەگەڵ کەمەوە؟ دیتی بۆنی ئادەمیزاد دێ گوتی بۆنی ئادەمیان دێ لە فلان جێگا و مەکانان دێ........ دێو نان و شتی سازکرد ئەوجار زۆر بەهەڕەشەوە بەقوونی گوت: قوونە ئەگەر بێتو خۆ پیس کەی لەسەر سێڵێ دەتسووتێنم.

دێوە چووە بەر مەڕی، سێ کچەکان هەریەکەی قاپێکیان شلکێنە گرتەوە و لە پێش خۆیان دانا، دێوە هاتەوە نوست، شەوێ کچەکانیش هەستان هەرسێک قاپە شلکێنەکەیان لەبن دێوەی ڕشت. دێوە هەستا دیتی خۆی پیس کردووە، زۆر تووڕە بوو تەندووری هەڵکرد و سێڵی لەسەر دانا و سووری کردەوە، پاشان قوونی لەسەر سێڵەکە دانا و سووتاندی. کچەکانیش نێوی خودا و پێغەمبەریان هێنا و دێوەیان دەتەندووری





هاوێشت و دێوە سووتا.

ڕۆژێک پادشا و چەند کەسێک کە بۆ ڕاوێ هاتبوونە ئەو مەڵبەندە و شەویان لێ درەنگ ببوو نەگەیشتنەوە ماڵێ، لە دووررا چرایەکیان دیتبوو، پادشا ڕووی لە هاوڕێکانی کرد و گوتی دەچینە لای ئەو چرایە تا بزانین ئاوەدانییە، چییە؟

دەچنە لای کچەکان ئەوانیش زۆریان بەخێرهاتن دەکەن. پادشا لێیان دەپرسێ: ئێوە بۆ لێرەن؟ کچەکانیش حاڵ و نەقڵیان بۆ پادشای گێڕاوە. شەوێ نان و چای دەخۆن و بۆ سبەینێ تاریک و ڕوونی بەیانی دەڕۆن. ئەو ماڵ و شتەی کە لەوێش بوو بە وەزن سووک و بەقیمەت گران دایدەگرن و لە ئێسترانیان قایم دەکەن. پادشا لە کچەکان خوشکی گەورەیان لە خۆی مارە دەکا هاوڕێکانیشی خوشکەکانی دیکە مارە دەکەن. دەڕۆن دەچنە ماڵی پادشای.

ڕۆژێکی کوێرێک کە سواڵی دەکرد گەیشتە ماڵە پادشای. کچەکان بابی خۆیان ناسیەوە، بەڵا گوتیان نەوەک بابمان نەبێ و بەهەڵەچووبین بۆیە لە کوێرەیان پرسی ئەتۆ بۆچی وات لێ هاتووە؟ بۆچ وا وەسواڵێ کەوتووی؟

کوێرە گوتی: ئەمن سێ کچم هەبوو، ژنێکم هێنا بەنێوی سووری عەیار، ئەویش ئەو سێ کچانەی پێ دەرکردم. ئێستاش ئەوە بۆ خۆم وام لێ هاتووە. کچەکان گوتیان ئێمە ئەو سێ کچانەین و ئەتۆ بابمانی، مووررووی دەنگێت بۆ بەدارێکەوە کردبووین و بۆ خۆت چوویەوە ماڵێ.

کوێرەکە دەستی کرد بەگریان و گوتی: ئەمن نەمزانی ئەنگۆ وا بۆ من چاکن و، سووری عەیار هێندە ژنێکی خەراپە. خەتای خۆتان بوو ئەو ژنەو بۆ من هێنا، ئێستاش ئەمن پەشیمانم.

***

## چیرۆکی تیسکنێ

ژنێک دەمرێ و وەسیەت بۆ کچەکەی دەکا و دەڵێ: ڕۆڵە ئەو ئەنگوستیلەی من بۆ قامکی هەر کەسێکی بوو دەبێ بابت ئەو بێنێ. بابی کەم گەڕا زۆر گەڕا ئەنگوستیلەکەی بۆ قامکی کەس نەبوو کە هاتەوە ماڵێ گوتی دا ڕۆڵە دەقامکتی کە، بزانم. کاتێ کچەکە دەقامکی کرد پیاوەکە تەماشای کرد پڕ بەقامکی کچەکەیەتی، گوتی وەڵڵا ڕۆڵە دەبێ مێردم پێ بکەی. گوتی جا بابە چلۆن مێردت پێ بکەم کافر

دەبی، شادە و ئیمانێ بێنە ئەمن کچی تۆم شتی وا نابێ. بابەکەی گوتی نا، هەردەبێ مێردم پێ بکەی. کچەکە دەلێ باشە، ئەتۆ برۆ شاری بەرگ و لیباس و زێرم بۆ بێنە ئەمنیش مێردت پێ دەکەم. باوکی گوتی باشە. پارشێوێ هەستە نان و کولێرانم بۆ تێنێ، بەیانی زوو دەڕۆم. کچەکە پارشێوێ هەستا بابی سازکرد و وەڕێی خست.

پاش ڕۆیشتنی بابی. کچەکە هەڵدەستێ زێڕ و بەرگی خۆی هەرچی بوو هەڵدەگرێ و ملی ڕێیە دەگرێ. کەم ڕۆیشت زۆر ڕۆیشت تووشی مەڕێکی بوو، لەوێ بەشوانەکەی گوت: شوانە ئەمن لیرێکت دەدەمێ ئەتۆ مەڕێکی بکوژەوە و کەوڵەکەی بدە بەمن و، گۆشتەکەشی بۆ خۆت. شوانە گوتی: زۆرباشە. هێنای مەڕێکی کوشتەوە و گۆشتەکەی بۆ خۆی هەڵگرت و کەوڵەکەی دا بە کچەکەی. کچەکەش لەسەر لیباسەکانیڕا بەسەرخۆی هەڵکێشا و ڕۆیشت، تووشی نەجارێکی بوو گوتی نەجارِ بەقوربانت بم سندووقێکم بۆ دروستکە بەقەرایە خۆم. لیرێکت دەدەمێ. نەجارِ سندووقێکی بۆ دروست کرد و قەلاڕێژی کرد. کچەکە سندووقەکەی هەڵگرت بردیە سەر کێوێکی بڵێند و چووە نێوی و لەوێڕا خۆی خلۆر کردەوە بۆ دۆڵێکی. دوو سێ کوڕە ئاغا بەوێدا هاتن دەگەڵ نۆکەر و مەیتەرەکانیان. یەکیان گوتی: ئەرێ دابزانین ئەو سندووقە چییە لەسەر چەقی ڕێیە کەوتووە! نۆکەران چوونە پێش هەرچەندی کردیان بۆیان هەڵنەهات کوڕە ئاغا هاتە خوارێ و سەری سندووقەکەی هەڵگرت، تەماشای کرد گیانلەبەرێکی تێدایە هەر نەختێک دەموچاوی دیارە دەنا تەواوی لەشی کەوڵە. گوتی ئەتۆ چی؟ دێوی، درنجی چی؟ ئەویش گوتی: ناوەڵڵا نە دێوم، نە درنجم، ئادەمیزادم و بەرگ و لیباسم نییە و بێ کەسوکارم بۆیە وام لە خۆم کردووە. کوڕە ئاغا زگی پێ سووتا و لێی پرسی: لانک و شتت پێ ڕادەژێ، دەتوانی کارێ بکەی؟ کچەکە گوتی: بەلێ. کوڕە ئاغا لە سندووقەکەی دەرهێنا و سواری پاشکۆی خۆی کرد و بردیەوە ماڵێ. بەدایکی گوت دایە ئەو ئافرەتە فەقیرەم بۆ هێناویەوە. بۆ خۆت هەر لانک و شتی پێ ڕابژێنە و بینێرە بەرقازان. دایکی گوتی جا ڕۆڵە ئەوە چییە ئەو تیسکنە، کوا پیاو دەوێرێ لانکێ بەوەی ڕابژێنێ. کوڕە ئاغا گوتی دەی جا چبوو دایە، فەقیرە. دایکی گوتی زۆر باشە کوڕم.

ڕۆژێک تیسکنێ گوتی دایەخانم گیان، پارویێک سابوون و شانێکم دەیە دەچم لەو چۆمەی بڕێک سەر و سەکوتی خۆم دەشۆم. خانم شانە و سابوونی دایە و تیسکنێ چووە چۆمێ. کوڕە ئاغاش بەسواری بارگینێکی بەدەم چۆمیدا دەهاتە خوارێ، لە پڕ دیتی تیسکنێ کەوڵی لەسەرخۆی داماڵی و، ئەگەر کەوڵی فڕێدا جوانێکی دیت وەک مانگی





چاردە جوان بوو کە چاوی لەبە هەڵنەدەهات.

بەلێ تیسکنێ خۆی پاک و خاوێن شوشت و کەوڵەکەی لەبەرخۆی کردەوە و هاتەوە ماڵێ.

لای ئێوارێ کوڕەکە، دایکی بانگ کردە دیوەخانێ و گوتی دایە ئەگەر شەوێ نان و چات بۆ ناردم، لە تیسکنێ بەدەر کەس حەقی نییە نانم بۆ بێنێ. دایکی گوتی ڕۆڵە جا چۆن مەجوعمەی بەتیسکنێ دا بنێرم، چۆن بێزت دێ؟ گوتی هەر دەبێ ئەو بۆم بێنێ. بەسێ نۆکەراندا نانیان بۆ نارد هەر فڕێی دا. خانم گوتی تیسکنێ هەستە ئەتۆ نانی بۆ ئاغای بەرە. تیسکنێ گوتی جا دایە خانم چۆن ئەمن نانی بۆ ئاغای بەرم؟ دەستی کرد بەگریانێ. خانم گوتی هەردەبێ بۆی بەری دەنا ئاغا قەڵس دەبێ، برۆ نان و شتەکەی لەبەر دەرکێ دانێ و بگەڕێوە.

تیسکنێ مەجوعمەی هەڵگرت و چووە دیوەخانێ. کورە ئاغا گوتی دانێ و وەرە ژوورێ. تیسکنێ گریا، گوتی نایەم. کورە ئاغا تووڕە بوو، گوتی ئەگەر نەیە ژوورێ بەو شیرەی لەت لەتت دەکەم.

بەلێ تیسکنێ چووە ژوورێ، تاوێکی پێ چوو تیسکنێ هەر نەهاتەوە، خانم گوتی دابڕۆن بزانن تیسکنێ چی لێهات، نەکا ئاغا کوشتبێتی!

ئەگەر چوون تەماشایان کرد کەوڵی لەبەر تیسکنێ هێناوەتە دەرێ، تیسکنێ جوانێکە وەک مانگی چاردە. کوڕە ئاغا بەدایکی گوت بڕۆن مەلای بێنن لێم مارەکەن. مەلایان هێنا و لێیان مارە کرد و شایی و زەماوەندێکی خۆشیان بۆ کرد.

***

## حەوت برا و یەک خوشک

کوڕێکی جحێڵ لە ماڵە خۆی ڕا باراشی سازکرد و هات بۆ ئاشی ئەگەر هات نۆرەی وەبەر نەکەوت، گوتیان براگیان ئەوڕۆ نۆرەت نایە، بارەکەت دانێ و بۆ خۆت هەڕۆوە ئاوایی. کوڕەکەش باراشەکەی لە ئاشی بەجێهێشت و ڕووی لەناو ئاوایی کرد و چووە مزگەوتێ. جحێڵ و محێڵ خڕببوونەوە باسی کچانیان دەکرد. ماڵێک هەبوو حەوت برا بوون و تاقە خوشکێکیشیان هەبوو، خوشکەکەیان کە زۆر جوان چاک و لەباربوو، نەجوابی کەسی دەداوە و نەمێردی بەکەسیش دەکرد. جحێڵەکان باسی ئەو ماڵە و ئەو کچەیان دەکرد. کوڕە جحێڵەکەش کە گوێی لەو قسانەبوو ڕووی تێکردن و گوتی ماڵە

ئەو کچەم پێشان بدەن، ئەگەر ئەو کچەم ڕازی کرد کە مێردم پێ بکا دەبێ بەخۆڕایی بمدەنێ. ئەگەر مێردیشی پێ نەکردم ئەوا کەر و باراشەکەو، بۆ بەجێ دەهێڵم.

جحێڵەکان گرێویان لەگەڵ کرد، قەول و قەراریان دانا و کوڕەکەیان بردە ماڵە کچەکەی.

کوڕەکە چووە ماڵی کچەکە و سڵاوی لێکرد، کچەکە سڵاوی لێ ئەستاندەوە و گوتی براله زۆر بەخێربێی، دەڵێی لە ئاشی بووی؟ کوڕەکە گوتی بەڵێ لە ئاشی بووم. گوتی جا ئێرە ماڵە میوانانە، نان و پێخۆرت دەوێ، چرات دەوێ، ئاوردووت دەوێ، هەر چیت دەوێ هەیە. کوڕەکەش لەوێ دانیشت و قوونی وەسەر کۆنە جلێکی دا و دەستی پێکرد و گوتی:

هەڵاڵە لە تەڕە زنان
با بۆت بکەم مەدحی ژنان
لە بۆت بکەم مەدحی یاری
ئەو یاری گەردەن بەخاڵی
کەزیەی لەملان بوون بەگۆپاڵ
سەبر سەبر دێمە ناوباڵ
ڕازیم نەکەی ناڕۆم لەوێ
هەر ئێستا ماچێکم دەوێ

کچ دەڵێ:

هۆ هەتیوە کاروانییە
هەستە بڕۆ دەر لەو خانییە
پێت قاییل نیم کەلکت نییە
..............
ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ
حەوت برایان خوێنیان دەوێ

کوڕ دەڵێ:

ڕەبی حەوت برات بمری





قەدری من چاتر دەگری
ئەوڕۆ لە دوێنێ جوانتری
جارجار چاوم لێ دادەگری
ڕازیم نەکەی ناڕۆم لەوێ
هەر ئێستا ماچێکم دەوێ

کچ دەڵێ:

لێت دەبمە ماری سپییە
چل گەز دەچمە بن عەرزییە
لێت ون دەبم وەک دەرزییە
بۆ دیتنەوەم چارت چییە
ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ
حەوت برایان خوێنیان دەوێ

کوڕ دەڵێ:

دبمە مەلایەکی عیلم زانە
لە دەورت دا دەنێم فەقێیانە
دەرت دێنم بەعیلمی کتێبانە
لێت دەبڕم بڕ و بەهانە
ڕازیم نەکەی ناڕۆم لەوێ
هەر ئێستا ماچێکم دەوێ

کیژ دەڵێ:

لێت دەبمە سێوی سەرپەڕێ
نامبینێ کێ بۆم بگەڕێ
بشییەی سەد بەڵات دێتە ڕێ
کەس ناتوانێ بکا زەڕێ
ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ

حەوت برایان خوێنیان دەوێ
کوڕ دەڵێ:
لێت دەبمە نەخۆشێکی گران
نە لاقان دەگرم نە دەستان
دەڵێن نەخۆش چت دەرمانە
ئەی دەڵێم سێوی سەر لقانە
هەی ئەویش لەباغی سێوانە
ڕازیم نەکەی نارۆم لەوێ
هەر ئێستا ماچێکم دەوێ
کیژ دەڵێ:
لێت دەبمە دوو چڵە ڕیحانە
لێت دەچمە باغی فەقێیانە
بێی لێت دەستێنن سەرانە
پێم نابەی هیچ زەفەرانە
ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ
حەوت برایان خوێنیان دەوێ
کوڕ دەڵێ:
لێت دەبمە شوانی بەرخانە
کاوڕێکم دەدەنێ شەرتانە
دەیدەم بە سەرقەڵەمانە
وەردەگرم دوو چڵ ڕیحانە
ڕازیم نەکەی نارۆم لەوێ
هەر ئێستا ماچێکم دەوێ
کچ دەڵێ:
دەبمە کۆترێکی تەرلانە





دەچمە بن پەڕی هەورانە
لەوێ پێم نابەی هیچ زەفەرانە
ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ
حەوت برایان خوێنیان دەوێ
کوڕ دەڵێ:
ئەتۆ کۆتری ئەمن سەقرم
دەتگەمێ و پێشت پێ دەگرم
دەبەر قاقای زارت دەمرم
ئەورۆ لە دوێنێ چاترم
ڕازیم نەکەی نارۆم لەوێ
هەر ئێستا ماچێکم دەوێ
کیژ دەڵێ:
هەتیوەی بەگێرە و کێشە
وردە وردە وەرە پێشە
سووچی لێفەی سووک ڕاکێشە
بەعەدەب لاقان تێ کێشە
ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ
حەوت برایان خوێنیان دەوێ

دەست لەملانی یەکتر بوون، دەستیان کرد بەماچ و مووچێ. جحێڵەکان کە گرێویان کردبوو دەگەڵ براکانی ئەو کچە لە پشت دەرگا و لە کۆڵانێ خۆیان گرتبوو، خەبەریان بردە مزگەوتێ، گوتیان بابە وەڵڵا کچەی ڕازی کرد. هەر بەو شەوەی کچەیان لێ مارەکرد، باراشیشیان بۆ لێکرد و بەخۆی و بەدەزگیران و باراشی بەڕێیان کردەوە ئاوایی.

***

## بەیتی گەلۆ

ویژەر: حەمەدی ئاغای

ئەو شاعـیـرەی کـە «گـەلۆ»ی گـوتووە، داد و بێـدادی گـەلی خـۆیەتی دەیکا و دەڵێ پەراگەندە بوون بێر و بەوێدا، ئەی گەلۆ.

جـا ئەگەر بەنێوی گـوڵانیـشی نێـو دەبا، دەڵێـن دەگەڵ «حـەزرەتی پێـغـەمـبـەرێتی». دەڵێ:

ئای ئای خەمی دە دڵم ئەوە بۆ وا پەراگەندەن بێرە و بەوێدا ئای گەلۆ...........

ئای گەلۆ ئەمن سەرم دێشێ، دڵی من غەریب و غـەریبەماڵی ئەوە دەکاتە تەگبیر و راییێ، بەڵام ئەوە کـێـشـە و هەڵایەک پەیدا دەبوو، دە مـەعـبـەینی جـوانـتـرین گـوڵی دەبەهارێدا و هەوەڵێن خەت و خاڵی دەشیرن لەیلاییێ.

جا ئەوە گوڵان دەیانگوت با ئەمە ئەو نیزاحەی لەنێو بەرینە دەرێ بچینەوە لای بایێ شەماڵێ گەلێک پیاوێکی قەدیمە.

ئەو دێ و رادەبرێ سەیرانان دەدا لەسەر ئەوێ کاولە دونیـاییێ مەعلوومـە ئەو دەگەڵ گوڵان دەکاتەوە ساز و سەوداییێ پرسیاری لێ دەکەین با بۆن مـەعلووم کا بزانێ ئەمە جوانترین، یان خەت و خاڵی دەشیرن لەیلاییێ.

جا ئەوە هەڵاڵێ دەیگوت بە بەیبوونی، بەیبوون دەیگوت بەسوورە گوڵێ، سوورە گوڵ دەیگوت بەرەشە ریحانێ، رەشەریحان دەیگوت بەگیا بەند و خاوێ.

جەمع دەبوونەوە، دەچوونەوە لای بای شـەمـاڵێ، دەیانگوت شـەمـاڵ ئەتۆ پیـاوێکی گـەرێدەی و، دێی و رادەبری لەسـەر ئەو کاولە دونیـاییێ. مـەعلوومـە ئەتۆ دەگەڵ گوڵان دەکەی ساز و سەوداییێ.

شەماڵ تۆ خولاکەی با ئەو نیزاحە لەنێوان بچێتە دەرێ. ئەتۆ بۆن مەعلووم کە بزانە ئەمە جوانترین، یان خەت و خاڵی دەشیرن لەیلاییێ.

بەڵام دەبێ شـەمـاڵ ئەگەر شـەرحێن بگـۆڕی، ئەتۆ بێ نان و ئاو بی ئەو رۆژەی ئەگەر تەرازوو و میزان ڕۆدەندرێن و، خێر و شەڕ بەش دەکرێن لەسەر بەردی سەخرەتولایە.

شـەمـاڵی مـاڵ وێران دەیگـوت بەخـودای، گـەلی دەگـوڵان، ئەمن پێم وایە هەمـووتان گـوڵی دەبەهارێن گـەلێـک پەشـمن. رەشـمـن، بۆن خـۆشن. بەڵام ئەگـەر لەبەر بارانەی پەڵەی نەبێ. ئەنگۆ ناگرن بەری شـیـددەتی دەگـەرمـاییێ. ئـیشـک هەڵدێن و، پشـوێـک





«با» لێودەدا، بەعامو دەچنەوە باری فەنایە.

ئەمن گـوڵێکم پێ لەنگۆ جـوانـترە ئەگەر ساڵ دوازدە مـانگە لەسەر ڕەنگێکە قـەت تەئخیر و گۆڕانی بەسەر نایە.

گـوڵێـنە بەخـولای گلەیی مـەکـەن ئەنگۆ هێندەن و، هێندەی دیکەش بن ئەگـەر ئەو بولبولەشو بێتە گەڵی کە دەخوێنێ لە باغی شەددایە وێستا نابن بەخاڵێکی دەشیرین لەیلایە، های غەمی لە دڵم دە وەرە ڕابرە، های گەلۆ...

***

## بەیتی سێوەخان

بابی سێوەخان کوڕێکی برازای خۆی هەبوو بەناوی مـحەمـەد، پێی گوت: مـحەمـەد وەرە هەتا حـەوت ساڵان خزمـەتی من بکە ئەو دەمی لەپاش ئەوەی کـە شـەرتت پەری ئەمن سێوەخانت لێ مـارەدەکەم، پاشان ئەگەر کەیفت لێ بوو لێرە بمێنەوە، کەیفت لێ نەبوو ئەوا سێـوەخـانیش دەگەڵ خـۆت بەرە. ئەوجار هێنای سێـوەخـانی لە مـحـەمـەدی برازای مارەکرد. محەمەدیش حەوت ساڵان خزمەتی بەبابی سێوەخان کرد.

حەوت ساڵە تەواو بوو، لە مەودای ئەو حەوت ساڵەدا محەمەد سێوەخانی بەدەستەوە نەگـرتبـوو، بەڵکو هەر بەمـارەکراوی مـابۆوە. مـحـەمـەد و سـێـوەخـان زۆریان یەکـتـر خۆشدەویست، دڵیـان زۆر پێکەوە بوو. کەچی پاش تەواوکـردنی حـەوساڵ خزمـەت، باوکی سێوەخـان لە مـحـەمـەدی کەوتە فـێـڵێ و، سێـوەخـانی نەدایە. پێی گـوت ئەمن سێوەخانێ نادەم بەتۆ ئەوە غەدرێکی زۆر گەورە بوو کە لە محەمەدی کرد.

ئەوە ڕۆژێکی دەرۆژاندا، سێوەخان بە محەمەدی دەگوت محەمەد وەرە دەستم بگرە تا بڕۆینە مـاڵی شێخ مـەحموودی بـابی لەتیف حاکمی سولێمانییە، ماڵی مەسڵەتکەر و، ژن هەڵگرانە، قـۆناغی غـەریبـانە. ئەتۆ نەهاتی، لای باوکی من قـەولو بڕی بەوەعـدەی حەوت سـاڵان. لە پاش حەوت ساڵان کە تۆ خزمـەتی خۆت بەباوکی من تـەواو کردییە باوکی من زاڵم و بەدبەختە ئەمن لە تۆ زەوت دەکردییە عەمرەکەم بەباچوو، نامدا بەتۆ، وەرە دەستم بگرە، وەی نەمێنم یارێ. ئەو جارەکە محەمەد دەیگوت:

ئاخر سێوەخان مـاڵە شێخ مەحـموودی ئەوەندە دوورە لە چەنگی دوژمنان دەربازمـان نابێ. ئەگەر ئەتو دەگەڵ من بێی ئەمن دەستی تۆ دەگرم و دەڕۆینە خوارێ لە بۆ بازاڕی (سیلکێ) لەبۆ مـاڵی حوسێن ئاغـای لەناو تورکان مـاڵە مـەسڵەتکەر و ژن هەڵگرانە،

قۆناغی غەریبانە.

سێوەخان دەیگوت: کوڕە ناچینە ماڵە حوسێن ئاغای بازاڕی (سیلکێ) ئەمن دەزانم تورک بەدبەختن، ئەگەر بچینە قەسری دیوەخانی حوسێن ئاغای، بێتوو چاوی بەمن بکەوێ تەماعم تێدەکات و ئەتۆ دەکوژن لە وڵاتی غەریبان، ئەمن بە بەندەواری و بەیەخسیری لەناو تورکان بەجێ دەمێنم.

هەرچەندە سێوەخان بە محەمەدی دەگوت، محەمەد بەقسەی سێوەخانی نەکرد. ئەوە نوێژی مەغریبێ بوو محەمەد پیلی سێوەخانی دەگرت و دەڕۆینە خوارێ لە بۆ لای بازاڕی (سیلکێ).

دوازدە شەو و دوازدە ڕۆژان بەڕێوەبوون، وەختێکی تەشەبووسیان بەقەسر و دیوەخانێ حوسێن ئاغای کرد.

حوسێن ئاغا لەسەرێ، لە قەسر و دیوەخانێڕا دەنۆڕی ئەوە محەمەد هاتووە سێوەخانی پێیە. دەگەڵ چاوی بەسێوەخان دەکەوت عاشقی سێوەخان دەبوو. کوڕێکی هەبوو نێوی ڕەشید بوو، دەیگوت ڕەشید بڕۆ میوانان بەئەدەب دابەزێنە، نازانی محەمەد هاتووە؟ پێیە. ئەمما ئەمن سێوەخانی بە قابیلی محەمەد نابینم، بڕۆ دای ببەزێنە.

فەوری چوار پیاوان لە محەمەد هان بدەن، محەمەدی بدەن بەچواردەستان بڵێندی کەن دەستانی گرێ بدەن بەکەندری، لاقانی سندم کەن، سێوەخانی لە دوو خۆ ڕاکێشن لە بۆ منی بێنن بۆ قەسرێ، تا من بیکەمە خەڵاتی خۆم.

محەمەد نەیزانی کە لێی لەفێڵن، ئەگەر دایان بەزاندن جێبەجێ چوار پیاو هاتن خۆیان لە محەمەدی زی کرد. محەمەدیان بەچوار دەستان بڵێند کرد، فەوری دەستی محەمەدیان گرێ دەدان بەکەندری، لاقیان سندم کردینە، دەیان بردە تەویلەی وڵاغان دەرگایان لەسەر گاوک دەدا.

سێوەخانیان لە پێش چاوی محەمەدی لە دووی خۆیان ڕادەکێشا بەیەخسیری بۆ قەسرێ زۆری لۆ حوسێن ئاغای.

ئەگەر حوسێن ئاغا لەسەرێ، قەسری دیوەخانی، سێوەخانیان بردەلای، ڕووی لە حوسێن ئاغای دەکرد و دەیگوت کوو وا دەبێ، حوسێن ئاغا میوان بەخێرهێنان؟ نازانی ئەمە لە دووی قۆناخ و مەنسووریەتی تۆ هاتووینە. حەوت ساڵان محەمەد کوڕێ تاقانەی دوو تاقە برا و چوار خوشکە، لە وڵاتی غەریبیانە، حەوت ساڵانی خزمەتی ماڵەبابی سێوەخانی کردییە، بەقەول و بڕێ، ئەمن لەبەر نیکاحی محەمەدیم مارەکرامە.





محەمەدم حەوت ساڵە دەزگیرانە، سوێند دەخۆم محەمەدم غەیانەتی بەمن نەکردییە. توخوا سینگ و مەمکی منی لۆ خۆ پاوان کردووە، حەوت ساڵە ئەمن سوێند دەخۆم بێنی نەکردییە.

توخوا حوسێن ئاغا جوو بووم و، لەسەردەستی تۆ موسڵمان دەبم محەمەدیم بۆ بەرەڵڵا بکەن تا من بڕۆم و بمرم لە غەریبیان.

ئەوجار حوسێن ئاغا دەیگوت:

سێوەخان شین و گریانی تۆم بێ فایدەیە، نازانی محەمەدی تۆم وەکو ماسی دەرمانخوارد کردووە و کەوتۆتە بن چۆم و ڕووبارێ. تازە لە بۆ تۆ نابێ، ئەتۆ کۆترێکی زەمانی وەدەستم کەوتووی لەدەستی من خەلاست نابێ. هەتا مردنێ هەر ئی منی و بۆ من چاکی و بەمن حەڵاڵێ.

سێوەخان دەیگوت:

حوسێن ئاغا، مادام ئەگەر پیاو تەشەبووسێ بەقەسر و دیوەخانێ تۆ بکا تۆ تەماعی تێبکەی، مادام naموووست وا بی بێنە لە پێش چاوی من ژن و نامووسی خۆت لە بۆ محەمەدی تەڵاق بدە جا ئەوجار لە دوایە ئەمن بکە حەڵاڵی خۆت. باپاشی محەمەد بمرم لە غەریبێ.

جا ئەو جار کە ئەو قسەی بەحوسێن ئاغا دەگوت دین لەکن حوسێن ئاغای نەما. بانگی ڕەشیدی کوڕی دەکرد و دەیگوت وەرە ڕەشید تەگبیرێ لە محەمەدی و سێوەخانی بکە، دەیگوت تەگبیری من لەسەر مەسڵەحەتی تووە، هەتا سێوەخان محەمەدی شک بەری لووت بەمندا ناهێنی بەمن قایل نابێ. دەیگوت باوکی من تەگبیری تۆ چییە؟ دەیگوت محەمەدی دەرکەی لەسەر گاڵەوگرێ دراون دوو دەستی بەستراون بەکەندری، لاقی سندم کرانە، هەرۆ خەنجەری ڕووتم بۆ لە دەستی بگرە محەمەدی لە تەویلەی وەڵاغاندا دەرگای لەسەر گاڵە و گرێ دراون هەرۆ جووتێ خەنجەرانم بۆ لە سینگ و سەدەفی محەمەدی بدە، دەستی گرێ دراون بەکەندرێ لاقی سندم کرانە، محەمەدیم بۆ شەقار شەقاری خەنجەران بکە ئەوجار جلکی دەخوێناوی محەمەدی بۆ سێوەخان بێنە. ئەگەچاوی پێ کەوت سێوەخان مەجبوورە، هەر قایلە، قایل نەبێ من دەکەم حەڵاڵیە.

ئەو جارەکانێ ڕەشید دەهات وەکی قەسابان خەنجەری ڕووتی لە دەستی دەگرت. ئەو محەمەدی کە دەرگای لەسەر گاڵە و گرێ دراون، دەستی بەستراون بەکەندری... ئەی هاوار.

ئەگەر ڕەشید دەرگای لەسەر هەڵگرت تەماشای کرد محەمەدی لە حەسرەتی سێوەخانێ خەوی لێ کەوتووە، لەنێو زبری وەڵاغاندا ئەگەر محەمەدی خەوی لێ کەوتبوو، ڕەشید بەسەر سەری هەڵدەوەستا و دەیخوڕی محەمەدی، چاوم بۆ بڵند بکە. محەمەدی لە خەوی شیرین خەوێدا چاوی بڵیند دەکردن. ئەگەر تەماشای ڕەشیدی دەکرد، خەنجەری ڕووتی لەدەستی ڕەشیدی دا دەدیت لە خۆشیانی دەیگوت ڕەشید ئاغا چ خەبەرێکی خۆشت لە بۆ من هێناوە؟ هاتووی دەستانم دەکەیەوە لە کەندرێ، لاقانم بێنیە دەرێ لە سندمێ؟ پیلی سێوەخانم وێ دەدەی و دەرم دەکەی لە وڵاتی غوربەتی و غەریبیان، ئەی نەمێنم.

ئەوجار ڕەشید دەیگوت: نازانی ئەمن ئیزرائیلی قەبزی ئەڕواحی توومە، ئێستا لێرە ئەتۆ دەکوژم؟ خەنجەرم بۆیە لەدەستی خۆ گرتووە هەتا سێوەخان ئەتوو شک بەرێ لووت بەباوکی من داناهێنێ، بەبابی من قایل نابێ.

ئەوجار محەمەد دەیگوت: ئەی هاوار، ئەی هاوار، تۆ خودا ڕەشید ئاغا مەمکوژە خۆ ئەمن گیای ئێوارە نیم خەنجەرم لەبەر تاقی مەکەوە. نازانی ئەمن دەستم بەستراوە بەکەندرێ لاقم سندم کرانە؟ ئەمن تاقانەی دوو برا و چوار خوشکم لە وڵاتی غەریبیانم، حەوت ساڵانم خزمەتی ماڵە بابی سێوەخانێ کردیە، لەپاش حەوت ساڵان باوکی سێوەخانێ پیاوێکی زاڵم و بەدبەخت بوو، سێوەخانی نەدامێ ئەمنیش دەستم دەگرت و تەشەبووسم بەقەسری دیوانخانی حوسێن ئاغای بازاڕی سیلکێ کردووە کو دەزانم وا بەدبەختە. وای لێی ڕەشید تو خودا مەمکوژە، سینگ و مەمکی سێوەخانم لێ بەمیرات مەکە، ئێستاکە دەمکوژی هەر دەمکوژی، نامکوژی هەر دەمکوژی، تۆخودا مادام کە دەمکوژی بڕۆ پیلی سێوەخانم بۆ بگرە بۆم بێنە ئێرە تا چاوم پێی بکەوێتەوە لە دڵم نەبێتەوە کۆرپەی مردنێ.

ئەوجار ڕەشید بە محەمەدی دەگوت چاوم لە بۆ بقووچێنە تا دوو سێ خەنجەران لە سینگ و سەدەفان بدەم. محەمەدی دەستی بەستراون بەکەندرێ، لاقی سندم کرابوون، ڕەشیدی هەڵدەکوتانە سەر محەمەدی، شەقار شەقاری خەنجەرانی دەکا. ڕانک و چۆغەی محەمەدی ئاوریشمن لە خوێنێ دا شەلاڵ بوون، نەیدەهێشت ڕوحی لەبەر بچێتە دەرێ پشتێنی لەبەرکرد و ڕانک و چۆغەڵی پێداکەند، لەدەستی خۆی گرت و لە بۆ سێوەخان دەیبردن بۆ قەسرێ زۆری، ئەگەر سێوەخانی لەسەری قەسری دیوەخانێڕا دەینۆڕێ جلکی محەمەدی لەدەستی ڕەشیدی دابوون، دەیگوت چ قەوماوە لە محەمەدی من؟ ڕەشید ئەوە جلکی محەمەدی من بۆ لە دەستی تۆدایە؟





دەیگوت نازانی سێوەخان ئەوە جلکی محەمەدیم بەنیشانە لۆتۆ هێناوە تا بە باوکی من قایل بی شەقارشەقاری خەنجەرانم کردییە؟ ئەی هاوار، ئەگەر سێوەخان جلکی لەدەستی ڕەشیدی وەردەگرت لەسەر دەستی خۆی دادەنان، هەمووی کەلێن کەلێن کردبوون بەخەنجەران. هەتا سەعاتی حەوت و هەشتی شەوێ جلکی محەمەدی بەبۆنەوە دەکرد و فرمێسکی هەڵدەوەراند. جا ئەو جار لە پاشی سەعاتی حەوت و هەشتی شەوێ دەیگوت خودایە، هاوار و سەد هاوار خۆ ئەمن محەمەدم چوو محەمەدم نەماوە، تازە ئەمن هەر چەندی دەکەم لەدەستی تورکان دەرباز نابم مەسڵەحەتم وایە لەسەر قەسری دیوەخانی ئاغای خۆم فڕێ بدەم، خۆم بکوژم باوەدەستی تورکان نەکەوم.

جا ئەوجار هاوینە، هاوینێکی گەرمە سێوەخان دێتە سەری قەسری دیوەخانێ ئەگەر خۆی فڕێ بدا، ئەوە نیوە شەوە ئەگەر دێتە سەری قەسری دیوەخانێ تەماشا دەکا حوسێن ئاغا لەناو دۆشەگ و بالیفاندا خەوی لێکەوتووە، داری دەبەڕووی بەڕووتی لەبن سەری داندراوە.

سێوەخان دەیگوت: خوایە هاوار و سەد هاوار، خودایە ئەمن پارێزێکی بەرم لە بۆ حوسێن ئاغای، حوسێن ئاغا لەمن بەخەبەر نەیە دەمانچەی لێ بدزم.

جا ئەوجار پارێزێکی دەبرد بۆ حوسێن ئاغای دەمانچەی لەبن سەری حوسێن ئاغای دەرکرد، ناوی خودا و ڕەسوڵانی هێنا، دەرکەی دەمانچەی سووڕاند و دوو دەمانچەی دەدا لەسەری حوسێن ئاغای. ئەو حوسێن ئاغای لەناو دۆشەگ و بالیفاندا دەکوشت. هات بڕوا، ئەوە غولام تێکیان ڕاخوڕی گوتیان ئەوە سێوەخانە، نەهێنڵن دەرچێ، بیسووتێنن بەئاگری.

لە هەر چوار دەورانڕا دەبارینە سێوەخانی تا بیگرن بیکوژن.

خەبەریان دایە ڕەشیدی. ڕەشید دەردەپەڕێ بەسەری ڕووتی بەپێی پێخواسی کە سێوەخان بگرێ و بیکوژێ.

سێوەخان دەمانچەی نا دەبەرلکی چارەکەی کەتانی، ئەگەر ڕەشیدی لێ وەدەرکەوت دەیگوت: ڕەشید نازانی ئەمن بە باوکی تو سەرگرانم، قابیلی نیم و قابیلی نابم. ئەمن ئەگەر محەمەدم چووە لەبۆتۆ نەبێ لە بۆکەسی دیکە نابم. ئەوجار ڕەشیدیشی فریودا. ئەگەر ڕەشید لێی نیزیک دەبوو کە ماچی بکا، دەگەڵ سێوەخان ڕەشیدی لێ نیزیک دەبوو، دەمانچەی لێ هەڵدەکێشا و دوو دەمانچەی دەدا لە زاری سەری ڕەشیدی. ئەوجار سێوەخان دەیگوت: لەو دونیایەدا حەیفە ڕێوی بێ لە جێی شێران، گۆڵە بارگێن

بێتە سەر ئاخوڕی کەحێلان، دەستی هەتیوچە و بێ ناموسان بێتە نێو باخەڵانم لەبۆ شەمامەگرتنێ. جا ئەوجار دەمانچەی هەڵدەکێشا و دوو دەمانچەی لە زاری سەری خۆیدا و مەیتی خۆی دەخستەوە لەناو مەیتی ڕەشید و حوسێن ئاغایە.

ئەو بەیتە لە زمانی «حەسەن ڕەسوڵی»ڕا نووسراوەتەوە.

***

# بەیتی تاڵانی عەلی بەردەشانی

وێژەر: حوسێن شەشە (کەنیلە)
بۆپانەی سەردەشت

عەلی بەردەشانی شاعیرێکی بەنێوبانگ بووە کە هەموو کەس نێوی بیستووە، ماڵی لە بەدەردەشانێ بوو، ژنێکی بوو نێوی پەروەر بووە. پەروەر ژنێکی زۆر جوان بووە. عەلی بەردەشانی لە ماڵ نەبوو، شاگردێکیشی هەبوو نێوی حەمەڕەش بوو. لەشکری عوسمان پاشای دەهات بچێ بۆ لای وڵاتی خۆشناوان و بۆ وڵاتی بێتواتێ.

ئەوەی لەو بەیتەدایە، چوونی چەند سوارێکی عوسمان پاشایە بۆ ماڵی عەلی بەردەشانی بۆ ئەوەی کاو و جۆ و ئەو جۆرە شتانە وەربگرن. دیارە عەلی بەردەشانی لە ماڵ نابێ، کاتێ ئەوە دەزانێ دەچێ شکایەتێ دەکا و دەڵێ سواری عوسمان پادشای تاڵانیان کردووم و بەتاڵانی دادەنێ کە ئێمە لە خوارێ ئەو هۆنراوەی عەلی بەردەشانی کە بەشێوەی بەیت وتوویەتی دەیخوێنینەوە.

«سوار هاتن لە لەشکری عوسمان پاشای، سوارێک چووە دەرکی ماڵە عەلی بەردەشانی، ژنی عەلی بەردەشانی وەدەرکەوت و گوتی: ئەوە چییە، کاکە چت دەوێ؟ گوتی: بێنە کایێ بێنە، جۆیە بێنە بۆ وڵاغی، ئەویش گوتی ئێرە ماڵە عەلی بەردەشانییە، خەرجی نەداوە بێگاری نەکردووە.

گوتی ئەمن نازانم، ئەمن کارم بەعەلی بەردەشانییەوە نییە. ئەمن کارم بەوە نەداوە بێگاری نەکردووە یا خەرجی نەداوە، کاو و جۆی بێنە بۆو وڵاغەی من، ئەمن لەشکرچیم.

بەڵێ جا دەڵێ ژنەکە بەغارێکی چوو سەوەکایەک و ڕبێکی جۆ بۆ هێنا و دەبەر وەڵاغی کرد. وەختێکی لەشکر ڕۆیی و عەلی بەردەشانی هاتەوە و گەیشتەوە دەرکێ، گوتی ئەو کاوکۆتە چییە؟ گوتی بوویە قونی شەقان و بەربێگار بووی، گوتی چییە؟





گوتی چۆن چییە، سوارێک هاتووە لە ماڵێ دابەزیوە و بەزۆرداری سەوەکایەک و ڕبێکی جۆ پێ هێناوم پێی دەبەر وڵاغی کردووم.

گوتی هەی نەبێ! گوتی بەڵێ. جا گوتی ئەگەر وابێ زۆرتری بەدوایەدا دەڕوا بانگی حەمەڕەشی کرد و گوتی کەرێم بۆ جل کە و، با بڕۆین. کەری بۆ جل کرد و عەلی بەردەشانی سواربوو و حەمەڕەشی وەپێش خۆیدا و ڕۆیی بۆ شارەزوورێ بۆ قەڵاچوالانی شارەزوورێ بۆ کن ئاوڕەحمان پاشای بەبان. بەڵێ ئەگەر چۆ وێو دابەزی خەبەریان دا گوتیان: عەلی بەردەشانی هاتووە. ئاوڕەحمان پاشا گوتی با بێتە سەرێ. بەقەولێکی دەگێڕنەوە، دەڵێن پلیکانی قەڵاچوالان ئەگەر جێیەکی حاسێ و بڵێندە، دەڵێن شێست پلیکان بووە هەتا وەسەرکەوتن. عەلی بەردەشانی وەسەرکەوت و سڵاوی کرد. ئاوڕەحمان پاشا لێی پرسی و گوتی: ها، عەلی چۆنە هاتووی؟ گوتی قوربان چۆنە هاتووم؟ تاڵانیان کردووم. گوتی چۆن؟ کێ تاڵانی کردووی؟ گوتی وەڵڵا وەسمان پاشای برات. گوتی تاڵانەکەت چییە؟ گوتی قوربان میرزایەکی دانێ بینووسێ هەتا ئەمنیش عەرزت بکەم.

بەڵێ جا دەڵێ میرزایەکیان هێنا کە ماڵە عەلی بەردەشانی حیساب بکا و بینووسێ، بزانێ تاڵانەکەی چەند بووە، ئەگەرچی هەر سەوەکایەک و ڕبێک جۆ بوو، جا دەستی پێدەکا:

دەڵێ:

مالێک بووم لە ڕێزێ ماڵان
مالێک بووم لە ڕێزێ ماڵان
تاییێڕە سوورێ سەر هەرزاڵان
چەند پڕ و پرێسکەی منداڵان
داس و چەکوچ دەگەڵ ناڵان
دەمدا لەبەر پێی حەداڵان
هەموویان بردووە بەتاڵان
ئاخ درێشەم وەکو چەقڵێ
زیابرنیگ دەگەڵ شەی خوریە
بۆ وانم دەهات گریە
بۆ وانم دەهاتن گری
بە کوڕی یاقوب پێغەمبەری

جا حەدەم نییە نێوی بەرم
کڵاو و دەسرۆکەی سەرم
ئەو عەبای دوێنێ دەبەرم
بەشیان دەکرد بەرانبەرم
لە داخان دەمگوت ئافەرم
حەوت عەمبار برینج و ساوار
هەموویان لێنان بەبن بار
هێندێکیان خوارد هێندێکیان ڕیت
هاتنە سەرم بە فیتەفیت
ڕاستییە پوولیم پێ بلێ دەویت
حەفدە کووپە هەر قاورمە
چاردە کوپەلە شاورمە
کێیە بەو پەنیرەی شەرمە
وەکو هوڕەی لۆکەی نەرمە
حەوت چاڵ گەنمی ئیشکا و ئیشک
چاردە بارۆکە دە مریشک
حەوت چاڵم هەبوون گەنم و جۆ
پێنسەد باتمان لۆکە و پەمۆ
هەموویان بردووە پیاوی تۆ
ماڵ وێران بووم و ڕەنجەڕۆ
بیور و تەشی و تەورداسە
نێر و ئاموور و مەساسە
چەند گوریس، کەژوو، قەیاسە
چەند کەوچک و چەندە کاسە
بۆم هەڵکێشاون هەناسە
میر پێم دەفەرمووی چ باسە
حەوت چاڵم بوون هەزن و کزن
پێنسە مەڕ و سێسەد بزن
سوار لە دەرکێم دادەبەزن





هێندێکیان دێن هەڵدەبەزن
کاوو جۆم لە ماڵێ دەدزن
کەرەکەم شینی گوێ لار بوو
باری کەمی حەوت تەغار بوو
عەلیە کوێری لەسەر سوار بوو
ڕۆینی سەبری نەرمەغار بوو
بەردەشانیم عەلیە کوێرم
ماوە دار عەسا و شمشێرم
پادشام خۆش بێ پێی دەبژێرم

بەڵێ جا گوتی: ئەو تالانە بەچەندی پڕ دەبێتەوە؟

گوتی قوربان بۆ خۆت لێت مەعلوومە، نووسیوتە داخودا چەندی دەوێ. دەڵێن سەد شەکی یەکساڵەی دایە. جا گوتی شوانی بۆ ساز کرد و گوتی ئەو شەگەلەی بۆ عەلی بەردەشانی لێخوڕن.

حەمە ڕەشیش گوتی: ئەمن تفەنگێکم دەوێ. گوتی بڕۆن تفەنگێکی بۆ حەمە ڕەشی بێنن. ئەویش تفەنگێکیان بۆ هێنا.

حەمەڕەش تەماشای کرد گوتی: قوربانی ئەمن تفەنگێکم ناوێ ساتۆربێ لوولەزلی دەرمان خۆربێ، لە باسکان و لۆرە لۆربێ. ئەمن تفەنگێکم دەوێ تفەنگ بێ، دەرمانی کەم بخوا و لوولە تەنگ بێ، ئەو بەکاری شەڕ و جەنگ بێ.

جا دەڵێ، گوتیان حەمەڕەش بەرن لەنێو تفەنگان بەکەیفی خۆی تفەنگێکی هەڵبژێرێ. حەمەڕەشیان برد بۆ نێو تفەنگان، بەکەیفی خۆی تفەنگێکی هەڵبژارد. بەمجۆرە ئەویش بەتفەنگی خۆی گەیشت.

***

## بەیتی دوو برالان

وێژەر: حوسێن شەشە (کەنیلە)
بۆپانەی سەردەشت

دوو برالە، دوو کوڕ بوون لە وڵاتی گەرمێنێ، ئی بەری خۆشناوان. ئەو دوو کوڕە پیاویان لەدەست زایع ببوو، یەکیان نێوی خدر بوو ئەوی دیکەیان نێوی حەسەن بوو.

کاتێ ئەو دوو کوڕە لە وڵاتی خۆشناوان پیاویان لەدەست زایع دەبێ یەکسەر دێنە وڵاتی لاجانێ، دێنە لای حەمەد ئاغای مامەش کە وەکی ئەمن بیستوومە بابی قەرەنی ئاغای مامەش بووە. ئەو دوو کوڕە دێنە «سێڵوێ» و لەوێ دەمێننەوە.

خــدریان بڕێک شـــەل دەبێ و پێی دەڵێن خـــدرە شـــەلە، هەر لەبەرئەوەش بە حەسەنیشیان دەگوت حەسەنە شەل. حەسەن کوڕێکی قۆچاغ دەبێ، ماڵی دونیایەشیان هەر ئەوەندە دەبێ ئەگەر پێی بژین. خدر ژنی دەبێ و بڕێک شڕەوبڕە. کە دەیهێنن و دێنە وێ ئافرەتێکیش لەوێ دەبێ نێوی فـاتم دەبێ. زۆر جوان بووە و زۆر کەسی بەئاواتەوە دەبێ بەڵام جـوابی کـەسی نەداوەتەوە، کـەچی حەزی لەو حـەسـەنیی دەکرد کە پێـیـان دەگوت حەسەنە شەل هیچ کەسیش ڕەوای ویی نەدیوە.

دەڵێن داوەتێک پەیدا بوو گوتیان حەسەنە شەل و خدرەشەلان بێنن. ئەوان ئی چاک دەزانن. خدرەشیان ئاش وەستایی زانیوە و ئاشی سێڵوێیان هەرچی هەبووە داویانەتە بەوی کە چاکیان بکا.

بەڵێ... جا بانگی خدرە شەل و حەسەنە شەلیان کردووە بۆ داوەتێ.

جا دەڵێن خدر گـاوانی گـرت و حـەسـەنە شـەل سـەرچۆپی، ئافـرەتـەکـەش لە داوەتێ دابوو. «جا ئێمە دەڵێین (وانیک) ئەوان دەڵێن (هەنووکە) یا (هینەکە)».

خدرە بە حەسەنەی گوت: حەسەنە، هەنووکە بڵێ بەڵام نێوی مەهێنە (مەبەست نێوی ئافرەتە جوانەکەی نێـو داوەتێ بوو) یانی پێی هەڵبڵێ بەڵام نێـوی ئاشکرا مەکە. جا دەستیان پێکرد و هیچ کەسیش نازانێ ئەوە دەگەڵ ویانە.

خدر:

هەوەڵ زاتێ ئەو خودایە
دووەمینەتی بیسمیللایە
بابەتی مەدح و سەنایە
مەدحی قەت دە تاریف نایە
یارم وەکو زولەیخایە
حەسەن: خۆنا هەتیوە بڵێ
یارم زولەیخای نازدارە
زولفی بەڕیز دێنە خوارە





لەسەر کولمەی بە قەتارە
بە عامی دەڵێی ڕەشمارە
جەرگ و دڵ بۆی پارە پارە
خدر: خۆنا کاکە، بڵێ
جەرگ و دڵم بۆی لە کوڵە
گوارە و لەرزانە و سەڵسەڵە
لەسەر کولمەی پەڵە پەڵە
یارم نێوی ئایشە گوڵە
جەرگ و دڵم بۆی لە کوڵە
حەسەن: خۆنا هەتیوە بڵێ
جەرگ و دڵم بۆی لە جۆشە
مەمکی هەناری مێخۆشە
بیبە شاران مەیفرۆشە
عالەم بۆو خاڵەی لە خرۆشە
ئاخ دڵی من بۆی لە جۆشە
خدر: خۆنا کاکە، بڵێ
ئاخ لە جۆشە بۆ مەمکانی
سینگت کاغەزی مەرجانی
لەسەردەستی کاتبانی
بیخوێنن میرزای تارانی
هێندێک دەمرن لە سوێیانی
حەسەن دەڵێ: خۆنا هەتیوە بڵێ
هێندێک دەمرن لە سوێیانە
لەسەر سینگی دوو فینجانە
هەردوو قامکانیان نێوان

بۆ هەموو دەردێک دەرمانە
خدر دەڵێ: خۆنا کاکە بڵێ
زۆر دەوایە لە بۆ دەردان
وەکو کۆتری نێو شێوەردان
خاسەکەوێ لەسەر بەردان
کیژێ دەدەن بەنامەردان
ئەمەش غەریب و سەرگەردان
حەسەن: خۆنا کاکە بڵێ
هەروەکو کەوێ خاڵ خاڵی
حەزن لێکرد بەمنداڵی
بگا عەدی چاردەساڵی
خودا نایدا بەحەلاڵی
بەبێ دەنگی دەچمە پاڵی
خدر: خۆنا هەتیوە بڵێ
کەوێ دەگەڵ پۆلێ ئاسکان
کوڵمەی هەروەک هەرمێ ناسکان
خاسەکەوێ باسکە و باسکان
بەندی بوو بە سیا بسکان
حەسەن: خۆنا کاکە بڵێ
دڵ کەبابە بۆو مەمکانە
وەک تیری سەر بەپەیکانە
لە جەرگی منن نیشانە
حەسەن چۆنت دی ئەو جوانە؟
حەسەن دەڵێ: کاکە
ئێوارێکی نوێژی شێوان





دیوارێکمان بوو بەنێوان
دوو قسەم دەگەڵ کرد بەلێوان
ڕەق بوو وەکو بەردی کێوان
نەرمم کرد وەک توولە مێوان
ماچم هەرزان کرد بەپێوان
خدر: ئەگەر وابێ بڵێ
خالق هەر تۆی پادشا و جەبار
دونیا خۆش نییە بێ گوارەدار
دونیا خۆش نییە بێ نازداران
یارەب خۆش بێ بۆ جار جاران
ناعیلاجم نێوی دێنم
حەسەن: خۆنا هەتیوە بڵێ
نێوی ویم لەسەر زارییە
بەژنی نەمامی ڕەزییە
ڕوومەتی گوڵی جۆرییە ڕوومەت هەروەک گوڵی جۆری
پانیە زەردی پڕ لە مووری
تۆ مەلەکی یانە حۆری
چ مەلەک بی چ حۆری بی
دەتبەم هەرچەند بەزۆری بی
خدر: خۆنا کاکە بڵێ
گەیە ڕێگای قولەتێنێ
ئەوەندەی چاوان هەڵدێنێ
حەوت گۆی زنجیر دەپسێنێ
عالەم بۆی وەحشی دەمێنێ
حەسەن: خۆنا هەتیوە بڵێ

هەڵیان دێنێ چاوی ڕەشی

بەهارە مەحەلی کەژی

مەحەلی کەژ و گیابەنێ

خۆم گەیشتمە سەر قۆشەنێ

گوڵیان دەچنی لەدەم ڕەنێ

خدر: خۆنا کاکە بڵێ

گوڵیان دەچنی کلاو سووران

ئەڕوانێمە کراس گەنجووران

شێت بووم، کەوتمە باسکە و بووران

حەسەن: خۆنا هەتیوە بڵێ

باسکە و بورەم دەپشکنی ئەتۆ غەیبی یانە ونی

تاوێکی با بچمە کنی

ماچ کەم خاڵی بەر گەردنی

خدر: خۆنا کاکە بڵێ

ئەی خودا لەبانی سەرێ

هەرچی سوڕی ئاشقان بەرێ

بزنەکەی لە کێوی بخورێ

گا جووتی لە ماڵێ بمرێ

کردەوەی قەت وەکۆ نەکرێ

باغی نەگرێ بارێک ترێ

حەسەن: خۆنا هەتیوە بڵێ

بارێک ترێ هەنجیری تەڕ

بەژنی هەڵاڵەیە و شێست پەڕ

عاشیرەتان کردیان بەشەڕ

کیژ کوا بەمن دەکا باوەڕ





خدر: خۆنا بڵێ

کیژ دەڵێ:

لەبەر خودای شەرمێ نەکەم

تۆق و تەلەسمان لێک دەدەم

دەور و دوکانان تێک دەدەم

تاریکستان پەیدا دەکەم

حەسەن: خۆنا ، هەتیوە بڵێ

تاریکستان شەوی دەیجوور

بازرگانان بێنن لە دوور

بێنن کووتاڵی زەرد و سوور

پارچەیە و شیرداغ مسقاڵی

هەر گەزەی لەسەر دە ڕیاڵی

هەر لە دارای تا نەداری

هەر لە فەقیر تا هەژاری

هەر لە سەپان تا کەرداری

کێ دیویە گەنجی حەوت شاری

دوڕێک دەگەڵ تەرزەی باری

خدر جا ئەگەر وابێ بڵێ

ماڵم بۆ چییە دەبلا نەبێ

فۆتەی پنج پشتم بەن کون بێ

ڕانکۆلەم کۆنە ڕەشکە بێ

پێڵاوی پێم بێ تەتەبێ

بەو شەرتەی یار مەیلی هەبێ

کەوێژێکم لێ زێدە بێ

حەسەن: خۆنا کاکە بڵێ

لێم زێدە بێ ئێروی ساڵێ

لە کێویش ببڕێ لە ماڵێ

لە کەندووش ببڕێ لە ماڵێ

یار سوێندی خواردووە هیچ ناڵێ

گەر جووت بێن دەگەڵ کەژاڵێ

بەبێ دەنگی بێنمە ماڵێ

داوەت خەڵاس بوو، پەڵە گەنمێک لەبەر ماڵان بوو. ئاغا پێی گوتن: ئەو پەڵە گەنمەی بۆ خۆو بدروونەوە بەنیوەیی، هەردووکیشیان پاڵەی چاک بوون. ئەو زەمانی هەموو کەس، بەهاران دار یان گوێنیان بڕیوە و لە گیشەیان داوە هەتا بۆ هاوینێ ویشک و گزرەیی بێ بۆ ئاوری.

ئەو کوڕانە لەبەر کانی سێلوێ دروێنەیان دەکرد، ئەو کچەش هەر بەرانبەری وان دەهات و دەچوو. دەڵێن بۆ ئەوەی هێلکە و ڕۆنی کەرەی بۆ کوڕەکە بەرێ، گۆزەی هاویشتە سەر شانی و بەرەڵبێنێکی وەبن هەنگڵی دا و ڕۆیی بۆ کانی کە گەیشتە کن کانییە، دەستێکی لە کوڕەکەی هەڵتەکاند. کوڕەکەش داسی لەبن باقەی دا و ڕۆییە خوارێ بۆ کانی. نان و ڕۆن و هێلکەی خوارد و بەشی براکەی نەبرد. چۆوە لای براکەی، براکەی تەماشای کرد زەردایی هێلکەی بەلێوییێوە، دیاربوو بەپەلە خواردبووی و گەڕابۆوە.

جا براکەی دەستی پێکرد، لە خەڵکیش ڕا وایە ڕقەیانە، ئیدی نازانن چ باسە.

خدر دەڵێ:

بەوەی کەم ئەگەر ڕەبییە ئاولانت بم

هەتیو بۆ چوویە کانییە ئاولانت بم

هێلکەی بۆ تۆ کولاندییە ئاولانت بم

حەسەن بێ منت خواردییە........... دە بیبەستە

حەسەن دەڵێ:

بەوەی کەم ئەگەر سەمحانە ئاولانت بم

هێلکە بوو، ڕۆن بوو نانە جیرانت بم





بۆ منی هێنا ئەو چاو جوانە ئاولانت بم

بێ تۆم نەبێ نۆشی گیانە ئاولانت بم

لەسەر دڵمدا سندانە، ...... کاکە بەستم

دەڵێ: ئافرەتەکە ڕۆیی لەبەر دەرکێ، دووی دیکەش لەوێ ڕاوەستا بوون، چوو لەنێویاندا ڕاوەستا و سەیری وانی دەکرد. ئەوان ئەوە قامێ دەڵێن.

خدر دەڵێ:

وردە وردە خۆ دەبزێوی ئاولانت بم

سینگی باغە بچێ تێوی جیرانت بم

چۆن ڕاوەستاوە لە نێوێ...... دە بیبەستە

ئەوجار کچەکە لەنێوایان هاتەدەر چوو لە سەرپەڕێ ڕاوەستا.

حەسەن دەڵێ:

عەمرم دەبەر عەمرت گەڕێ ئاولانت بم

سینگی باغە دەکەن شەڕێ ئاولانت بم

دڵ بریندارم لێم گەڕێ....... کاکە بەستم

ئەو جار کچەکە دەستی دا پەتکۆڵێکی چوو داران بێنیتەوە، هەر دەوری وانی دەدا.

خدر دەڵێ:

برادەری جاروباران ئاولانت بم

یاخودا خۆش بی بۆ جار جاران ئاولانت بم

حەیفێ بەوەهەش دەکەن کاران ئاولانت بم

گوریسیان پێ هەڵگرت بۆ داران ....... دە بیبەستە

حەسەن دەڵێ:

کاکە بۆم بکە تەگبیرە ئاولانت بم

کیژ دەڵەی مێوژ و هەنجیرە ئاولانت بم

بەداران دەکولێنێ شیرە ..... خۆ بەستوومە

خدر دەڵێ:

هەتیو من لە تۆ چاکترم ئاولانت بم
لەبەر ڕەوت و ڕۆینی مرم ئاولانت بم
ئەگەر بانگم کا حازرم جیرانت بم
کۆڵەداری بۆ هەڵگرم ..... دە بیبەستە

حەسەن دەڵێ:

ئەو گەیە دەمە، دۆڵێ ئاولانت بم
هۆ هۆی لەبەر نەرموو نۆڵێ جیرانت بم
نەژیم لە دوای خڕ و خۆڵی ئاولانت بم
لە جێم بکێشە بنکۆڵێ ..... خۆ بەستومە

جا دروێنە و مروێنە خەلاس بوو، کەوتە لای پاییزێ. حەسەن بە خدری گوت: کاکە هەڕو بزانە لەدیوەخانی ئاغای چ باسە، قەولێکیان بەتۆ نەدابوو؟ (دیارە کاتێک ئاغا ئەو قسەی زانیبوو گوتبووی قەرارێ کچەکەی بۆ حەسەنی بخوازم) جا لەبەر ئەوەی بوو کاکی دەناردە دیوەخانێ، خدر دەچوو بەلام پێی ئیراد بوو لە دیوەخانێ باسی بکا. ڕۆژێکی خدر چووبووە دیوەخانێ، حەمەد ئاغا ڕووی تێکرد گوتی: ها! خدرە شەلە زۆر هاتوچۆ دەکەی کارێکت هەیە؟ گوتی قوربان لەبەر گوفتەکەی بۆ خۆت فەرمووتە. حەمەد ئاغا گوتی بەڵێ قەرارم داوە ئەگەر بۆی بخوازم. بەلام خدر لەو سەرو بەندەیدا نەخۆش کەوت و مرد. حەسەن هەر هاتوچۆی سەر قەبرانی دەکرد. هەرچەندە حەمەد ئاغا پێی دەگوت و حەولی دەگەڵ دەدا کە ژنی لێ مارەکا و بۆی بگوێزێتەوە، بەلام حەسەن گوتی: ئاغا خۆ ئەمن منداڵ نیم بەمێوژانم ژیرکەیەوە، ئەمن پاشی برای خۆم ماڵم بۆ چییە و، حاڵم بۆ چییە و، ژنم بۆ چییە. ئاخری ژنی نەهێنا و دەستی لە ئافرەتەکە هەڵگرت.

***

## بەیتی برایم و مەحمەڵ

ویێژەر: حوسێن شەشە (کەنیلە)
بۆپانەی سەردەشت

مەحمەڵ و برایم گەرمێن و کوێستانیان کردووە، دەوڵەمەند بوون و ساحەبی مەڕ و ماڵ بوون. هەردووکیان جحێڵ بوون هێندێک دەڵێن ئامۆزابوون، هێندێک دەڵێن





برابوون، هێندێکیش دەڵێن دۆست بوون. بەینیان لە ڕادەبەدەرخۆش بووە. مەحمەڵ برا چووکە بووە و برایم برا گەورە بووە و زۆر جوان چاک و پیاو بوونە.

دەڵێن خەبەریان پێدان کە لە شاری چەلیان جەڵەب زۆر چاک دەفرۆشرێ. پادشای چەلیانیش زۆراب خان بوو. کچێکی بوو خاتوونێ بە کەزبیانیان پێ دەگوت، کوڕێکیشی بوو نێوی حەسەن خان بوو وەزیرەکەشی بە وسوو موغانی مەشهوور بوو. ئەگەر ئەو خەبەرەیان پێ گەیی، دەستە جەڵەبێکیان ساز کرد لە سێ هەزار شەک و زۆر بەتەدارەکێکی حیسابی هاتن بۆ شاری چەلیان. کە هاتنە شاری چەلیان زۆراب خان تەواوی ئەو جەڵەبەی لێ کڕین.

خەبەریان بەخاتوونێ بەکەزیان دا و گوتیان دوو کوڕ هاتوون جوان چاکی و ئازایەتیان لە ڕادەبەدەرە. جا گوتی چۆنیان ببینم؟ گوتیان بنێرە، بڵێ: دەبێ ئەو سەفەرەی جەڵەبێ بۆ من بێنن. ئەویش لەدوای ناردن.

برایم گوتی: مەحمەڵ ئەوە خاتوونێ بەکەزیان کاری بەجەڵەبێ نییە، بەڵکە کاری بەمن و تۆیە ئەمە ئەگەر چووین لەبەر پەنجەرەی ڕادەوەستین، ئەگەر گوتی مەحمەڵ و برایم وەرنە سەرێ ئەوە دیارە کەیفی لەتۆیە، ئەتۆ وەپێش کەوە.

ئەگەر گوتیشی برایم و مەحمەڵ وەرنە سەرێ، ئەوا ئەمن وەپێش دەکەوم کەیفی لەمنە. گوتی زۆر چاکە.

وەختایەک ئەگەر چوون لەبەر پەنجەرەی ڕاوەستان خاتوونێ بەکەزیان سەری هێنا دەرێ، گوتی کێهە مەحمەڵە، کێهە برایمە؟ گوتیان ئەوە مەحمەڵە، ئەوەش برایمە.

جا گوتی مەحمەڵ و برایم وەرنە سەرێ. برایم مەحمەڵی وەپێش خۆی دا و چوونە سەرێ. ئەگە هاتنە سەرێ لەوێ قسە و قەوڵ و قەرارێکیان بەست گوتی بەڵێ ئەتۆ کچی شا میر زۆراب خانی، ئێمەش کابرایەکین پێمان دەڵێن شوانە وێڵە، مەڕدارین ئەمە ناتوانین بنێرین ئەتۆ بخوازین غەیاتی دەکرێ ئەگەر ئەتۆ دەگەڵمان بێی. ئێمە ئەتۆ هەڵدەگرین.

بەڵێ ئەو قەرارەیان دانا و چوونەوە مەملەکەتی خۆیان. ئەگەر چوونەوە چەند هەزار سەرێکیان جەلەب ساز کرد و چەند پیاوی ئازا و بەکاریان دەگەڵ خۆیان هێنا و هاتنەوە شاری چەلیان. جەڵەبەکەیان فرۆشت و تەدارەکێکیان گرت. خاتوونی بەکەزیانیش شەوێ دەچاکدا ڕەگەڵیان کەوت، هەڵیانگرت و ڕۆیشتن.

خەبەریان بە شا میر زۆراب خانی دا و گوتیان: مەحمەڵ و برایمی دەشتیان خاتوونیان

برد. میر زۆراب خان کەوتە پەی سەر و لێپرسین و ئەوبەر ئەوبەر، بەڵام لە هیچ کوێ سەر و سۆراغی نەکردن. ڕۆژێکی مەجلیسی گرت و دانیشت، جا شای میر زۆراب خان ڕووی دەمەجلیسێ کرد و دەستی پێکرد، دەڵێ:

کێ بوو لە بۆ شای میر زۆراب خانە
ئامادەی کرد مەجلیس و دیوەخانە
دەنگی هەڵدێنا ڕووی دەکردە وەزیر و نایبانە
هەر کەسانێکی بۆم بێنن خەبەری مەحمەڵ و برایمی دەشتیانە
بە قەباڵە لێم بستێنێ نیوەی شاری چەلیانە
دەڵێ: کێ بوو لەبەر وسووی موغانە
ڕووی دەکاتە شای میر زۆراب خانە
دەڵێ شای میر زۆراب خانە
ئەمن دەڕۆم ئەمما بۆت دێنم خەبەری مەحمەڵ و برایمی دەشتیانە
بەقەباڵەم ناوێ شاری چەلیانە
ئەمما وەختێکی مەحمەڵ و برایم هێنان
ئەتۆ بیدە بە کوڕی من خاتوونێ بەکەزیانە

بەڵێ، جا ئەگەر ئەوەی پێ گوت قەراری دەگەڵ بەست. وسووی موغانێ سوار بوو لێیدا ڕۆیی.

ئەو شەگەلی ئەگەر کرِدرا بوو، چ دروشمێکیان پێوەبوو لەبەرچاوی دەگرێ. زۆر گەڕا هەتا دەستەمەرێکی دیبەوە کە ئەو دروشمەیان پێوەبوو. پرسی لە شوانی، گوتی ئەو مەڕە ئی کێیە؟ گوتی ئەو مەڕە ئی مەحمەڵ و برایم دەشتییە.

گوتی ماڵ و مزڵیان لە کوێیە؟ وەڵامی داوە بەڵێ لەوەی بەو دیودا، هەوار و کوێستانی ئەوانە. جا هەستا چوو میوانیان بوو، برایم و خاتوون ناسیان ئەمما مەحمەڵ نەیناسی، برایم بە خاتوونی گوت ڕاستییەکەی لەکن مەحمەڵ مەڵێ، مەحمەڵ پیاوێکی کەلەییە.

ئەمە خەراپێکمان دەگەڵ شای میر زۆراب خان کردووە، بزانین وسووی موغانی کە وەزیری ویە چ نەزەرێکی هەیە؟ ئەگەر بێتو پێی بڵێی یان دەیکوژێ یان شتێکی دەگەڵ





دەکا، کە دەبێتە دوو خەراپە دەرحەق بەوی.

جا دەڵێ وسووی موغانی لەوێ ماوە وردە وردە دەستی بەقسان کرد هەتا بۆ خۆی، خۆی ئاشکرا کرد. مەحمەڵ گوتی دەیکوژم، برایم و خاتوون گوتیان: نا، نا نەکەی، ئەمە خەراپێکمان کردووە، نایکەین بەدوو، دەڵێن، وسوو زمانێکی تەڕ و پاراو و لووسی هەبوو، هەرسێکی فریودان. سوێندی بۆ خواردن گوتی شای میر زۆراب خان ئەگەر ئەمنی ناردووە سەردەقانو پێ نەرم کا و سەرحەدانو پێ بگرێ.

بەکورتی فریوی دان و هەرسێکی دەگەڵ خۆی هێنان، گوتی: قەرار ئەوە بێ ئێوە لەشکری دەگەڵ خۆتان بێنن شای میر زۆراب خان تۆمەتێکو لێدەدا، دەڵێ هەڵبەت بەلەشکرەوە هاتوون.

ئەگەر ئێوە بێن ئەمن دەگەڵ ویتان ئاشت دەکەمەوە، سەرحەدانی بۆ بگرن سەردەقانی بۆ نەرم کەن. قەرارمان ئەوەبێ لە ئەشکەوتی «بێ شوێ»* دابنیشن هەتا ئەمن خەبەری شای میر زۆراب خانی دەدەم و دەگەڵ ئیوەی ئاشت دەکەمەوە.

دەڵێ، هاتن هەتا گەیشتنە ئەو ئەشکەوتەی و، لەوێ مانەوە.

جا، وسووی موغانێ هەستا ڕۆیی بۆ شاری چەلیان، خەبەری بە شای میرزۆراب خان دا و گوتی: فریوم داون و هێناومنەوە بەبێ لەشکر، هەر خاتوونێ بەکەزیان و مەحمەڵ و برایمن.

گوتی: ئەگەر وایە بنێرن بەدەست بەستراوی بیانهێنن.

گوتی شای میرزۆراب خان ئەوانە شێرن، بەلەشکرێکی عومدە نەبێ پێیان ناوێرین.

بەڵێ، تەهییەی لەشکریان کرد، وسووی موغانی دەستەودایرە و تایفەی خۆی ئەوەندەی بوون سازی کردن. لەشکری حەسەن خانی کوڕی شای میرزۆراب خانیش بەجوێ هات. لەشکری شاری چەلیانیش دەگەڵ شای میرزۆراب خانی هاتن. جا سبحەینێ زوو لە شاری چەلیان وەدەرکەوتن. ئەوانیش ئەوە لە ئەشکەوتی بێ شوێ چاوەڕوانی ئەوەی بوون ئەگەر وسووی موغانی بێتەوە و بیانباتە لای شای میرزۆراب خانی و دەگەڵ وی ڕێک بکەونەوە.

سبەینێ برایم ئەگەر هەستا، تەماشای کرد ئەوە لەشکرێک لە شاری چەلیان دێتە

(*) ئەشکەوتی «بێ شوێ» لەکن ئاوایی وسووکەندییە کە لە ٦ کیلۆمەتری مەهابادە بەدەستی چەپەوە و بەئەشکەوتی «خەلوێ» ناوبانگی هەیە.

دەرێ، لەشکرێکی یەکجار زۆرە. خاتوون و مەحمەڵ هەڵنەستابوون، جا برایم بانگی کردن.

چار ملێ بوو لە برایمی دەشتیانە

ئەو بانگ دەکا دەڵێ مەحمەڵە گیانە

سەرم لە ئێشە، دڵم لە ژانە

ئەوە ئەتۆ سەرت هەڵێنە لە خەوی شیرین

ئەمما لەسەر باسکی خاتوونی بەکەزیانە

ئەوە لەشکرێک دێتە دەرێ لە شارەکەی چەلیانە

لەشکرێکی یەکجار زۆر و، زۆر بەوگرانە

نازانم نەدەڕوا بۆ سەر دوژمنی، بۆ سەر حەدانە

نازانم نە دێ بۆ سەر مەحمەڵ و برایمی دەشتیانە

ئەوە برایم دەڵێ:

کاکە مەحمەڵ سەرم لە ئێشە، دڵم لەغارە

ئەتۆ سەرت هەڵێنە لەسەر باسکی خاتوونی بەکەزیانی چاو بەخومارە

ئەمما لەشکرێک دێتە دەر لە شارەکەی چەلیانە

لەشکرێکی زۆر زۆر و بەبێ هەژمارە

نازانم نە دەڕوا بۆ سەر حەدانە

نەدێ بۆ سەر مەحمەڵ و برایمی بێ چارە

دەڵێ:

کاکە مەحمەڵ ئەمما چەندم پێ گوتی بەسەر زبانی

ئەمما برادەر بەقسەی منت نەکرد و ئەتۆ هەوەڵێت نەزانی

چەندم پێ گوتی فریوێ مەخۆ، فریوی وسووی موغانی

ڕەبی بە نەحلەت بێ دەگەڵ شەیتانی

ئەرێ

کاکە مەحمەڵ گیان سەرم دێشێ دڵم لە ژانە





سوێندێکت بۆ بخۆم بە سی جزمەی قورعانە

ئەورۆکانێ ڕۆژێکە، ڕۆژی مەردانە

پێمە شیرێکی لاهوری هەر لەوی عەسلەدەبانە

بەدەستمەوە ڕمبێکی هەژدە قەفی لەوی سەر بەحەیزەرانە

ئەمما کاکە مەحمەڵ گیان ئەمن سوێندێکی دەخۆم بە سی جزمەی قورعانە

شیری خۆم خوێناوی ناکەم هەتاوەکو نەکوژم وسووی موغانە

دەبێ لە دەرکی ئەشکەوتێ ڕابوەستی هەر دەگەڵ خاتوونێ بەکەزیان

لە برایمی بڕوانە.

جا دەڵێ مەحمەڵ سەری هەڵێنا، ئەگەر تەماشای کرد ئەوە لەشکرێکی یەکجار زۆر و زەوەند لە ژێڵڵا دێ مەگەر خودا بزانێ. کاتێ نیزیک بوونەوە برایم زانی کە بۆ سەر ئەوان دێ، ئەو لەشکرە بە هەر چوار ئەترافیدا بۆ سەر ئەوان دێ و غەنیمی وانە.

جا برایم سوێندی خوارد گوتی مەحمەڵ هەتا ئەمن نەکوژرێم ئەتۆ نابێ بێیە خوارێ، ئەگەر ئەمنیش کوژرام کەیفی خۆتە. چونکە ئەگەر ئەتۆ بێی ئەمن زەینی شەڕێم نابێ لەبەر تۆ، ئەوە ئەمن دەچمە خوارێ.

سواربوو سەرەوژێر بوو، ڕۆییە خوارێ، لەشکری وسووی موغانێ لەپێشدا دەهات و وسووی موغانیان لەپێشدا بوو.

دەڵێ:

ئەوە کێ بوو لەبەر وسووی موغانی

بە نەحلەت بێ دەگەڵ شەیتانی

بانگ دەکاتە برایم و مەحمەڵی دەشتیانی، ئەو جارە کە بەحاڵی خۆو دەزانی چونکە غەیانەتیو کرد بەدەرکی میرزۆراب خانی.

ئەوە برایم دەڵێ:

سەرم لە ئێشە دڵک چەندی لەژانە

قایەتی دەژانە ژانە، هەڵی دەکێشا شیرێکی لاهوری لەوی عەسلەکرمانە

بەدەستێوەیەتی ڕمبێکی هەژدە قەفی لەوی سەر بەحەیزەرانە

دەڕۆییە خوارێ و ڕووی دەکردە وسووی موغانە

بەرەنگار دەبوون ئەو دووانە.

دەڵێ:

رۆڵە برایم مەردێکی چا زانی

ئەورۆکانە مەردێکی مەردی مەیدانی

ئەمما هەڵی دەکێشا شیر لە کالانی

ئەوەڵ کەرەتیی لەنێو لەشکرێدا دەکوشت وسووی موغانی.

دەڵێ:

کاکە مەحمەڵ گیان سەرم لە ئێشە و دڵم لە ژانە

ئەورۆکە رۆژێکە رۆژی مەردانە

ئەتو لە دەرکی ئەشکەوتێ رابوەستە دەگەڵ خاتوونێ بەکەزیانە

هەتا نوێژی نیوەرۆیە هەر لە برایمی بروانە

بۆم حەواڵە بکە، هەتا نوێژی نیوەرۆیە دوو سەد سواری یەکەیەکە لە شارەکەی چەلیانە.

برایم دەڵێ:

سەرم لە ئێشە و دڵم لە تاوە

قایمەتی لە تاوە تاوە

چەند جارێ بەنێو لەشکری دادەهاتوو دەگەڕاوە

برایم هەتا نوێژی نیوەرۆیە

چەند کەسی لە لەشکری شای میرزۆراب خانێ دەکرد تەواوە

دەنوێژی نیوەرۆیەدا بەبرینداری بۆ زاری ئەشکەوتێ دەگەڕاوە.

بەڵێ برایم چەند برینی هێنا، ئەگەر گەیشتە زاری ئەشکەوتێ لە ولاغێ را خۆی فڕێدا و کەوت. نەیاندەتوانی بەدوایاندا بێن چونکە لە دەرکی ئەشکەوتێ را هەرچی هاتبایە بەتیری هەڵیاندەداشت. بەرەوەی هەورازە و ئەشکەوتەکەش بڵیندە. ئەوێ شەوێ خاتوون و مەحمەڵ لەسەر برایمی دەستیان بە پێهەڵگوتن و گریانێ کرد.

مەحمەڵ دەڵێ:

کاکە برایم سەرم دێشێ دڵم دەکا ژانێ





ئەمما بۆ توو چاک نەبوو ئەگەر بەتەنێ چوویە مەیدانێ

دەگەڵ لەشکری شای میرزۆراب خانێ

دەستت دەکرد بە شیر لێدانێ

ئەلحان دەگەڵ خاتوونێ ئەو بەرەوبەر دانیشتووین

وردە وردە بۆت دەکەینەوە شین و گریانێ

ئەلحانەکە مەڕی کاکە برایمی ئەو سەعاتەی بێ ساحەب ماوەتەوە

لە تیلەگی دەکوێستانێ

ئەوە خاتوون دەڵێ:

کاکە برایم گیان ئاخ سەرم دێشێ دڵم دەناڵێ

ئەمما تو خوداکەی ئەورۆ هەڵیکە دەوردەبارانی ڕەحمەتێ

دەگەڵ کزەکزەی دەشەماڵێ

ئەرێ بەخودای

مەحمەڵ و برایم ئەوە تاوڵ و ڕەشماڵیان هەڵداوە

لە بنەی توشماڵێ

بەبێ ساحەبێ ماونەوە هەر مەڕ و ماڵێ

بەڵێ، سبەینێ برایم بە برینداری هەستا هەرچەند مەحمەڵ ئەوبەرئەوی کرد مەحمەڵی نەهێشت، گوتی هەتا ئەمن نەکوژرێم ئەتۆ مەیە خوارێ. برایم سواربوو مەحمەڵیش بەدوای ویدا رۆیشت.

جا برایم دەڵێ:

کاکە مەحمەڵ گیان لە دڵی من گەڕێ بەبێ قەراری

تەواو بۆ من و تۆ دەنگ دراوە لەشکری شاری

ئەمما لە ئەشکەوتی بێ شوێی

لێ قەوماوە بەفەقیری و هەژاری

دەبێ چاوێکم لەتۆ بێ و بەدەستی شەڕی بکەم هەر بەبرینداری

ئەوە سەرم لە ئێشە دڵم لە هۆیە

برایم شەڕی دەکرد هەتاوەکو نوێژی نیوەڕۆیە

ئەمما برایم ڕمبی چەقاند گوڵمی تێکرد، تەقدیرێ خودای بوو سەری وێ کرد ئەو بەبێ ڕوحی گیانی خۆی دەرد و برد

ئەوە مەحمەڵ دەڵێ:

سەرم لە ئێشە هەر دڵم لە ژانە

قایمەتی دەژانە ژانە

مەحمەڵ بەدەستێوەیەتی شیرێکی لاهوری

لەوی دەعەسڵە دەبانە

ئەمما ڕووی دەکردە نێو لەشکری شای دەمیرزۆراب خانە

ئەوەڵ کەرەتێی دەکوشت حەسەن خانە

هەڵی دەگرت برایمی دەشتیانە

دەی بردەوە بۆ ئەشکەوتێ

بۆ کن خاتوونێ بەکەزیانە

بەڵێ، ئەگەر مەحمەڵ برایمی بردەوە وێ بەکوژراوی، شەوێ شینی برایمیان گێرا بە خاتوونێ و بە مەحمەڵێ، هەتا سبەینێ ڕۆژ بۆوە، سبەینێ مەحمەڵ خودا حافیزی لە خاتوونکردە و سەرەوژێر ڕۆییە خوارێ.

خاتوون گوتی: مەحمەڵ، وەک نەیەوە وایە، مەحمەڵ ڕۆیی ......

مەحمەڵ دەڵێ:

دڵی من چەندی لە خەمە چەندی لە ئێشە بە بریندارى

تۆ خولاکەی خەمی لە دڵم چەندە زۆرن بەبێ قەراری

خاتوون لە خزمەت تۆوە دەڕۆم خولا حافیز هەر بە یەکجاری

مەحمەڵ دەڵێ:

سەرم لە ئێشە دڵم هەر لە ژانە

قایمەتی لەژانە، ژانە

مەحمەڵ هەڵی دەکێشا شیرێکی لاهوری لەوی عەسڵە دەبانە





بەدەستێوەیەتی ڕمبێکی هەژدە قەفی سەر بە حەیزەرانە

لە شانیدا کەوانێکی خاسەڕەنگ دەگەڵ سەت و بیست و چوار

تیری سەر بەژەهری ماری دانەدانە

دەکەوتە نێو لەشکری شای میرزۆراب خانە

دەڵێ خۆ من بکوژرێم مەنزوورم نییە

ئەمما حەیف بەتەنێ دەمێنێتەوە خاتوونێ بەکەزیانە.

جا مەحمەڵ دەڵێ:

ئەورۆکانێ شەڕە هۆبەهۆیە

لەشکرێکیان، لەشکرێ گەورەی دەگرت بەنوێژی نیوەڕۆیە

ئەوە مەحمەڵ تێی دەکەوت هەتا مەحەلی پاش نوێژێ

لە هێندێک دادە لە هێندێک ڕۆڕۆیە

دەڵێ سەرم لە ئێشە دڵم لەتاوە

خودایە ئەوە چ بوو، چ لەمە قەوماوە

مەحمەڵ هەتا نوێژی عەسرێ شەڕی دەکرد لە دوایە لەسەر ولاغێ ئەویش هەر وەردەگەڕاوە.

جا دەڵێ ئەگەر مەحمەڵ کوژرا، خاتوون لیباسی برایمی دەبەرکرد و هاتە خوارێ دەڵێ هەر بەو شەرتەی مەیتی مەحەمەڵیم وەگیر کەوێتەوە.

دەڵێن خاتوون ئەگەر گەیشتێ مەیتی مەحمەڵی هەڵگرت و بردییەوە بۆ ئەشکەوتێ. لە زاری ئەشکەوتێ ڕاوەستا، تیری لە ماڵی کەوانی نا، هیچ کەس نەیوێرا بچێتەوێ. جا شای میرزۆراب خان بەئەژنۆی خۆی دادا و گوتی کوڕیشم چوو کچیشم چوو، بۆ خۆشم هەر چووم. چەند کەسان لە وەزیر و نایبێ ئەگەر لەکنی بوون یەکیان گوتی شای میرزۆراب خان ئەمن دەچم خاتوونێ دێنمە خوارێ، بەو شەرتەی دەیهێنمە خوارێ ئەگەر ئەتۆ هیچ بەخاتوونێ نەڵێی. گوتی: بەڵێ ئەمن کوڕێکم بوو ئەویش کوژراوە. ئەگەر خاتوون بێنێ بۆ من زۆر شەرتە. بەڵێ، جا سوێندیان بۆ خاتوون خوارد، خاتوون دەڵێ نایەمە خوارێ هەتا مەیتی برایم و مەحمەڵی لەجێییەکی نەنێژن لە شاری چەلیان، جا دێم. گردێک لە بەینی وسووکەند و قونقەلایەیە، وەکی دەڵێن لەسەر ئەو گردەیان ناشتوون کە ئێستاش وارشی بەردی لێیە.

خاتوون کە حامیلە بوو کاتێ بردیانەوە دوو کوڕی بە زگێکی بوون، یەکیان نێو نا مەحمەڵ یەکیان نێو نا برایم هەتا گەورە بوون. هەڵبەت لەکن شای میرزۆراب خان گەورەبوون.

ڕۆژێکیان سەرنجیان دایە، دیتیان ئەوانیش بەشای میرزۆراب خان دەڵێن بابە و دایکیشیان هەر پێی دەڵێ بابە. برایم هەر لە جێی برایمی ئینسانێکی عاقڵ بوو بەدایکی گوت: دایە بۆچ ئەتۆش بە شای میرۆزراب خان دەڵێی بابە و ئێمەش هەر پێی دەڵێین بابە؟ گوتی ڕۆڵە کوڕی وین. دەڵێ ئاخر ناکرێ، دەبێ حاڵیمان کەی. جا دەڵێ خاتوونێ بەکەزیان نەقڵ و بەسەرهاتی لە ئەوەڵ تا بە ئاخر بۆ گێڕانەوە، کاتێ ئەو بەسەرهاتەی بۆ گێڕانەوە جا دەڵێن چەک و ئەسپابی بابی ئێمە چییە دەبێ بۆمان بێنی.

چەک و ئەسپابی برایمیان دا بە برایمی و چەکی مەحمەڵیان دا بە مەحمەڵی. جا گوتی ڕۆڵە شیری ئەو مەمکە و لێ حەڵاڵ بێ بەڵام کارو بە شای میرۆزراب خان نەبێ چونکە ئەنگۆی بەخێوکرد و ئەنگۆی گەیاندۆتێ. جا گوتی قەرار بێ لەتایفەی وسووی موغانی کەسیان لە شاری چەلیاندا نەمێنێ.

دەڵێن وسووی موغانی ئەگەر کوڕی مابوو، کوڕەکەشی نەوەیەکی هەبوو بەنێوی بابی کردبوو. جا دەڵێ ئەو کوڕە لەوێ هەڵات. ئەوی تایفەی وی بوو لە شاری چەلیاندا نەیانهێشت.

ئەو کوڕەش ئەگەر ڕۆیشت چوو بۆ وڵاتی پشدەرێ، بۆ داودیەی لەکن شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ ماوە. جا مەحمەڵ و برایم وڵاتی چەلیانیان داگیر کرد و، وڵات کەوتە دەست ئەوان. شای میرۆزراب خانیش پیر و ئۆفتادە ببوو مرد.

***

## بەیتی کاکە میر و کاکە شێخ

وێژەر: حەمەدی ئاغای
کانی باغی پیرانشار

کاکە میر و کاکە شێخ جافن، دوو برابوون، دێیەکی چکۆلەیان هەبوو. ئاودەڵ گۆرانێکیش لەنێو مەرگەییان لە خزم و ئامۆزا و برازاکانی خۆی زیزبوو، خوشکێکی هەبوو ئەویشی سواری پاشکۆی خۆی کرد و هات بوو بە نۆکەری کاکە میر و کاکە شێخان. ئەوانیش زۆریان قەدر و حورمەت دەگرت. گوتیان ئەوە خانەوادەیە و





پەناهەندەبووە، زۆریان خۆش دەویست ئاودەڵ گۆرانیش یەکە پیاو بوو.

بەڵێ، جا زستانێک بەسەرداهات. غولام و کارداریان نەبوو، ئەسپی ئاودەڵ گۆرانیش هەردەگەڵ ئی ئەوان بەخێو دەکرا. ڕۆژێک گوتی با بچم بزانم ئەو ئەسپە چۆن بەخێو دەکرێ، ئەگەر چوو هەر تفاقیان لەبەرکرابوو بەبێ پاککردنەوە، بەرپێیان بلێند ببوو بۆ بەری بانی. جا هاتەوە بەخوشکەکەی گوت: خوشکێ بۆ مە زۆر بێ ناموسی و بێ شەرافەتیە، ئێمە بەنان و مەتاحی ئەوانە بەرێ دەچین با غولام و کاردارێشیان نەبێ، ئەمن دەچم بەپێمەرەی بەرپێی ئەسپەکان هەڵدەقەنمەوە ئەتۆش بچوو فرێی بدە.

بەڵێ ئاودەڵ گۆران بەو شکڵەی چوو بەرپێی ئەسپانی هەڵقەندەوە و وەلایەکی خست، خوشکیشی نارد ئەگەر بیرێژێ. ئەو خوشکەی ئاودەڵ گۆرانێ حەزی لە کابرایەکی دەکرد نێوی بەکرە بوو، بەکرە تووشی بوو گوتی: ئەوە دەچییە کوێ؟ گوتی کاکم تەویلەی ئەسپانی هەڵقەندۆتەوە و بەمنی گوتووە دەبێ بچی فرێی دەی. بەکرەش هێندەی هەموو دونیایەی پێ ناخۆش بوو ئەو کچە بچێتە وێ چونکە بۆ خۆی حەزی لێ دەکرد. جا گوتی ئەگەر چوویەوە کن ئاودەڵ گۆرانی کاکت، بەگریان و لەخۆدان بچۆوە و بگری، لێت دەپرسێ بۆ دەگری؟ بلێ ئەتۆ دەبێ بچی تەویلانیان بۆ برێژی؟ کاکە میر و کاکە شێخ تێم ڕستوون و ناموسی منیان بردووە، جا ئافرەت ملی لە سیحران نا و بەو شکڵەی ڕووی خۆی بریندار کرد و بەگریان و لەخۆدان هاتەوە کن ئاودەڵ گۆرانی کاکی، گوتی ئەو گریانەت لە چییە، بۆ دەگری؟ گوتی وەڵڵاهی ئەتۆ تۆبزیم لێ دەکەی دەڵەی دەبێ بچی تەویلانیان بۆ برێژی، کاکە میر و کاکە شێخ تێم ڕستوون و ناموسیان بردووم.

جا گوتی هیچ کەس ئەو قسەت لێ نەزانێ، ئەو قسە ئاشکرا بێ زمانت لەپشتە سەرت دەردێنم. بەڵێ ئەو غەرەزە لە دڵی ئاودەڵ گۆرانێ چەسپ بوو پاش دە دوازدە ڕۆژان هەستا خوشکی سواری پاشکۆی خۆی کرد بەو دەستووری پێی هاتبوو هەر بەو دەستوورەی ڕۆییەوە بۆ نێو مەرگەییان.

کاکە میر و کاکە شێخ بێ نۆکەر مانەوە، کوڕی بێوەژنێکیان کردە نۆکەر. دایکی دیزە و گۆزەی دروست دەکردن بۆیە پێیان دەگوت برایمی مێرە دیزەکەرێ. ئاخر کوڕەکەش نێوی برایم بوو.

ئاودەڵ گۆران چۆوە نێو مەرگەییان و کەس ئەو قسەیەی نەزانیبوو، جارێ فەسڵێکی کاکە میر و کاکە شێخ یادی ئاودەڵ گۆرانیان دەکرد، گوتیان دەچینە نێو مەرگەییان و لە ماڵێ لێی میوان دەبین، ئەگەر بەماڵی دنیایە دەگەڵمان بێتەوە ملکەکەی هەموو

دەدەینێ و دەیهێنینەوە (مەرگە لە وڵاتی عێراقیێیە) ئەگەر نەیەتەوەش دوو شەوانی لە ماڵی دەبین دیدەنی دەکەین چونکە دەنێو خزم و تایفەی خۆیدا بۆ وی سەربڵێندییە. جا بەو شکڵەی کاکە میر و کاکە شێخ دەگەڵ برایمی مێرە دیزەکەرێ چوونە ماڵە ئاودەل گۆرانی.

بەڵێ چوون لێی میوان بوون قەدر و حورمەتێکی چاکی گرتن. خزم و تایفەی خۆی وەخڕ کرد، ئەو قسە ئاشکرا نەبوو هەتا ئەو ڕۆژەی، جا لەسەر نان خواردنێ خزم و تایفەی خۆی حاڵی کرد، گوتی ئەوانە کارێکی ئاوایان دەگەڵ ئێمە کردووە نامووسی مەیان بردووە. لەسەر نان خواردنێ وەبەر خەنجەرانیان دان بەو جۆرەی بەبوختان و بەبێ گوناح و تاوان ئەو دووانە کوژران.

جا ئەستێ و بەغدان خوشکی کاکە میر و کاکە شێخانن، ئەوانن دێنەوە شینگای برای خۆیان دەکەن. جا ئەو بەیتە لەوەی ڕا دەست پێدەکا.

دەڵێ:

ئەورۆ سەرم دێشێ دڵی منی ماڵ وێرانێ دەکاتەوە ژانێ

ئەستێ دەڵێ بە بەغدانێ:

خوشکی قەلەندەرێ سەرشینێ مل بەکوێنی بابان وێرانێ

ئەمن دەچوومەوە دیوانی کاکە میر و کاکە شێخان، ئەوە نە لێی دێ

دەنگە دەنگی میوان و نە تەقەتەقی فینجان لێکدانێ

خوشکێ ئەوە ئەمن دەچوومەوە دیوانێ کاکە میر و کاکە شێخان

ئەوە نەلێی دێ خرمەی دەژێر پیاڵان و، وەی برالە دەگەڵ شەقەی دەفینجانێ

خوشکێ دەبلا ئەمە بچینەوە سەر کۆپەڵەی دەرجوان

یەکن لەخمی دەینەوە پەنجە و پانێلان، ئەوی دیکانێ

شین کەینەوە لکی دەکۆڵوانێ، هاوار بەرین بۆ سوڵتانی

ئەستامبوڵێ پادشای ٢٤ دەوڵەتانە، ئەگەر دادیان پرسین

چاکە، دەنا یەکن دەکەینەوە دادێ یەکن دەکەینەوە فیغانێ

خۆ داوێنەوە بن ئالای ئێرانێ.

ئەی لەو زوڵمەی لەمە کراوە، کێ دیویە لە دەورەتی دەزەمانان





جووتە برایانت شەقەبکێشن لەسەر سفرەی، دەنا نێو مەجوعمەی

کاشانێ دەگۆشەی مەیدانێ

ئەی کاکینە ڕۆ، هەی بابینەڕۆ، چۆکی دەرک و دیوانانم، کاکە میر و کاکە شێخ ڕۆ.

ئەستی بانگ دەکا و دەڵێ:

وەرە بەغدانی خوشکێ، خوشکە بەغدانی کارەکەری ڕەنگینە

ئەمن ڕۆژان زەینم دەداوە کاکە میر و کاکە شێخان، ئەگەر

لە یەختەرخانەی خۆیان دەریاندەکێشاوە جووتێک جانوولەی

دە نۆزینە.

بەسەرشانی خۆیان دادەدانەوە کەوڵی غەزی و، ئەنگوچک زێڕینە

ئەی ڕۆ خۆڵن وەسەر کەن خۆلی دەبەکۆیە

سەلاو قەت کەسی بەغدانێ نەما لە بۆ ماڵە بابی خۆیە

ئەو جێیەی ئەگەر کاکە میر و کاکە شێخان لێیان دەکردەوە شەقین و سەترێجێنو، شەڕە گۆیە

نارنجیان لەو سەرەوسەری مەیدانێ دادەنان و هەی برالە، تفەنگ و داویشتنێ لە گرۆ، دەترسم نامەردی دەچەلیان و، گووخۆر بابی دەمەرگەییان، لە بەغدانێ قەلەندەرێ بکەنەوە بەبێستان و هەرامەتی بەپەمۆیە

ئەی کاکینە ڕۆ، هەی بابینە ڕۆ، چۆکی دەرک و دیوانانم کاکە میر و کاکە شێخ ڕۆ.

ئەستی بانگ دێڵێ:

وەرە بەغدانێ، خوشکی قەلەندەرێ، سەرشینێ، مل بەکوێن و بابان وێرانێ

ئەمن سبحەینێ بوو هەڵدەستامەوە مەحەلی دەچێشتانێ

ئەوە کەروێشکێ لەمنی دەگوت بەکەوێ، کەروێشکێ لەمنی دەگوت بەکەوێ، دەبڵێ ئەوە مەخایە و گەرمەڵانی باوینە دامێنی دەکوێستانان، دانێنەوە گەرمەلان و شیرین خەوێ.

ئەو جووتە سوارەکەی ئەگەر ئەمن و تۆیان لێ دەترسایین ئەورۆکە دوو ڕۆژە ڕانی ڕکێفی و سمێڵی دەنیوە ڕوویان وەبن بارستی دەگلی دەکەوێ ئەی کاکینەڕۆ، هەی بابینەڕۆ، چۆکی دەرک و دیوانانم کاکە میر و کاکە شێخ ڕۆ.

ئەستی بانگ دێڵێ:

دەڵێ وەی براله چەندم پێ گوتن ئەگەر لە مەرگەبیا میوان دەبن وەرە بەشقێ خودای قەت لامەدەنەوە، ماڵە ئاوەدڵ گۆرانی. ئەوە بۆ شێوێ و، دەکوژنەوە بەرخۆڵەی دەبەرمۆ، لە بۆ نیورۆژانە و شەک بەرانێ

بەڵان فیعلی وان گەلێ خەراترن لە فیعلی دەشەیتانێ

هەر تەماعی دەکەنەوە دەسەرێ میوانێ

دە یارەبی مەرگەبییان هەرواین و هەروایان بەسەرێ

ڕسقیان بچێتە سەر پشتی کەرێ، وەکو کاکە میر و کاکە شێخیان دەدانەوە بەرمەودای خەنجەرێ

لە پاش کاکە میر و کاکە شێخان هەی لەبابی منت کەوێ برایمی مێرە دیزەکەرێ

ئەگەر بەردەرکەی لەمەرگەبییان دەگرت بەتۆڵەی کاکە میر و کاکە شێخان هەژدە ئاغای مەرگەبییانی دەدانەوە بەرمەودای خەنجەرێ

وەی نەعلەت لەبابی ئەوان وەستایان وەستاکاران ئەوە چونگو سێ بزماران نادەن لە گوێ خەنجەرێ بۆ ڕۆژێ لێ قەومانێ

ئەوە هیمدادی نییە زوو لە جەلغەی دێتەوە دەرێ، ئەویشیان وەکو کاکە میر و کاکە شێخان لەدیوانی مەرگەبییان بەکەلاکی دێناوە دەرێ

ئەی کاکە میر چەند سوارێکی مەرد و ڕەند و قەلاشی

براله ئەگەر دەت بردینە سەر دووکانی تاجری، ئەمە ڕازی نەدەبووین نە بە ئەتلەسی نە بە قوماشی

وەی سەڵاو قەت کەسی بەغدانێ نەما لەپاش کاکە میر و کاکە شێخان هیچ کەس ڕانناگرێ نە بەکلفەتی نە بەقەرەواشی

هەی کاکینەرۆ، هەی براینەرۆ، چۆکی دەرک و دیوانانم کاکەمیر و کاکە شێخ ڕۆ.*

***

* لەشەرەفنامەدا دەڵێ: کاکە میر و کاکە شێخ دەچوونە بەغدایە بۆ لای سوڵتان سەلیمی، عەسر نوێژیان دەکرد مەرگەیی هاتن دەنوێژیدا کوشتیانن.





## بەیتی خەج و سیامەند

وێژەر: حەمەدی ئاغای
کانێ باغی پیرانشار

بابی خەج و سیامەندێ برابوون، بابی سیامەندی براگەورە بوو هەر ئەو تاقە کوڕەشی هەبوو. بابی خەجیش چوار کوڕ و ئەو تاقە کچەی هەبوو، گوتی کاکم هەر ئەو تاقە کوڕەی هەیە و زۆریشی خۆش دەوێ ئەمنیش ئەوە خەجێم داوە بەسیامەندی. ئەگەر مرد ئی گڵیە و ئەگەریش ژیا ئی سیامەندیە. لە هەموو عالەمێ مەنشوور بوو کە ئەو خەجێ دراوە بە سیامەندی. کەتنی ڕۆژگار وایکرد بابی هەردووک لایان مرد، خەج و سیامەندیش پێکەوە هاواڵ شوان بوون وەک «کاکە مەم» و «خاتوزین» و «لەیلو مەجروومان» یەکتریان خۆش دەویست. براکانی خەجێ لە سیامەندی جوێ بوونەوە، هەرچی سیامەند بوو فەقیر و دەست تەنگ وەدەرکەوت هەرچی بەرە بابی خەجێش بوو دەولەمەند و گومڕاه دەرکەوتن. سەبارەت بەخەجێش گوتیان بابم داویەتی ئێمە نایدەین، سیامەند بۆوەی نابێ بێتە خزمان. لێی پەشیمان بوونەوە هەتا ئەوەی پێیان گوت پێمان خۆش نییە کە دەگەڵمان لە ئاوەدانی دابێ. جا خەج و سیامەند یەکتریان زۆر خۆش دەویست، بەهەڵگرتنێ نەبا چارەیان نەدەهات. جا عێلی ئێراقی کە دێنە ئەو سپی ڕێزی خەیلانیان، ئەوانەی ئەوەی دەولەمەندبوو چادری هەڵدەدا، ئەوەی کە فەقیریش با کەپر و مەپری دەکرد. خەجی لەوێڕا هەڵگرت و هێنای بۆ سیپانێ.

جا ئەوەش بەیتەکەیەتی:

ئەوڕۆ بەهارە، بەهارە و لە دڵی هەموو کەس شادییە

ئەی خودا هاوار، لەدڵی خەجێ قەلەندەر و بابان وێران نەبێ تەنگانە و ڕۆژڕەش و گرێ گرییە.

سیامەند دەڵێ:

خەجێ مەجالم ئەوەڵێ هاتە فەسڵی بەهاران ڕاوم لەکوێ پێ خۆشە لە سەری سپی ڕێزێ، لەو بەرەوبەر و لە لانزاران

خەجێ دەڵێ:

سیامەندە مەجالت ئەگەر پێ خۆشن دەگەڵ بەهارێ مەسڵەحەت وایە ئەمە دەست بگرین و بچینەوە سیپانێ بەقوری گیراوێ، حاشارگەی لێ هەڵگرین و، گەلێک بەمە

دوژمنە، دەبڵێ بەسەرمدا شۆڕکاتەوە سێبەری دە ئێوارێ

خەجێ دەڵێ:

ڕۆژم ئەوەلێ دەهاتەوە مەحەلی دەچێشتەنگاوێ

زەینی خۆم دەدا ڕەفعەسیپانێ بەقوڕێ گیراوێ

ئەوە کەڵی دەکەڵە کێویان، دێنە خوار بەبیانووی سەرئاوێ

سمکۆڵێ دەکەن لە هەردی دەپسێنن سەری سوێسنێ هەڵاڵێ، بەیبوون و گیابەند و خاوێ، سیامەند، ئەگەر ئەمن پەنجەم دەکوشی هەڵمدەستاندی لە شیرین خەوێ ڕەبی بێمزەڕەت بی نەمزانی ڕەدڵت دەکەوێ غەرەز دەگەڵ نەکاوێ

چەندم دەگوت ئامۆزا، ڕاوی کێویان پەسەند نییە سیامەند بەشقی خودای ئەمن گۆشت نێچیرم لە تۆ هەرناوێ

تەقە لە  تفەنگێ دەهات و دەیدا لە کەڵێ

لە هەمان زۆردارتریان دەستی دەدا کێردێ، ئەگەر سەری لەقەڵای بەدەنێ بکاتەوە

ئەوە بەڵکو خەجی قەلەندەر و بابان وێران لێ بکاتەوە، خەزا، پیرۆزەی دەڕاوێ.

وەی بەرکەسەر نەبێ سەر هەڵدەوەشێنێ، سیامەندی هەڵدەداشت لە ڕەفعەی سیپانێ، بەسەر پەلی دارە بەنێ، فستقێ، سەرەو ژێر دەبۆوە بەپەلی دەدار بناوێ هەی مەناڵە گۆڕ غەریبە مەناڵە

خێر لە جوانی خۆت نەدیوی سیامەندە مەناڵە ئەو کاری خودایە بە بەندەی نابێ بەتاڵە.

سیامەند دەڵێ:

ئەوە خەجێ ئەتۆ مەگری هەتا ئەمن نەناڵم، چ بکەم هێندەی لەبرینی خۆم دەناڵم خەجێ، ئەمن دوو بەشی لەبەگریانی تۆ هەر بێ حاڵم.

خەجێ دەڵێ:

سەری سیپانێ لە من بەدارە ئامۆزا، هەر بەدار بەلاڵوکە

تەماشای بەختی منی قەلەندەر و بابان وێران، زێدە لە ڕاوچی دەخەڵکی سیامەندە، دەبووە بەپەلی دەدارێ، خەجێ دەماوە، نۆ بووکە.

سەری سیپانێ لەمن بەدارە ئامۆزا، هەر بەدارە سێوە، تەماشای بەختی منی





قەلەندەر و بابان وێران.

زێدە لە ڕاوچی لە ڕاوچی دەخەڵکی سیامەند دەبۆوە بەپەلی دەدارێ

خەجێ دەماوە بەڕەفیقی جند و دێوان، هەر قوڕپێوە

هەی مەناڵە گۆڕ غەریبە مەناڵە، سیامەند دووری دەستم وێت ڕاناگا ئەوە کاری خودایە بە بەندەی نابێ بەتاڵە.

سیامەند دەڵێ:

خەجێ ئەتۆ مەگری، هەتا ئەمن نەناڵم،

چ بکەم خودا نەیدەدا فرسەتم، پێغەمبەر دەگەڵ یەقباڵم

کەڵی دەکەڵە کێویان، ئەوە لەمن بوون بەحاکم پەلی دەدارێ لەمن بوونەوە بەزاڵم

دەنا دەبوو ئەمن ببم بەسەردار و خەجێ ئەتۆ هەر بەحەلاڵم.

سیامەند دەڵێ:

خەجێ چبکەم سەد خۆزگەم بەنەخۆش و سەر ئێش و، بریندار و دەردەداری دەخەڵکی کا، ئەگەر حەکیمیان بۆ بە کرێ دەگرن چ بەکەمی چ بەزۆری، سەریان لەسەر کۆشی خۆشەویستی خۆیانە، بەزاریانەوە دەکرێ جامۆلکە جامۆلکەی دەئاوێ

زۆر شوکور بەقەزاو قەدەری خودای، ئەمن لە پێشیشم سەر دەبزێون پەلی دەدار بناوێ،

دەباغەڵمدا ڕاوەستاوە گۆمیلکەی دەخوێناوێ

خەجێ تۆ خولاّ لەتۆ وەسیەت بێ ئەگەر مردم، گۆڕ و گۆڕخانەم باوێ قۆچی قەزەنێ، مۆڵی بەرانان، سپی ڕێزی غەیلانیان دەبی بەبووکی دەوڵەمەندان، ئەگەر هاتی بۆ شاییە و گەڕی دیلانێ،

وەرە پێلاقێکم بەسەرینی دادە، تۆ خولاّکەی چ مردنم لێ نییە

دەبڵێ قەبری سیامەندە گۆڕ غەریبەکەی من ئەوەتانێ هەناسەی ماشوقان گەلێ گرانە، چین چین دێتە دەرێ لە قەبری بڵیند دەبێ بۆ تەشقی دە ئاسمانێ.

خەجێ دەڵێ:

چۆمەکەی زێیە بادینان دێتو لەمن دەداتەوە گێژە

ئەمە هیچ بێ عەمری خودامان نەکردبوو دەگەڵ سیامەندێ خۆ دەستێ هەر بەدەست

نوێژە

خەجێ ڕووی دەکردەوە قیبلەی و، لە سەرەوەی هەورە و لە بنەوەی سامالێ

داخوا دوعای چ ناموسڵمانێکی بوو لەو جووتە ئاشقانە گیربووە سیامەند بەپەلی دەدارێوە دەنالێ.

سیامەند دەلێ:

خەجێ مەجالم ئەوە لێهاتە فەسلی ئێوارێ

کاکت ئەوە هاتن لەبەریان بپارێوە

بلێ برالە بەشقێ خودای، ئامۆزای خۆتانە، نەبادا شپرزەترم کەن و، بەڵکو بەئەسپاییم بێتە خوارێ.

خەجێ دەلێ:

هەک کوێنی سیامالانم دەبەر بۆ سیامەند، ئەوە دەغیرەت و جورئەتی مندا نییە، چار و قودرەتم نەماوە، لەجێی تۆڕا خۆم هەڵدەدێرمە خوارێ

سەری سیپانی لەمن بەدارە ئامۆزا هەر بەتاتە.

خاڵی ڕوانیت وەک تاق شایی و پەناباتە

ئامێزت بگرەوە سیامەند، خەجێت بۆ هاتە.

***

## بەیتی سەیدەوان

وێژەر: حەمەدی ئاغای
کانێ باغی پیرانشار

سەیدەوان و مەلکەوان و نێچیرەوان برابوون باوکیان ناوی عەبدولعەزیز بوو، داسنی بوو چاوێکیشی کوێر بوو. هەرچەندە کورد بوو بەڵام کافر و خودانەناس بوو. سێ بووکی خواستبوون لە حێلی بادین ئاغای. پرسی بەموسڵمانان کرد گوتی: کوڕینە دەئایین و مەزهەبی نگۆدا چۆنە؟ ئەمن سبەینێ لە تەواوی داسنیانم گێڕاوەتەوە، سێ لەشکران بەرێ دەکەم، سێ داوەتانیش ساز دەکەم، بەیەک ڕۆژ هەمووی جێبەجێ دەکەم. گوتیان وەڵڵاهی ئەوە غەرەبیە و گومراهیە، دەئایین و مەزهەبی مەدا، ئەوە پەسەند نییە. گوتی ئەنگۆ بێ ئاقلن، جا ئەمن چ موحتاجیم بەخودایە، حەتمەن هەر دەیکەم ئەگەر خودا





توانی جڵەوگیری کاری منی کرد دەزانم وایە دەنا خودا چکاری بەخەڵکی داوە. ئاوا غەڕە و گومڕا و خودانەناس بوو. جا بزانین لەسەر ئەو خودانەناسیەی ڕا خودا چۆنی خۆ پێ دەناسێنێ و چی بەسەردێ!.

وەختێکی ئەو لەشکرانەی بەرێ کرد بۆ سێ بووکان و ئەو داوەتانەی سازکرد، لەبەر مەغرووری خۆیان هیچیان ئاگایان لەهیچ نەبوو، دوو کوڕی چووبوونەوە ڕاوێ سەیدەوان و مەلکەوان، نێچیرەوانیش لە ماڵێ بوو. بەلێ، جا تفەنگی هاویشتە پیلی، گوتی هەتا بووک دێ دەچمە شاخی حەیوانێکیش دەکوژم و وەرەزی خۆشم بەسەر دەبەم.

ڕۆیی گەیشتە داوێنی کێوی، بووکی نێچیرەوانی گەیشتە حەسارێ، ئەو کوڕی دلی تۆقی و مرد. خەبەریان دایە وەرە بگەڕێوە کوڕی نێونجیت پەردوگیر بوو لە باڵ بووکێ نەهاتە دەرێ، گوتی قەیدێ ناکا تۆ خوداکەی خزمینە دەنگێ مەکەن با دەستی داوەتێ بەرنەبێ دلی کیژ و کوڕانم لێ دەمێنێ. جا چوو لە شاخی لە بازی حەیوانانی دەڕوانی، کوڕەکانی خۆی بوون وەیزانی حەیوانن هەرکی کوشتن. جا بەسەرهاتی تەواوی بەیتی سەیدەوانی، عەبدولعەزیز بۆ خۆی گوتوویەتی.

جا دەلێ:

ئەوڕۆکە سەرم دێشێ دلی عەبدولعەزیزە کۆرەی داسنی لەمن دەکا، بێ، نەبێ نێ بەڵام ئەمن دەمگوت مەسڵەحەت وایە ئەگەر باب بە ڕۆژێکی سێ بووکان لە بۆ کوڕانی بێنێ

نەمزانی تەقدیری خودای تەگبیری عەبدی بەتاڵ دەکات و هێلانەی لە عەبدولعەزیزی ماڵوێران دەشێوێنێ

تۆ خولاکەی ئەو کەسانەی ئەگەر خوداشوناسن خەونێکم دیوە دەترسم خولاوەندی میری مەزن پاشای کەڕەمێ ئەگەر موسیبەتێکی گەورەم بەسەر بێنێ

لە من وابوو ئاخری بەهارێیە دەگەڕام لە کیلەگی دەکوێستانان قەت وەگریم نەدەکەوت، قولێک گیا بەشی باقەبێنێ

چبکەم کەسی زۆربەن نییە، ئەگەر داخولا مەڕ و ماڵ و مێگەل و چادر و چیغی عەبدولعەزیزە کۆرەی داسنی لە کوێستانان بەبێ ساحەبی دەمێنێ.

ڕۆڵە دەبەر قافڵە و بازرگانت مرم، ئەگەر بەڕێت دەکرد بۆ وڵاتی گەرمێنێ

ئەو پارچە و ئەتڵەس و کیمخوای بۆ جلی دەزگیرانی خۆی دێنێ

ئەمن دەگـەیە دامـێنی کـێـوی مـەقلوبی ئەگـەر جـوابیـان بۆ دەهێنام دەیگوت عەبدولعەزیز، ماڵوێران وەرە بگەڕێوە کوڕ نێونجیت پەردوگیر بوو لە باڵ بووکێ نەهاتە دەرێ

دەمگوت توخولاکەی خزمینە، دەنگێ مەکەن با دەستی داوەتێ بەر نەبێت و دڵی کیژ و کوڕانم لێ دەمێنێ

ئەورۆکە بەهارێکم گەیوەتێ، ڕۆڵە چ بەهارە

سەرم دێشێ دڵی عەبدولعەزیز ەکۆڕەی داسنی چەند لە ئێشە چەندی لەژانە چەندی لەغرووره

ئەمن زەینم دەداوە کـیلەگی دەکـویسـتـانان سـوور دەبـوون سـووره گـوڵ و، هەڵاڵە و بەیبوون دەپشکووتن شەش پەڕ و شلێرە

ئەگەر دەستم دەداوە تفەنگێ و ڕووم دەکردە چیای مەغلوبێ

داسنیـان زەینێکە خـۆم دەدا بازی دەکـێـویان دەدا کـە، لفکەی سـەیدەوانی لە پلەی بەردی با ڕای دەژێنێ لێم وایە ڕدێنی نێریە بەلە.

وەی چاوی جاسوسێت کوێر بێ و دەستی پەلاپیتکەت شکێ تەقە لە تفەنگێ دەهات

ئەورۆکـە بەهارێکم گـەیوەتێ ڕۆڵـە سـەیدەوان چ بەهارە، سـەرم دێشێ دڵی عەبدولعەزیزە کۆڕەی داسنی چەندی لە ئێشە و چەندی لە ژانە، وەی خودایە چەندی لە من هاڵۆزە

ئەمن زەینم دەداوە کیلەگی دەکوێستانان سوور دەبوو سوورەگوڵ و هەڵاڵە و بەیبوون، دەپشکوتن گوڵە نەورۆزە

ئەگەر دەستم دەداوە تفەنگی و ڕووم دەکردە چیای مەغلووبێ

داسنیـان زەینێکە خۆم دەدا بازی دەکێویان کاکۆڵی مەلکەوانێ لە پلەی بەردی با، ڕایدەژێنێ لەمنایە، ڕدێنی نێدییە بەلەبۆزە

وەی چاوی جاسوسێت کوێربێ دەستی پەلاپیتکەت شکێ تەقە لە تفەنگێ دەهات و کوڕ لەوێ دەخوێنێدا دەگەوزا.

ئەستێرێک هەڵدێ بەری بەیانی،

وەی سەلا لە عەبدولعەزیزە کۆڕەکەی بابی سەیدەوانی

ئاوی کوێستانان دێنە خوار، ڕۆڵە بەتوندی، هەر بەتیژی هەڵدەڕێژنە بن سوورە گوڵی





دەسەر بەگژنیژی

توخولاکەی خزمینە وەرن ڕوجمم کەن، کێ دیویە لە دەورەتی دەزەمانان، لەسەر سێ کوڕان ڕا بووک بچنەوە ماڵی دەبابان

بەتارای سوور و هەر بەکیژی

ئەی ڕۆڵە ڕۆ، لەسەر ڕۆیان ئەمن لە دەروونم دێتە دەرێ بڵێسە و بۆسۆیە

نازانم ئەوەندە بەدبەختـی منە سـەیدەوان، نەنەدامـەتی تۆیە شـەرت بێ لە پاش سەیدەوان و نێچیرەوان و مەلکەوانان لە خۆم حەرام کەمەوە ڕاوێ دەتفەنگێ دەگەلێ نێریە دەبەلەبۆزە

چیدیکە دەگەڵ قەومی داسنیان دانەنیشم و دەگەلیان نەکەم جێژنەپیرۆزە.

***

## بەیتی لەشکری

وێژەر: حەمەدی ئاغای

کانێ باغی پیرانشار

سولەیمان خان حاکمی ئازەربایجان بوو لەو «قەڵات ماران»ەی بووە کە دەکەوێتە نێوان قاڕنێ و نەغەدە و گەڵوانێ. ئەوەی پێی دەڵێن لەشکری، لەشکری نەبووە. ئەوە کابرایەکی قەرەبوو کە ناوی مەحموود بوو، مەحموود هیچی نەبوو خەڵکەکە پەڵە شکارتێکیان بۆ کردبوو، شکارتەکەی درۆوە کە دوو سێ گیشۆکە بوو لەوێی دانا. جا گوتی ئەمن ئەگەر ئەلحان داوای گێرە بکەم کەس گاگێرەم ناداتێ پێی گێرەکەم، وەڵلاهی وا چاکە بڕێک وردەواڵەی بکڕم بچمە نێو خێڵی سەران، وردەواڵەکەی بفرۆشم هەتا دێمەوە خەڵک گێرەو مێرەی تەواو دەکەن و ئەودەمی دوو سێ وڵاغان پەیدا دەکەم بۆ گێرەی (خێڵێ سەران لای سپی ڕێزی خەیلانیانە).

بەڵێ جا ئەو کابرایە کە نێوی مەحموودە خوانچێکی وردەواڵە و شڕەو بڕە کڕی و ڕۆیی بۆ نێو عێلی دەئێراقێ و لەوێ لەمەدیانێ میوان بوو. مەدیانیش سەرۆکی هۆزێک بوو کە هەزار ماڵێک دەبوون، کچێکی هەبوو نێوی مێرێ بوو دەڵێ جوانی وا لە کورەی عەرزێدا نەبووە. لەبەر چارەڕەشیان مەحموودی بێچارە ئاشقی مێرێ دەبێ. بەڵێ دەردی عیشق زۆر گرانە ئەویش چارەی نەما ڕووی خۆی هەڵاویشتوو داوای مێرێ دەکا.

مەدیان پیاوێکی بەڕوحم و زانا بووە، وەسەرخۆی نەهێناوە و تووڕە نەبووە. لەدڵی خۆیدا گوتی: غەریبە با دڵی نەیەشێ، پەڵپێکی وای پێ دەگرم پێی جێبەجێ نەبێ و وازی لێ بێنێ.

جا گوتی کاکە گیان ئێستا ئەوە وەختی نوخشانە ئەگەر ئەتۆ دە باری ئێسترانم گەنم بۆ بێنی بەئێستر و جەواڵ و گوریس و هەموو شتێکەوە تەسلیمم کەی منیش مێرێت دەدەمێ. بەڵام مەحموود کە زۆر هەژار و نەداربوو دڵی پڕ بوو لە خەم و کەسەر، وردەواڵەی پێ نەفرۆشرا و بەنائومێدی گەڕایەوە بۆ ئاواییەکەی خۆی. دوو گیشۆلکە گەنمەکەی لەسەر چیمەنێکی بڵاوکردەوە. پیرە دایکێکی بوو ئەویشی دەگەڵ چوار بزنان دەگێرەی کرد، لە حاڵێکا کە دایکی کردبووەبنە و هەڵی دەسووڕاندن بەین بەین قامی دەگوتن و بەین بەینیش وا دەگریا کافری پێ موسوڵمان دەبوو. سولەیمان خانیش لەو دەمەیدا پازدە بیست سواری ساز کردبوون بچنە ڕاوێ، جا بۆ خۆشی لەسەر ڕاوێ بوو گوتی کوڕینە ڕاوێ دامەزرێنن، دەعبا ئەگەر هات بۆ من دێ.

نۆکەران ئەگەر چاویان بەگێرەی مەحموودی کەوت قەتیان شتی وا نەدیبوو، دەستیان هەڵتەکاند سولەیمان خان وەیزانی ئەوە تەماڵی کەروێشکیان دیوەتەوە. هات گوتی چییە؟ گوتیان ئاغا ڕاوی چی، ئەوەتا ڕاو، کەس ڕاوی وای نەدیوە. کە سولەیمان خان لێی ڕووانی شتی وای قەت نەدیبوو، زۆری پێ سەیر بوو. چوو بۆ لای و لێی پرسی: کوڕە ئەو پیرێژنە چتە؟ گوتی وەڵڵا دایکمە. گوتی ئەدی ئەو بزنانەت بۆ دەگێرەی کردووە کێ گێرەی بەبزنێ دەکا، ئەو قامە خۆش خۆشانە بۆچ دەڵێی و بەین بەینیش لەگەڵی دەگری؟

گوتی سولەیمان خان، ڕاستی ڕزگاری لەدوایە، ئەمن لە مەدیانی میوان بووم کچێکی هەیە جوانی وا لە کورەی عەرزیدا نییە، قەولی پێداوم بەئەجەلی شەش ڕۆژی دیکە ئەگەر باری دە ئێسترانی گەنم بۆ بەرم و مێرێم داتێ. ئێستاش ئەگەر ئەو قامە خۆشانە دەڵێم لەخۆشی مێرییە، ئەگەر دەشگریم لەبەر ئەوەیە کە هەرگیز باری دوو ئێسترانم نابێ وڵاغێکیشم نییە ئەگەر لێی نێم، فەقیر و دەست تەنگم.

سولەیمان خان زۆری بەزەیی پێداهات، گێرەکەی پێ بەرەڵڵا کرد هاتەوە لە عەمباری خۆی دە باری ئێسترانی گەنم بۆ داگرت و پیاوی ڕەگەڵ خستن. گوتی بچن ئەو بارانە تەسلیمی مەدیانی بکەن بێ گومان گاڵتەی بەو کابرایەی کردووە، ئەو کوڕەش چونکە ئی ئەو وڵاتەیە و لەژێر حوکمی من دایە مەدیان وەک گاڵتەی بەمن کردبێ وایە، جا ئەگەر مێریی دابنێ ئەوە چاکە، ئەگەریش نەیدانێ ئەوەی پێتانە بەجێی بێڵن و





بگەڕێنەوە جا من بۆ خۆم دەزانم دەگەڵ مەدیانێ چ دەکەم.

بەڵێ کاتێ پیاوەکانی سولەیمان خانی چوونە لای مەدیانێ و ئەو بارانەیان تەسلیم بەمەدیانێ کرد و داخوازی مێرییان بۆ مەحموودی کرد، مەدیان گوتی بابە ئەمن گاڵتێکم کردووە بۆیەشم وا پێ گوتووە دەمزانی لەتوانایدا نییە و پێم وابوو بەمجۆرە وازی لێ دێنێ، گوتم غەریبە و میوانە با دڵی نەیێشێ. ئێستاش کچکەی بانگ کەن ئەگەر مێردی پێکرد ئەوا دەگەڵ خۆتانی بەرن.

کاتێ کچەکەیان بانگ کرد و پێیان گوت، قوڕی دونیایەی وەسەری خۆی دەکرد و دەیگوت مێردی پێ ناکەم. پیاوەکانیش بەپێی فەرمانی سولەیمان خانی هەر چی پێیان بوو لەوێ بەجێیان هێشت و نەیان هێناوە، چوونەوە حاڵ و مەسەلەیان بۆ سولەیمان خانی گێڕاوە.

ئینجا سولەیمان خان لەشکری بۆسەر مەدیانێ دەنگ دا و دەگەڵی بەشەڕهات، مەدیانی لەو شەڕەیدا تێ شکاند و عێلی مەدیانی لەوێ ڕادا بۆ دەشتێ و مێریی لێ ئەستاندن و هێنای تا لە مەحموودی مارە بکا.

قازی و ئومەنای وەکۆ کردن، گوتی حاڵێکی وایە هەر چۆنێکی مارەی دێ لێی مارەکەن، کچەش قوڕی دونیایەی وەسەری خۆی دەکرد و ڕووی خۆی دەڕنی و مێردی پێ نەدەکرد. گوتیان ئاغا ئەوە بەمە مارە ناکرێ، شەریعەتی ئیسلامێ ئەوە قەبووڵ ناکا، ژن ڕازی نەبێ مارەیی نایە. سولەیمان خان گوتی: کوڕم مەحموود ئەوە حاڵە کەوایە، ئێستاش ئەمن ئەو کچەم ئەستاندووە و هێناومە مادام کە ئامادە نییە مێرد بە تو بکا ئەمن ژنێکی دیکە بۆ تۆ دێنم، سەروەت و ماڵێکی زۆریشت دەدەمێ و دەتکەم بەسەرلەشکری خۆشم. ئەویش قەبووڵی دەکات و لەقەبی دەبێتە لەشکری و ژنێکی دیکەی بۆ دێنێ سەروەت و ماڵێکی زۆریشی دەداتێ و مێریی مەدیانیش لە خۆی مارە دەکات.

ڕۆمیان واتە تورکانی عوسمانی، سولەیمان خانیان زۆر خۆش دەویست حەفتەی چەلێک دوو چەلی لە دوو دەهاتن و داوەتیان دەکرد.

سەفەرێکی کاغەزیان لێ نووسی و پیاوێکیان بەشوێندا نارد بەڵام سولەیمان خان زۆر نەخۆش بوو نەیتوانی ئەگەر بچێ، کاغەزێکی نووسی و گوتی لەشکری (مەحموود) ئەتۆ ئەو کاغەزەی بەرە بیدە بەتورکان (ڕۆمیان) ئەمن نەخۆشم و ئەوان عوزرم لێ قەبووڵ دەکەن. غایەتی ئەگەر چاک بمەوە بەبێ لەدووناردن دەچم. لەشکری ئەو

کاغەزەی برد و دای بەتورکان، ئەوانیش کاغەزەکەیان خوێندەوە و عوزریان لێ قەبووڵ کرد. زۆریان سولەیمان خان خۆش دەویست و زۆریان پرسیار لە حاڵی کرد، لەشکریش لاقی لەسەر لاق دانا و گوتی ئاغایان نازانم بۆچ هێندەو مولاقات دەگەڵ سولەیمان خانیە؟ گوتیان پیاوی مەیدانێیە و شتێکی گوتی لەسەری سوورە و دەیکا. چەند ساڵە کە حاکمی ئەو ئازەربایجانەیە ئیختیلاف نە دەنێو ئەو دیوەیدا و نە دەو دیویدا پەیدا نەبووە، جا پیاوی وامان خۆش دەوێت چونکە وەعدە بەوەفای خۆی دەکا. لەشکری ئەستۆی بەلاوە نا، چی نەگوت بەڵام پرسیارەکانی هەستی دوو دڵی تورکەکانی بزواندبوو. گوتیان بۆ ئەستۆت بەلاوە دەنییێ؟ گوتی وەڵڵاهی ئەنگۆ وای لێ حاڵێن و ئەمنیش ئەگەر دەیڵێیم زمانم دەسووتێ و، ئەگەر نایڵێیم دەروونم دەسووتێ، دەنا سولەیمان خان دەگەڵ ئێوە غەیانە دەرفەتی وەگیرکەوێ بۆ کوشتنێ دەسەرتانەوە ناچێ.

گوتیان ئەوە درۆیە، ئەمە هیچ خەراپەمان دەگەڵ نەکردووە و ئەویش هەرگیز خەراپەی بۆ مە نەبووە. مەحموود وەڵامی دانەوە گوتی: ئەمن شتێکو پێ دەڵێیم ئەگەر قسەکەی من ڕاست بوو ئەوە چاکە، ئەگەریش ڕاست نەبوو ئەوا پیلی من نەزری ئێوە بێ و لە سێدارەم دەن. گوتیان بیڵێ بزانین چییە. گوتی دیارە هەر سەفەرێکی هاتۆتە نێوتان چەند سواری دەگەڵ بووە و هەموو جارێ بە چەک و ئەسلەحەوە هاتووە، ئەو چەلە کە بە چەک و ئەسلەحەوە نایە. بەڵکو خەنجەر و دەمانچان لە بنەوە لە خۆی دەبەستێ بۆ دەرفەتی خۆی و مەبەستی خۆی و قەولیشی داوە بێت، ئێوە تەفتیشی بکەن ئەگەر بەو شکڵەی بوو ئەوە دیارە ئەمن ڕاست دەکەم، ئەگەر واش نەبوو ئەوە ئاشکرایە کە من درۆم دەگەڵ کردوون و لە سێدارەم بدەن.

بەو چەشنە لەشکری واتە مەحموود تۆوی شک و دوودڵی لە دڵی ئەواندا بڵاوکردەوە گەڕایەوە لای سولەیمان خانی. ماوەیەکی پێ چوو هەتا سولەیمان خان لە نەخۆشیەکەی چاک بۆوە و بەپێی بەڵێنێکی کە دابووی ویستی بڕوا بۆ لای تورکان. جا دەستووری بەلەشکری دا و گوتی وڵاغان خاوێن کەوە ئەمە دەبێ بچینەوە نێو تورکان. لەشکری گوتی ئاغا مەچۆ، پیاوی چا بە. گوتی ئاخر ئەمن بەڵێنم پێداون و بەوەعدەی خۆم دەبێ وەفا بکەم، دەبێ بچم. مەحموود گوتی: ئاغا مەچۆ، ئەمن دەگەڵت نایەم بەزات و سیفەتی خودای ئەتۆ لەو سەفەرەی ناگەڕێیەوە.

گوتی بۆچ؟ گوتی تورکان دەگەڵ تۆ غەیانن، دەتکوژن. سولەیمان خان گوتی: نەخێر ئەوە درۆیە، ئەمن وەک ئاوی ڕەوان عەمەلی خۆم لەبەرچاوە، چلۆن ڕۆمیان ئەمن دەکوژن؟! قەتم خەراپە دەگەڵ وان نەکردووە، ئەوانیش خەراپەی دەگەڵ من ناکەن، نا





ئەوە درۆیە. جا گوتی ئاغا ئەمن دەگەڵت نایەم بەزاتی خوڵای ئەتۆ لەو سەفەرەی نایەوە. غایەتی ئەمن نەسیحەتێکت دەکەم، ئەگەر قازانجی لێ نەکەی زەرەدی لێ ناکەی. گوتی چییە؟ گوتی خەنجەر و دەمانچەی لەبنەوە لە خۆت ببەستە ئەگەر دەستدرێژیان بۆ کردی ئەوە هەر نەبێ دوو نەفەران وەپێشە خۆت دەخەی و بێ نام و نەنگ نامێنیەوە، ئەگەر دەستدرێژیان بۆ کردی خەنجەرێک یان دەمانچێک لەبنەوە لە خۆت ببەستە چ زەردێکی دەکەی؟ کوڕە وەڵڵاهی ئەتۆ لەو سەفەرەی نایەوە دەتکوژن. بەمجۆرە ئەو شکەشی لە دڵی ویدا قایم کرد، جا کاتێ سولەیمان خان چوو بۆ نێو تورکەکان، زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکرد و زۆریان پێشوازی کرد، زۆریان پێ خۆش بوو و بەخێرهاتنیان کرد. سەرسەرەکی و بەڕواڵەت دەگەڵیان گوزەراند بەڵام ئەوان پێشەکی بەپێی قسەکانی مەحموودی لێی بەشک بوون، کە تەفتیشیان کرد دیتیان خەنجەر و دەمانچەی لەبنەوە لە خۆی بەستووە. گوتیان سولەیمان خان، کاتێ کە هاتی پێمان وابوو کە چەک و سیلاحت پێ نییە، ئەوە دروست نییە چونکو پیاو ئەو ڕێگا دوور و درێژە بپێوێ چلۆن دەبێ سیلاحی پێ نەبێ؟ نەیانوێرا توندوتیژی دەگەڵ بکەن، بەڵکو بەخۆشی و زمان لووسانە لەگەڵیا دوان بەڵام دەسەری وەنەچوون و دوای دوو ڕۆژان لەکاتی قاوە خواردنەوەدا زەهریان بۆ دەقاوەی کرد و سولەیمان خان شەهید کرا.

لەشکری بێ شەرەفیش هاتەوە، جا سولەیمان خان کە خێزانی نێوی مێرێ بوو خوشکیشی هەر نێوی مێرێ بوو، کاتێ هاتەوە مێرێی کچی مەدیانی کە خێزانی سولەیمان خانی بوو، ڕووی تێکرد و گوتی: مەحموود ئەدی ئەوە سولەیمان خان بۆچ نەهاتەوە؟ گوتی: ئەو لەوێ بەجێماوە ئەمنی لە دووی تۆو لە دووی خوشکی ناردۆتەوە هەتا بتانبەم، لەوێ قەسری مەلیکیان داوەتێ هەتا ئەوەندەی کە لە ئێرانێدا ح،کمی کردووە ئەوەندەش لە وڵاتی تورکاندا حوکماتێ بکات. بە وەزن سووک و بە قیمەت گران هەرچی پێمان چوو دەگەڵ خۆمانی دەبەین، ئەوەی دیکەش تەسلیم بە هەمەکارانی دەکەین و دوایە دێینەوە بۆیان.

جا مێرێ دەمەدیانی لێی زەنین دەبێ و دەیخافڵێنێ، شڕە و بڕەی تێک دەنا لەناکاو گوتی لەشکری پێم وابێ سولەیمان خان نەماوە، ئەگەر نەماوە کوڕە بێتو ئێمە بەریە نێو ڕۆمان و تورکان ئەوا داگیرمان دەکەن لە قیس ئێرانیش دەچین و لە قیس تۆش دەچین، ئەگەریش ماوە ئەوە قەیدێ ناکا، خۆ بەوەی نییە ئەو دەمی قوڕم وەسەر خۆم دەکرد و دەمگوت مێردی پێ ناکەم ئەگەر دەزانی نەماوە ئەوە ئەمنیش مارەکە و خوشکەکەشی مارەکە و لەجێی سولەیمان خانی دانیشە و حوکماتی خۆت بکە.

بەو فـیـڵـە دڵـیـان لێ ئەسـتـاند، گـوتی وەڵا ئەگەر سـوێندم بۆ بخـۆن خـۆتانم لێ مـارە دەکەن پێو دەڵێم. جا سوێندیان خوارد و گوتیان بەو قورعانەی کە کەلامی خودایە ئەگەر ئەتۆ ڕاستێ بڵێیی ئەمە خۆت لێ مارە دەکەین.

گـوتی: وەڵا سولەیمان خان نەمـاوە و تورکان کـوشـتـیـان. جـا پاش چـوار مـانگ و دە شـەوان حـەدیەی هەڵاتو خـۆیان لێ مـارەکـرد. هەر کـە مـەلا وەدەرکـەوتن ژنەکـان بەنۆکـەرانیـان گـوت لەشکری بگرن، گـرتیـان ڕووتیـان کـردەوە و قـۆڵبـەسـتـیـان کـرد و کەلەمچەیان لە دەستی کرد.

هەریەکەی دەستیان لێ دا گازێک و، وەگیانی کەوتن ڕووتیان کردەوە، (جا لەشکری شاعیریش بوو) گوتیان ئەتۆ دەبێ بە سولەیمان خانی هەڵبڵێیی، جا هەتا بەندێکی تەواو دەکرد بەگازی یەک لەولایە، یەک لەولایە پڕی ئەو گازەی گۆشتیان لە بەدەنی دەکردەوە، بەسێ بەندان لە گوتن کـەوت. بەوجۆرە کـوشـتـیـان و لەشکری هەر ئەو سێ بەندەی پێ گوتراوە، کە دەڵێ:

ئەوڕۆ سەرم دێشێ و دڵی لەشکری ماڵ وێرانم چەندی لە ئێشە و چەندی لە دەردە و چەندی لە ژانە

وەی خـودا هاوار چ بکەم هیچ کـەس نیـیـە و ئەگـەر قـەڵاتێکی بڕووخـێنێ لە دڵی لەشکری دەماڵ وێرانە

ئەمن ئەوە لەسەرم سووربووە دەڵێن لەشکری پیاوێکی حەرامزادەیە و غەیانە

ئەوڕۆ ئەمن بۆت هەڵدەڵێمەوە بەیەختەرخانەی خان سولەیمان خانی کە خانی شای قولّی بەگیانە

ئەگەر لێی دەبەسترانەوە پێنسەد بۆر و، بدەو و، حدود و، حەدال و کەحێلانە

بەڵام زەینی خۆم دەداوە بازخانەی خان سولەیمان خانی شای قولّی بەگیان ئەوە لێی دەخوێنن پێنسەد باز و شمقارِ و هەڵەتانجو، شارولو تەرلانە بەڵام ئەمن زەینێکە خۆم دەداوە دیوانی خان سولەیمان خانی شای قـولّی بەگیـان ئەوەلێی هەڵاوەسراون، تۆبز و، قەدارە و مەتاڵ و کڵاوزریە و حەیزەرانە و هەردەم دێت.

بەمیرات بەجێ مابوون ئەسپاباتی دەپیاوانە و

بەڵام حـەیف بوو، بۆ خـانێکی وەک سـولەیمان خـانی شـای قـولّی بەگـیـان ئەگـەر لە دیوانی بلّـحە ڕۆمـیـان بەپیـاڵێـک قـاوە لەوێ دەزەهری مـاری دەیانکردەوە شـەلاڵ و بێ گیانە





ئەوڕۆ سـەرم دێشێ دڵی لەشکری مـاڵ وێران چەندی لە ئێـشـە و چەندی لە ژانە، چەندی لە دەرد و دەردە

بەڵام ئەمن بۆت هەڵدەڵێمەوە بەتیپە سوارەکەی سولەیمان خانی ئەگەر سەر ڕاو و بەر ڕاویان دادەمەزراند و بەدەستووری پادشایان لە زەوێ چل پشکی، بەکوچک و کەڵەک و داشوپەروە و هەڵیان دەستاندەی و شینکەی مەلول و مەلول ماڵ وێران، پەل کورت و پاشوو درێژ و گوێ مەقەست، بەچاوکە، لەرزاوە جووتێکیان تاجیلەی قەڵا دەزێڕێ تێ بەردەداوە هێندێکیـان دەیانگوت ڕۆیی و نەجـاتی بوو، هەندێکیـان دەیانگوت خـانە خەراپ بەخودای ئەوە دەگەردالّی تۆزیان وەرداوە

ئاغـام سـووچی ڕکێفێی بەولاغی نیشان دەدا و لەسەری دادەبەزی سەری شینکێی دەبڕی بەکـێـردی قـەر خـوراسـانێ دەسک پوولەکـە زەردە جـووت پاشـووی مـامـزی کـون دەکردن و وەبن سامۆریتێ هەڵدا و

بەڵام حەیف بوو بۆ خـانێکی وەک خان سولەیمان خانی شای قولّی بەگیان ئەگەر لە دیوانی بلّحە ڕۆمیان بەپیاڵێک قاوە لەوێ دەژەهرەماری دەستی لە دونیایە بەرداوە،

ئەوڕۆکە سەرم دێشێ دڵی لەشکری ماڵ وێرانم چەندی لە ئێشە و چەندی لە ژانە،

چەندی لە دەردە، دەردە و لە هەلاوالّە

ئاغام سەفی سوارانی تێک نەدەدان ڕاوی دادەمەزراند و دەگەڕاوە هەر بەرەو ماڵە

سەرلەنوێ هەڵیـاندەسـتـاندەوە شینەکـەی مەلول و مـەلول ماڵ وێران و پەل کورت و پاشوو درێژ و گوێ مەقەست بەچاو، کە لە زراوە جووتێکیان تاجیلەی قەڵا دەزێڕ و کەلە زەرد تێ بەردا و لەبەر هەڵات هەڵاتی دەسـواران، خـرمـەی دە ڕەخت داران، تەقـەی دە ئاوزەنگیـان ناسکەی دە تولە و تاجیـان، ئەوە گوێ کەڕ دەبوو، زمان دەبۆوە لاڵە غەمزە ڕێی دەنیشت چار و قودرەتی نەدەمان خۆی داویشـتـەوە فـیـستی شێخ مـەحمـوودی لە سەرەوە ئاڵە. بەڵان حەیف بۆ خانێکی وەک سولەیمان خانی شای قولّی بەگیان ئەگەر لە دیوانی بلّـحـە ڕۆمـیـان بەپیـاڵێک قـاوە، لەوی دەژەهرمـاری دەیانکردەوە شـەکـەت و شەلاڵە.

جـا پاش ئەوەی کـە مـێـرێی مـەدیانی و مـێـرێی خـوشکی سـولەیمان خـانی ئەو سێ بەندەیان بەو چەشنەوە بەزۆری گـازی بەلەشکری گـوت بردیان لە داریان بەست و حـوکـمـیـان لە خـەڵکی ئاوەدانی کـرد (لەسـەر کانیـاوێیـان لە دارێ بەست) ئەگـەر ژنان چوون بۆ کـانی دەبێ دەرزیەک یان شـووژنێکی لە بەدەنی لەشکری ڕاکـەن و دەری

نەهێننەوە ئەگەریش پیاوان چوون دەبێ خەنجەرێک یان کێردێکی لێدەن و دەری نەهێننەوە. بەمجۆرە لە تۆڵەی سولەیمان خانی لەشکریان کوشت.

***

## بەیتی لاس و خەزاڵ

وێژەر: حوسێن شەشە (کەنیلە)
بۆپانەی سەردەشت

دەڵێن: میر چراغ و میر بداغ و میر سۆفی برابوون، هەرچی میر چراغ و میر براغ بوون لە وەردێ و ناوەندێ بوون، هەرچی میر سۆفیش بوو لە وڵاتی باڵەکان مزڵی مەمی خەلان بووە. میر سۆفی لە زەمانی پاشای بەبان دا بوو کە ئەوەڵی پادشایەتیان بوو لە وڵاتی شارەزوورێ. میر سۆفیان زۆر خۆش دەویست، میر سۆفی لە وڵاتی باڵەکان حوکماتی دەکرد و سەردار عێلێک بوو. دەڵێن پادشای بەبان لێی پرسی: میر سۆفی ئەتو هیچ کوڕت نین؟ گوتی بەڵێ، ئەمن کوڕێکم هەیە منداڵە، نێوی ئەحمەدە و عومری حەوتساڵانە. پادشا گوتی دەبێ بینێری بۆ شارەزوورێ لەوێ بخوێنێ و فێری تیرئەندازی و شیربازی و تەعلیماتێ بێ. بەو جۆرەی ئەحمەد ئاغایان لە عومری حەوت ساڵیدا نارد بۆ شارەزوورێ هەتا عومری بە هەژدە ساڵی گەیشت، یازدە ساڵان لە وڵاتی شارەزوورێ بوو لە تیرئەندازی، شیربازی و سوارچاکی و.........دا یەکەم بوو. وەختێکی ئارەزووی وڵاتی خۆی کرد، بەپادشای بەبانی گوت دەبێ ڕێم بکەیەوە بچمەوە وڵاتی خۆم. بەڵێ ئەحمەد ئاغا لە وڵاتی شارەزوورێ ڕا هاتەوە وڵاتی باڵەکان (باڵەکان کەوتۆتە وڵاتی عێراقێ ئەگەر لە زینوێ شێخی ئاوا دەبی دەگەیە ئەوێ.) کاتێ ئەحمەد ئاغا هاتەوە هیچ کەس پێی نەدەگوت ئەحمەد ئاغای میر سۆفی، بەڵکو هەر پێیان دەگوت ئەحمەد ئاغای شارەزووری. کە هاتەوە مامەکانی پێیەوە چوون، یەکیان ماینێکی زۆر چاکی هەبوو پێشکەشی کرد، ئەوی دیکەیان کچێکی زۆر جوانی هەبوو ئەوی پێشکەشی کرد و گوتیان دەبێ ئەحمەد ئاغا بۆ خۆی بێتە وێ، بەینێکی لەوێ بێ تا ماینی بدەینێ و کچیشی بۆ باوێینە پاشکۆیە و بێتەوە. ئەحمەد ئاغاش بەفەرمانی مامان چۆ ئەوێ و لەوێ یەکیان ماینی بۆ لغاو کرد و یەکیشیان کچی بۆ هاوێشتە پاشکۆیە و بەتاقە سوارە گەڕاوە. دە ڕێیەدا شێخی عارەبان بەخۆی و، دەستە سوارێکەوە تووشی بوون، ماندوو نەبوونی لێکرد. شێخی عارەبان ئەسپێکی زۆر چاکی پێ بوو، ئەسپی شێخی عارەبان بەنێوبانگ بوو. ئەحمەد ئاغا پێی گوت: یاشێخ بۆچی





دەستێکم ئەو ئەسپە بۆ ناوێیە ئەو ماینەی؟ شێخیش دەڵێ: با ئەوەی لە پاشکۆت سوار بووە ماچێکم داتێ هەتا بۆت باوێمێ، ئەحمەد ئاغا قەڵس بوو، کچەکە پێی گوت: خۆ ن ەئێمە ئەوی دەناسین، نە ئەویش ئێمە دەناسێ ئەگەر دەزانی ماینەکەت لەو ئەسپەی دەگرێ ماچێکی دەدەمێ قەیدی چ دەکا (هەڵبەت نەک لەبەرئەوەی کە پێی خۆش بێ بەڵکە مەبەستی ئەوەبوو ئەو ماینە ڕەسەنە لەو ئەسپە چاکە، چاک کرێ) جا دەستێک ئەسپەکەیان هاوێشتە ماینەکە پاش تەواوبوون ئەحمەد ئاغا سواری ماینەکەی بوو ئامۆزاکەشی لە پاشکۆی خۆی سوار کرد، ڕووی دەولای کرد تا شێخ کچەکە ماچ بکا و بڕۆن. شێخی عارەبان هات ماچیکا بەڵام کە نیزیک بۆوە ڕۆهاتە پیلی کچەکەی و، لێی ڕفاند ڕکێفی لە ئەسپیدا و هەڵات، ئەویش ڕکێفی لە ماینێ دا و کەوتە سەری بەڵام نەیگەیشتێ.

شێخی عارەبان بانگی کرد و گوتی: براله بازی ئەسپی من مەپێوە و بڕۆوە ماڵە خۆت تازە نامگەیەی، ئەگەر بەو جانووەی کە لەو ئەسپەی دەبێ تۆڵەی خۆت پێکراوە ئەوە تۆڵەی خۆت بکەوە دەنا بڕۆ لە ماڵێ دانیشە و دەنگێ مەکە.

جا دەڵێن ئەحمەد ئاغا هاتەوە ماڵێ و حەوت ساڵان بۆی دانیشت و، لەو بارەوە باسی هیچی نەکرد و کەس لێی نەزانی کە ئامۆزایان لێ ڕفاندووە. هەتا جانووەکەی لەو ماینەی بوو، لە شیرخۆرەیەوە هەتا وەکو لێ هاتەوەی گرتو، ساڵێکی پێ چوو بوو بەوڵاغێکی زۆر حیسابی. ڕۆژێکی هێنایە مەیدانێ، بازی لە بازی ئەسپی شێخی عارەبان ڕەد ببوو جا گوتی ئەوجار دەتوانم تۆڵەی خۆم بکەمەوە. ئەحمەد ئاغا هەستا بەتاقە سوارە لە وڵاتی باڵەکان وەدەرکەوت و ڕۆیی بۆ مەملەکەتی شێخی عارەبان ئەگەر دەهاتە تەباری وڵاتی ئێراقێ. زۆر گەڕا، تەماشای کرد لە دەڕەیەکیدا دوو سەد چادرێک هەڵدرابوو، هەموو چادری بەفرفرینگە و دوو مەرتەبەیە، گوتی وەڵڵاهی، لادەدەمە ئەو عێلەی، ئیسراحەتێکی دەکەم و دەشپرسم. کانییەک لەبەر ماڵان بوو دوو ئافرەت لەسەر کانیە بوون، یەکیان شیوی دەکرد و دەستی دەشیوێدا بوو ئەوی تریان سەرپۆشێکی بەسەر خۆیدا دابوو و دانیشتبوو. ئەحمەد ئاغا گەیشتە وێ، ئەگەر تەماشای کرد ئەوی شیوی دەکرد ئامۆزاکەی بوو هەمان کچ کە لێیان ڕفاندبوو سڵاوی کرد و گوتی: ئامۆزا ئەوە ئەتۆی؟ گوتی کوڕە ئەرێ وەڵڵا، گوتی وەرە سواربە، گوتی جا تازە؟ ئەمن مارەکراوی شێخی عارەبانم و دوو کوڕم هەن، ئەوە کچی شێخی عارەبانە ساڵی دوو جاری تاو وەچاوی دەکەوێ، جارێکی لە سەروو بەرەوژێری جارێکیش لە کەمبەرە بۆ ژێری. تەواوی عالەمێی بەئاواتە، ئەوی بەرە لەباتی من. جا گوتی ئەگەر

وایە چۆڕێکم ئاوێ دەیە. ئامۆزاکەشی بە کچی شێخی گوت دەستم دەشیوێ دایە چۆڕێک ئاوێ بدە بەو سوارەی، کچی شێخی جامێکێ ئاڵتونی لە کن بوو جامەکەی دەئاوێ هەڵدا و داییە بەڵام ڕووی تێ نەکرد و نەیهێشت ئەحمەد ئاغا ڕووی ببینێ، بەرەو پشتی وێدا. ئاوەکەی لێ وەرگرت و خواردییەوە، دەدڵی خۆیدا گوتی کچی شێخی، قەرار بێ بترفێنم هەتا بۆ خۆشت دوێخینم نەکەیەوە قەرارێ ئەمنیش خۆت تێنەگەیێنم چونکو نەتهێشت ڕووت ببینم. ڕۆهاتە پیلی و هاویشتیە پاشکۆیە، زیرە لە کچەی پەیدابوو هەرا و گرمە دەعێلێ کەوت ئەوی کەتە بارگینێکی هەبوو کەوتە سەری، ئەحمەد ئاغا ڕۆیی.

شێخی عارەبان ئەگەر بازی ئەسپی ویی دی گوتی بگەڕێنەوە، کەس نەچێ، ئەوە ئەحمەد ئاغای شارەزووریێیە و، تۆڵەی خۆی کردەوە. ئەحمەد ئاغا ڕۆیی، چل تەریدە لە بەندەنێکی دانیشتبوون سەرۆکەکەیان گوتی ئەوە چەند ڕۆژە چمان وەگیر نەکەوتووە، ئەوە سوارێک هات ئافرەتێکیشی لە پاشکۆیە سوار بووە بچن ئەو سوارەی بێنن، ئەسپابەکەی ئی خۆتان و ئافرەتەکەش بۆ من. جا پێنج تەریدەی بۆ ناردنە خوارێ، ئەحمەد ئاغا کەوتە سەریان ئەو پێنج تەریدە دەرنەچوون پێنجی دیکە هاتن، بەو قەرارەی چواری دی هاتن. ئەو جار سەرتەریدە ئەوەی دەگەڵی مابوو بەحاڵ دەرچوو. ئەحمەد ئاغا ئەو هەموو شەڕەی کرد و تەریدەکانی پەرش و بڵاوکردنەوە بەڵام بەئافرەتەکەی نەگوت ئەگەر چۆنیان ڕێی پێ گرتین و چۆنم کوشتن یان چەند ئازا بووم، هیچ قسەی دەگەڵ نەکرد لەبزی دە لەبزی نەگەڕا، هاتەوە وڵاتی خۆی و کچەی مارەکرد. شەش مانگان گەردن و نێوقەدیان دەتۆقی زێڕدابوو بەڵام هیچیان لێ بەهیچ نەبوو. کچی شێخی عارەبان لە تاوان وەک بەهێیە زەردبوو، دەیگوت خودایە ئەو پیاوە دەبێ پیاو نەبێ، دەبێ بەبەرخوێنی هێنابم ئەتکێم پێ بکا، دەبێ چ بێ؟ عەجایب بۆچی ئەمن شەو و ڕۆژێ دەگەڵ ئەو کابرایەی گەردن و نێوقەدم دەتۆقێ زێڕ دایە بەڵام چ لەوی ساختە ناکەم و چ لەوی نابینم؟ کاغەزێکی نووسی و بۆ دایکی بەڕێ کرد، کاغەز گەییە دایکی، دایکی کاغەزی خوێندەوە. کچە نوسیبووی لە حاڵی هیلاکی دام ئەگەر نەگەیە سەرم دەمرم.

دایکی کچەی هات، ئەڵبەت ژنی دیکەی شێخی عارەبان بوو نەک ئامۆزای ئەحمەد ئاغای. ئەگەر هات بۆ دیدەنی کچی، تەماشای کرد ئەوە کچ وەک بەهێیە زەرد هەڵگەڕاوە. گوتی ڕۆڵە بۆچی وای؟ گوتی دایە لە هیچ شتێکم کەم نییە، مەردی وەک خۆی نییە، جوان چاک و سەردار عێل، بەهێز و بەدەستەڵات غەیاتی لەو سەعاتێوە





ئەمن هاتووم هەر کچم، ڕاپەڕێکی لێ نابینم و پیاوەتیم لێ نەدیوە. جا گوتی مەگەر پیاوەتی نەبێ دەنا چۆن جوانی وەک تۆ لە پاڵ پیاوی دابێ و هەر کچ بێ، ئەگەر پیاوەتیشی نەبێ ئەوە مارەییت لەوی نەهاتووە و دەتبەمەوە. بەئەحمەد ئاغای گوت دەبێ کچێم بۆ ئیزن دەی، دەیبەمەوە. گوتی بیبەوە. کە کچ گەیشتەوە ماڵی بابی و شێخ ئەو خەبەرەی زانی، گوتی کابرا پیاو نییە و مارەشت لێی نەهاتووە. برازایەکی خۆی هەبوو گوتی بیهێنن لەوی مارە دەکەم و دەیدەم بەوی. هێنایان بەزۆری زۆرداری کچەیان لەوی مارە کرد و شێخی عارەبان بۆی گوێزتەوە، زاوا چووە کن بووکێ. ئەگەر چوو چەکمەی لە پێ دابوو، چەکمەکانی لەلاق ڕاکێشا و چوو لە کن بووکێ دانیشت. مشکێک لەبن دیواری هاتە دەرێ و بۆ بن دیواری دیکە چوو، زاوا لینگە چەکمێکی لێدا و نەیهێشت بڕوا، کوشتی کلکی گرت و ڕایوەشاند، گوتی ئامۆزا چۆنم کوشت؟

کچە گوتی قوڕم وە سەر سەری دا نەکرا، ئەحمەد ئاغا لە ڕێیە چل تەریدەی خەلاس کردن ئەمنی لە پاشکۆیە بووم ئەو پرسیارەی لێ نەکردم، لەمنی نەپرسی چۆنم کوشتن یا چۆن بووم؟ ئەوە بۆ مشکێکی وا دەڵێ!، وەڵاهی قەرارێ لە ئەحمەدی شارەزووی بەدەر هیچ کەس دەستی وەداوێنی من نەکەوێ.

جا کچ دەستی دا ئافتاوەی، زاوا گوتی ئەوە چ دەکەی؟ گوتی دەچمە دەرێ و دێمەوە کاتێ چۆ دەرێ ئافتاوەی دانا و، هەڵات ڕۆییەوە بۆ ماڵی بابی. شێخی عارەبان ئەو خەبەرەی زانی و، چوو لێی پرسی ئەتۆ بۆچی هاتوویەوە، چییە، چ باسە؟

گوتی بابە، شێت بووی، عەقڵت نییە! خەرفاوی؟ با ئەمنیش دەنگێ نەکەم ئەتۆ نازانی ئەمن مارەکراوی ئەحمەد ئاغای شارەزووریم، چۆن لە کابرایەکی دیکەم مارە دەکەی؟

شێخی عارەبان مەجلیسی گرت و تەگبیری کرد، گوتی بە چ نەوعێک ئەحمەد ئاغای لەنێو بەرین؟ گوتیان شێرێک لەو وڵاتەی دا حاسێ بووە، شوان و گاوان، جووتێر و ئاودێر کەس ناوێرێ وەدەربکەوێ، بنێرە ئەحمەد ئاغا بێ ئەو زۆر لە خۆی ڕادەبینێ، بەگژ ئەو شێرەی دابکە بێگومان ئەو شێرە دەیشکێنێ، ئەو دەم ئەو ئافرەتە مێرد بەهەر کەس بکا، دەتوانێ.

بەڵێ جا ناردیان و ئەحمەد ئاغا لە وڵاتی باڵەکانڕا هات، گەیشتە وێ و لە مەجلیسێ دانیشت شێخیش ئەو تەکلیفەی لێکرد.

ئەحمەد ئاغا گوتی: بەڵێ بەچاوان.

سبەینێ کە ڕۆژ بۆوە ئەحمەد ئاغا ئەسپی خۆی هێنا دەرێ، شالّو و ڕنەکی کرد و زۆر بەحیسابی ئەسلەحەی هەڵگرت و سواری ئەسپی خۆی بوو و ڕۆیی بۆ ئەو جەنگەڵ و چووغرەی کە شێرەکەی تێدابوو.

شێر کە هەستی نالّی وڵاغی کرد لە چووغرێ هاتەدەر، چەپی یا دەستی هەڵێنان و بۆ ئەحمەد ئاغای هاتە سەر پاشوان. ئەحمەد ئاغا خۆی لە وڵاغێڕا فڕێ دا و ڕمبێکی وەهای لە تۆقی سەری دا کە لەبەر گەردەنیی چوار قامک هاتەدەرێ، شێری بادا و خستی. جا دەڵێن مەرد ئەو مەردەیە کە ئەگەر شێری کوشت کەوڵیشی بکا. ئەحمەد ئاغاش سەری شێریی لێ کردەوە و دەستی بەکەوڵ کردنێ کرد.

دارێک هەیە دارەلاسی پێ دەڵێن. سێبەری زۆر جوانە کەوڵەکەی لەوێ ڕاخست، گوتی هەتا دەحەسێمەوە ڕادەکشێم. چونکە زۆر ماندوو ببوو. سەری شێریی دەبن سەری نا و لەسەر کەوڵەکەی درێژ بوو.

کە خەبەریان بەکچی شێخی دا و گوتیان ئەحمەد ئاغا ڕۆیوە تا شێری بکوژێ بەڵام گومانی تێدا نییە کە شێرەکە دەیشکێنێ گوتی وەڵاهی وا چاکە ئەمنیش بڕۆم با سوێندم لێ نەکەوێ با وێڕای ئەحمەد ئاغای شێر تێکم بشکێنێ و، نەیەمەوە. ئەویش بەلایەکیدا خۆی دزیەوە و چوو بۆ لای ئەحمەد ئاغای. کاتێ گەیشتە جێگاکە، کە زەینی دایە ئەحمەد ئاغا گیانی خوێناوییە و شێریشی کەوڵ کردووە. کچە نەیزانی کە ئەحمەد ئاغا هەر ماوە، گوتی لاڵ بم، ئەحمەد ئاغا شێرەکەی کوشتووە و شێریش ئەوی شکاندووە، ئەمما توخودا تازە چوو و ڕابرد با بزانم بەڕاستی ژن بوو یان پیاو بوو، نێرە یان مێیە؟ دەستی بۆ دوێخوونی برد و ترازاندی. ئەحمەد ئاغا توند جومگەی گرت و لە بن دارە لاسی کچی شێخی عارەبانی بەدەست گرت و لاسی وەزگی کەوت. بۆیەش ناویان لێنا لاسەشۆڕ چونکە داری لاس شۆڕابەی دێنە خوارێ. بەڵێ، جا ئەگەر ئەحمەد ئاغا لە بن داری لاسی و لەسەر کەوڵی شێرێ کچەی بەدەستەوەگرت، کچە پێی گوت و لێی پرسی: ئەدی بۆچی لەو دەمیەوە ئەمن لە پاڵ تۆدا بووم ئەتۆ خۆت دەمن نەگەیاند؟ ئەحمەد ئاغا لە وەڵامدا گوتی، لە حەیفی ئەو جارەی ئەگەر ئاوەکەت ئاوا بەرەو پشت وێدام. بەڵێ جا پاشان ئەحمەد ئاغا سواری ئەسپەکەی بوو، کچەی لە پاشکۆی خۆی سوار کرد و کەوڵی شێریشی بەپێشکۆی زینیەوە کرد و سەری شێریش بەڕمبێوە بەرەو عێلی شێخی عارەبان کەوتەڕێ. کە دوور و نزیک وێ بۆوە تەواوی عێلەکەی بەپیریەوە هاتن، چەند ڕۆژان لەوێ ماوە جا پاشان کچەی لەگەڵ خۆی سوار کرد و گەڕانەوە بۆ وڵاتی باڵەکان.





وەختێک ئەو ژنە حامیلە بوو دوای ماوەیەکی خوا منداڵێکی دانێ و ئەحمەد ئاغا بۆ خۆی نێوی لێنا لاسەشۆڕ. ماوەیەکی دایانە دەستی دایانان بەخێویان کرد هەتا عومری گەیشتە حەوت ساڵی و ئەوجار لەبەر خوێندنیان نا. عومری بەدوازدە و سێزدە و چاردە گەیشت ئەحمەد ئاغا کونجی قەناعەتی گرت و لاس بوو بە ئاغا و دەستی بەحوکماتێ کرد. لە وڵاتی باڵەکان هیچ کەس نەیدەتوانی بەبێ ئەمری وی بەو مەملەکەتەیدا ڕابرێ و، کەس دەگەڵ لاسی بەربەرەکانی پێ نەدەکرا.

ڕۆژێکی دەروێشێک لەبەر دەرکێ یاهوویەکی کێشا، لاس ئەوەندی بەدەستیەوە هات وێیدا. دەروێش گوتی: بریا لاس هەر نێو و نێوبانگم بیستبای بەڵام قەت نەمدیبای. لاس گوتی: بۆچی؟

دەروێش گوتی: وەڵاهی بەخۆت و خزمەتکار و دەستوپێوەندەوە، بەهەمووتان بەتاقە کارەکەرێکی خەزاڵەشۆڕی مەلا نەبی نابن.

لاس گوتی: خەزاڵە شۆڕ کێیە؟ نەیدەزانی خەزاڵە شۆڕ لە چ مەملەکەتێکە و، تازە نێوی لەو دەروێشەوە دەبیست. دەروێش لە کن خەزاڵیش هەر ئاوای تاریفی لاس کردبوو، ئەو قسە لە دڵی هەردووکیاندا مەراق بوو.

هیچیان هیچیان نەدەدیت. دەڵێ ڕۆژێکی لە ڕەوەی لاسی دوو ماین نەهاتنەوە، لاس بەغەزەب داچوو دوو کەسی بەشوێنیاندا نارد. لاس گوتی: کێ بێ بتوانێ بێ لە ڕەوەی من ماینان بەرێ، لەهەر کەسێکی ئاشکرابێ قەراربێ خاکی بەتورەکان بێنم. دەڵێن پیاوێکی پیر و کوڕە جحێڵێک کە پێکەوە ڕەفیق بوون و هەردووکیان پیاوی لاسی بوون. دەستیان بەگەڕانێ کرد. زۆر گەڕان تا بەسەر هۆبە و هەواری خەزاڵێکدا کەوتن، پێیان وابوو مەحشەرە، ئاخر زەمانە. لە کابرایەکیان پرسی: بابە ئەو هۆبە و هەوارە ئی کێیە؟

کابرا گوتی: بۆ مەگەر بابم، خەڵکی سەر عەرزی نین؟ ئەوە هۆبە و هەواری خەزاڵە شۆڕی مەلا نەنیانە. خەزاڵە شۆڕ کچی مەلا نەبییە، مەلا نەبی و مەلا داود بران. سەردار عێلی سورچی و، زرار و، ڕەمک و ڕەبەن و، مام ساولۆ و غەیلانیانن. ئینجا پیاوەکان گوتیان: ئەدی ئەمە میوانی کێ بین؟ کابرا گوتی: بڕۆن میوانی لامێردانی خەزاڵێ بن (لامێردان عیبارەتە لە دیوەخانێ) ئەوانیش چوون میوان بوون، ئەوێ شەوێ چ میوانی دیکەی لێ نەبوو، خەزاڵ لەودیوی ڕا بانگی کرد و گوتی: ئەو میوانانە کێن؟ گوتیان کابرایەکی پیرە و کوڕە جحێڵێکی دەگەڵە.

خەزاڵ گوتی میوان یا دەبێ بزنێ بدا یادە بی شتێکی بڵێ. ئەوانیش گوتیان وەڵا ئەمە نازانین، فەقیرین گەڕاوین و ماندووین، ڕێمان کەوتۆتە ئێرە. ئەویش گوتی قابیل نییە، لە وڵاتی مە ئەوە دەستوورە، هەر میوانێکی بێ دەبێ یان بزنێ بدا یان شتێکی بڵێ. پیرە گوتی: یای خەزاڵ ئەگەر میوان بزنێ بدا، خانە خوێ شەوچەلەی لەسەرە، جا گوتی ئەگەر قامەکەت خۆش بێ شەو چەلەشت دەدەمێ. کابرای پیر دەست پێدەکا و بەتاریفی لاسی دا دەچێ و دەڵێ:

بەلان کێ بوو لەبەر مامێ ڕدێن سپی، دەڵێ خەزاڵ بەسەری تۆ سەرم لە ئێشە دڵم لە ژانە، قایمەتی لە ژانە، ژانە

وەختایەکی ئەمن وەڕێ دەکەوتم، لە وڵاتی باڵەکانە

چەندم حەول دەدا، دەگەڕام لە دوای ماینانە وەسەر دەکەوتم لە کوێستانی عەزیمەت و گەورە و گرانە

خۆم هەڵدەداشت لەوان نەویانە

ئەمما دەو دەمەی دا بەسەر هۆبە و هەواری تۆدا دەکەوتم

لەمن وایە حەشرە و ئاخر زەمانە

مەنسووری هەرادە و کوی بەپەرێ دەکرانە تەرازوو و میزانە، خێر و شەڕ بەش کرانە

لەو دەمەیدا تووش دەبووم بەپیاوێکی مەزلوومۆکە وەکو خۆم بەستەزمانە پەسەری زمانیم لێ دەپرسی بابە ئەو هۆبە و هەوارە ئی کێیە قەت نەهاتوومەتە ئەو وڵاتانە

دەڵێ بابە نازانی هۆبە و هەواری خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبیانە

دەڵێ ئەمن نابەڵەدم لە کوێ ببمەوە میوانە

دەیگوت هەرۆ لامێردانی خەزالی، جێگەی شا و، میر و بەگلەرانە

خەزاڵ بەسەری تۆ تاوڵت ئەتلەسە لەسەر بیست و چوار چڵانە

ڕستەی تاوڵێت خەیاتی کۆ و حەلەب و میسر و شام و دیاربەکر و ئیسفەهانە

لە دیوەخانێت ڕاخراون پێنسەد فەرشی قەرە خوراسانە

داندراون کورسی و سەندەڵی شاماغاجی لەوی پێچک نەردیوانە

ئەمما لەلایەکی کاغەز نووسینە و لەلایەکی مۆر لێدانە

ئەوە لە دەرکی تاوڵێت بەستوونەوە، چەندە ماینی مەحەندەکی یالۆش بەرەنگاری





کلک لەسەرچوانە

وڵات بەتەم، دەنگوت لەمن وایە دنیا خەرا دەبێ نەمەدەزانی ئەوەش تۆزی ڕێگای مەڕ ومێگەلانە

خرمێک لەبنی گوێم پەیدا دەبوو، لەمن وایە قەتاری ئارون و قاروونییە بەقاری عەرزیدا دەچێتە خوارێ، نەمدەزانی ئەوەش خرمەی تۆف و تەلەسم و گوارە و کرمەکی دەوان شەنگە بێریانە

خەزاڵ بەسەری تۆ لە دەورەت هەر خیوەتی ئاشقان، میر عەزیز و میر بداغ و ئەحمەد ئاغای سورچی و، مەمەندی فەقێ وەیسی دەگەڵ خیوەتی خێڵە ڕەشیانە

سەد ئەوەندەی دیشت لە دەورەی بێ ئێستاش نابێ بەتاقە سەحاتێکی لاسە شۆڕی باڵەکیانە

بێت و، ببینی حۆل دەبی گێژ دەبی لە مەیدانێ دەوکەوی شەلاڵ و بێ گیانە

ئەگەر مەیلت لەسەر بێ قەرار بێ ئەمن بەوەعدەی پازدە ڕۆژی دیکە بۆت بنێرمەوە ئێرانە.

**

خەزاڵ لەو دیوی ڕا بانگی کرد، گوتی خاڵە دادەی وەرە ئەو دیوەی، وەڵاهی قامی خۆش دەزانی. بەڵێ لێی پرسی لە چ دەگەڕێی؟ گوتی ئەمن پیاوی لاسیم، پیاوی لاسە شۆڕی باڵەکانم. ماینمان لێ دزراون، لە ڕەوەی ماینان دەگەڕێم. گوتی: ماینەکان پیاوی من هێناویانن، ئەمما فرۆشتوومن (ئەگەرچی درۆشی دەکرد) لە دڵی خۆیدا گوتی ئەگەر وا بڵێم لاس پیاوێکی کەڵلەبییە و وەدوای ماینان دەکەوێ و دێتە ئێرە. جا گوتی لاس، چ لاسێکە؟

گوتی ئەگەر بیبینی هۆشت نامێنێ، دەزانی پیر و ئوفتادەم، ماندوو و فەقیرم دەتوانم لە دە بەشان بەشێکت بۆ باس بکەم.

دە گوتی بڵێ بزانم لاس چ کەسێکە، کابراش دەستی پێکرد و گوتی:

بەلام کێ بوو لەبەر مامی ڕدێن سپییە،

دەڵێ خەزاڵ بەسەری تو سەرم لە ئێشە دڵم لە گلەییە قایمەتی لە گلی گلەییە

ئەگەر ئەتۆ دەپرسی لاسە شۆڕی باڵەکییە کوڕی ئەحمەد ئاغای شارەزووریە نەوەی میر سۆفییە

# چیرۆک و بەیتی کوردی



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی رۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# چیرۆک و بەیتی کوردی

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی:

**عەزیز شاڕوخ**



ناوی کتێب: چیرۆک و بەیتی کوردی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: عەزیز شاروخ
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ١٤٦
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەمەد زادە
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
هەڵەگریی سەر کۆمپیوتەر: دلاوەر صادق ئەمین
سەرپەرشتیی کاری چاپخانە: ئاوڕەحمان مەحموود
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر- ٢٠٠٢
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر لە هەولێر ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٠٢ی دراوەتێ

## کورتە سەرەتایەک

خوێنەری عەزیز و بەڕێز ئەوەی بەدەستتانەوەیە کۆمایەکە لە ئەدەب و فۆلکلۆری کورد بەناوی بەیت یان چریکە دەگەڵ چەند چیرۆکێک. دیارە چیرۆکەکان زۆر گرنگ نین بەڵکو ئەوەی گرنگە و دەبنە بنەڕەتی پتەوی هونەر و ئەدەبی کوردی بەیتەکانن واتە چریکەکان، کە زۆر بەداخەوە لایەنگرانی ئەدەبی کوردی زۆر کەم سەرنجیان داوەتێ و، خۆیان بۆ ماندوو کردووە کە هەتا ئەورۆ بەرە بەبەرە و، سینە بەسینە ڕاگیراون و پارێزراون. بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە ڕادە و ژومارەی بەیت بێژەکان زۆر کەم بۆتەوە. لە ڕاستیا بەرەی نوێ لە ئاواییەکاندا بۆ فێربوونی ئەوانە خۆیان زەحمەت نادەن و گوێی بۆ شل ناکەن. بۆ وێنە باوکی خۆم لەو کەسانە بوو کە بەشی زۆری ئەو بەیتانەی دەزانی و بۆ ئەوەی منیش فێریان بم زۆر جاران بۆی دەگوتمەوە. ئەو وەختی منداڵ بووم ئەگەرچی فێریان ببووم بەڵام بەداخەوە زوو لە بیرم چوونەوە. هۆیەکەشی ئەوەبوو کە بەیت بێژ دەبێ خۆش خۆش و زوو زوو بیان گێڕێتەوە ئەگینا لەبیری دەچنەوە. هەر لەبەرئەوەشە کە ئێستا بەیتەکان کەوتوونەتە ژێر مەترسی لە ناوچوون و دراونەتە دەستی فەرامۆشی.

شەش ساڵ لەمەوپێش کاتێ دێ بەدێ و ئاوایی بەئاوایی بەشاخ و کێواندا بەشوێن چرگەرەکان گەڕام و پەیدام کردن و لە خزمەتیاندا بووم، بۆ خۆشیان لەو بابەتەوە هەستیان بەناڕەحەتی دەکرد و دەیانگوت: لاوەکان بۆ فێربوونیان حەول نادەن و نووسەرانیش کەمتر بەشوێنیاندا دێن. ئەڵبەت مەبەستی منیش ئەوەدەمی ئەوەبوو کە هەتا ئەو جێیەی لە توانامدا هەیە بگەڕێم و بەیت و چیرۆکەکان تۆمار کەم و لەکاتی خۆیدا بیانهێنمەوە سەر کاغەز، کەوا ئێستا کۆمەڵێک چیرۆک و بەیتم لە شریتەکانڕا هێناوەتە سەر کاغەز. کە هیوادارم لەلایەن ئێوەوە پەسەند بکرێ، هەروەها پێویستە بڵێم هیچ جۆرە دەستکارییەکم نەکردوون نەوەکو تام و چێژی خۆیان لەدەست بدەن. ئەگەر نووسەر و شارەزایانی بەیت و چیرۆکیش ویستیان ئەوەبێ کە بەشێوەی عیلمی کاری لەسەر بکەن گەردنیان ئازابێ و، دڵنیاش بن کە لە کانگاکانی زۆر باوەڕپێکراوڕا تۆمارکراون و، ڕاستی و ڕەسەنی بەیتەکانیان بۆ هەموو عەلاقەمەندان و لایەنگرانی ئەدەب و فۆلکلۆری کوردی ڕوون بۆتەوە، وەکو حوسێن شەشە لە «بوپانە»ی سەردەشت و حەمەدی ئاغای لە کانیەباغی پیرانشار.

با ئەوەش بڵێم کە ئەو بەیتانە، هەمووی پڕن لە وشە و ڕستەی جوان و ڕەسەنی ئەدەب و هونەر، بۆ وێنە «ئازیزە»ی خلە دەرزی ئەوەندە وشەی جوانی تێدایە کە دڵنیام





خوێنەران پڕ بەدڵ حەزی لێ دەکەن. جگە لەوەش ئەو بەیتانە هەمووی بەسەرهاتی پڕ لە ناکامی و پەژارەی ئەو خەڵکە لێقەوماوەیە کە بەبیروبڕوای من باشترین بەیت لە باری چیرۆکەوە بەیتی لاس و خەزاڵە. چونکە قارەمانی ئەو چیرۆکە هەتا دەمرێ هەر بەهێز و دەستەڵات بووە و، هەرگیز تووشی تێشکان نەبووە.

بۆ بیرەوەری ناچارم بڵێم: ڕاستە ئەوە دەرمانی گەل نییە، بەڵام هیچ گومان لەوەشدا نییە کە دەوام و زیندووبوونی هەموو گەلێک پێوەندی ڕاستەوخۆی بەزیندووبوونی ئەدەب و هونەری ئەو گەلەوە هەیە. هەر گەلێک ئەگەر فەرهەنگ و هونەری خۆی لەدەست بدات بێگومان خۆشی وەبەر لافاوی زەمان دەکەوێ و لەناودەچێ. گەلی کورد ئەگەر نووسەر و پەرتووکیشی کەم بووبێ بەیت بێژەکانی توانیویانە هەتا ئەورۆ بەیتە فۆلکلۆرییەکان بپارێزن و ئێستاش جێگای خۆیەتی بنووسرێتەوە و لە چاپ بدرێن.

بەهیوای پەسەندکردن و سەرکەوتنتان

عەزیز شاڕوخ

***

## چیرۆکی شێری مەنەشێر

دەڵێن کەرێک و وشترێک کە زۆریان بار لێ نابوون پشتیان بریندار ببوو. بەرەڵڵا کرابوون و چووبوونە نێو لێرەوارێکی. ڕۆژێک کاروانێک بەتەنیشت لێرەوارەکەدا ڕادەبرێ. کەرەکە ڕوو لە وشترێ دەکا و دەڵێ: ئەمن دەزەڕێنم. وشتر کە گوێی لەو قسەیە دەبێ دەترسێ و دەڵێ: کوڕە بۆ خاتری خودای نەکەی، کاروانچییەکان گوێیان لێ دەبێ و دەمانگرن و بارمان لێدەنێن. کەرەکە بەقسەی وشتری نەکرد و دەستی کرد بەزەڕەزەڕێ. کابرایەکی کاروانەکە گوێی لە زەڕەزەڕی کەرەکە دەبێ و دەڵێ: باری ئەو دوو کەرانەم زۆر قورسە وا چاکە ئەو کەرەی بگرن و باری کەم. چووە پێشێ، دیتی وشترێکیش لەوێیە. هەر دووکی دەگەڵ خۆی هێنان و بارە قورسەکانی لە کەرەکەنان. گەیشتنە هەورازێکی، کەرەکە گوتی ئەمن ئەوە خۆ لە عەرزی دەدەم. وشترەکە گوتی بۆ خاتری خودای خۆ لە عەرزی نەدەی ئەتۆش و بارەکەشت لە من دەنێن. بەدبەخت و سەرگەردان دەبم. کەرەکە بەقسەی وشتری نەکرد و خۆی لە عەرزی دا. ئەوانیش بەناچار کەر و بارەکەی لە وشترەکە دەنێن. هێندێکی دیش ڕۆیشتن گەیشتنە سەراوژێرێکی، وشترەکە ملی بڵێند کرد و سەری هێنا بن گوێی کەرەکەی و گوتی: ئەوجار نۆرەی منە، ئەمنیش هەڵدێم. ئەتۆ چ دەردێکت دا بەمن ئەمنیش ئەو بەڵایەت بەسەر دێنم. بەڵێ، وشترەکە هەڵات و کەروباری بەعەرزێ دادا.

هەردووکیان بەرەڵڵا کردن، بەڵام کەرەکە هەموو گیانی بریندار ببوو. کەرە ڕووی کردە دارستانێک و پاش ماوەیەکی برینەکانی سارێژ بوونەوە. ڕۆژێکی تووشی شێرێکی دەبێ، شێر ڕووی تێدەکا و دەڵێ: لێرە لە چی دەگەڕێی؟ نازانی ئێرە وڵاتی منە؟ گوتی نەخێر وڵاتی تۆ نییە. شێر گوتی ئەمن شێرم. ئەتۆ چی؟ کەر گوتی ئەمن شێری مەنەشێرم، بەخۆم و بەشمشێرم. شێر گوتی زۆر باشە ئەگەر وایە وەرە قەرارێکی دانێین، هەرکەس سێ کاری خەراپی کرد ئێرە بەجێ بێڵێ، کەرە گوتی زۆر باشە. ڕۆژێک قشقەڵێک سەری دەکەرەکە گیرسابوو نەدەهاتەوە دەرێ، شێرەکە ئەوەی دیت پڕی دایە و هێنایەوە دەرێ. کەرەکە گوتی: «هۆیت» ئەوە خەراپێک، شێر گوتی: ئاخر بۆچ؟! ئەمن چاکەم دەگەڵ کردی دەنا دەمردی، کەرە گوتی: نەخێر ئەو قشقەڵە حەکیم بوو، بیلاتەژبی، کۆمی دەرمان دەکردم.

ڕۆژێکی دیش کەرەکە خۆی گەوزاندبوو، لە نێوان دوو داراندا گیرسابوو چوار پەلی دەحەوای کردبوو. شێرەکە، کەرەکەی لەو حاڵەدا بینی لەو داوەش ڕزگاری کرد. کەرەکە ڕووی تێدەکا و دەڵێ: ئەوەش دوو خەراپە، شێر دەڵێ: ئاخر بۆ؟ ئەمن ڕزگارم کردی،





گوتی نەخێر ئەتۆ کارێکی خەراپت کردووە، چونکە حەکیم بەمنی گوتبوو، دەبێ سێ ڕۆژان ئاوا بکەی، پارێزتە دەنا چاک نابییەوە، ڕۆژێکی دیکە کەرەکە لەنێو زەلاوێکی چەقیبوو هەر ملی بەدەرەوە بوو، زۆر ناڕەحەت بوو. شێریش پڕی دەداتێ و ڕاکێش ڕاکێش دەیهێنێتەوە دەرێ. کەرەکە ڕووی تێدەکا و دەڵێ: فەرموو ئەوەش سێ خەراپە. چونکە ئەو زەلاوە دەرمانی دەردم بوو. ئەمن بەئەنقەست چووبوومە دەوێوە. بەڵێ شێر بەناچار ڕۆیی و لێرەواری بەجێهێشت. ماوەیەک ڕۆیی تووشی گورگێکی بوو. گورگەکە لێی پرسی، شێرە بۆ وا ناڕەحەتی؟ شێر گوتی: وڵاتەکەیان لێ بڕیوم، شێری مەنەشێر هاتۆتە جێگاکەم. گورگەکە گوتی: ئەمن ئەوەی دەناسم، ئەوە کەرە، وەرە ئەمن ئەو بەڵایەت لە کۆڵ دەکەمەوە، شێر ترسا، گوتی ئەمن نایەم بەمەرجێک نەبێ، گورگەکە گوتی: چی؟ گوتی گوریسێکی بێنە سەرێکی دەملی من کە و، سەرێکیشی لە ملی خۆت ببەستەوە. گورگەکە گوتی: باشە، وایان کرد. بەرەو لێرەوار وەڕێ کەوتن کەرەکە لە دوورڕا دیتی ئەوە شێر و گورگ بۆ لای ویی دێن و گوریسێکیان لە ملی خۆیان بەستووە. لێیان لە فێڵێ کەوت و ملی نا لە زەڕەزەڕێ. شێر هەر کە دیتی کەر بەجووتە هاوێشتن و زەڕەزەڕەوە دێ، ترسا و هەڵات. چونکە سەرەکەی دیکەی گوریسەکەش بە ملی گورگەکە بوو ئەویشی بەدوای خۆیدا ڕاکێشا و لە بەرد و داری دا. هەرچەندە گورگەکە گوتی: ئەوە کەرە، مەترسێ و ئەمن دەیخۆم، شێر جوابی نەداوە هەتا گورگەکەی کوشت.

***

## بزنۆکە و مەڕۆکە

مەڕۆکێک و بزنۆکێک لە جێ هەواران بەجێمابوون ساڵ درەنگ بوو، بزنۆکە گوتی: مەڕۆکە وەرە با جێیەکی بۆ خۆمان سازکەین، هۆڵێک، شتێک بۆ زستانێ بچینە تێوی. مەڕۆکە گوتی خوریلەی خۆم خۆش بێ ئەمن هۆڵم بۆ چییە. بزن گوتی: ئەلحان ئەگەر دەگەڵم سازنەکەی دوایە ئەمنیش ڕێگات نادەم بێیە تێوی. مەڕۆکەش دەڵێ: خوریلەی خۆم خۆش بێ مەهێڵە.

پاییز دادێ، ساڵ درەنگ دەبێ، سەرما پەیدا دەبێ. بزن خانوێکی بۆ خۆی دروست دەکا. مەڕۆکەش لە سەحرایە دەمێنێتەوە. مەڕۆکە زۆری سەرما دەبێ، بەفر دەبارێ. دەچێتە لای بزنۆکەی و دەڵێ: بزنۆکێ جێی سەرم کە، دەڵێ: جێت ناکەم، دەڵێ جێی لاقم کە، دەڵێ جێت ناکەم، دەڵێ جێی دەستم کە، دەڵێ جێت ناکەم، مەڕۆکە لە

سەرمان مندار دەبێتەوە.

بزن دێنێ مەڕەکەی کەوڵ دەکا و دەیکاتە چادر، ڕیخۆڵەکەی دەکاتە ڕستە و لاقێکی دەگەڵ سەری دەکاتە کوتک. لاقەکەی دیکە و دەستەکانیشی دەکاتە سینگ. بزنۆکە لەوێ دەحاوێتەوە هەتا بەهارێ، بەهارێ دەزێ و دوو کاریلەی دەبێ. یەکیان نێو دەنێ تیتل و ئەوی دیکەیان نێو دەنێ بیبل. هەموو ڕۆژێ دەڵێ: ڕۆڵە ئەمن دەچمە لەوەڕێ و، دێمەوە شیری بۆنگۆ دێنم، بۆ خۆشم خۆم تێردەکەم. ئەگەر هاتمەوەش دەڵێم: تیتل و بیبلی دەدایە دەرکەی وەکەن لە مایە، شیرم دەگوانان دایە، شینکەم دەکەلێن ددانان دایە. ئەنگۆش دەرکەم لێ بکەنەوە. ئەوانیش دەڵێن باشە، ڕۆژێکی دەچێتە لەوەڕێ و دێتەوە دەڵێ: تیتل و بیبلی دەدایە، دەرکەی وەکەن لەمایە. شیرم دەگوانان دایە، شینکەم دەکەلێن ددانان دایە. ئەوانیش دەرکەی دەکەنەوە و دەچێتە ژوورێ، وەسبەینێ ڕا دەچێتەوە سەحرایە، ئەگەر بلەوەڕێ. ئێوارێ دێتەوە و دەڵێ: تیتل و بیبلی دەدایە دەرکەی وەکەن لەمایە، شیرم دەگوانان دایە، شینکەم دەکەلێن ددانان دایە. دوو جاری دیکەش وا دەڵێ کەس دەرکەی لێ ناکاتەوە. ئەوجار بەشاخەکانی دەرکەکەی هەڵدەگرێ، دەچێتە ژوورێ. تەماشا دەکا تیتل و بیبل نەماون، دەچێتە سەربانی ماڵی گورگی دەست دەکا بەهەڵبەزینێ. گورگ دەڵێ: کێیە هەڵبەزهەڵبەزێ دەکا، میوانانم لێ شەرمەزار دەکا، کاسە و کەولانم لێ پیس دەکا؟

بزن دەڵێ: ئەمنم، ئەمنم بزنۆکێ، دووچاوم پێوەنە بزبزۆکێ، کێ خواردوویەتی تیتلی من، کێ خواردوویەتی بیبلی من، بێتە شەڕە جەنگی من. گورگ دەڵێ ئەمن خواردوومە تیتلی تۆ، ئەمن خواردوومە بیبلی تۆ، دێمە شەڕە جەنگی تۆ.

بزن دەڵێ سبەینێ با بچینە شەرحێ.

گورگ هەمبانێکی دێنێ پڕی دەکا لە تۆز و دوو دەنکە نۆکی تێداوێ و دەڵێ ئەو تووتنەی بۆ مەلای دەبەم. بزنیش ماستی جوان دەکوپەڵەیدا هەوێن دەکا و بۆی دەبا. دەچنە لای مەلای، مەلا دەڵێ: دەبا سیغارێکی بکێشم لە تووتنی گورگی. ئەگەر دەیکاتەوە دەنکە نۆکێک وەچاوێکی دەکەوێ و ئەوی دیکەش وەچاوەکەی دیکەی دەکەوێ. دەڵێ ئەدی بزانم ئی بزنۆکەی چۆنە. لە ماستی بزنۆکەی قامکێکی دەخوا و قامکێکی لە چاوەکانی خۆی دەدات چاوی چاک دەبێتەوە. دێنێ شاخی بزنێ لە ئاسنی دروست دەکا و، ددانی گورگیش لە لۆکەی. جا دەڵێ بڕۆنە شەڕێ. ئەوانیش بۆ شەڕێ دەچنە مەیدانێکی. ئەگە گورگ دای دێتێ ئەوەندەی موو لێ دەپچڕێ، ئەوجاریش دای دێتێ هیچی وەبەرنایە. ئەگە بزنیش لێی دەدا ناو زگی گورگی بەولاتی وەردەکا، تیتل





و بیبلان لەزگی گورگێ دێنێتەوە دەرێ و دەڵێ: ڕۆڵە لە کوێ بوون؟ دەڵێن لە ماڵی خاڵمان بووین، دەڵێ: چوو خوارد، دەڵێن دانۆڵە. دەڵێ ئەدی بۆ بۆ منوو نەهێنا، دەڵێن کۆشمان دەسووتا. دەڵێ چی دیکەشوو خوارد؟ دەڵێن خورما، دەڵێ ئەدی بۆ بەشی منوو نەهێنا، دەڵێن: کۆشمان پیس دەبوو.

***

## چیرۆکی پیرێژن و حەزرەتی سولێمان

دەڵێن لە زەمانی حەزرەتی سولێماندا پیرێژنێک دەچێتە خزمەتی و دەڵێ: قوربان بێ کەسم، کەسم نییە فەعلەم بدەیە خانوێکم بۆ دروست بکەن. حەزرەتی سولێمانیش کە باڵندە و دێو و هەموو زیندەوەرێکی لەبەر حوکم دابوو، دوو دێوی بانگ کرد و پێی گوتن کە بچن خانووی بۆ ئەو پیرێژنە دروست بکەن. دێوەکان بەفەرمانی حەزرەتی سولێمان خەریک بوون و خانوویان بۆ پیرێژن دروست کرد، پاشان بەپیرێژنەیان گوت ئەوە خانووەکەت ئامادەیە، ئایا کاری دیکەت نەماوە؟ پیرێژن گوتی: ناوەڵڵا بەسەدەقەتان بم، دێوەکانیش گورجێ خانووبەرەکەیان ڕووخاند. سبەینێ زوو پیرێژن چووە خزمەت حەزرەتی سولێمان و گوتی قوربان ئەو دێوانەی تۆ خانووبەرەیان بۆ دروست کردم و پاشان لێیان ڕووخاندمەوە. حەزرەتی سولێمان گوتی مەگەر تۆ نازانی کاری دێوان بەپێچەوانەیە؟ تۆ دەبوو کارێکیان بۆ بدۆزیەوە و، نەڵێی کە کارت تەواو بووە. حەزرەتی سولێمان دیسان دوو دێوەکانی بۆ نارد. دێوەکان دەستیان کرد بەدروست کردنەوەی خانووبەرە بۆ پیرێژنێ. ئێوارێ کە بۆیان تەواو کرد، گوتیان پیرێژن ئەوە تەواو بووین، کاری دیکەت نەماوە؟ پیرێژن گوتی بەڵێ کارم ماوە، وەرن ئەو کونەم بۆ فوو لێ بکەن. دێوەکانیش دەستیان کرد بەفوو لێکردن و باوەشێن کردن. لە پڕڕا یەکێک لە دێوەکان قامکی وە عەدەبی پیرێژنێ کەوت، پیرێژن ترێکی لێ بەربوو. دێوەکان وتیان: ئەها! وەڵڵا دڕا تازە بەکەس چاک نابێتەوە، هەتا زووە با هەڵێین. پیرێژنیان بەجێهێشتوو هەڵاتن.

***

## ئاشەوان و کابرای قەرەتاڵەچن

دەڵێن مەلایەک لە خۆڕا لە دێی قوشقی ببوو ملی ڕێگای گرت و گەیشتە ئاواییەکی تر. کابرایەک کە لەبەر گاڕانێ بوو کوڕە کەچەڵێک بوو. لێی پرسی: ئەرێ مامۆستا

ئەوا بۆچ وا بەو ڕێگایەدا هەڵدێی؟ مەلا گوتی خەونم دیوە کە تۆفانی نووح هەڵدەستێ و من هەڵدێم بۆ لای کەشتی نووح. ئەویش گاڕانی بەجێهێشت و، وەدوای مەلای کەوت. هەردووکیان هاتن گەیشتنە ئاواییەکی دیکە، دیتیان کە پیاوێک قەرتاڵەی دەچنێ و لەو ڕێگەیەوە نانی پەیدا دەکات، کابرای قەرتاڵەچن وتی ئەوە بۆ کوێ دەچن، گوتیان ئەوە تۆفانی نووح هەڵدەستێ. ئەویش گوتی جا ئەگەر وایە منیش دەگەڵ ئێوە دێم. هەستان هەرسێکیان وەڕێ کەوتن. لە ڕێگادا تووشی کوێرێکی بوون، کوێرە لەگەڵ کوێرکێشەکە بەکێشە هاتبوو. کە گوێی لە گرمە و تەپوهۆڕی چەند کەسێک بوو گوتی بۆ خاتری خودای ئەوە چییە؟ وتیان تۆفانی نووح دێ. گوتی جا ئەگەر وایە ئەمنیش دەگەڵ خۆتان بەرن.

هەرچواریان ڕوویان لە ماڵێکی کرد. ژنی کابرای خاوەن ماڵ حەزی لە ئاشەوانێ دەکرد. ئەوێ شەوێش قەراری دەگەڵ دانابوو. ئەو شەوەش مەلا و کابرای گاوان و کوێرە و کابرای سەلە و قەرتاڵانیش لەوێ مابوونەوە. ئێوارێ ئاشەوان دەسرۆکێکی پڕ لە مێوژ و گوێزی ساز کردبوو کە بۆ ژنە تیوێی بەرێ. قەراریشیان وابوو کە پەتێکی لە دەستی بکا و، پەتەی ڕاوەشێنی و بێتە دەرێ.

شەوێ کە ماڵە کابرای هاتن بنوون، مەلا کە هەر لە تۆفانێ دەترسا گوتی: براژن جێگای من لەسەر ئەو کەندەوە چابکە: ژنەکەش هێنای جێگای مەلای لەوێ ڕاخست. جێگای کوێرە و کەچەڵ و کابرای سەلە و قەرتاڵانیشی لەبەر دەرگاکە ڕاخست، هەتاوەکو شەوێ کە چوونە دەرێ نارەحەتی بۆ ئەوانی دیکە ساز نەکەن. کابرای ئاشەوانیش ئاشیر و ماشیری حاواندەوە، دەسرەگوێزی هەڵگرت و چوو بۆ لای ژنەکە. کابرای سەلەوقەرتاڵان کە شەوێ هاتە دەرێ و هەڵترووشکا، دیتی کە پەتێک لەوێیە. بەشوێن پەتەکەدا چوو، تەماشای کرد کە پەتەکە بەدەست ژنی خاوەن ماڵەکەوەیە. کە وای دیت گوتی وەڵڵاهی شەرتە ئەوشۆ ئەمن نەنووم، هەتا بزانم ئەو پەتە چی لێ دێتەوە. لەسەر پەتەکەی دانیشت. هێندەی پێ نەچوو پەتەکەیان ڕاوەشاند، هەر ئەو کێشای و ئەو کێشای. کابرای ئاشەوان وتی: ماڵت خەرانەبێ ئەوە بۆ نایە دەرێ؟ کابرای سەلەو قەرتاڵانیش دەنگی خۆی گۆڕی و گوتی: ئاخر نابێ و ناکرێ، میوانانم هەیە و پێدەزانن. کابرای ئاشەوان گوتی: خێر، دەبێ هەر بێی. ئەوجار گوتی هانێ ئەوە دەسرێکم گوێز و کشمیش بۆ هێناوی. دەسرەگوێزەکەی لێ وەرگرت. دەرگای ئەو زەمانی لە چەپەری بوو، کابرای ئاشەوان............ دەرهێنا و لە چەپەری بردە ژوورێ، کابرای سەلە و قەرتاڵانیش تەڕکی گرتو بڕی. کابرای ئاشەوان بەناڵە و هاوار گەڕاوە بۆ





لای ئاشەکەی خۆی. کابرای قەرتاڵانیش ملی نا لە کشمیش و گوێز خواردنێ. کوێرەش گوێی لەملچەملچێ بوو، گوتی: ئەرێ ئەوە چ دەخۆی؟ گوتی: ئێوارێ قاورمێک لەناو کێشتەکەمان دابوو هەڵمگرت، ئێستا خەوم لێ ڕەویوەتەوە و ئەوە دەیخۆم، کوێرە گوتی: دا بڕێکی بدە بەمن بیخۆم. کابرای قەرتاڵانیش گوتی زۆر چاکە........ بڕاوەکەی دا بەکوێرەی، کوێرەش ملی لە ملچەملچێ نا. کوێرە کە نەختێ چاوی تارمایی دەکرد سەری کابرا کەچەڵەی دیتبوو کە سوور دەچوو، وەدەزانێ ئەوە پۆلووە ئاورە. پێشی وابوو کە گۆشتەکە نەبرژیوە، هەر بۆیە هاوێشتییە سەرسەری کابرای کەچەڵ تاکو بیبرژێنێ و دەستی کرد بەفوو لێ کردنێ. لەولاشەوە کابرای ئاشەوان دەڵێ وەڵڵاهی ئاخری ئەو ژنە پاش ئەو هەموو ساڵە کە حەزی لێکردم ئاخری بەو دەردەی بردم، وا چاکە تۆڵەی خۆی لێ بکەمەوە. ئەویش چوو ئەستێولکێکی سوور کردەوە و بەپەڕۆیەک هەڵیگرت و بەغار هێنای تاکو تۆڵەی خۆی بکاتەوە، سەرلەنوێ پەتەکەی ڕاوەشاند. دیسان کابرای سەلەوقەرتاڵان پەتەکەی گرت و لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەو سەگبابە........ یشی بڕاوە هەر دەست هەڵناگرێ. پەتەکەی ڕاوەشاند و هاتە بەردەرکەی و، گوتی: دیسان چت دەوێ؟

ئاشەوان گوتی: ئاخر دە وەرە دەرێ. گوتی ئاخر پێم گوتی کە میوانم هەیە ناتوانم بێمە دەرێ، گوتی دەنا سمتت بەدەرکەیەوەنێ، کابرای سەلەوقەرتاڵانیش گوتی: خۆ تازە تلپاتی تەڕی پێ نەماوە و چی پێ ناکرێ، سمتی خۆی بەدەرکەیەوە نا و گوتی هانێ.

ئاشەوانیش ئەستێولکەی بەقوونی کابرایەوە نا. کابرای سەلەوقەرتاڵان هاواری کرد و گوتی: مامۆستا بۆ خاتری خودای سووتام. لە کوێرەش وایە کە سەری کابرای کەچەڵ ئاورە و، ئاور پەڕیوەتە کابرای قەرتاڵان، ئافتاوێک ئاو لەوێ دەبێ بەسەری کەچەڵەی دادەکات. کەچەڵیش لەخەو ڕادەپەڕێ و دەردەپەڕێ، هاوار دەکا و دەڵێ: مامۆستا بەو قورعانەی لێت خوێندووە ئاو هات. مامۆستاش کە وەخەبەر دێ و لەخەو ڕادەپەڕێ و چاوی خەواڵوو دەبێ، تیشکی مانگەشەو دەبینی کە لە ژوورەکەی دابوو، وا دەزانێ، کە ئاو هاتۆتە ژوورێ، گوتی وەڵڵا ئەمن کەمێک مەلەی دەزانم، لەسەر کەندووەکەوە خۆی فڕێ دەداتە خوارێ و، دەست و لاقی دەشکێ.

***

## مەڕ و گورگ

دەڵێن کابرایەک سەد مەڕی هەبوو سەگێکیی زۆر باشیشی ڕاگرتبوو. هەموو ڕۆژێ ئەو مەڕانەی دەبرد بۆ شاخی یان نێو مێشە و سەرچۆمی بۆ لەوەڕاندن و دەیهێنانەوە.

ڕۆژێکی ئێوارێ کە هاتەوە دیتی مەڕێکی کەمە و نەهاتۆتەوە. بەشوێن مەڕەکەیدا ڕۆیشت، کە تەماشای کرد، مەڕەکە لەسەر کانیەکیە. کە سڵ بوو بڕێکی هەڵگلۆفی و چەپۆکێکی پێدادا و گوتی: ئەتۆ بۆچ نەهاتوویەتەوە. بۆ چ بەجێماوی؟

مەڕەکە گوتی: ئاخر شەلم، وتی دە هەستە با بڕۆینەوە، گوتی: نایەمەوە قەرارم لەگەڵ گورگ داناوە. گورگ چووە شاهیدی خۆی بێنێ. ئەو دەڵێ ئەو مێرگە ئی منە، تۆ لێت خواردووە، ئەمنیش دەڵێم ئەو مێرگە ئی ساحەبی منە و کرێیەتی. ئێستاش چووە کە شاهید بێنێ. سەگ گوتی: جا ئەگەر وایە بێنە ئەمن بشارەوە و لەبن ئەو قانگەلاشەم بنێ. سەگەکە خۆی شاردەوە. لەو دەمەیدا گورگ لەگەڵ مام ڕێوی هاتنەوە. مام ڕێوی دوور بەدوور ڕوو لە مەڕ دەکا و دەڵێ: ئەوە بۆچ ئەو مێرگەت لەو گورگە خواردووە؟ مەڕەکە گوتی: ئەو مێرگە ئی ساحەبی خۆمە و ئەو کرێیەتی، چەند ساڵە پوڵی پێداوە. مام ڕێوی گوتی: نەخێر ناوەڵڵا، ئەشهەد و بیلا ئی مام گورگییە.

مەڕەکەش گوتی: ئەمن وات سوێند نادەم، دەبێ سوێند بەو گومبەزە بخۆی (ئیشارە بەقانگەلاشەکە دەکات) ڕێویەکە ڕۆیی بۆ لای قانگەلاشەکە تا سوێندی بۆ بخوات، کە گەیشتە قانگەلاشەکە دیتی ئەوا سەگەکە لەناو قوڵکەدا خۆی مات کردووە. قەڵمبازێکی هەڵاوێشت و خۆی بۆ دەرباز کرد.

مام گورگ گوتی: ئەوە بۆ کوێ دەچی؟

گوتی: ئەوە دەڕۆم سەر حەد و سنوورو بۆ دیاری دەکەم. مام ڕێوی ڕۆیشت و نەگەڕاوە. ئەوجار مام گورگ خۆی گوتی سوێندت بۆ دەخۆم.

چوو بۆ لای قانگەلاشەکە تا سوێندی بۆ بخوات، هەر کە گەیشتەوێ و دەستی پێدادا سەگ لێی دەرپەڕی و مام گورگی خنکاند.

***

## مام ڕێوی و دایە پیرێ

دایە پیرێک بوو تاقە بزنێکی هەبوو. بزنەکەی دەدۆشی و شیرەکەی دەداس کۆلێدا دەبن مەنجەڵێ دەنا. ڕێوی پێی فێر ببوو هەموو ڕۆژێ دەچوو دەیخوارد، دایە پیرە





گوتی: مام ڕێوی دەردت لە گیانم، جا ڕاوەستێ. تەورداس و کۆلکەیەکی لە پەنای خۆی دانا. دوای ماوەیێ ڕێوی هات سەری مەنجەڵەکەی هەڵداوە و ویستی شیرەکە بخوات، داپیرە تەورداسێکی لە کلکی دا و پەڕاندی. ڕێوی هەڵات و گوتی: دایە پیرە کلکەقوڵەی خۆم وێدەوە، داپیرەش گوتی: بڕۆ شیری بزنەکەی خۆم بۆ بێنەوە. ڕێوی چووە کن بزنۆکەی و گوتی: بزن شیر دا، بۆ داپیر دا، داپیرە کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا. بزن گوتی: بڕۆ گەڵام بۆ بێنە. چووە کن دارێ و گوتی: دارێ گەڵا دا بۆ بزن، بزن شیر دا بۆ داپیر دا، داپیرە کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا، گوتی بچۆ ئاوم بۆ بێنە، چووە لای کانی و گوتی: کانی ئاو بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بزن، بزن شیر دا بۆ داپیر دا، تا داپیرە کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا. کانی گوتی: بچۆ کیژانم بۆ بێنە تا لە دەوری من چۆپی بگرن. چووە کن کیژان گوتی: کیژ چۆپی کا بۆ کانی کا، کانی ئاودا بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بزن دا، بزن شیر دا بۆ داپیر دا، تا داپیرە کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا.

کیژان گوتیان: سۆڵمان نییە، بچۆ سۆڵانمان بۆ بێنە. چووە کن سۆڵکەر گوتی: وەستا سۆل دا، کیژ چۆپی کا لە کانی کا، کانی ئاو دا بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بزن دا، بزن شیر دا بۆ داپیر دا تا داپیرێ کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا.

سۆڵکەر گوتی: هەڕوو هێلکانم بۆ بێنە. چووە کن مریشکە ڕەشەی و گوتی: مریشکە ڕەشە، هێلکەدا بۆ سۆڵکەردا، سۆڵکەر سۆڵان بۆ کیژان دا، کیژ چۆپی کەن لە کانی کەن، کانی ئاو دا بۆ دار دا، دار گەڵا دا بۆ بزن دا، بزن شیر دا بۆ داپیر دا، تا داپیرێ کلکەقوڵەی مام ڕێوی دا.

مامر گوتی: هەرزنم بۆ بێنە تا بیخۆم و هێلکانت وێدەم. مام ڕێوی بە فێڵ و گزی لۆچێک هەرزی دزی و دای بەمامر. مامر بەبێ پرسی خێوی چنگێک هێلکەی دانە ڕێوی. ڕێوی هێلکەی بۆ سۆڵکەر برد، سۆڵکەر سۆڵی بۆ کیژگەل کرد. کیژ داوەرینە سەر کانی، کردیان بەچۆپی و شێخانی. کانی ئاوی بەدارگەیاند. دار چرۆ و گەڵای داوەراند. بزن پارووی لێ ڕابادا، بۆ چرۆیان شیری دادا.

لەڕێوی بووە خۆشی خۆشی، پڕ بەقاپێک شیری دۆشی، هات بەلای پیرەدایەوە، ئەویش کلکەقوڵەی دایەوە ...... کلکەقوڵەی بەئاوێ خووساند، بەقیل بەخۆیەوە نووساند.

ڕووی کردەوە شاخ و کێوی
خۆی گەیاندە گەلە ڕێوی

رێوی کردیانە قریوە

گوتیان: پف لەو بۆگەنیوە

تۆ دەبێ بارکەی لەو نێوە

نامانەوێی قیلت پێوە

هاتەوە کن پیرەدایە

گوتی: «هەیرۆ وا وەیلایە

هیچ رێویم بەلادا نایە

دەڵێن قیلاوی بەڵایە»

داپیر زەنگوڵێکی دایە

رێوی بەپەتێکی دوو بست

زەنگوڵەی دەکلکی خۆی خست

بۆ کوێ دەچوو زەنگوڵە شۆڕ

دەیکرد بەزرینگە زرینگ و هۆڕ

رێوی گوتیان لە کوێت هێنا ؟

گوتی: لەو گۆمەم دەرهێنا

هەر رێوی بوو خۆی تێدەخست

نوقم دەبوون بێ هەست و خوست

گڕی تەماحیان تێ بەربوو

هەتا قڕانیان پێ وەربوو

***

## مام ڕێوی

دەڵێن: ڕاوچییەک تاجیەکەی لە ڕێوییەکی بەردەدا. ڕێوی لە حاڵێکدا هەڵدەهات، دەیگوت: خودایە ئەگەر بێتو لە دەست ئەو تاجییەی ڕزگارم بێ، لە ڕێگای تۆدا ڕبە نۆکێک و گەزە جاوێکی دەکەمە خێر.

وا دەبێ ڕێوی ئەوجارە خەڵاسی دێ و تاجی ونی دەکا. پاشان کە ڕزگاری دەبێ،





دەڵێ خوایە جاوی چی و نۆکی چی.

ماوەیەک ڕادەبرێ، ڕۆژێکی ڕاوچییەکی زۆر دێنە ڕاوێ و تاجیان لە ڕێوی بەردەدەن، ئەوجار ڕێوی دەیگوت: خودایە ڕبەکەت بێنە و نۆکەکەت بەرە، گەزەکەشت بێنە و جاوەکەت بەرە.

***

## چیرۆکی هێلکە و ڕۆن

چوومە ماڵێکی ئاوا، هێلکە و ڕۆنیان لێناوە، لە پێش منیان داناوە. مریشکێک هاتووە لەولاوە، دندووکی پێداداوە. گوتم: هەی کشە کشە، باڵی لێکردم فشە. کەڵەبابی شەیتانی، هەڕای کردە سەربانی، دەستی دا قوڵەگۆچانی، گوتی: هەی ژنێ ژنێ، تیروکەوانم دەنێ، دەچمە شەڕی قۆشەنێ، قوشەن زۆرە و ناشکێ، ئەستۆ و ڕانم دەشکێ.

کەرێک لەوێ دەناڵی، بردیان بۆ میری شاڵی، میری شاڵی حەمبەڵ بوو، دوو سەد سواری دەگەڵ بوو، هەمووی کوێر و کەچەڵ بوو، هەر خۆمیان ساغ دەگەڵ بوو.

***

## مێروولە و مشک

دەڵێن مشکێک هێندنێکی گەنم لە مێروولێکی بەقەرز وەرگرتبوو، نەیدەداوە، مێروولەش هەموو ڕۆژێ دەچوو داوای قەرزەکەی دەکرد و مشک تووڕە دەبوو، دەیگوت: هۆی سەر ئەستووری نێو قەد باریک بێمە دەرێ ونجڕونجڕت کەم؟ مێروولە ناچار دەبێ پەنا بۆ پشیلەی بەرێ، دەڵێ: جەنابی پشیلە مشک پێم قەرزدارە و، قەرزەکەم ناداتەوە. پشیلە و مێروو هاتنە بەرکونی مشکێ، مێروولە گوتی: مشک بۆ خاتری خودای قەرزەکەم بدەوە. مشک جوابی داوە و تووڕەبوو، گوتی: هۆی سەر ئەستووری نێو قەد باریک لێت بێمە دەرێ ونجڕونجڕت دەکەم. ئەوجار پشیلە لە کەلێنێکەوە گوتی: میاو...

مشک هەر گوێی لە میاوەی پشیلە بوو، گوتی: مێروولە گیان وەرە وەرە کیلۆیەکیشت زیاتر دەدەمەوە.

***

## چیرۆکی مریشکە قوڵە

دەڵێن مریشکێک بوو، مریشکێک. ڕۆژێکی لەسەر چۆمێکی شیوی دەکرد. پاشان سەری خۆی هەڵگرت و ڕۆیی. زۆر ڕۆیی کەم ڕۆیی تووشی شوانێکی بوو. شوانە گوتی: هۆی نازیلێ کەوش تەقتەقی، پێ مەڕمەڕی چارۆکە پیوازی، ئەو دەچیە کوێ؟

مریشکە قوڵە دەڵێ: دەچم شوو دەکەم.

شوانە دەڵێ وەرە شوو بەمن بکە. مریشکە قوڵە دەڵێ: بەچم لێدەدەی؟ دەڵێ بەگۆچانی مەڕێ.

دەڵێ بەچیم بەخێو دەکەی؟ دەڵێ: بەنانی مەڕێ.

مریشکە قوڵە دەڕوا و جوابی ناداتەوە. زۆر دەڕوا و کەم دەڕوا، ئەو جار تووشی گاوانێکی دەبێ. گاوان دەڵێ: هۆی نازیلێ کەوش تەقتەقی، پێ مەڕمەڕی چارۆکە پیوازی ئەوە دەچیە کوێ؟ مریشکە قوڵە دەڵێ: دەچم شوو دەکەم.

دەڵێ: وەرە شوو بەمن بکە.

دەڵێ: بەچیم لێدەدەی؟ دەڵێ: بەگۆپاڵی گاوانی.

دەڵێ: بەچم بەخێو دەکەی؟ دەڵێ: بەنانی گاوانی.

مریشکە قوڵە دەڕوا و جوابی ناداتەوە. زۆر دەڕوا و کەم دەڕوا، تووشی مشکێکی دەبێ. مشک دەڵێ: هۆ نازیلێ کەوش تەقتەقی، بێ مەڕمەڕی چارۆکە پیوازی، ئەوە بۆ کوێ دەچی؟ مریشکە قوڵە دەڵێ: دەچم شوو دەکەم.

ئەویش دەڵێ وەرە شوو بەمن بکە.

دەڵێ: بەچم لێدەدەی؟ دەڵێ: بەکلکە قوڵەم.

دەڵێ: بەچم بەخێو دەکەی، چم دەدەیەی؟

دەڵێ: هەرچی دەتەوێ دەتدەمێ، گەنمت دەوێ، نۆکت دەوێ، دانووت دەوێ؟ هەرچی دەتەوێ بۆت پەیدا دەکەم. مریشکە قوڵە مێرد بەمشکێ دەکا. ئەوێ شەوێ دانوان لێدەنێن، مریشکە قوڵە دەچێتە کانی ئەگەر ئاوێ بێنی. مشک سەری دانوان هەڵدەگرێ و تێدەکەوێ. مریک دەگەڕێتەوە هەرچەند بانگی مشک دەکا، ژووری دەگەڕێ، نێو دێی دەگەڕێ و هەموو وڵاتی دەکا مشکێ نابینیتەوە، ئەوجار دەچێ سەری دانوان هەڵگرێ، ئەگەر سەری دانوان هەڵدەداتەوە، تەماشا دەکا ئەوە مشک دەوێ کەوتووە و تۆپیوە. زۆر لە خۆی دەدا و، زۆر بەخۆی دادەدا بەڵام فایدەی نابێ و





هەر لەبەر خۆیەوە دەقیرێنێ و دەڵێ:

مشکە قوڵەی..........، کەوتە دیزەی خوانەکە، نەیماوە ئێسقانەکە.

***

## سووری عەیار

دەڵێن کابرایەک سێ کچی دەبێ کە دایکی منداڵەکان دەمرێ، هەموو ڕۆژێ سووری عەیار دێتە لای ئەو سێ کچانە و دەڵێ: بابتان بۆچ ئەمن ناهێنێ؟ ئەگەر بێتوو بابتان ئەمن مارەکا. هەموو ڕۆژێ سەر و لاجانگتان دەشۆم و پاک و خاوێن ڕاودەگرم. ئەوانیش هەموو شەوێ بەبابیان دەڵێن: بابە بۆ سووری عەیار ناهێنی؟ زۆر ژنێکی چاکە. بابیشیان دەڵێ: ئاخر نابێ بەرگی دایکو بدرێ؟!

سێ کچەکان دەچن بەرگی دایکیان دەبەن، ئەوەندەی بەخیزی دەشۆن هەتا شڕشڕی دەکەن و، دەیهێننەوە ماڵێ. شەوێ دەڵێن بابە ئەتۆ بۆچ سووری عەیار ناهێنی؟ بابیشیان دەڵێ ئاخر ڕۆڵە نابێ بەرگی دایکتان بدرێ! ئەوجار منداڵەکان بەرگی دایکیان دەهێننە گۆڕێ و دەڵێن ئەوەتانێ هەموو دڕاوە. ئەوجار باوکیان سووری عەیار مارە دەکا و دەیگوێزێتەوە. بەڵام سووری عەیار تەنیا هەر سێ ڕۆژان دەگەڵ کچەکان باش دەبێ. پاشی سێ ڕۆژەکان بەباوکی منداڵەکان دەڵێ: ئەگەر ئەو سێ کچانە دەرنەکەی ئەوا دەڕۆم و لەو ماڵەدا نامێنم. بابی کچەکان دەڵێ باشە بەڵام ئەوڕۆ تێرێکیان نان و کولێرە بۆ بکە جا بڕۆن.

سووری عەیار شەش نان و شەش کولێرەیان بۆ دەنێو تێرێکی دەنێ و پڕی دەکا لە تەپاڵە........ ئەوجار بابەکە بانگی کچەکانی دەکا و دەڵێ: ڕۆڵە وەرن بڕۆین، بچینە فلان شاری، سەری کاکم دەدەین. بەڵێ هەموو وەڕێ دەکەون. دوور دەڕۆن، نزیک دەڕۆن دەگەنە نێو دارستانێکی بابەکە ڕوو لە کچەکان دەکا و دەڵێ: ڕۆڵە ئەوە ئەمن دەچم نوێژێ دەکەم. مووڕووی دەنگێ بەدارێکەوە هەڵداوەسێ و بۆ خۆی دەگەڕێتەوە ماڵێ و، لە چۆل و هۆڵی بەجێیان دەهێڵێ. کچەکان هەرایان دەکرد: بابە، بابە........ بابە بۆچ نایەوە؟ مووڕووی دەنگێ جوابی دەداوە: با نوێژەکەم بکەم دێمەوە. خوشکی گەورە دەڵێ بابچین بزانین چییە بەسەر ئەو دارەدا دراوە کە ئێمە بانگی بابمان دەکەین ئەو جواب دەداتەوە. دەچن تەماشای دەکەن، دەبینن ئەوە مووڕووی دەنگێیە. مووڕووەکەی دێننە خوارێ و دەیشکێنن و دەنگی بابیان دەبڕێ. ئەوجار کە خۆیان لەو چۆل و هۆڵییەی تەنیا و بێکەس دەبینن هەتا شل دەبن هەر دەگرین.

خوشکە گەورەکەیان دەڵێ: ئەو حاڵە بەوحاڵەی ناشێ، با نانی بخۆین. کە تەماشا دەکەن تێرەکە هەر شەش نان و شەش کولێرەی تێدایە. هەریەکەی دوو نانان دەخۆن و شەش کۆلێرەکەی دەهێڵنەوە کە سبەینێ بیخۆن. سبەینێ دەڵێن وەرن با ئەو شەش کولێرەش بخۆین. شەش کۆلێرەکەش دەخۆن، پاشان زۆریان برسی دەبێ. خوشکی گەورە دەڵێ وەرن با میزی بکەین، هەر کەس میزی کەفی کرد ئەوی دەخۆین. میزیان کرد، میزی خوشکی چکۆلە کەفی کرد. خوشکی چکۆلە ڕووی لە خوشکەکانی کرد و، وتی: ئەگەر هەر دەمخۆن، برێکم سەر بدۆزن. ئەوانیش دەڵێن باشە. دەست دەکەن بەدۆزینی سەری خوشکە چکۆلەیان. لە کاتێکا کە سەریان دەدۆزی، خوشکی چکۆلە هەر چیلکەی دەعەرزی دەوەژێنی و سێ دەنکە گەنم وەدەر دەکەون، سێ دەنکەکەی دەخۆن ئەوجار بەهەرسێکیان ئەو جێیە دەکۆڵن تاکو دیسان سێ دەنکە نیسک وەدەر دەکەون، ئەویش دەخۆن. ئەوجار دوو خوشکەکە دەڵێن جا با بتخۆین. خوشکی چکۆلە دەڵێ برێکی دیکەشم سەر بدۆزن، ئەویش هەر جێگەکە دەکۆڵێ هەتا کونێک وەدەردەکەوێ. کونەکەی فرەوان دەکەنەوە، ئەوجار خوشکی گەورە دەڵێ: ڕۆمهێڵن لەسەر خودا و پێغەمبەر تا بزاتم ئەو کونە چییە!

خوشکی گەورەیان ڕۆهێشت گوتی ئەگەر هاوارم کرد هەڵمکێشنەوە، هەڵمکێشنەوە. گوتیان زۆرباشە. خوشکی گەورە چووە خوارێ ئەگەر تەماشای کرد ئەوە مزڵی دێوانە و دیوێکی زۆر خۆشیشە. دێوە چوو بووە بەر مەڕی نان و چێشتیشی بۆ خۆی سازکرد بوو تا ئەگەر هاتەوە بیخوا. خوشکی گەورە چارۆکێکی لە نان و پڵاوەکە دادەگرێ و دەڵێ هەڵمکێشنەوە. ئەوانیش هەڵیدەکێشنەوە. ئەو نان و چێشتە بەشی سێ ڕۆژیان دەکا. پاش سێ ڕۆژان خوشکی گەورە دەڵێ: وەرن با هەرسێکمان بچینە خوارێ لەسەر خودا و پێغەمبەران. دەڵێن باشە. دێوە دێتەوە دەڵێ کێ ئەو خەراپەی پێکردم هەزار خەراپەی دەگەڵ کەمەوە؟ دیتی بۆنی ئادەمیزاد دێ گوتی بۆنی ئادەمیان دێ لە فلان جێگا و مەکانان دێ......... دێو نان و شتی سازکرد ئەوجار زۆر بەهەڕەشەوە بەقوونی گوت: قوونە ئەگەر بێتو خۆ پیس کەی لەسەر سێڵێ دەتسووتێنم.

دێوە چووە بەر مەڕی، سێ کچەکان هەریەکەی قاپێکیان شلکێنە گرتەوە و لە پێش خۆیان دانا، دێوە هاتەوە نوست، شەوێ کچەکانیش هەستان هەرسێک قاپە شلکێنەکەیان لەبن دێوەی ڕشت. دێوە هەستا دیتی خۆی پیس کردووە، زۆر تووڕە بوو تەندووری هەڵکرد و سێڵی لەسەر دانا و سووری کردەوە، پاشان قوونی لەسەر سێڵەکە دانا و سووتاندی. کچەکانیش نێوی خودا و پێغەمبەریان هێنا و دێوەیان دەتەندووری





هاوێشت و دێوە سووتا.

ڕۆژێک پادشا و چەند کەسێک کە بۆ ڕاوێ هاتبوونە ئەو مەڵبەندە و شەویان لێ درەنگ ببوو نەگەیشتنەوە ماڵێ، لە دووررا چرایەکیان دیتبوو، پادشا ڕووی لە هاوڕێکانی کرد و گوتی دەچینە لای ئەو چرایە تا بزانین ئاوەدانییە، چییە؟

دەچنە لای کچەکان ئەوانیش زۆریان بەخێرهاتن دەکەن. پادشا لێیان دەپرسێ: ئێوە بۆ لێرەن؟ کچەکانیش حاڵ و نەقڵیان بۆ پادشای گێڕاوە. شەوێ نان و چای دەخۆن و بۆ سبەینێ تاریک و ڕوونی بەیانی دەڕۆن. ئەو ماڵ و شتەی کە لەوێش بوو بە وەزن سووک و بەقیمەت گران دایدەگرن و لە ئێسترانیان قایم دەکەن. پادشا لە کچەکان خوشکی گەورەیان لە خۆی مارە دەکا هاوڕێکانیشی خوشکەکانی دیکە مارە دەکەن. دەڕۆن دەچنە ماڵی پادشای.

ڕۆژێکی کوێرێک کە سواڵی دەکرد گەیشتە ماڵە پادشای. کچەکان بابی خۆیان ناسیەوە، بەڵا گوتیان نەوەک بابمان نەبێ و بەهەڵەچووبین بۆیە لە کوێرەیان پرسی ئەتۆ بۆچی وات لێ هاتووە؟ بۆچ وا وەسواڵێ کەوتووی؟

کوێرە گوتی: ئەمن سێ کچم هەبوو، ژنێکم هێنا بەنێوی سووری عەیار، ئەویش ئەو سێ کچانەی پێ دەرکردم. ئێستاش ئەوە بۆ خۆم وام لێ هاتووە. کچەکان گوتیان ئێمە ئەو سێ کچانەین و ئەتۆ بابمانی، مووررووی دەنگێت بۆ بەدارێکەوە کردبووین و بۆ خۆت چوویەوە ماڵێ.

کوێرەکە دەستی کرد بەگریان و گوتی: ئەمن نەمزانی ئەنگۆ وا بۆ من چاکن و، سووری عەیار هێندە ژنێکی خەراپە. خەتای خۆتان بوو ئەو ژنەو بۆ من هێنا، ئێستاش ئەمن پەشیمانم.

***

## چیرۆکی تیسکنێ

ژنێک دەمرێ و وەسیەت بۆ کچەکەی دەکا و دەڵێ: ڕۆڵە ئەو ئەنگوستیلەی من بۆ قامکی هەر کەسێکی بوو دەبێ بابت ئەو بێنێ. بابی کەم گەڕا زۆر گەڕا ئەنگوستیلەکەی بۆ قامکی کەس نەبوو کە هاتەوە ماڵێ گوتی دا ڕۆڵە دەقامکتی کە، بزانم. کاتێ کچەکە دەقامکی کرد پیاوەکە تەماشای کرد پڕ بەقامکی کچەکەیەتی، گوتی وەڵڵا ڕۆڵە دەبێ مێردم پێ بکەی. گوتی جا بابە چلۆن مێردت پێ بکەم کافر

دەبی، شادە و ئیمانێ بێنە ئەمن کچی تۆم شتی وا نابێ. بابەکەی گوتی نا، هەردەبێ مێردم پێ بکەی. کچەکە دەڵێ باشە، ئەتۆ برۆ شاری بەرگ و لیباس و زێڕم بۆ بێنە ئەمنیش مێردت پێ دەکەم. باوکی گوتی باشە. پارشێوێ هەستە نان و کولێرانم بۆ تێنێ، بەیانی زوو دەڕۆم. کچەکە پارشێوێ هەستا بابی سازکرد و وەڕێی خست.

پاش ڕۆیشتنی بابی. کچەکە هەڵدەستێ زێڕ و بەرگی خۆی هەرچی بوو هەڵدەگرێ و ملی ڕێیە دەگرێ. کەم ڕۆیشت زۆر ڕۆیشت تووشی مەڕێکی بوو، لەوێ بەشوانەکەی گوت: شوانە ئەمن لیرێکت دەدەمێ ئەتۆ مەڕێکی بکوژەوە و کەوڵەکەی بدە بەمن و، گۆشتەکەشی بۆ خۆت. شوانە گوتی: زۆرباشە. هێنای مەڕێکی کوشتەوە و گۆشتەکەی بۆ خۆی هەڵگرت و کەوڵەکەی دا بە کچەکەی. کچەکەش لەسەر لیباسەکانیڕا بەسەرخۆی هەڵکێشا و ڕۆیشت، تووشی نەجاڕێکی بوو گوتی نەجاڕ بەقوربانت بم سندووقێکم بۆ دروستکە بەقەرایە خۆم. لیرێکت دەدەمێ. نەجاڕ سندووقێکی بۆ دروست کرد و قەلاڕێژی کرد. کچەکە سندووقەکەی هەڵگرت بردیە سەر کێوێکی بڵیند و چووە نێوی و لەوێڕا خۆی خلۆر کردەوە بۆ دۆڵێکی. دوو سێ کوڕە ئاغا بەوێدا هاتن دەگەڵ نۆکەر و مەیتەرەکانیان. یەکیان گوتی: ئەرێ دابزانین ئەو سندووقە چییە لەسەر چەقی ڕێیە کەوتووە! نۆکەران چوونە پێش هەرچەندی کردیان بۆیان هەڵنەهات کوڕە ئاغا هاتە خوارێ و سەری سندووقەکەی هەڵگرت، تەماشای کرد گیانلەبەرێکی تێدایە هەر نەختێک دەموچاوی دیارە دەنا تەواوی لەشی کەوڵە. گوتی ئەتۆ چی؟ دێوی، درنجی چی؟ ئەویش گوتی: ناوەڵڵا نە دێوم، نە درنجم، ئادەمیزادم و بەرگ و لیباسم نییە و بێ کەسوکارم بۆیە وام لە خۆم کردووە. کوڕە ئاغا زگی پێ سووتا و لێی پرسی: لانک و شتت پێ ڕادەژێ، دەتوانی کارێ بکەی؟ کچەکە گوتی: بەڵێ. کوڕە ئاغا لە سندووقەکەی دەرهێنا و سواری پاشکۆی خۆی کرد و بردیەوە ماڵێ. بەدایکی گوت دایە ئەو ئافرەتە فەقیرەم بۆ هێناویەوە. بۆ خۆت هەر لانک و شتی پێ ڕابژێنە و بینێرە بەرقازان. دایکی گوتی جا ڕۆڵە ئەوە چییە ئەو تیسکنە، کوا پیاو دەوێرێ لانکێ بەوەی ڕابژێنێ. کوڕە ئاغا گوتی دەی جا چبوو دایە، فەقیرە. دایکی گوتی زۆر باشە کوڕم.

ڕۆژێک تیسکنێ گوتی دایەخانم گیان، پاروێک سابوون و شانێکم دەیە دەچم لەو چۆمەی بڕێک سەر و سەکوتی خۆم دەشۆم. خانم شانە و سابوونی دایە و تیسکنێ چووە چۆمێ. کوڕە ئاغاش بەسواری بارگینێکی بەدەم چۆمیدا دەهاتە خوارێ، لە پڕ دیتی تیسکنێ کەوڵی لەسەرخۆی داماڵی و، ئەگەر کەوڵی فڕێدا جوانێکی دیت وەک مانگی





چاردە جوان بوو کە چاوی لەبە هەڵنەدەهات.

بەڵێ تیسکنێ خۆی پاک و خاوێن شوشت و کەوڵەکەی لەبەرخۆی کردەوە و هاتەوە ماڵێ.

لای ئێوارێ کوڕەکە، دایکی بانگ کردە دیوەخانێ و گوتی دایە ئەگەر شەوێ نان و چات بۆ ناردم، لە تیسکنێ بەدەر کەس حەقی نییە نانم بۆ بێنێ. دایکی گوتی ڕۆڵە جا چۆن مەجوعمەی بەتیسکنێ دا بنێرم، چۆن بێزت دێ؟ گوتی هەر دەبێ ئەو بۆم بێنێ. بەسێ نۆکەراندا نانیان بۆ نارد هەر فڕێی دا. خانم گوتی تیسکنێ هەستە ئەتۆ نانی بۆ ئاغای بەرە. تیسکنێ گوتی جا دایە خانم چۆن ئەمن نانی بۆ ئاغای بەرم؟ دەستی کرد بەگریانێ. خانم گوتی هەردەبێ بۆی بەری دەنا ئاغا قەڵس دەبێ، برۆ نان و شتەکەی لەبەر دەرکێ دانێ و بگەڕێوە.

تیسکنێ مەجوعمەی هەڵگرت و چووە دیوەخانێ. کورە ئاغا گوتی دانێ و وەرە ژوورێ. تیسکنێ گریا، گوتی نایەم. کورە ئاغا تووڕە بوو، گوتی ئەگەر نەیە ژوورێ بەو شیرەی لەت لەتت دەکەم.

بەڵێ تیسکنێ چووە ژوورێ، تاوێکی پێ چوو تیسکنێ هەر نەهاتەوە، خانم گوتی دابڕۆن بزانن تیسکنێ چی لێهات، نەکا ئاغا کوشتبێتی!

ئەگەر چوون تەماشایان کرد کەوڵی لەبەر تیسکنێ هێناوەتە دەرێ، تیسکنێ جوانێکە وەک مانگی چاردە. کوڕە ئاغا بەدایکی گوت بڕۆن مەلای بێنن لێم مارەکەن. مەلایان هێنا و لێیان مارە کرد و شایی و زەماوەندێکی خۆشیان بۆ کرد.

***

## حەوت برا و یەک خوشک

کوڕێکی جحێڵ لە ماڵە خۆی ڕا باراشی سازکرد و هات بۆ ئاشی ئەگەر هات نۆرەی وەبەر نەکەوت، گوتیان براگیان ئەوڕۆ نۆرەت نایە، بارەکەت دانێ و بۆ خۆت هەڕۆوە ئاوایی. کوڕەکەش باراشەکەی لە ئاشی بەجێهێشت و ڕووی لەناو ئاوایی کرد و چووە مزگەوتێ. جحێڵ و محێڵ خڕببوونەوە باسی کچانیان دەکرد. ماڵێک هەبوو حەوت برا بوون و تاقە خوشکێکیشیان هەبوو، خوشکەکەیان کە زۆر جوان چاک و لەباربوو، نەجوابی کەسی دەداوە و نەمێردی بەکەسیش دەکرد. جحێڵەکان باسی ئەو ماڵە و ئەو کچەیان دەکرد. کوڕە جحێڵەکەش کە گوێی لەو قسانەبوو ڕووی تێکردن و گوتی ماڵە

ئەو کچەم پێشان بدەن، ئەگەر ئەو کچەم ڕازی کرد کە مێردم پێ بکا دەبێ بەخۆڕایی بمدەنێ. ئەگەر مێردیشی پێ نەکردم ئەوا کەر و باراشەکەو، بۆ بەجێ دەهێڵم.

جحێڵەکان گرێویان لەگەڵ کرد، قەول و قەراریان دانا و کوڕەکەیان بردە ماڵە کچەکەی.

کوڕەکە چووە ماڵی کچەکە و سڵاوی لێکرد، کچەکە سڵاوی لێ ئەستاندەوە و گوتی براله زۆر بەخێربێی، دەڵێی لە ئاشی بووی؟ کوڕەکە گوتی بەڵێ لە ئاشی بووم. گوتی جا ئێرە ماڵە میوانانە، نان و پێخۆرت دەوێ، چرات دەوێ، ئاوردووت دەوێ، هەر چیت دەوێ هەیە. کوڕەکەش لەوێ دانیشت و قوونی وەسەر کۆنە جلێکی دا و دەستی پێکرد و گوتی:

هەلاڵە لە تەڕە زنان
با بۆت بکەم مەدحی ژنان
لە بۆت بکەم مەدحی یاری
ئەو یاری گەردەن بەخاڵی
کەزیەی لەملان بوون بەگۆپاڵ
سەبر سەبر دێمە ناوباڵ
ڕازیم نەکەی ناڕۆم لەوێ
هەر ئێستا ماچێکم دەوێ
کچ دەڵێ:
هۆ هەتیوە کاروانییە
هەستە بڕۆ دەر لەو خانییە
پێت قاییل نیم کەلکت نییە
...............
ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ
حەوت برایان خوێنیان دەوێ
کوڕ دەڵێ:
ڕەبی حەوت برات بمری





قەدری من چاتر دەگری
ئەوڕۆ لە دوێنێ جوانتری
جارجار چاوم لێ دادەگری
ڕازیم نەکەی ناڕۆم لەوێ
هەر ئێستا ماچێکم دەوێ
کچ دەڵێ:
لێت دەبمە ماری سپییە
چل گەز دەچمە بن عەرزییە
لێت ون دەبم وەک دەرزییە
بۆ دیتنەوەم چارت چییە
ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ
حەوت برایان خوێنیان دەوێ
کوڕ دەڵێ:
دبمە مەلایەکی عیلم زانە
لە دەورت دا دەنێم فەقێیانە
دەرت دێنم بەعیلمی کتێبانە
لێت دەبڕم بڕ و بەهانە
ڕازیم نەکەی ناڕۆم لەوێ
هەر ئێستا ماچێکم دەوێ
کیژ دەڵێ:
لێت دەبمە سێوی سەرپەڕێ
نامبینێ کێ بۆم بگەڕێ
بشیەی سەد بەڵات دێتە ڕێ
کەس ناتوانێ بکا زەڕێ
ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ

حەوت برایان خوێنیان دەوێ

کوڕ دەڵێ:

لێت دەبمە نەخۆشێکی گران

نە لاقان دەگرم نە دەستان

دەڵێن نەخۆش چت دەرمانە

ئەی دەڵێم سێوی سەر لقانە

هەی ئەویش لەباغی سێوانە

ڕازیم نەکەی نارۆم لەوێ

هەر ئێستا ماچێکم دەوێ

کیژ دەڵێ:

لێت دەبمە دوو چڵە ڕیحانە

لێت دەچمە باغی فەقێیانە

بێی لێت دەستێنن سەرانە

پێم نابەی هیچ زەفەرانە

ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ

حەوت برایان خوێنیان دەوێ

کوڕ دەڵێ:

لێت دەبمە شوانی بەرخانە

کاوڕێکم دەدەنێ شەرتانە

دەیدەم بە سەرقەڵەمانە

وەردەگرم دوو چڵ ڕیحانە

رازیم نەکەی نارۆم لەوێ

هەر ئێستا ماچێکم دەوێ

کچ دەڵێ:

دەبمە کۆترێکی تەرلانە





دەچمە بن پەڕی هەورانە

لەوێ پێم نابەی هیچ زەفەرانە

ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ

حەوت برایان خوێنیان دەوێ

کوڕ دەڵێ:

ئەتۆ کۆتری ئەمن سەقرم

دەتگەمێ و پێشت پێ دەگرم

دەبەر قاقای زارت دەمرم

ئەورۆ لە دوێنێ چاترم

رازیم نەکەی نارۆم لەوێ

هەر ئێستا ماچێکم دەوێ

کیژ دەڵێ:

هەتیوەی بەگێرە و کێشە

وردە وردە وەرە پێشە

سووچی لێفەی سووک ڕاکێشە

بەعەدەب لاقان تێ کێشە

ئەی هەتیوە دەبڕۆ لەوێ

حەوت برایان خوێنیان دەوێ

دەست لەملانی یەکتر بوون، دەستیان کرد بەماچ و مووچێ. جحێڵەکان کە گرێویان کردبوو دەگەڵ براکانی ئەو کچە لە پشت دەرگا و لە کۆڵانێ خۆیان گرتبوو، خەبەریان بردە مزگەوتێ، گوتیان بابە وەڵڵا کچەی ڕازی کرد. هەر بەو شەوەی کچەیان لێ مارەکرد، باراشیشیان بۆ لێکرد و بەخۆی و بەدەزگیران و باراشی بەڕێیان کردەوە ئاوایی.

***

## بەیتی گەلۆ

وێژەر: حەمەدی ئاغای

ئەو شاعیرەی کە «گەلۆ»ی گوتووە، داد و بێدادی گەلی خۆبەتی دەیکا و دەڵێ پەڕاگەندە بوون بێر و بەوێدا، ئەی گەلۆ.

جا ئەگەر بەنێوی گوڵانیشی نێو دەبا، دەڵێن دەگەڵ «حەزرەتی پێغەمبەرێتی». دەڵێ:

ئای ئای خەمی دە دڵم ئەوە بۆ وا پەڕاگەندەن بێرە و بەوێدا ئای گەلۆ..........

ئای گەلۆ ئەمن سەرم دێشێ، دڵی من غەریب و غەریبەماڵی ئەوە دەکاتە تەگبیر و ڕایێ، بەڵام ئەوە کێشە و هەڵایەک پەیدا دەبوو، دە مەعبەینی جوانترین گوڵی دەبەهارێدا و هەوەڵێن خەت و خاڵی دەشیرن لەیلایێ.

جا ئەوە گوڵان دەیانگوت با ئەمە ئەو نیزاحەی لەنێو بەرینە دەرێ بچینەوە لای بایێ شەماڵێ گەلێک پیاوێکی قەدیمە.

ئەو دێ و ڕادەبرێ سەیرانان دەدا لەسەر ئەوێ کاولە دونیایێ مەعلوومە ئەو دەگەڵ گوڵان دەکاتەوە ساز و سەودایێ پرسیاری لێ دەکەین با بۆن مەعلووم کا بزانێ ئەمە جوانترین، یان خەت و خاڵی دەشیرن لەیلایێ.

جا ئەوە هەڵاڵێ دەیگوت بە بەیبوونی، بەیبوون دەیگوت بەسوورە گوڵێ، سوورە گوڵ دەیگوت بەرەشە ڕیحانێ، ڕەشەڕیحان دەیگوت بەگیا بەند و خاوێ.

جەمع دەبوونەوە، دەچوونەوە لای بای شەماڵێ، دەیانگوت شەماڵ ئەتۆ پیاوێکی گەڕیدەی و، دێی و ڕادەبری لەسەر ئەو کاولە دونیایێ. مەعلوومە ئەتۆ دەگەڵ گوڵان دەکەی ساز و سەودایێ.

شەماڵ تۆ خوڵاکەی با ئەو نیزاحە لەنێوان بچێتە دەرێ. ئەتۆ بۆن مەعلووم کە بزانە ئەمە جوانترین، یان خەت و خاڵی دەشیرن لەیلایێ.

بەڵام دەبێ شەماڵ ئەگەر شەرحێن بگۆڕی، ئەتۆ بێ نان و ئاو بی ئەو ڕۆژەی ئەگەر تەرازوو و میزان ڕۆدەندرێن و، خێر و شەڕ بەش دەکرێن لەسەر بەردی سەخرەتوڵایە.

شەماڵی ماڵ وێران دەیگوت بەخودای، گەلی دەگوڵان، ئەمن پێم وایە هەمووتان گوڵی دەبەهارێن گەلێک پەشمن. ڕەشمن، بۆن خۆشن. بەڵام ئەگەر لەبەر بارانەی پەڵەی نەبێ. ئەنگۆ ناگرن بەری شیددەتی دەگەرمایێ. ئیشک هەڵدێن و، پشوێک





«با» لێودەدا، بەعامو دەچنەوە باری فەنایە.

ئەمن گوڵێکم پێ لەنگۆ جوانترە ئەگەر ساڵ دوازدە مانگە لەسەر ڕەنگێکە قەت تەئخیر و گۆڕانی بەسەر نایە.

گوڵینە بەخوڵای گلەیی مەکەن ئەنگۆ هێندەن و، هێندەی دیکەش بن ئەگەر ئەو بولبولەشو بێتە گەڵی کە دەخوێنێ لە باغی شەددایە وێستا نابن بەخاڵێکی دەشیرین لەیلایە، های غەمی لە دڵم دە وەرە ڕابرە، های گەلۆ...

***

## بەیتی سێوەخان

بابی سێوەخان کوڕێکی برازای خۆی هەبوو بەناوی محەمەد، پێی گوت: محەمەد وەرە هەتا حەوت ساڵان خزمەتی من بکە ئەو دەمی لەپاش ئەوەی کە شەرتت پەڕی ئەمن سێوەخانت لێ مارەدەکەم، پاشان ئەگەر کەیفت لێ بوو لێرە بمێنەوە، کەیفت لێ نەبوو ئەوا سێوەخانیش دەگەڵ خۆت بەرە. ئەوجار هێنای سێوەخانی لە محەمەدی برازای مارەکرد. محەمەدیش حەوت ساڵان خزمەتی بەبابی سێوەخان کرد.

حەوت ساڵە تەواو بوو، لە مەودای ئەو حەوت ساڵەدا محەمەد سێوەخانی بەدەستەوە نەگرتبوو، بەڵکو هەر بەمارەکراوی مابۆوە. محەمەد و سێوەخان زۆریان یەکتر خۆشدەویست، دڵیان زۆر پێکەوە بوو. کەچی پاش تەواوکردنی حەوساڵ خزمەت، باوکی سێوەخان لە محەمەدی کەوتە فێڵێ و، سێوەخانی نەدایە. پێی گوت ئەمن سێوەخانێ نادەم بەتۆ ئەوە غەدرێکی زۆر گەورە بوو کە لە محەمەدی کرد.

ئەوە ڕۆژێکی دەرۆژاندا، سێوەخان بە محەمەدی دەگوت محەمەد وەرە دەستم بگرە تا بڕۆینە ماڵی شێخ مەحموودی بابی لەتیف حاکمی سولێمانییە، ماڵی مەسڵەتکەر و، ژن هەڵگرانە، قۆناغی غەریبانە. ئەتۆ نەهاتی، لای باوکی من قەولو بڕی بەوەعدەی حەوت ساڵان. لە پاش حەوت ساڵان کە تۆ خزمەتی خۆت بەباوکی من تەواو کردییە باوکی من زاڵم و بەدبەختە ئەمن لە تۆ زەوت دەکردییە عەمرەکەم بەباچوو، نامدا بەتۆ، وەرە دەستم بگرە، وەی نەمێنم یارێ. ئەو جارەکە محەمەد دەیگوت:

ئاخر سێوەخان ماڵە شێخ مەحموودی ئەوەندە دوورە لە چەنگی دوژمنان دەربازمان نابێ. ئەگەر ئەتو دەگەڵ من بێی ئەمن دەستی تۆ دەگرم و دەڕۆینە خوارێ لە بۆ بازاڕی (سیلکێ) لەبۆ ماڵی حوسێن ئاغای لەناو تورکان ماڵە مەسڵەتکەر و ژن هەڵگرانە،

قۆناغی غەریبانە.

سێوەخان دەیگوت: کوڕە ناچینە ماڵە حوسێن ئاغای بازاڕی (سیلکێ) ئەمن دەزانم تورک بەدبەختن، ئەگەر بچینە قەسری دیوەخانی حوسێن ئاغای، بێتوو چاوی بەمن بکەوێ تەماعم تێدەکات و ئەتۆ دەکوژن لە وڵاتی غەریبان، ئەمن بە بەندەواری و بەیەخسیری لەناو تورکان بەجێ دەمێنم.

هەرچەندە سێوەخان بە محەمەدی دەگوت، محەمەد بەقسەی سێوەخانی نەکرد. ئەوە نوێژی مەغریبێ بوو محەمەد پیلی سێوەخانی دەگرت و دەرۆینە خوارێ لە بۆ لای بازاڕی (سیلکێ).

دوازدە شەو و دوازدە ڕۆژان بەرێوەبوون، وەختێکی تەشەبووسیان بەقەسر و دیوەخانێ حوسێن ئاغای کرد.

حوسێن ئاغا لەسەرێ، لە قەسر و دیوەخانێرا دەنۆڕی ئەوە محەمەد هاتووە سێوەخانی پێیە. دەگەڵ چاوی بەسێوەخان دەکەوت عاشقی سێوەخان دەبوو. کوڕێکی هەبوو نێوی ڕەشید بوو، دەیگوت ڕەشید برۆ میوانان بەئەدەب دابەزێنە، نازانی محەمەد هاتووە؟ پێیە. ئەمما ئەمن سێوەخانی بە قابیلی محەمەد نابینم، برۆ دای بەبەزێنە.

فەوری چوار پیاوان لە محەمەد هان بدەن، محەمەدی بدەن بەچواردەستان بلێندی کەن دەستانی گرێ بدەن بەکەندری، لاقانی سندم کەن، سێوەخانی لە دوو خۆ ڕاکێشن لە بۆ منی بێنن بۆ قەسرێ، تا من بیکەمە خەلاتی خۆم.

محەمەد نەیزانی کە لێی لەفێلن، ئەگەر دایان بەزاندن جێبەجێ چوار پیاو هاتن خۆیان لە محەمەدی زی کرد. محەمەدیان بەچوار دەستان بلێند کرد، فەوری دەستی محەمەدیان گرێ دەدان بەکەندری، لاقیان سندم کردینە، دەیان بردە تەویلەی ولاغان دەرگایان لەسەر گاوک دەدا.

سێوەخانیان لە پێش چاوی محەمەدی لە دووی خۆیان ڕادەکێشا بەیەخسیری بۆ قەسرێ زۆری لۆ حوسێن ئاغای.

ئەگەر حوسێن ئاغا لەسەرێ، قەسری دیوەخانی، سێوەخانیان بردەلای، ڕووی لە حوسێن ئاغای دەکرد و دەیگوت کوو وا دەبێ، حوسێن ئاغا میوان بەخێرهێنان؟ نازانی ئەمە لە دووی قۆناخ و مەنسووریەتی تۆ هاتووینە. حەوت ساڵان محەمەد کوڕێ تاقانەی دوو تاقە برا و چوار خوشکە، لە وڵاتی غەریبیانە، حەوت ساڵانی خزمەتی ماڵەبابی سێوەخانی کردییە، بەقەول و برێ، ئەمن لەبەر نیکاحی محەمەدیم مارەکرایە.





محەمەدم حەوت ساڵە دەزگیرانە، سوێند دەخۆم محەمەدم غەیانەتی بەمن نەکردییە. توخوا سینگ و مەمکی منی لۆ خۆ پاوان کردووە، حەوت ساڵە ئەمن سوێند دەخۆم بێنی نەکردییە.

توخوا حوسێن ئاغا جوو بووم و، لەسەردەستی تۆ موسڵمان دەبم محەمەدیم بۆ بەرەڵڵا بکەن تا من برۆم و بمرم لە غەریبیان.

ئەوجار حوسێن ئاغا دەیگوت:

سێوەخان شین و گریانی تۆم بێ فایدەیە، نازانی محەمەدی تۆم وەکو ماسی دەرمانخوارد کردووە و کەوتۆتە بن چۆم و ڕووبارێ. تازە لە بۆ تۆ نابێ، ئەتۆ کۆترێکی زەمانی وەدەستم کەوتووی لەدەستی من خەلاست نابێ. هەتا مردنێ هەر ئی منی و بۆ من چاکی و بەمن حەلاڵێ.

سێوەخان دەیگوت:

حوسێن ئاغا، مادام ئەگەر پیاو تەشەبووسێ بەقەسر و دیوەخانێ تۆ بکا تۆ تەماعی تێبکەی، مادام ناموسوست وا بی بێنە لە پێش چاوی من ژن و ناموسی خۆت لە بۆ محەمەدی تەلاق بدە جا ئەوجار لە دوایە ئەمن بکە حەلاڵی خۆت. باپاشی محەمەد بمرم لە غەریبێ.

جا ئەو جار کە ئەو قسەی بەحوسێن ئاغا دەگوت دین لەکن حوسێن ئاغای نەما. بانگی ڕەشیدی کوڕی دەکرد و دەیگوت وەرە ڕەشید تەگبیرێ لە محەمەدی و سێوەخانی بکە، دەیگوت تەگبیری من لەسەر مەسلەحەتی تووە، هەتا سێوەخان محەمەدی شک بەری لووت بەمندا ناهێنی بەمن قایل نابێ. دەیگوت باوکی من تەگبیری تۆ چییە؟ دەیگوت محەمەدی دەرکەی لەسەر گاڵەوگرێ دراون دوو دەستی بەستراون بەکەندری، لاقی سندم کرانە، هەرۆ خەنجەری ڕووتم بۆ لە دەستی بگرە محەمەدی لە تەویلەی وەلاغاندا دەرگای لەسەر گاڵە و گرێ دراون هەرۆ جووتێ خەنجەرانم بۆ لە سینگ و سەدەفی محەمەدی بدە، دەستی گرێ دراون بەکەندرێ لاقی سندم کرانە، محەمەدیم بۆ شەقار شەقاری خەنجەران بکە ئەوجار جلکی دەخوێناوی محەمەدی بۆ سێوەخان بێنە. ئەگەچاوی پێ کەوت سێوەخان مەجبوورە، هەر قایلە، قایل نەبێ من دەکەم حەلاڵیە.

ئەو جارەکانێ ڕەشید دەهات وەکی قەسابان خەنجەری ڕووتی لە دەستی دەگرت. ئەو محەمەدی کە دەرگای لەسەر گاڵە و گرێ دراون، دەستی بەستراون بەکەندری... ئەی هاوار.

ئەگەر ڕەشید دەرگای لەسەر هەڵگرت تەماشای کرد محەمەدی لە حەسرەتی سێوەخانێ خەوی لێ کەوتووە، لەنێو زبری وەڵاغاندا ئەگەر محەمەدی خەوی لێ کەوتبوو، ڕەشید بەسەر سەری هەڵدەوەستا و دەیخوڕی محەمەدی، چاوم بۆ بڵند بکە. محەمەدی لە خەوی شیرین خەوێدا چاوی بڵیند دەکردن. ئەگەر تەماشای ڕەشیدی دەکرد، خەنجەری ڕووتی لەدەستی ڕەشیدی دا دەدیت لە خۆشیانی دەیگوت ڕەشید ئاغا چ خەبەرێکی خۆشت لە بۆ من هێناوە؟ هاتووی دەستانم دەکەیەوە لە کەندرێ، لاقانم بێنیە دەرێ لە سندمێ؟ پیلی سێوەخانم وێ دەدەی و دەرم دەکەی لە وڵاتی غوربەتی و غەریبیان، ئەی نەمێنم.

ئەوجار ڕەشید دەیگوت: نازانی ئەمن ئیزرائیلی قەبزی ئەرواحی تووم، ئێستا لێرە ئەتۆ دەکوژم؟ خەنجەرم بۆیە لەدەستی خۆ گرتووە هەتا سێوەخان ئەتوو شک بەرێ لووت بەباوکی من داناهێنێ، بەبابی من قایل نابێ.

ئەوجار محەمەد دەیگوت: ئەی هاوار، ئەی هاوار، تۆ خودا ڕەشید ئاغا مەمکوژە خۆ ئەمن گیای ئێوارە نیم خەنجەرم لەبەر تاقی مەکەوە. نازانی ئەمن دەستم بەستراوە بەکەندرێ لاقم سندم کرانە؟ ئەمن تاقانەی دوو برا و چوار خوشکم لە وڵاتی غەریبیانم، حەوت ساڵانم خزمەتی ماڵە بابی سێوەخانێ کردیە، لەپاش حەوت ساڵان باوکی سێوەخانێ پیاوێکی زاڵم و بەدبەخت بوو، سێوەخانی نەدامێ ئەمنیش دەستم دەگرت و تەشەبووسم بەقەسری دیوانخانی حوسێن ئاغای بازاڕی سیلکێ کردووە کو دەزانم وا بەدبەختە. وای لێی ڕەشید تو خودا مەمکوژە، سینگ و مەمکی سێوەخانم لێ بەمیرات مەکە، ئێستاکە دەمکوژی هەر دەمکوژی، نامکوژی هەر دەمکوژی، تۆخودا مادام کە دەمکوژی بڕۆ پیلی سێوەخانم بۆ بگرە بۆم بێنە ئێرە تا چاوم پێی بکەوێتەوە لە دڵم نەبێتەوە کۆرپەی مردنێ.

ئەوجار ڕەشید بە محەمەدی دەگوت چاوم لە بۆ بقووچێنە تا دوو سێ خەنجەران لە سینگ و سەدەفان بدەم. محەمەدی دەستی بەستراون بەکەندرێ، لاقی سندم کرابوون، ڕەشیدی هەڵدەکوتانە سەر محەمەدی، شەقار شەقاری خەنجەرانی دەکا. ڕانک و چۆغەی محەمەدی ئاوریشمن لە خوێنێ دا شەڵاڵ بوون، نەیدەهێشت ڕوحی لەبەر بچێتە دەرێ پشتێنی لەبەرکرد و ڕانک و چۆغەڵی پێداکەند، لەدەستی خۆی گرت و لە بۆ سێوەخان دەیبردن بۆ قەسرێ زۆری، ئەگەر سێوەخانی لەسەری قەسری دیوەخانێڕا دەینۆڕێ جلکی محەمەدی لەدەستی ڕەشیدی دابوون، دەیگوت چ قەوماوە لە محەمەدی من؟ ڕەشید ئەوە جلکی محەمەدی من بۆ لە دەستی تۆدایە؟





دەیگوت نازانی سێوەخان ئەوە جلکی محەمەدیم بەنیشانە لۆتۆ هێناوە تا بە باوکی من قایل بی شەقارشەقاری خەنجەرانم کردییە؟ ئەی هاوار، ئەگەر سێوەخان جلکی لەدەستی ڕەشیدی وەردەگرت لەسەر دەستی خۆی دادەنان، هەمووی کەلێن کەلێن کردبوون بەخەنجەران. هەتا سەعاتی حەوت و هەشتی شەوێ جلکی محەمەدی بەبۆنەوە دەکرد و فرمێسکی هەڵدەوەراند. جا ئەو جار لە پاشی سەعاتی حەوت و هەشتی شەوێ دەیگوت خودایە، هاوار و سەد هاوار خۆ ئەمن محەمەدم چوو محەمەدم نەماوە، تازە ئەمن هەر چەندی دەکەم لەدەستی تورکان دەرباز نابم مەسڵەحەتم وایە لەسەر قەسری دیوەخانی ئاغای خۆم فڕێ بدەم، خۆم بکوژم باوەدەستی تورکان نەکەوم.

جا ئەوجار هاوینە، هاوینێکی گەرمە سێوەخان دێتە سەری قەسری دیوەخانێ ئەگەر خۆی فڕێ بدا، ئەوە نیوە شەوە ئەگەر دێتە سەری قەسری دیوەخانێ تەماشا دەکا حوسێن ئاغا لەناو دۆشەگ و بالیفاندا خەوی لێکەوتووە، داری دەبەڕووی بەڕووتی لەبن سەری داندراوە.

سێوەخان دەیگوت: خوایە هاوار و سەد هاوار، خودایە ئەمن پارێزێکی بەرم لە بۆ حوسێن ئاغای، حوسێن ئاغا لەمن بەخەبەر نەیە دەمانچەی لێ بدزم.

جا ئەوجار پارێزێکی دەبرد بۆ حوسێن ئاغای دەمانچەی لەبن سەری حوسێن ئاغای دەرکرد، ناوی خودا و ڕەسوڵانی هێنا، دەرکەی دەمانچەی سووڕاند و دوو دەمانچەی دەدا لەسەری حوسێن ئاغای. ئەو حوسێن ئاغای لەناو دۆشەگ و بالیفاندا دەکوشت. هات بڕوا، ئەوە غولام تێکیان ڕاخوڕی گوتیان ئەوە سێوەخانە، نەهێنلن دەرچێ، بیسووتێنن بەئاگری.

لە هەر چوار دەورانڕا دەبارینە سێوەخانی تا بیگرن بیکوژن.

خەبەریان دایە ڕەشیدی. ڕەشید دەردەپەڕێ بەسەری ڕووتی بەپێی پێخواسی کە سێوەخان بگرێ و بیکوژێ.

سێوەخان دەمانچەی نا دەبەرلکی چارەکەی کەتانی، ئەگەر ڕەشیدی لێ وەدەرکەوت دەیگوت: ڕەشید نازانی ئەمن بە باوکی تو سەرگرانم، قابیلی نیم و قابیلی نابم. ئەمن ئەگەر محەمەدم چووە لەبۆتۆ نەبێ لە بۆکەسی دیکە نابم. ئەوجار ڕەشیدیشی فریودا. ئەگەر ڕەشید لێی نیزیک دەبوو کە ماچی بکا، دەگەڵ سێوەخان ڕەشیدی لێ نیزیک دەبوو، دەمانچەی لێ هەڵدەکێشا و دوو دەمانچەی دەدا لە زاری سەری ڕەشیدی. ئەوجار سێوەخان دەیگوت: لەو دونیایەدا حەیفە ڕێوی بێ لە جێی شێران، گۆڵە بارگین

بێتە سەر ئاخوڕی کەحێلان، دەستی هەتیوچە و بێ ناموسان بێتە نێو باخەڵانم لەبۆ شەمامەگرتنێ. جا ئەوجار دەمانچەی هەڵدەکێشا و دوو دەمانچەی لە زاری سەری خۆیدا و مەیتی خۆی دەخستەوە لەناو مەیتی ڕەشید و حوسێن ئاغایە.

ئەو بەیتە لە زمانی «حەسەن ڕەسوڵی»ڕا نووسراوەتەوە.

***

## بەیتی تاڵانی عەلی بەردەشانی

وێژەر: حوسێن شەشە (کەنیلە)
بۆپانەی سەردەشت

عەلی بەردەشانی شاعیرێکی بەنێوبانگ بووە کە هەموو کەس نێوی بیستووە، ماڵی لە بەدەردەشانێ بوو، ژنێکی بوو نێوی پەروەر بووە. پەروەر ژنێکی زۆر جوان بووە. عەلی بەردەشانی لە ماڵ نەبوو، شاگردێکیشی هەبوو نێوی حەمەڕەش بوو. لەشکری عوسمان پاشای دەهات بچێ بۆ لای وڵاتی خۆشناوان و بۆ وڵاتی بێتواتێ.

ئەوەی لەو بەیتەدایە، چوونی چەند سوارێکی عوسمان پاشایە بۆ ماڵی عەلی بەردەشانی بۆ ئەوەی کاو و جۆ و ئەو جۆرە شتانە وەربگرن. دیارە عەلی بەردەشانی لە ماڵ نابێ، کاتێ ئەوە دەزانێ دەچێ شکایەتێ دەکا و دەڵێ سواری عوسمان پادشای تاڵانیان کردووم و بەتاڵانی دادەنێ کە ئێمە لە خوارێ ئەو هۆنراوەی عەلی بەردەشانی کە بەشێوەی بەیت وتوویەتی دەیخوێنینەوە.

«سوار هاتن لە لەشکری عوسمان پاشای، سوارێک چووە دەرکی ماڵە عەلی بەردەشانی، ژنی عەلی بەردەشانی وەدەرکەوت و گوتی: ئەوە چییە، کاکە چت دەوێ؟ گوتی: بێنە کایێ بێنە، جۆیە بێنە بۆ وڵاغی، ئەویش گوتی ئێرە ماڵە عەلی بەردەشانییە، خەرجی نەداوە بێگاری نەکردووە.

گوتی ئەمن نازانم، ئەمن کارم بەعەلی بەردەشانییەوە نییە. ئەمن کارم بەوە نەداوە بێگاری نەکردووە یا خەرجی نەداوە، کاو و جۆی بێنە بۆو وڵاغەی من، ئەمن لەشکرچیم.

بەڵێ جا دەڵێ ژنەکە بەغارێکی چوو سەوەکایەک و ڕبێکی جۆ بۆ هێنا و دەبەر وەڵاغی کرد. وەختێکی لەشکر ڕۆیی و عەلی بەردەشانی هاتەوە و گەیشتەوە دەرکێ، گوتی ئەو کاوکۆتە چییە؟ گوتی بوویە قونی شەقان و بەربێگار بووی، گوتی چییە؟





گوتی چۆن چییە، سوارێک هاتووە لە ماڵێ دابەزیوە و بەزۆرداری سەوەکایەک و ڕبێکی جۆ پێ هێناوم پێی دەبەر وڵاغی کردووم.

گوتی هەی نەبێ! گوتی بەڵێ. جا گوتی ئەگەر وابێ زۆرتری بەدوایەدا دەڕوا بانگی حەمەڕەشی کرد و گوتی کەرێم بۆ جل کە و، با بڕۆین. کەری بۆ جل کرد و عەلی بەردەشانی سواربوو و حەمەڕەشی وەپێش خۆیدا و ڕۆیی بۆ شارەزوورێ بۆ قەڵاچوالانی شارەزوورێ بۆ کن ئاوڕەحمان پاشای بەبان. بەڵێ ئەگەر چۆ وێو دابەزی خەبەریان دا گوتیان: عەلی بەردەشانی هاتووە. ئاوڕەحمان پاشا گوتی با بێتە سەرێ. بەقەولێکی دەگێڕنەوە، دەڵێن پلیکانی قەڵاچوالان ئەگەر جێیەکی حاسێ و بڵیندە، دەڵێن شێست پلیکان بووە هەتا وەسەرکەوتن. عەلی بەردەشانی وەسەرکەوت و سڵاوی کرد. ئاوڕەحمان پاشا لێی پرسی و گوتی: ها، عەلی چۆنە هاتووی؟ گوتی قوربان چۆنە هاتووم؟ تاڵانیان کردووم. گوتی چۆن؟ کێ تاڵانی کردووی؟ گوتی وەڵڵا وەسمان پاشای برات. گوتی تاڵانەکەت چییە؟ گوتی قوربان میرزایەکی دانێ بینووسێ هەتا ئەمنیش عەرزت بکەم.

بەڵێ جا دەڵێ میرزایەکیان هێنا کە ماڵە عەلی بەردەشانی حیساب بکا و بینووسێ، بزانێ تاڵانەکەی چەند بووە، ئەگەرچی هەر سەوەکایەک و ڕبێک جۆ بوو، جا دەستی پێدەکا:

دەڵێ:

ماڵێک بووم لە ڕێزێ ماڵان
ماڵێک بووم لە ڕێزێ ماڵان
تاییێڕە سوورێ سەر هەرزاڵان
چەند پڕ و پڕێسکەی منداڵان
داس و چەکوچ دەگەڵ ناڵان
دەمدا لەبەر پێی حەداڵان
هەموویان بردووە بەتاڵان
ئاخ درێشەم وەکو چەقڵێ
زیابرنیگ دەگەڵ شەی خوریە
بۆ وانم دەهات گریە
بۆ وانم دەهاتن گری
بە کوڕی یاقوب پێغەمبەری

جا حەدەم نییە نێوی بەرم
کلاو و دەسرۆکەی سەرم
ئەو عەبای دوێنێ دەبەرم
بەشیان دەکرد بەرانبەرم
لە داخان دەمگوت ئافەرم
حەوت عەمبار برینج و ساوار
هەموویان لێنان بەبن بار
هێندێکیان خوارد هێندێکیان ڕیت
هاتنە سەرم بە فیتەفیت
ڕاستییە پوولێم پێ بلێ دەویت
حەفدە کووپە هەر قاورمە
چاردە کوپەلە شاورمە
کێیە بەو پەنیرەی شەرمە
وەکو هوڕەی لۆکەی نەرمە
حەوت چاڵ گەنمی ئیشکا و ئیشک
چاردە بارۆکە دە مریشک
حەوت چاڵم هەبوون گەنم و جۆ
پێنسەد باتمان لۆکە و پەمۆ
هەموویان بردووە پیاوی تۆ
ماڵ وێران بووم و ڕەنجەڕۆ
بیور و تەشی و تەورداسە
نێر و ئاموور و مەساسە
چەند گوریس، کەژوو، قەیاسە
چەند کەوچک و چەندە کاسە
بۆم هەڵکێشاون هەناسە
میر پێم دەفەرمووی چ باسە
حەوت چاڵم بوون هەزن و کزن
پێنسە مەڕ و سێسەد بزن
سوار لە دەرکێم دادەبەزن





هێندێکیان دێن هەڵدەبەزن
کاوو جۆم لە ماڵێ دەدزن
کەرەکەم شینی گوێ لار بوو
باری کەمی حەوت تەغار بوو
عەلیە کوێری لەسەر سوار بوو
ڕۆینی سەبری نەرمەغار بوو
بەردەشانیم عەلیە کوێرم
ماوە دار عەسا و شمشێرم
پادشام خۆش بێ پێی دەبژێرم

بەڵێ جا گوتی: ئەو تاڵانە بەچەندی پڕ دەبێتەوە؟

گوتی قوربان بۆ خۆت لێت مەعلوومە، نووسیوتە داخودا چەندی دەوێ. دەڵێن سەد شەکی یەکساڵەی دایە. جا گوتی شوانی بۆ ساز کرد و گوتی ئەو شەگەلەی بۆ عەلی بەردەشانی لێخوڕن.

حەمە ڕەشیش گوتی: ئەمن تفەنگێکم دەوێ. گوتی بڕۆن تفەنگێکی بۆ حەمە ڕەشی بێنن. ئەویش تفەنگێکیان بۆ هێنا.

حەمەڕەش تەماشای کرد گوتی: قوربانی ئەمن تفەنگێکم ناوێ ساتۆربێ لوولەزلی دەرمان خۆربێ، لە باسکان و لۆرە لۆربێ. ئەمن تفەنگێکم دەوێ تفەنگ بێ، دەرمانی کەم بخوا و لوولە تەنگ بێ، ئەو بەکاری شەڕ و جەنگ بێ.

جا دەڵێ، گوتیان حەمەڕەش بەرن لەنێو تفەنگان بەکەیفی خۆی تفەنگێکی هەڵبژێرێ. حەمەڕەشیان برد بۆ نێو تفەنگان، بەکەیفی خۆی تفەنگێکی هەڵبژارد. بەمجۆرە ئەویش بەتفەنگی خۆی گەیشت.

***

## بەیتی دوو برالان

وێژەر: حوسێن شەشە (کەنیلە)
بۆیانەی سەردەشت

دوو برالە، دوو کوڕ بوون لە وڵاتی گەرمێنێ، ئی بەری خۆشناوان. ئەو دوو کوڕە پیاویان لەدەست زایع ببوو، یەکیان نێوی خدر بوو ئەوی دیکەیان نێوی حەسەن بوو.

کاتێ ئەو دوو کوڕە لە وڵاتی خۆشناوان پیاویان لەدەست زایع دەبێ یەکسەر دێنە وڵاتی لاجانێ، دێنە لای حەمەد ئاغای مامەش کە وەکی ئەمن بیستوومە بابی قەرەنی ئاغای مامەش بووە. ئەو دوو کوڕە دێنە «سێڵوێ» و لەوێ دەمێننەوە.

خـــدریان برێک شـــەل دەبێ و پێی دەڵێن خـــدرە شـــەلە، هەر لەبەرئەوەش بە حەسەنیشیان دەگوت حەسەنە شەل. حەسەن کوڕێکی قۆچاغ دەبێ، ماڵی دونیایەشیان هەر ئەوەندە دەبێ ئەگەر پێی بژین. خدر ژنی دەبێ و برێک شڕەوبڕە. کە دەیهێنن و دێنە وێ ئافرەتێکیش لەوێ دەبێ نێوی فـاتم دەبێ. زۆر جوان بووە و زۆر کەسی بەئاواتەوە دەبێ بەڵام جـوابی کـەسی نەداوەتەوە، کـەچی حەزی لەو حـەسـەنیی دەکرد کە پێـیان دەگوت حەسەنە شەل هیچ کەسیش ڕەوای ویی نەدیوە.

دەڵێن داوەتێک پەیدا بوو گوتیان حەسەنە شەل و خدرەشەلان بێنن. ئەوان ئی چاک دەزانن. خدرەشیان ئاش وەستایی زانیوە و ئاشی سێڵوێیان هەرچی هەبووە داویانەتە بەوی کە چاکیان بکا.

بەڵێ... جا بانگی خدرە شەل و حەسەنە شەلیان کردووە بۆ داوەتێ.

جا دەڵێن خدر گـاوانی گـرت و حـەسـەنە شـەل سـەرچۆپی، ئافـرەتـەکـەش لە داوەتێ دابوو. «جا ئێمە دەڵێین (وانیک) ئەوان دەڵێن (هەنووکە) یا (هینەکە)».

خدرە بە حەسەنەی گوت: حەسەنە، هەنووکە بلێ بەڵام نێوی مەهێنە (مەبەست نێوی ئافرەتە جوانەکەی نێـو داوەتێ بوو) یانی پێی هەڵبڵێ بەڵام نێـوی ئاشکرا مەکە. جا دەستیان پێکرد و هیچ کەسیش نازانێ ئەوە دەگەڵ ویانە.

خدر:

هەوەڵ زاتێ ئەو خودایە
دووەمینەتی بیسمیللایە
بابەتی مەدح و سەنایە
مەدحی قەت دە تاریف نایە
یارم وەکو زولەیخایە
حەسەن: خۆنا هەتیوە بلێ
یارم زولەیخای نازدارە
زولفی بەڕیز دێنە خوارە





لەسەر کولمەی بە قەتارە
بە عامی دەڵێی ڕەشمارە
جەرگ و دڵ بۆی پارە پارە
خدر: خۆنا کاکە، بلێ
جەرگ و دڵم بۆی لە کوڵە
گوارە و لەرزانە و سەڵسەڵە
لەسەر کولمەی پەڵە پەڵە
یارم نێوی ئایشە گوڵە
جەرگ و دڵم بۆی لە کوڵە
حەسەن: خۆنا هەتیوە بلێ
جەرگ و دڵم بۆی لە جۆشە
مەمکی هەناری مێخۆشە
بیبە شاران مەیفرۆشە
عالەم بۆو خاڵەی لە خرۆشە
ئاخ دڵی من بۆی لە جۆشە
خدر: خۆنا کاکە، بلێ
ئاخ لە جۆشە بۆ مەمکانی
سینگت کاغەزی مەرجانی
لەسەردەستی کاتبانی
بیخوێنن میرزای تارانی
هێندێک دەمرن لە سوێیانی
حەسەن دەڵێ: خۆنا هەتیوە بلێ
هێندێک دەمرن لە سوێیانە
لەسەر سینگی دوو فینجانە
هەردوو قامکانیان نێوان

بۆ هەموو دەردێک دەرمانە

خدر دەڵێ: خۆنا کاکە بڵێ

زۆر دەوایە لە بۆ دەردان

وەکو کۆتری نێو شێوەردان

خاسەکەوێ لەسەر بەردان

کیژێ دەدەن بەنامەردان

ئەمەش غەریب و سەرگەردان

حەسەن: خۆنا کاکە بڵێ

هەروەکو کەوێ خاڵ خاڵی

حەزن لێکرد بەمنداڵی

بگا عەدی چاردەساڵی

خودا نایدا بەحەلالی

بەبێ دەنگی دەچمە پاڵی

خدر: خۆنا هەتیوە بڵێ

کەوێ دەگەڵ پۆلێ ئاسکان

کولمەی هەروەک هەرمێ ناسکان

خاسەکەوێ باسکە و باسکان

بەندی بوو بە سیا بسکان

حەسەن: خۆنا کاکە بڵێ

دڵ کەبابە بۆو مەمکانە

وەک تیری سەر بەپەیکانە

لە جەرگی منن نیشانە

حەسەن چۆنت دی ئەو جوانە؟

حەسەن دەڵێ: کاکە

ئێوارێکی نوێژی شێوان





دیوارێکمان بوو بەنێوان

دوو قسەم دەگەڵ کرد بەلێوان

ڕەق بوو وەکو بەردی کێوان

نەرمم کرد وەک توولە مێوان

ماچم هەرزان کرد بەپێوان

خدر: ئەگەر وابێ بڵێ

خالق هەر تۆی پادشا و جەبار

دونیا خۆش نییە بێ گوارەدار

دونیا خۆش نییە بێ نازداران

یارەب خۆش بێ بۆ جار جاران

ناعیلاجم نێوی دێنم

حەسەن: خۆنا هەتیوە بڵێ

نێوی ویم لەسەر زارییە

بەژنی نەمامی ڕەزییە

ڕوومەتی گوڵی جۆرییە ڕوومەت هەروەک گوڵی جۆری

پانیە زەردی پڕ لە مووری

تۆ مەلەکی یانە حۆری

چ مەلەک بی چ حۆری بی

دەتبەم هەرچەند بەزۆری بی

خدر: خۆنا کاکە بڵێ

گەیە ڕێگای قولەتێنێ

ئەوەندەی چاوان هەڵدێنێ

حەوت گۆی زنجیر دەپسێنێ

عالەم بۆی وەحشی دەمێنێ

حەسەن: خۆنا هەتیوە بڵێ

هەڵیان دێنێ چاوی ڕەشی
بەهارە مەحەلی کەژی
مەحەلی کەژ و گیابەنێ
خۆم گەیشتمە سەر قۆشەنێ
گوڵیان دەچنی لەدەم ڕەنێ
خدر: خۆنا کاکە بڵێ
گوڵیان دەچنی کڵاو سووران
ئەڕوانێمە کراس گەنجووران
شێت بووم، کەوتمە باسکە و بووران
حەسەن: خۆنا هەتیوە بڵێ
باسکە و بورەم دەپشکنی ئەتۆ غەیبی یانە ونی
تاوێکی با بچمە کنی
ماچ کەم خاڵی بەر گەردنی
خدر: خۆنا کاکە بڵێ
ئەی خودا لەبانی سەرێ
هەرچی سوڕی ئاشقان بەرێ
بزنەکەی لە کێوی بخورێ
گا جووتی لە ماڵێ بمرێ
کردەوەی قەت وەکۆ نەکرێ
باغی نەگرێ بارێک ترێ
حەسەن: خۆنا هەتیوە بڵێ
بارێک ترێ هەنجیری تەڕ
بەژنی هەڵاڵەیە و شێست پەڕ
عاشیرەتان کردیان بەشەڕ
کیژ کوا بەمن دەکا باوەڕ





خدر: خۆنا بڵێ
کیژ دەڵێ:
لەبەر خودای شەرمێ نەکەم
تۆق و تەلەسمان لێک دەدەم
دەور و دوکانان تێک دەدەم
تاریکستان پەیدا دەکەم
حەسەن: خۆنا ، هەتیوە بڵێ
تاریکستان شەوی دەیجوور
بازرگانان بێنن لە دوور
بێنن کووتاڵی زەرد و سوور
پارچەیە و شیرداغ مسقاڵی
هەر گەزەی لەسەر دە ڕیاڵی
هەر لە دارای تا نەداری
هەر لە فەقیر تا هەژاری
هەر لە سەپان تا کەرداری
کێ دیویە گەنجی حەوت شاری
دوڕێک دەگەڵ تەرزەی باری
خدر جا ئەگەر وابێ بڵێ
ماڵم بۆ چییە دەبلا نەبێ
فۆتەی پنج پشتم بەن کون بێ
ڕانکۆلەم کۆنە ڕەشکە بێ
پێڵاوی پێم بێ تەتەبێ
بەو شەرتەی یار مەیلی هەبێ
کەوێژێکم لێ زێدە بێ
حەسەن: خۆنا کاکە بڵێ

لێم زێدە بێ ئێروی ساڵێ

لە کێویش ببڕێ لە ماڵێ

لە کەندووش ببڕێ لە ماڵێ

یار سوێندی خواردووە هیچ ناڵێ

گەر جووت بێن دەگەڵ کەژاڵێ

بەبێ دەنگی بێنمە ماڵێ

داوەت خەڵاس بوو، پەڵە گەنمێک لەبەر ماڵان بوو. ئاغا پێی گوتن: ئەو پەڵە گەنمەی بۆ خۆو بدروونەوە بەنیوەیی، هەردووکیشیان پاڵەی چاک بوون. ئەو زەمانی هەموو کەس، بەهاران دار یان گوێنیان بڕیوە و لە گیشەیان داوە هەتا بۆ هاوینێ ویشک و گزرەیی بێ بۆ ئاوری.

ئەو کوڕانە لەبەر کانی سێلوێ دروێنەیان دەکرد، ئەو کچەش هەر بەرانبەری وان دەهات و دەچوو. دەڵێن بۆ ئەوەی هێلکە و ڕۆنی کەرەی بۆ کوڕەکە بەرێ، گۆزەی هاویشتە سەر شانی و بەرەڵبێنێکی وەبن هەنگڵی دا و ڕۆیی بۆ کانی کە گەیشتە کن کانییە، دەستێکی لە کوڕەکەی هەڵتەکاند. کوڕەکەش داسی لەبن باقەی دا و ڕۆییە خوارێ بۆ کانی. نان و ڕۆن و هێلکەی خوارد و بەشی براکەی نەبرد. چۆوە لای براکەی، براکەی تەماشای کرد زەردایی هێلکەی بەلێویێوە، دیاربوو بەپەلە خواردبووی و گەڕابۆوە.

جا براکەی دەستی پێکرد، لە خەڵکیش ڕا وایە ڕقەیانە، ئیدی نازانن چ باسە.

خدر دەڵێ:

بەوەی کەم ئەگەر ڕەبییە ئاولانت بم

هەتیو بۆ چوویە کانییە ئاولانت بم

هێلکەی بۆ تۆ کولاندییە ئاولانت بم

حەسەن بێ منت خواردییە........... دە بیبەستە

حەسەن دەڵێ:

بەوەی کەم ئەگەر سەمحانە ئاولانت بم

هێلکە بوو، ڕۆن بوو نانە جیرانت بم





بۆ منی هێنا ئەو چاو جوانە ئاولانت بم

بێ تۆم نەبێ نۆشی گیانە ئاولانت بم

لەسەر دڵمدا سندانە، ...... کاکە بەستم

دەڵێ: ئافرەتەکە ڕۆیی لەبەر دەرکێ، دووی دیکەش لەوێ ڕاوەستا بوون، چوو لەنێویاندا ڕاوەستا و سەیری وانی دەکرد. ئەوان ئەوە قامێ دەڵێن.

خدر دەڵێ:

وردە وردە خۆ دەبزێوی ئاولانت بم

سینگی باغە بچێ تێوی جیرانت بم

چۆن ڕاوەستاوە لە نێوێ...... دە بیبەستە

ئەوجار کچەکە لەنێوایان هاتەدەر چوو لە سەرپەڕێ ڕاوەستا.

حەسەن دەڵێ:

عەمرم دەبەر عەمرت گەڕێ ئاولانت بم

سینگی باغە دەکەن شەڕێ ئاولانت بم

دڵ بریندارم لێم گەڕێ....... کاکە بەستم

ئەو جار کچەکە دەستی دا پەتکۆڵێکی چوو داران بێنیتەوە، هەر دەوری وانی دەدا.

خدر دەڵێ:

برادەری جاروباران ئاولانت بم

یاخودا خۆش بی بۆ جار جاران ئاولانت بم

حەیفێ بەوهەش دەکەن کاران ئاولانت بم

گوریسیان پێ هەڵگرت بۆ داران ....... دە بیبەستە

حەسەن دەڵێ:

کاکە بۆم بکە تەگبیرە ئاولانت بم

کیژ دەڵەی مێوژ و هەنجیرە ئاولانت بم

بەداران دەکولێنێ شیرە ..... خۆ بەستوومە

خدر دەڵێ:

هەتیو من لە تۆ چاکترم ئاولانت بم
لەبەر ڕەوت و ڕۆینی مرم ئاولانت بم
ئەگەر بانگم کا حازرم جیرانت بم
کۆڵەداری بۆ هەڵگرم ..... دە بیبەستە

حەسەن دەڵێ:

ئەو گەیە دەمە، دۆڵێ ئاولانت بم
هۆ هۆی لەبەر نەرموو نۆڵێ جیرانت بم
نەژیم لە دوای خڕ و خۆڵی ئاولانت بم
لە جێم بکێشە بنکۆڵێ ..... خۆ بەستوومە

جا دروێنە و مروێنە خەڵاس بوو، کەوتە لای پاییزێ. حەسەن بە خدری گوت: کاکە هەڕو بزانە لەدیوەخانی ئاغای چ باسە، قەولێکیان بەتۆ نەدابوو؟ (دیارە کاتێک ئاغا ئەو قسەی زانیبوو گوتبووی قەراربێ کچەکەی بۆ حەسەنی بخوازم) جا لەبەر ئەوەی بوو کاکی دەنارده دیوەخانێ، خدر دەچوو بەڵام پێی ئیراد بوو لە دیوەخانێ باسی بکا. ڕۆژێکی خدر چووبووە دیوەخانێ، حەمەد ئاغا ڕووی تێکرد گوتی: ها! خدرە شەلە زۆر هاتوچۆ دەکەی کارێکت هەیە؟ گوتی قوربان لەبەر گوفتەکەی بۆ خۆت فەرمووتە. حەمەد ئاغا گوتی بەڵێ قەرارم داوە ئەگەر بۆی بخوازم. بەڵام خدر لەو سەرو بەندەیدا نەخۆش کەوت و مرد. حەسەن هەر هاتوچۆی سەر قەبرانی دەکرد. هەرچەندە حەمەد ئاغا پێی دەگوت و حەولی دەگەڵ دەدا کە ژنی لێ مارەکا و بۆی بگوێزێتەوە، بەڵام حەسەن گوتی: ئاغا خۆ ئەمن منداڵ نیم بەمێوژانم ژیرکەیەوە، ئەمن پاشی برای خۆم ماڵم بۆ چییە و، حاڵم بۆ چییە و، ژنم بۆ چییە. ئاخری ژنی نەهێنا و دەستی لە ئافرەتەکە هەڵگرت.

***

## بەیتی برایم و مەحمەڵ

وێژەر: حوسێن شەشە (کەنیلە)
بۆپانەی سەردەشت

مەحمەڵ و برایم گەرمێن و کوێستانیان کردووە، دەوڵەمەند بوون و ساحەبی مەڕ و ماڵ بوون. هەردووکیان جحێڵ بوون هێندێک دەڵێن ئامۆزابوون، هێندێک دەڵێن





برابوون، هێندێکیش دەڵێن دۆست بوون. بەینیان لە ڕادەبەدەرخۆش بووە. مەحمەڵ برا چووکە بووە و برایم برا گەورە بووە و زۆر جوان چاک و پیاو بوونە.

دەڵێن خەبەریان پێدان کە لە شاری چەلیان جەڵەب زۆر چاک دەفرۆشرێ. پادشای چەلیانیش زۆراب خان بوو. کچێکی بوو خاتوونێ بە کەزییانیان پێ دەگوت، کوڕێکیشی بوو نێوی حەسەن خان بوو وەزیرەکەشی بە وسوو موغانی مەشهوور بوو. ئەگەر ئەو خەبەرەیان پێ گەیی، دەستە جەڵەبێکیان ساز کرد لە سێ هەزار شەک و زۆر بەتەدارەکێکی حیسابی هاتن بۆ شاری چەلیان. کە هاتنە شاری چەلیان زۆراب خان تەواوی ئەو جەڵەبەی لێ کڕین.

خەبەریان بەخاتوونێ بەکەزیان دا و گوتیان دوو کوڕ هاتوون جوان چاکی و ئازایەتیان لە ڕادەبەدەرە. جا گوتی چۆنیان ببینم؟ گوتیان بنێرە، بڵێ: دەبێ ئەو سەفەرەی جەڵەبێ بۆ من بێنن. ئەویش لەدوای ناردن.

برایم گوتی: مەحمەڵ ئەوە خاتوونێ بەکەزیان کاری بەجەڵەبێ نییە، بەڵکە کاری بەمن و تۆیە ئەمە ئەگەر چووین لەبەر پەنجەرەی ڕادەوەستین، ئەگەر گوتی مەحمەڵ و برایم وەرنە سەرێ ئەوە دیارە کەیفی لەتۆیە، ئەتۆ وەپێش کەوە.

ئەگەر گوتیشی برایم و مەحمەڵ وەرنە سەرێ، ئەوا ئەمن وەپێش دەکەوم کەیفی لەمنە. گوتی زۆر چاکە.

وەختایەک ئەگەر چوون لەبەر پەنجەرەی ڕاوەستان خاتوونێ بەکەزیان سەری هێنا دەرێ، گوتی کێهە مەحمەڵە، کێهە برایمە؟ گوتیان ئەوە مەحمەڵە، ئەوەش برایمە.

جا گوتی مەحمەڵ و برایم وەرنە سەرێ. برایم مەحمەڵی وەپێش خۆی دا و چوونە سەرێ. ئەگە هاتنە سەرێ لەوێ قسە و قەوڵ و قەرارێکیان بەست گوتی بەڵێ ئەتۆ کچی شا میر زۆراب خانی، ئێمەش کابرایەکین پێمان دەڵێن شوانە وێڵە، مەڕدارین ئەمە ناتوانین بنێرین ئەتۆ بخوازین غەیاتی دەکرێ ئەگەر ئەتۆ دەگەڵمان بێی. ئێمە ئەتۆ هەڵدەگرین.

بەڵێ ئەو قەرارەیان دانا و چوونەوە مەملەکەتی خۆیان. ئەگەر چوونەوە چەند هەزار سەرێکیان جەلەب ساز کرد و چەند پیاوی ئازا و بەکاریان دەگەڵ خۆیان هێنا و هاتنەوە شاری چەلیان. جەڵەبەکەیان فرۆشت و تەدارەکێکیان گرت. خاتوونی بەکەزیانیش شەوێ دەچاکدا ڕەگەڵیان کەوت، هەڵیانگرت و ڕۆیشتن.

خەبەریان بە شا میر زۆراب خانی دا و گوتیان: مەحمەڵ و برایمی دەشتیان خاتوونیان

برد. میر زۆراب خان کەوتە پەی سەر و لێپرسین و ئەوبەر ئەوبەر، بەڵام لە هیچ کوێ سەر و سۆراغی نەکردن. ڕۆژێکی مەجلیسی گرت و دانیشت، جا شای میر زۆراب خان ڕووی دەمەجلیسێ کرد و دەستی پێکرد، دەڵێ:

کێ بوو لە بۆ شای میر زۆراب خانە
ئامادەی کرد مەجلیس و دیوەخانە
دەنگی هەڵدێنا ڕووی دەکردە وەزیر و نایبانە
هەر کەسانێکی بۆم بێنن خەبەری مەحمەڵ و برایمی دەشتیانە
بە قەباڵە لێم بستێنێ نیوەی شاری چەلیانە
دەڵێ: کێ بوو لەبەر وسووی موغانە
ڕووی دەکاتە شای میر زۆراب خانە
دەڵێ شای میر زۆراب خانە
ئەمن دەڕۆم ئەمما بۆت دێنم خەبەری مەحمەڵ و برایمی دەشتیانە
بەقەباڵەم ناوێ شاری چەلیانە
ئەمما وەختێکی مەحمەڵ و برایم هێنان
ئەتۆ بیدە بە کوڕی من خاتوونێ بەکەزیانە

بەڵێ، جا ئەگەر ئەوەی پێ گوت قەراری دەگەڵ بەست. وسووی موغانێ سوار بوو لێیدا ڕۆیی.

ئەو شەگەلی ئەگەر کڕدرا بوو، چ دروشمێکیان پێوەبوو لەبەرچاوی دەگرێ. زۆر گەڕا هەتا دەستەمەڕێکی دییەوە کە ئەو دروشمەیان پێوەبوو. پرسی لە شوانی، گوتی ئەو مەڕە ئی کێیە؟ گوتی ئەو مەڕە ئی مەحمەڵ و برایم دەشتییە.

گوتی ماڵ و مزڵیان لە کوێیە؟ وەڵامی داوە بەڵێ لەوەی بەو دیودا، هەوار و کوێستانی ئەوانە. جا هەستا چوو میوانیان بوو، برایم و خاتوون ناسیان ئەمما مەحمەڵ نەیناسی، برایم بە خاتوونی گوت ڕاستییەکەی لەکن مەحمەڵ مەڵێ، مەحمەڵ پیاوێکی کەلەییە.

ئەمە خەراپێکمان دەگەڵ شای میر زۆراب خان کردووە، بزانین وسووی موغانی کە وەزیری ویە چ نەزەرێکی هەیە؟ ئەگەر بێتو پێی بلێی یان دەیکوژێ یان شتێکی دەگەڵ





دەکا، کە دەبێتە دوو خەراپە دەرحەق بەوی.

جا دەڵێ وسووی موغانی لەوێ ماوە وردە وردە دەستی بەقسان کرد هەتا بۆ خۆی، خۆی ئاشکرا کرد. مەحمەڵ گوتی دەیکوژم، برایم و خاتوون گوتیان: نا، نا نەکەی، ئەمە خەراپێکمان کردووە، نایکەین بەدوو، دەڵێن، وسوو زمانێکی تەڕ و پاراو و لووسی هەبوو، هەرسێکی فریودان. سوێندی بۆ خواردن گوتی شای میر زۆراب خان ئەگەر ئەمنی ناردووە سەردەقانو پێ نەرم کا و سەرحەدانو پێ بگرێ.

بەکورتی فریوی دان و هەرسێکی دەگەڵ خۆی هێنان، گوتی: قەرار ئەوە بێ ئێوە لەشکری دەگەڵ خۆتان بێنن شای میر زۆراب خان تۆمەتێکو لێدەدا، دەڵێ هەڵبەت بەلەشکرەوە هاتوون.

ئەگەر ئێوە بێن ئەمن دەگەڵ ویتان ئاشت دەکەمەوە، سەرحەدانی بۆ بگرن سەردەقانی بۆ نەرم کەن. قەرارمان ئەوەبێ لە ئەشکەوتی «بێ شوێ»* دابنیشن هەتا ئەمن خەبەری شای میر زۆراب خانی دەدەم و دەگەڵ ئێوەی ئاشت دەکەمەوە.

دەڵێ، هاتن هەتا گەیشتنە ئەو ئەشکەوتەی و، لەوێ مانەوە.

جا، وسووی موغانێ هەستا ڕۆیی بۆ شاری چەلیان، خەبەری بە شای میرزۆراب خان دا و گوتی: فریوم داون و هێناومنەوە بەبێ لەشکر، هەر خاتوونێ بەکەزیان و مەحمەڵ و برایمن.

گوتی: ئەگەر وایە بنێرن بەدەست بەستراوی بیانهێنن.

گوتی شای میرزۆراب خان ئەوانە شێرن، بەلەشکرێکی عومدە نەبێ پێیان ناوێرین.

بەڵێ، تەهییەی لەشکریان کرد، وسووی موغانی دەستەودایرە و تایفەی خۆی ئەوەندەی بوون سازی کردن. لەشکری حەسەن خانی کوڕی شای میرزۆراب خانیش بەجوێ هات. لەشکری شاری چەلیانیش دەگەڵ شای میرزۆراب خانی هاتن. جا سبحەینێ زوو لە شاری چەلیان وەدەرکەوتن. ئەوانیش ئەوە لە ئەشکەوتی بێ شوێ چاوەڕوانی ئەوەی بوون ئەگەر وسووی موغانی بێتەوە و بیانباتە لای شای میرزۆراب خانی و دەگەڵ وی ڕێک بکەونەوە.

سبەینێ برایم ئەگەر هەستا، تەماشای کرد ئەوە لەشکرێک لە شاری چەلیان دێتە

(*) ئەشکەوتی «بێ شوێ» لەکن ئاوایی وسووکەندییە کە لە ٦ کیلۆمەتری مەهابادە بەدەستی چەپەوە و بەئەشکەوتی «خەلوێ» ناوبانگی هەیە.

دەرێ، لەشکرێکی یەکجار زۆرە. خاتوون و مەحمەڵ هەڵنەستابوون، جا برایم بانگی کردن.

چار ملێ بوو لە برایمی دەشتیانە

ئەو بانگ دەکا دەڵێ مەحمەڵە گیانە

سەرم لە ئێشە، دڵم لە ژانە

ئەوە ئەتۆ سەرت هەڵێنە لە خەوی شیرین

ئەمما لەسەر باسکی خاتوونی بەکەزیانە

ئەوە لەشکرێک دێتە دەرێ لە شارەکەی چەلیانە

لەشکرێکی یەکجار زۆر و، زۆر بەوگرانە

نازانم نەدەڕوا بۆ سەر دوژمنی، بۆ سەر حەدانە

نازانم نە دێ بۆ سەر مەحمەڵ و برایمی دەشتیانە

ئەوە برایم دەڵێ:

کاکە مەحمەڵ سەرم لە ئێشە، دڵم لەغارە

ئەتۆ سەرت هەڵێنە لەسەر باسکی خاتوونی بەکەزیانی چاو بەخومارە

ئەمما لەشکرێک دێتە دەر لە شارەکەی چەلیانە

لەشکرێکی زۆر زۆر و بەبێ هەژمارە

نازانم نە دەڕوا بۆ سەر حەدانە

نەدێ بۆ سەر مەحمەڵ و برایمی بێ چارە

دەڵێ:

کاکە مەحمەڵ ئەمما چەندم پێ گوتی بەسەر زبانی

ئەمما برادەر بەقسەی منت نەکرد و ئەتۆ هەوەڵێت نەزانی

چەندم پێ گوتی فریوێ مەخۆ، فریوی وسووی موغانی

ڕەبی بە نەحلەت بێ دەگەڵ شەیتانی

ئەرێ

کاکە مەحمەڵ گیان سەرم دێشێ دڵم لە ژانە





سوێندێکت بۆ بخۆم بە سی جزمەی قورعانە

ئەوڕۆکانێ ڕۆژێکە، ڕۆژی مەردانە

پێمە شیرێکی لاهوری هەر لەوی عەسڵەدەبانە

بەدەستمەوە ڕمبێکی هەژدە قەفی لەوی سەر بەحەیزەرانە

ئەمما کاکە مەحمەڵ گیان ئەمن سوێندێکی دەخۆم بە سی جزمەی قورعانە

شیری خۆم خوێناوی ناکەم هەتاوەکو نەکوژم وسووی موغانە

دەبێ لە دەرکی ئەشکەوتێ ڕابوەستی هەر دەگەڵ خاتوونێ بەکەزیان

لە برایمی بڕوانە.

جا دەڵێ مەحمەڵ سەری هەڵێنا، ئەگەر تەماشای کرد ئەوە لەشکرێکی یەکجار زۆر و زەوەند لە ژێلـڵا دێ مەگەر خودا بزانێ. کاتێ نیزیک بوونەوە برایم زانی کە بۆ سەر ئەوان دێ، ئەو لەشکرە بە هەر چوار ئەترافیدا بۆ سەر ئەوان دێ و غەنیمی وانە.

جا برایم سوێندی خوارد گوتی مەحمەڵ هەتا ئەمن نەکوژرێم ئەتۆ نابێ بێیە خوارێ، ئەگەر ئەمنیش کوژرام کەیفی خۆتە. چونکە ئەگەر ئەتۆ بێی ئەمن زەینی شەڕێم نابێ لەبەر تۆ، ئەوە ئەمن دەچمە خوارێ.

سواربوو سەرەوژێر بوو، ڕۆییە خوارێ، لەشکری وسووی موغانێ لەپێشدا دەهات و وسووی موغانیان لەپێشدا بوو.

دەڵێ:

ئەوە کێ بوو لەبەر وسووی موغانی

بە نەحلەت بێ دەگەڵ شەیتانی

بانگ دەکاتە برایم و مەحمەڵی دەشتیانی، ئەو جارە کە بەحاڵی خۆو دەزانی چونکە غەیانەتیو کرد بەدەرکی میرزۆراب خانی.

ئەوە برایم دەڵێ:

سەرم لە ئێشە دڵک چەندی لەژانە

قایمەتی دەژانە ژانە، هەڵی دەکێشا شیرێکی لاهوری لەوی عەسڵەکرمانە

بەدەستێوەیەتی ڕمبێکی هەژدە قەفی لەوی سەر بەحەیزەرانە

دەڕۆییە خوارێ و ڕووی دەکردە وسووی موغانە

بەرەنگار دەبوون ئەو دووانە.

دەڵێ:

رۆڵە برایم مەردێکی چا زانی

ئەورۆکانە مەردێکی مەردی مەیدانی

ئەمما هەڵی دەکێشا شیر لە کالانی

ئەوەڵ کەرەتیی لەنێو لەشکرێدا دەکوشت وسووی موغانی.

دەڵێ:

کاکە مەحمەڵ گیان سەرم لە ئێشە و دڵم لە ژانە

ئەورۆکە رۆژێکە رۆژی مەردانە

ئەتو لە دەرکی ئەشکەوتێ ڕابوەستە دەگەڵ خاتوونێ بەکەزیانە

هەتا نوێژی نیوەڕۆیە هەر لە برایمی بڕوانە

بۆم حەواڵە بکە، هەتا نوێژی نیوەڕۆیە دوو سەد سواری یەکەیەکە لە شارەکەی چەلیانە.

برایم دەڵێ:

سەرم لە ئێشە و دڵم لە تاوە

قایەتی لە تاوە تاوە

چەند جارێ بەنێو لەشکری دادەهاتوو دەگەڕاوە

برایم هەتا نوێژی نیوەڕۆیە

چەند کەسی لە لەشکری شای میرزۆراب خانێ دەکرد تەواوە

دەنوێژی نیوەڕۆیەدا بەبرینداری بۆ زاری ئەشکەوتێ دەگەڕاوە.

بەڵێ برایم چەند برینی هێنا، ئەگەر گەیشتە زاری ئەشکەوتێ لە ولاغێ را خۆی فڕێدا و کەوت. نەیاندەتوانی بەدوایاندا بێن چونکە لە دەرکی ئەشکەوتێ ڕا هەرچی هاتبایە بەتیری هەڵیاندەداشت. بەرەوەی هەورازە و ئەشکەوتەکەش بڵیندە. ئەوێ شەوێ خاتوون و مەحمەڵ لەسەر برایمی دەستیان بە پێهەڵگوتن و گریانێ کرد.

مەحمەڵ دەڵێ:

کاکە برایم سەرم دێشێ دڵم دەکا ژانێ





ئەمما بۆ تو چاک نەبوو ئەگەر بەتەنێ چوویە مەیدانێ

دەگەڵ لەشکری شای میرزۆراب خانێ

دەستت دەکرد بە شیر لێدانێ

ئەلحان دەگەڵ خاتوونێ ئەو بەرەوبەر دانیشتووین

وردە وردە بۆت دەکەینەوە شین و گریانێ

ئەلحانەکە مەڕی کاکە برایمی ئەو سەعاتەی بێ ساحەب ماوەتەوە

لە تیلەگی دەکوێستانێ

ئەوە خاتوون دەڵێ:

کاکە برایم گیان ئاخ سەرم دێشێ دڵم دەناڵێ

ئەمما تو خوداکەی ئەورۆ هەڵیکە دەوردەبارانی ڕەحمەتێ

دەگەڵ کزەکزەی دەشەماڵێ

ئەرێ بەخودای

مەحمەڵ و برایم ئەوە تاوڵ و ڕەشماڵیان هەڵداوە

لە بنەی توشماڵێ

بەبێ ساحەبێ ماونەوە هەر مەڕ و ماڵێ

بەڵێ، سبەینێ برایم بە برینداری هەستا هەرچەند مەحمەڵ ئەوبەرئەوی کرد مەحمەڵی نەهێشت، گوتی هەتا ئەمن نەکوژرێم ئەتۆ مەیە خوارێ. برایم سواربوو مەحمەڵیش بەدوای ویدا ڕۆیشت.

جا برایم دەڵێ:

کاکە مەحمەڵ گیان لە دڵی من گەڕێ بەبێ قەراری

تەواو بۆ من و تۆ دەنگ دراوە لەشکری شاری

ئەمما لە ئەشکەوتی بێ شوێی

لێ قەوماوە بەفەقیری و هەژاری

دەبێ چاوێکم لەتۆ بێ و بەدەستی شەڕی بکەم هەر بەبرینداری

ئەوە سەرم لە ئێشە دڵم لە هۆیە

برایم شەڕی دەکرد هەتاوەکو نوێژی نیوەڕۆیە

ئەمما برایم ڕمبی چەقاند گۆلمی تێکرد، تەقدیرێ خودای بوو سەری وێ کرد ئەو بەبێ ڕوحی گیانی خۆی دەرد و برد

ئەوە مەحمەڵ دەڵێ:

سەرم لە ئێشە هەر دڵم لە ژانە

قایەتی دەژانە ژانە

مەحمەڵ بەدەستێوەیەتی شیرێکی لاهوری

لەوی دەعەسڵە دەبانە

ئەمما ڕووی دەکردە نێو لەشکری شای دەمیرزۆراب خانە

ئەوەڵ کەرەتێی دەکوشت حەسەن خانە

هەڵی دەگرت برایمی دەشتیانە

دەی بردەوە بۆ ئەشکەوتێ

بۆ کن خاتوونێ بەکەزیانە

بەڵێ، ئەگەر مەحمەڵ برایمی بردەوە وێ بەکوژراوی، شەوێ شینی برایمیان گێڕا بە خاتوونێ و بە مەحمەڵێ، هەتا سبەینێ ڕۆژ بۆوە، سبەینێ مەحمەڵ خودا حافیزی لە خاتوونکردە و سەرەوژێر ڕۆییە خوارێ.

خاتوون گوتی: مەحمەڵ، وەک نەیەوە وایە، مەحمەڵ ڕۆیی ......

مەحمەڵ دەڵێ:

دڵی من چەندی لە خەمە چەندی لە ئێشە بە برینداری

تۆ خولاکەی خەمی لە دڵم چەندە زۆرن بەبێ قەراری

خاتوون لە خزمەت تۆوە دەڕۆم خولا حافیز هەر بە یەکجاری

مەحمەڵ دەڵێ:

سەرم لە ئێشە دڵم هەر لە ژانە

قایەتی لەژانە، ژانە

مەحمەڵ هەڵی دەکێشا شیرێکی لاهوری لەوی عەسڵە دەبانە





بەدەستێوەیەتی ڕمبێکی هەژدە قەفی سەر بە حەیزەرانە

لە شانیدا کەوانێکی خاسەڕەنگ دەگەڵ سەت و بیست و چوار

تیری سەر بەژەهری ماری دانەدانە

دەکەوتە نێو لەشکری شای میرزۆراب خانە

دەڵێ خۆ من بکوژرێم مەنزوورم نییە

ئەمما حەیف بەتەنێ دەمێنێتەوە خاتوونێ بەکەزیانە.

جا مەحمەڵ دەڵێ:

ئەوڕۆکانێ شەڕە هۆبەهۆیە

لەشکرێکیان، لەشکرێ گەورەی دەگرت بەنوێژی نیوەڕۆیە

ئەوە مەحمەڵ تێی دەکەوت هەتا مەحەلی پاش نوێژێ

لە هێندێک دادە لە هێندێک ڕۆڕۆیە

دەڵێ سەرم لە ئێشە دڵم لەتاوە

خودایە ئەوە چ بوو، چ لەمە قەوماوە

مەحمەڵ هەتا نوێژی عەسرێ شەڕی دەکرد لە دوایە لەسەر ولاغێ ئەویش هەر وەردەگەڕاوە.

جا دەڵێ ئەگەر مەحمەڵ کوژرا، خاتوون لیباسی برایمی دەبەرکرد و هاتە خوارێ دەڵێ هەر بەو شەرتەی مەیتی مەحەمەڵیم وەگیر کەوێتەوە.

دەڵێن خاتوون ئەگەر گەیشتێ مەیتی مەحمەڵی هەڵگرت و بردییەوە بۆ ئەشکەوتێ. لە زاری ئەشکەوتێ ڕاوەستا، تیری لە ماڵی کەوانی نا، هیچ کەس نەیوێرا بچتەوێ. جا شای میرزۆراب خان بەئەژنۆی خۆی دادا و گوتی کوڕیشم چوو کچیشم چوو، بۆ خۆشم هەر چووم. چەند کەسان لە وەزیر و نایبێ ئەگەر لەکنی بوون یەکیان گوتی شای میرزۆراب خان ئەمن دەچم خاتوونێ دێنمە خوارێ، بەو شەرتەی دەیهێنمە خوارێ ئەگەر ئەتۆ هیچ بەخاتوونێ نەڵێی. گوتی: بەڵێ ئەمن کوڕێکم بوو ئەویش کوژراوە. ئەگەر خاتوون بمێنێ بۆ من زۆر شەرتە. بەڵێ، جا سوێندیان بۆ خاتوون خوارد، خاتوون دەڵێ نایەمە خوارێ هەتا مەیتی برایم و مەحمەڵی لەجێیەکی نەنێژن لە شاری چەلیان، جا دێم. گردێک لە بەینی وسووکەند و قونقەلایەیە، وەکی دەڵێن لەسەر ئەو گردەیان ناشتوون کە ئێستاش وارشی بەردی لێیە.

خاتوون کە حامیلە بوو کاتێ بردیانەوە دوو کوڕی بە زگێکی بوون، یەکیان نێو نا مەحمەڵ یەکیان نێو نا برایم هەتا گەورە بوون. هەڵبەت لەکن شای میرزۆراب خان گەورەبوون.

ڕۆژێکیان سەرنجیان دایە، دیتیان ئەوانیش بەشای میرزۆراب خان دەڵێن بابە و دایکیشیان هەر پێی دەڵێ بابە. برایم هەر لە جێی برایمی ئینسانێکی عاقڵ بوو بەدایکی گوت: دایە بۆچ ئەتۆش بە شای میرۆزراب خان دەڵێی بابە و ئێمەش هەر پێی دەڵێین بابە؟ گوتی ڕۆڵە کوڕی وین. دەڵێ ئاخر ناکرێ، دەبێ حاڵیمان کەی. جا دەڵێ خاتوونێ بەکەزیان نەقڵ و بەسەرهاتی لە ئەوەڵ تا بە ئاخر بۆ گێڕانەوە، کاتێ ئەو بەسەرهاتەی بۆ گێڕانەوە جا دەڵێن چەک و ئەسپابی بابی ئێمە چییە دەبێ بۆمان بێنی.

چەک و ئەسپابی برایمیان دا بە برایمی و چەکی مەحمەڵیان دا بە مەحمەڵی. جا گوتی ڕۆڵە شیری ئەو مەمکە و لێ حەڵاڵ بێ بەڵام کارو بە شای میرزۆراب خان نەبێ چونکە ئەنگۆی بەخێوکرد و ئەنگۆی گەیاندۆتێ. جا گوتی قەرار بێ لەتایفەی وسووی موغانی کەسیان لە شاری چەلیاندا نەمێنێ.

دەڵێن وسووی موغانی ئەگەر کوڕی مابوو، کوڕەکەشی نەوەیەکی هەبوو بەنێوی بابی کردبوو. جا دەڵێ ئەو کوڕە لەوێ هەڵات. ئەوی تایفەی وی بوو لە شاری چەلیاندا نەیانهێشت.

ئەو کوڕەش ئەگەر ڕۆیشت چوو بۆ وڵاتی پشدەرێ، بۆ داودیەی لەکن شێخ فەرخ و خاتوون ئەستێ ماوە. جا مەحمەڵ و برایم وڵاتی چەلیانیان داگیر کرد و، وڵات کەوتە دەست ئەوان. شای میرۆزراب خانیش پیر و ئۆفتادە ببوو مرد.

***

## بەیتی کاکە میر و کاکە شێخ

وێژەر: حەمەدی ئاغای
کانی باغی پیرانشار

کاکە میر و کاکە شێخ جافن، دوو برابوون، دێیەکی چکۆلەیان هەبوو. ئاودەل گۆرانێکیش لەنێو مەرگەییان لە خزم و ئامۆزا و برازاکانی خۆی زیزبوو، خوشکێکی هەبوو ئەویشی سواری پاشکۆی خۆی کرد و هات بوو بە نۆکەری کاکە میر و کاکە شێخان. ئەوانیش زۆریان قەدر و حورمەت دەگرت. گوتیان ئەوە خانەوادەیە و





پەناهەندەبووە، زۆریان خۆش دەویست ئاودەل گۆرانیش یەکە پیاو بوو.

بەڵێ، جا زستانێک بەسەرداهات. غولام و کارداریان نەبوو، ئەسپی ئاودەل گۆرانیش هەردەگەڵ ئی ئەوان بەخێو دەکرا. ڕۆژێک گوتی با بچم بزانم ئەو ئەسپە چۆن بەخێو دەکرێ، ئەگەر چوو هەر تفاقیان لەبەرکرابوو بەبێ پاککردنەوە، بەرپێیان بلێند ببوو بۆ بەری بانی. جا هاتەوە بەخوشکەکەی گوت: خوشکێ بۆ مە زۆر بێ نامووسی و بێ شەرافەتیە، ئێمە بەنان و مەتاحی ئەوانە بەرێ دەچین با غولام و کارداریشیان نەبێ، ئەمن دەچم بەپێمەرەی بەرپێی ئەسپەکان هەڵدەقەنمەوە ئەتۆش بچوو فرێی بدە.

بەڵێ ئاودەل گۆران بەو شکڵەی چوو بەرپێی ئەسپانی هەڵقەندەوە و وەلایەکی خست، خوشکیشی نارد ئەگەر بیرێژێ. ئەو خوشکەی ئاودەل گۆرانێ حەزی لە کابرایەکی دەکرد نێوی بەکرە بوو، بەکرە تووشی بوو گوتی: ئەوە دەچییە کوێ؟ گوتی کاکم تەویلەی ئەسپانی هەڵقەندۆتەوە و بەمنی گوتووە دەبێ بچی فرێی دەی. بەکرەش هێندەی هەموو دونیایەی پێ ناخۆش بوو ئەو کچە بچێتە وێ چونکە بۆ خۆی حەزی لێ دەکرد. جا گوتی ئەگەر چوویەوە کن ئاودەل گۆرانی کاکت، بەگریان و لەخۆدان بچۆوە و بگری، لێت دەپرسێ بۆ دەگری؟ بڵێ ئەتۆ دەبێ بچی تەویلانیان بۆ برێژی؟ کاکە میر و کاکە شێخ تێم ڕستوون و نامووسی منیان بردووە، جا ئافرەت ملی لە سیحران نا و بەو شکڵەی ڕووی خۆی بریندار کرد و بەگریان و لەخۆدان هاتەوە کن ئاودەل گۆرانی کاکی، گوتی ئەو گریانەت لە چییە، بۆ دەگری؟ گوتی وەڵڵاهی ئەتۆ تۆبزیم لێ دەکەی دەڵەی دەبێ بچی تەویلانیان بۆ برێژی، کاکە میر و کاکە شێخ تێم ڕستوون و نامووسیان بردووم.

جا گوتی هیچ کەس ئەو قسەت لێ نەزانێ، ئەو قسە ئاشکرا بێ زمانت لەپشتە سەرت دەردێنم. بەڵێ ئەو غەرەزە لە دڵی ئاودەل گۆرانێ چەسپ بوو پاش دە دوازدە ڕۆژان هەستا خوشکی سواری پاشکۆی خۆی کرد بەو دەستووری پێی هاتبوو هەر بەو دەستوورەی ڕۆییەوە بۆ نێو مەرگەییان.

کاکە میر و کاکە شێخ بێ نۆکەر مانەوە، کوڕی بێوەژنێکیان کردە نۆکەر. دایکی دیزە و گۆزەی دروست دەکردن بۆیە پێیان دەگوت برایمی مێرە دیزەکەرێ. ئاخر کوڕەکەش نێوی برایم بوو.

ئاودەل گۆران چۆوە نێو مەرگەییان و کەس ئەو قسەیەی نەزانیبوو، جارێ فەسڵێکی کاکە میر و کاکە شێخ یادی ئاودەل گۆرانیان دەکرد، گوتیان دەچینە نێو مەرگەییان و لە ماڵێ لێی میوان دەبین، ئەگەر بەماڵی دنیایە دەگەڵمان بێتەوە مڵکەکەی هەموو

دەدەینێ و دەیهێنینەوە (مەرگە لە وڵاتی عێراقییە) ئەگەر نەیەتەوەش دوو شەوانی لە ماڵێ دەبێن دیدەنی دەکەین چونکە دەنێو خزم و تایفەی خۆیدا بۆ وی سەربڵێندییە. جا بەو شکڵەی کاکە میر و کاکە شێخ دەگەڵ برایمی مێرە دیزەکەرێ چوونە ماڵە ئاودەل گۆرانی.

بەڵێ چوون لێی میوان بوون قەدر و حورمەتێکی چاکی گرتن. خزم و تایفەی خۆی وەخڕ کرد، ئەو قسە ئاشکرا نەبوو هەتا ئەو ڕۆژەی، جا لەسەر نان خواردنێ خزم و تایفەی خۆی حاڵی کرد، گوتی ئەوانە کارێکی ئاوایان دەگەڵ ئێمە کردووە ناموسی مەیان بردووە. لەسەر نان خواردنێ وەبەر خەنجەرانیان دان بەو جۆرەی بەبوختان و بەبێ گوناح و تاوان ئەو دووانە کوژران.

جا ئەستێ و بەغدان خوشکی کاکە میر و کاکە شێخانن، ئەوانن دێنەوە شینگای برای خۆیان دەکەن. جا ئەو بەیتە لەوەی ڕا دەست پێدەکا.

دەڵێ:

ئەورۆ سەرم دێشێ دڵی منی ماڵ وێرانێ دەکاتەوە ژانێ

ئەستێ دەڵێ بە بەغدانێ:

خوشکی قەڵەندەرێ سەرشینێ مل بەکوێنی بابان وێرانێ

ئەمن دەچوومەوە دیوانی کاکە میر و کاکە شێخان، ئەوە نە لێی دێ

دەنگە دەنگی میوان و نە تەقەتەقی فینجان لێکدانێ

خوشکێ ئەوە ئەمن دەچوومەوە دیوانێ کاکە میر و کاکە شێخان

ئەوە نەلێی دێ خرمەی دەژێر پیالان و، وەی براله دەگەڵ شەقەی دەفینجانێ

خوشکێ دەبلا ئەمە بچینەوە سەر کۆپەڵەی دەرجوان

یەکن لەخمی دەینەوە پەنجە و پانێلان، ئەوی دیکانێ

شێن کەینەوە لکی دەکۆڵوانێ، هاوار بەرین بۆ سوڵتانی

ئەستامبوڵێ پادشای ٢٤ دەوڵەتانە، ئەگەر دادیان پرسین

چاکە، دەنا یەکن دەکەینەوە دادێ یەکن دەکەینەوە فیغانێ

خۆ داوێنەوە بن ئالای ئێرانێ.

ئەی لەو زوڵمەی لەمە کراوە، کێ دیویە لە دەورەتی دەزەمانان





جووتە برایانت شەقەبکێشن لەسەر سفرەی، دەنا نێو مەجوعمەی

کاشانێ دەگۆشەی مەیدانێ

ئەی کاکینە ڕۆ، هەی بابینەڕۆ، چۆکی دەرک و دیوانانم، کاکە میر و کاکە شێخ ڕۆ.

ئەستی بانگ دەکا و دەڵێ:

وەرە بەغدانی خوشکێ، خوشکە بەغدانی کارەکەری ڕەنگینە

ئەمن ڕۆژان زەینم دەداوە کاکە میر و کاکە شێخان، ئەگەر

لە یەختەرخانەی خۆیان دەریاندەکێشاوە جووتێک جانوولەی

دە نۆزینە.

بەسەرشانی خۆیان دادەدانەوە کەولی غەزی و، ئەنگوچک زێرینە

ئەی ڕۆ خۆڵن وەسەر کەن خۆلی دەبەکۆیە

سەڵاو قەت کەسی بەغدانێ نەما لە بۆ ماڵە بابی خۆیە

ئەو جێیەی ئەگەر کاکە میر و کاکە شێخان لێیان دەکردەوە شەقێن و سەترێجێنو، شەڕە گۆیە

نارنجیان لەو سەرەوسەری مەیدانێ دادەنان و هەی براله، تفەنگ و داوێشتنێ لە گرۆ، دەترسم نامەردی دەچەلیان و، گووخۆر بابی دەمەرگەییان، لە بەغدانێ قەڵەندەرێ بکەنەوە بەبێستان و هەرامەتی بەپەمۆیە

ئەی کاکینە ڕۆ، هەی بابینە ڕۆ، چۆکی دەرک و دیوانانم کاکە میر و کاکە شێخ ڕۆ.

ئەستی بانگ دێڵێ:

وەرە بەغدانێ، خوشکی قەڵەندەرێ، سەرشینێ، مل بەکوێن و بابان وێرانێ

ئەمن سبحەینێ بوو هەڵدەستامەوە مەحەلی دەچێشتانێ

ئەوە کەروێشکێ لەمنی دەگوت بەکەوێ، کەروێشکێ لەمنی دەگوت بەکەوێ، دەبڵێ ئەوە مەخابە و گەرمەڵانی باوینە دامێنی دەکوێستانان، دانێنەوە گەرمەڵان و شیرین خەوێ.

ئەو جووتە سوارەکەی ئەگەر ئەمن و تۆیان لێ دەترسایین ئەورۆکە دوو ڕۆژە ڕانی ڕکێفی و سمێڵی دەنیوە ڕوویان وەبن بارستی دەگلی دەکەوێ ئەی کاکینەڕۆ، هەی بابینەڕۆ، چۆکی دەرک و دیوانانم کاکە میر و کاکە شێخ ڕۆ.

ئەستی بانگ دێڵێ:

دەڵێ وەی براله چەندم پێ گوتن ئەگەر له مەرگەییا میوان دەبن وەرە بەشقێ خودای قەت لامەدەنەوە، ماڵه ئاوەدل گۆرانی. ئەوە بۆ شێوێ و، دەکوژنەوە بەرخۆڵەی دەبەرمۆ، له بۆ نیورۆژانه و شەک بەرانێ

بەڵان فیعلی وان گەلێ خەراترن له فیعلی دەشەیتانێ

هەر تەماعی دەکەنەوە دەسەرێ میوانێ

دە یارەبی مەرگەییان هەروابن و هەروایان بەسەرێ

رسقیان بچێته سەر پشتی کەرێ، وەکو کاکه میر و کاکه شێخیان دەدانەوە بەرمەودای خەنجەرێ

له پاش کاکه میر و کاکه شێخان هەی لەبابی منت کەوێ برایمی مێره دیزەکەرێ

ئەگەر بەردەرکەی لەمەرگەییان دەگرت بەتۆڵەی کاکه میر و کاکه شێخان هەژدە ئاغای مەرگەییانی دەدانەوە بەرمەودای خەنجەرێ

وەی نەعلەت لەبابی ئەوان وەستایان وەستاکاران ئەوە چونگو سێ بزماران نادەن له گوێ خەنجەرێ بۆ رۆژێ لێ قەومانێ

ئەوە هیمدادی نییه زوو له جەلغەی دێتەوە دەرێ، ئەویشیان وەکو کاکه میر و کاکه شێخان لەدیوانی مەرگەییان بەکەلاکی دێناوە دەرێ

ئەی کاکه میر چەند سوارێکی مەرد و رەند و قەلاشی

براله ئەگەر دەت بردینه سەر دووکانی تاجری، ئەمه رازی نەدەبووین نه بە ئەتلەسی نه بە قوماشی

وەی سەلاو قەت کەسی بەغدانێ نەما لەپاش کاکه میر و کاکه شێخان هیچ کەس راناگرێ نه بەکلفەتی نه بەقەرەواشی

هەی کاکینەرۆ، هەی براینەرۆ، چۆکی دەرک و دیوانانم کاکەمیر و کاکه شێخ رۆ.*

***

* لەشەرەفنامەدا دەڵێ: کاکه میر و کاکه شێخ دەچوونه بەغدایه بۆ لای سوڵتان سەلیمی، عەسر نوێژیان دەکرد مەرگەیی هاتن دەنوێژیدا کوشتیانن.





## بەیتی خەج و سیامەند

وێژەر: حەمەدی ئاغای
کانێ باغی پیرانشار

بابی خەج و سیامەندێ برابوون، بابی سیامەندی براگەورە بوو هەر ئەو تاقه کوڕەشی هەبوو. بابی خەجیش چوار کوڕ و ئەو تاقه کچەی هەبوو، گوتی کاکم هەر ئەو تاقه کوڕەی هەیه و زۆریشی خۆش دەوێ ئەمنیش ئەوە خەجێم داوە بەسیامەندی. ئەگەر مرد ئی گڵێیه و ئەگەریش ژیا ئی سیامەندیه. له هەموو عالەمێ مەنشوور بوو که ئەو خەجێ دراوە بە سیامەندی. کەتنی رۆژگار وایکرد بابی هەردووک لایان مرد، خەج و سیامەندیش پێکەوە هاواڵ شوان بوون وەک «کاکه مەم» و «خاتوزین» و «لەیلو مەجروومان» یەکتریان خۆش دەویست. براکانی خەجێ له سیامەندی جوێ بوونەوە، هەرچی سیامەند بوو فەقیر و دەست تەنگ وەدەرکەوت هەرچی بەرە بابی خەجێش بوو دەوڵەمەند و گومڕاه دەرکەوتن. سەبارەت بەخەجێش گوتیان بابم داویەتی ئێمه نایدەین، سیامەند بۆوەی نابێ ببێته خزمان. لێی پەشیمان بوونەوە هەتا ئەوەی پێیان گوت پێمان خۆش نییه که دەگەڵمان له ئاوەدانی دابێ. جا خەج و سیامەند یەکتریان زۆر خۆش دەویست، بەهەڵگرتنێ نەبا چارەیان نەدەهات. جا عێلی ئێراقی که دێنه ئەو سپی ڕێزی خەیلانیان، ئەوانەی ئەوەی دەوڵەمەندبوو چادری هەڵدەدا، ئەوەی که فەقیریش با کەپر و مەپری دەکرد. خەجی لەوێڕا هەڵگرت و هێنای بۆ سیپانێ.

جا ئەوەش بەیتەکەیەتی:

ئەورۆ بەهارە، بەهارە و له دڵی هەموو کەس شادییه

ئەی خودا هاوار، لەدڵی خەجێ قەلەندەر و بابان وێران نەبێ تەنگانه و رۆژرەش و گرێ گرێیه.

سیامەند دەڵێ:

خەجێ مەجالم ئەوەڵێ هاته فەسڵی بەهاران ڕاوم لەکوێ پێ خۆشه له سەری سپی ڕێزێ، لەو بەرەوبەر و له لانزاران

خەجێ دەڵێ:

سیامەندە مەجالت ئەگەر پێ خۆشن دەگەڵ بەهارێ مەسڵەحەت وایه ئەمه دەست بگرین و بچینەوە سیپانێ بەقوڕی گیراوێ، حاشارگەی لێ هەڵگرین و، گەلێک بەمه

دوژمنە، دەبلێ بەسەرمدا شۆڕکاتەوە سێبەری دە ئێوارێ

خەجێ دەڵێ:

ڕۆژم ئەوەلێ دەهاتەوە مەحەلی دەچێشتەنگاوێ

زەینی خۆم دەدا ڕەفعەسیپانێ بەقوڕێ گیراوێ

ئەوە کەلی دەکەڵە کێویان، دێنە خوار بەبیانووی سەرئاوێ

سمکۆڵێ دەکەن لە هەردی دەپسێن سەری سوێسنێ هەڵاڵێ، بەیبوون و گیابەند و خاوێ، سیامەند، ئەگەر ئەمن پەنجەم دەکوشی هەڵمدەستاندی لە شیرین خەوێ ڕەبی بێمزەڕەت بی نەمزانی ڕەدڵت دەکەوێ غەرەز دەگەڵ نەکاوێ

چەندم دەگوت ئامۆزا، ڕاوی کێویان پەسەند نییە سیامەند بەشقی خودای ئەمن گۆشت نێچیرم لە تۆ هەرناوێ

تەقە لە  تفەنگێ دەهات و دەیدا لە کەلێ

لە هەمان زۆردارتریان دەستی دەدا کێردێ، ئەگەر سەری لەقەڵای بەدەنێ بکاتەوە

ئەوە بەڵکو خەجی قەلەندەر و بابان وێران لێ بکاتەوە، خەزا، پیرۆزەی دەڕاوێ.

وەی بەرکەسەر نەبێ سەر هەڵدەوەشێنێ، سیامەندی هەڵدەداشت لە ڕەفعەی سیپانێ، بەسەر پەلی دارە بەنێ، فستقێ، سەرەو ژێر دەبۆوە بەپەلی دەدار بناوێ هەی مەناڵە گۆڕ غەریبە مەناڵە

خێر لە جوانی خۆت نەدیوی سیامەندە مەناڵە ئەو کاری خودایە بە بەندەی نابێ بەتاڵە.

سیامەند دەڵێ:

ئەوە خەجێ ئەتۆ مەگری هەتا ئەمن نەناڵم، چ بکەم هێندەی لەبرینی خۆم دەناڵم خەجێ، ئەمن دوو بەشی لەبەگریانی تۆ هەر بێ حاڵم.

خەجێ دەڵێ:

سەری سیپانێ لە من بەدارە ئامۆزا، هەر بەدار بەڵاڵوکە

تەماشای بەختی منی قەلەندەر و بابان وێران، زێدە لە ڕاوچی دەخەڵکی سیامەندە، دەبووە بەپەلی دەدارێ، خەجێ دەماوە، نۆ بووکە.

سەری سیپانێ لەمن بەدارە ئامۆزا، هەر بەدارە سێوە، تەماشای بەختی منی





قەلەندەر و بابان وێران.

زێدە لە ڕاوچی لە ڕاوچی دەخەڵکی سیامەند دەبۆوە بەپەلی دەدارێ

خەجێ دەماوە بەڕەفیقی جند و دێوان، هەر قوڕپێوە

هەی مەناڵە گۆڕ غەریبە مەناڵە، سیامەند دووری دەستم وێت ڕاناگا ئەوە کاری خودایە بە بەندەی نابێ بەتاڵە.

سیامەند دەڵێ:

خەجێ ئەتۆ مەگری، هەتا ئەمن نەناڵم،

چ بکەم خودا نەیدەدا فرسەتم، پێغەمبەر دەگەڵ یەقباڵم

کەلی دەکەڵە کێویان، ئەوە لەمن بوون بەحاکم پەلی دەدارێ لەمن بوونەوە بەزاڵم

دەنا دەبوو ئەمن ببم بەسەردار و خەجێ ئەتۆ هەر بەحەڵاڵم.

سیامەند دەڵێ:

خەجێ چبکەم سەد خۆزگەم بەنەخۆش و سەر ئێش و، بریندار و دەردەداری دەخەڵکی کا، ئەگەر حەکیمیان بۆ بە کرێ دەگرن چ بەکەمی چ بەزۆری، سەریان لەسەر کۆشی خۆشەویستی خۆیانە، بەزاریانەوە دەکرێ جامۆلکە جامۆلکەی دەئاوێ

زۆر شوکور بەقەزاو قەدەری خودای، ئەمن لە پێشیشم سەر دەبزێون پەلی دەدار بناوێ،

دەباغەڵمدا ڕاوەستاوە گۆمیلکەی دەخوێناوێ

خەجێ تۆ خولاّ لەتۆ وەسیەت بێ ئەگەر مردم، گۆڕ و گۆڕخانەم باوێ قۆچی قەزەنێ، مۆڵی بەرانان، سپی ڕێزی غەیلانیان دەبی بەبووکی دەوڵەمەندان، ئەگەر هاتی بۆ شاییە و گەڕی دیلانێ،

وەرە پێلاقێکم بەسەرینی دادە، تۆ خولاّکەی چ مردنم لێ نییە

دەبلێ قەبری سیامەندە گۆڕ غەریبەکەی من ئەوەتانێ هەناسەی ماشوقان گەلێ گرانە، چین چین دێتە دەرێ لە قەبری بلێند دەبێ بۆ تەشقی دە ئاسمانێ.

خەجێ دەڵێ:

چۆمەکەی زێیە بادینان دێتو لەمن دەداتەوە گێژە

ئەمە هیچ بێ عەمری خودامان نەکردبوو دەگەڵ سیامەندێ خۆ دەستێ هەر بەدەست

نوێژە

خەجێ ڕووی دەکردەوە قیبلەی و، لە سەرەوەی هەورە و لە بنەوەی سامالێ

داخوا دوعای چ نامو‌سڵمانێکی بوو لەو جووتە ئاشقانە گیربووە سیامەند بەپەلی دەدارێوە دەنالێ.

سیامەند دەڵێ:

خەجێ مەجالم ئەوە لێهاتە فەسڵی ئێوارێ

کاکت ئەوە هاتن لەبەریان بپارێوە

بلێ برالە بەشقێ خودای، ئامۆزای خۆتانە، نەبادا شپرزەترم کەن و، بەڵکو بەئەسپاییم بێتە خوارێ.

خەجێ دەڵێ:

هەک کوێنی سیامالانم دەبەر بۆ سیامەند، ئەوە دەغیرەت و جورئەتی مندا نییە، چار و قودرەتم نەماوە، لەجێی تۆڕا خۆم هەڵدەدێرمە خوارێ

سەری سیپانی لەمن بەدارە ئامۆزا هەر بەتاتە.

خاڵی ڕوانیت وەک تاق شایی و پەناباتە

ئامێزت بگرەوە سیامەند، خەجێت بۆ هاتە.

***

## بەیتی سەیدەوان

ویژەر: حەمەدی ئاغای
کانێ باغی پیرانشار

سەیدەوان و مەلکەوان و نێچیرەوان برابوون باوکیان ناوی عەبدولعەزیز بوو، داسنی بوو چاوێکیشی کوێر بوو. هەرچەندە کورد بوو بەڵام کافر و خودانەناس بوو. سێ بووکی خواستبوون لە حێلی بادین ئاغای. پرسی بەموسڵمانان کرد گوتی: کوڕینە دەئایین و مەزهەبی نگۆدا چۆنە؟ ئەمن سبەینێ لە تەواوی داسنیانم گێڕاوەتەوە، سێ لەشکران بەرێ دەکەم، سێ داوەتانیش ساز دەکەم، بەیەک ڕۆژ هەمووی جێبەجێ دەکەم. گوتیان وەڵلاهی ئەوە غەرەبیە و گومراهیە، دەئایین و مەزهەبی مەدا، ئەوە پەسەند نییە. گوتی ئەنگۆ بێ ئاقڵن، جا ئەمن چ موحتاجیم بەخودایە، حەتمەن هەر دەیکەم ئەگەر خودا





توانی جڵەوگیری کاری منی کرد دەزانم وایە دەنا خودا چکاری بەخەڵکی داوە. ئاوا غەرە و گومڕا و خودانەناس بوو. جا بزانین لەسەر ئەو خودانەناسیەی ڕا خودا چۆنی خۆ پێ دەناسێنێ و چی بەسەردێ!.

وەختێکی ئەو لەشکرانەی بەرێ کرد بۆ سێ بووکان و ئەو داوەتانەی سازکرد، لەبەر مەغرووری خۆیان هیچیان ئاگایان لەهیچ نەبوو، دوو کوڕی چووبوونەوە ڕاوێ سەیدەوان و مەلکەوان، نێچیرەوانیش لە ماڵێ بوو. بەڵێ، جا تفەنگی هاویشتە پیلی، گوتی هەتا بووک دێ دەچمە شاخی حەیوانێکیش دەکوژم و وەرەزی خۆشم بەسەر دەبەم.

ڕۆیی گەیشتە داوێنی کێوی، بووکی نێچیرەوانی گەیشتە حەسارێ، ئەو کوڕی دڵی تۆقی و مرد. خەبەریان دایە وەرە بگەڕێوە کوڕی نێونجیت پەردوگیر بوو لە باڵ بووکێ نەهاتە دەرێ، گوتی قەیدێ ناکا تۆ خوداکەی خزمینە دەنگێ مەکەن با دەستی داوەتێ بەرنەبێ دڵی کیژ و کوڕانم لێ دەمێنێ. جا چوو لە شاخی لە بازی حەیوانانی دەڕوانی، کوڕەکانی خۆی بوون وەیزانی حەیوانن هەرکی کوشتن. جا بەسەرهاتی تەواوی بەیتی سەیدەوانی، عەبدولعەزیز بۆ خۆی گوتوویەتی.

جا دەڵێ:

ئەوڕۆکە سەرم دێشێ دڵی عەبدولعەزیزە کوڕەی داسنی لەمن دەکا، بێ، نەبێ نێ بەڵام ئەمن دەمگوت مەسڵەحەت وایە ئەگەر باب بە ڕۆژێکی سێ بووکان لە بۆ کوڕانی بێنێ

نەمزانی تەقدیری خودای تەگبیری عەبدی بەتاڵ دەکات و هێلانەی لە عەبدولعەزیزی ماڵوێران دەشێوێنێ

تۆ خولاکەی ئەو کەسانەی ئەگەر خوداشوناسن خەونێکم دیوە دەترسم خولاوەندی میری مەزن پاشای کەرەمێ ئەگەر موسیبەتێکی گەورەم بەسەر بێنێ

لە من وابوو ئاخری بەهارییە دەگەڕام لە کیلەگی دەکوێستانان قەت وەگریم نەدەکەوت، قولێک گیا بەشی باقەبێنێ

چبکەم کەسی زۆربەن نییە، ئەگەر داخولا مەڕ و ماڵ و مێگەل و چادر و چیغی عەبدولعەزیزە کوڕەی داسنی لە کوێستانان بەبێ ساحەبی دەمێنێ.

ڕۆڵە دەبەر قافلە و بازرگانت مرم، ئەگەر بەرێت دەکرد بۆ وڵاتی گەرمێنێ

ئەو پارچە و ئەتلەس و کیمخوای بۆ جلی دەزگیرانی خۆی دێنێ

ئەمن دەگەیمە دامێنی کێوی مەقلوبی ئەگەر جوابیان بۆ دەهێنام دەیگوت عەبدولعەزیز، مالۆیران وەرە بگەڕێوە کوڕ نێونجیت پەردوگیر بوو لە باڵ بووکێ نەهاتە دەرێ

دەمگوت توخولاکەی خزمینە، دەنگێ مەکەن با دەستی داوەتێ بەر نەبێت و دڵی کیژ و کوڕانم لێ دەمێنێ

ئەورۆکە بەهارێکم گەیوەتێ، ڕۆڵە چ بەهارە

سەرم دێشێ دڵی عەبدولعەزیز ەکۆرەی داسنی چەند لە ئێشە چەندی لەژانە چەندی لەغرووره

ئەمن زەینم دەداوە کیلەگی دەکویستانان سوور دەبوون سوورە گوڵ و، هەڵاڵە و بەیبوون دەپشکووتن شەش پەڕ و شلێرە

ئەگەر دەستم دەداوە تفەنگێ و ڕووم دەکردە چیای مەغلوبێ

داسنیان زەینێکە خۆم دەدا بازی دەکێویان دەدا کە، لفکەی سەیدەوانی لە پلەی بەردی با ڕای دەژێنێ لێم وایە ڕدێنی نێریە بەلە.

وەی چاوی جاسوسێت کوێر بێ و دەستی پەلاپیتکەت شکێ تەقە لە تفەنگێ دەهات

ئەورۆکە بەهارێکم گەیوەتێ ڕۆڵە سەیدەوان چ بەهارە، سەرم دێشێ دڵی عەبدولعەزیزە کۆرەی داسنی چەندی لە ئێشە و چەندی لە ژانە، وەی خودایە چەندی لە من هالۆزە

ئەمن زەینم دەداوە کیلەگی دەکوێستانان سوور دەبوو سوورەگوڵ و هەڵاڵە و بەیبوون، دەپشکوتن گوڵە نەورۆزە

ئەگەر دەستم دەداوە تفەنگی و ڕووم دەکردە چیای مەغلووبێ

داسنیان زەینێکە خۆم دەدا بازی دەکێویان کاکۆڵی مەلکەوانێ لە پلەی بەردی با، ڕایدەژێنێ لەمنایە، ڕدێنی نێدییە بەلەبۆزە

وەی چاوی جاسوسێت کوێربێ دەستی پەلاپیتکەت شکێ تەقە لە تفەنگێ دەهات و کوڕ لەوێ دەخوێنێدا دەگەوزا.

ئەستێرێک هەڵدێ بەری بەیانی،

وەی سەلا لە عەبدولعەزیزە کۆرەکەی بابی سەیدەوانی

ئاوی کوێستانان دێنە خوار، ڕۆڵە بەتوندی، هەر بەتیژی هەڵدەڕێژنە بن سوورە گوڵی





دەسەر بەگژنیژی

توخولاکەی خزمینە وەرن ڕوجمم کەن، کێ دیویە لە دەورەتی دەزەمانان، لەسەر سێ کوڕان ڕا بووک بچنەوە ماڵی دەبابان

بەتارای سوور و هەر بەکیژی

ئەی ڕۆڵە ڕۆ، لەسەر ڕۆیان ئەمن لە دەروونم دێتە دەرێ بڵێسە و بۆسۆیە

نازانم ئەوەندە بەدبەختی منە سەیدەوان، نەنەدامەتی تۆیە شەرت بێ لە پاش سەیدەوان و نێچیرەوان و مەلکەوانان لە خۆم حەرام کەمەوە ڕاوێ دەتفەنگێ دەگەلێ نێریە دەبەلەبۆزە

چیدیکە دەگەڵ قەومی داسنیان دانەنیشم و دەگەلیان نەکەم جێژنەپیرۆزە.

***

## بەیتی لەشکری

وێژەر: حەمەدی ئاغای
کانێ باغی پیرانشار

سولەیمان خان حاکمی ئازەربایجان بوو لەو «قەڵات ماران»ەی بووە کە دەکەوێتە نێوان قارنێ و نەغەدە و گەلۆانێ. ئەوەی پێی دەڵێن لەشکری، لەشکری نەبووە. ئەوە کابرایەکی قەرەبوو کە ناوی مەحموود بوو، مەحموود هیچی نەبوو خەڵکەکە پەڵە شکارتێکیان بۆ کردبوو، شکارتەکەی درۆوە کە دوو سێ گیشۆکە بوو لەوێی دانا. جا گوتی ئەمن ئەگەر ئەلحان داوای گێرە بکەم کەس گاگێرەم ناداتێ پێی گێرەکەم، وەڵڵاهی وا چاکە بڕێک وردەواڵەی بکڕم بچمە نێو خێڵی سەران، وردەواڵەکەی بفرۆشم هەتا دێمەوە خەڵک گێرەو مێرەی تەواو دەکەن و ئەودەمی دوو سێ وڵاغان پەیدا دەکەم بۆ گێرەی (خێڵێ سەران لای سپی ڕێزی خەیلانیانە).

بەڵێ جا ئەو کابرایە کە نێوی مەحموودە خوانچێکی وردەواڵە و شڕەو بڕە کڕی و ڕۆیی بۆ نێو عێلی دەئێراقێ و لەوێ لەمەدیانێ میوان بوو. مەدیانیش سەرۆکی هۆزێک بوو کە هەزار ماڵێک دەبوون، کچێکی هەبوو نێوی مێرێ بوو دەڵێ جوانی وا لە کورەی عەرزێدا نەبووە. لەبەر چارەڕەشیان مەحموودی بێچارە ئاشقی مێرێ دەبێ. بەڵێ دەردی عیشق زۆر گرانە ئەویش چارەی نەما ڕووی خۆی هەڵاویشتوو داوای مێرێ دەکا.

مەدیان پیاوێکی بەڕوحم و زانا بووە، وەسەرخۆی نەهێناوە و تووڕە نەبووە. لەدڵی خۆیدا گوتی: غەریبە با دڵی نەیەشێ، پەڵپێکی وای پێ دەگرم پێی جێبەجێ نەبێ و وازی لێ بێنێ.

جا گوتی کاکە گیان ئێستا ئەوە وەختی نوخشانە ئەگەر ئەتۆ دە باری ئێسترانم گەنم بۆ بێنی بەئێستر و جەواڵ و گوریس و هەموو شتێکەوە تەسلیمم کەی منیش مێرێت دەدەمێ. بەڵام مەحموود کە زۆر هەژار و نەداربوو دڵی پڕ بوو لە خەم و کەسەر، وردەواڵەی پێ نەفرۆشرا و بەنائومێدی گەڕایەوە بۆ ئاواییەکەی خۆی. دوو گیشۆلکە گەنمەکەی لەسەر چیمەنێکی بڵاوکردەوە. پیرە دایکێکی بوو ئەویشی دەگەڵ چوار بزنان دەگێرەی کرد، لە حاڵێکا کە دایکی کردبووەبنە و هەڵی دەسووڕاندن بەین بەین قامی دەگوتن و بەین بەینیش وا دەگریا کافری پێ موسوڵمان دەبوو. سولەیمان خانیش لەو دەمەیدا پازدە بیست سواری ساز کردبوون بچنە ڕاوێ، جا بۆ خۆشی لەسەر ڕاوێ بوو گوتی کوڕینە ڕاوێ دامەزرێنن، دەعبا ئەگەر هات بۆ من دێ.

نۆکەران ئەگەر چاویان بەگێرەی مەحموودی کەوت قەتیان شتی وا نەدیبوو، دەستیان هەڵتەکاند سولەیمان خان وەیزانی ئەوە تەماڵی کەروێشکیان دیوەتەوە. هات گوتی چییە؟ گوتیان ئاغا ڕاوی چی، ئەوەتا ڕاو، کەس ڕاوی وای نەدیوە. کە سولەیمان خان لێی ڕووانی شتی وای قەت نەدیبوو، زۆری پێ سەیر بوو. چوو بۆ لای و لێی پرسی: کوڕە ئەو پیرێژنە چتە؟ گوتی وەڵڵا دایکمە. گوتی ئەدی ئەو بزنانەت بۆ دەگێرەی کردووە کێ گێرەی بەبزنێ دەکا، ئەو قامە خۆش خۆشانە بۆچ دەڵێی و بەین بەینیش لەگەڵی دەگری؟

گوتی سولەیمان خان، ڕاستی ڕزگاری لەدوایە، ئەمن لە مەدیانی میوان بووم کچێکی هەیە جوانی وا لە کورەی عەرزیدا نییە، قەولی پێداوم بەئەجەلی شەش ڕۆژی دیکە ئەگەر باری دە ئێسترانی گەنم بۆ بەرم و مێرێم داتێ. ئێستاش ئەگەر ئەو قامە خۆشانە دەڵێم لەخۆشی مێرییە، ئەگەر دەشگریم لەبەر ئەوەیە کە هەرگیز باری دوو ئێسترانم نابێ وڵاغێکیشم نییە ئەگەر لێی نێم، فەقیر و دەست تەنگم.

سولەیمان خان زۆری بەزەیی پێداهات، گێرەکەی پێ بەرەڵڵا کرد هاتەوە لە عەمباری خۆی دە باری ئێسترانی گەنم بۆ داگرت و پیاوی ڕەگەڵ خستن. گوتی بچن ئەو بارانە تەسلیمی مەدیانی بکەن بێ گومان گاڵتەی بەو کابرایەی کردووە، ئەو کوڕەش چونکە ئی ئەو وڵاتەیە و لەژێر حوکمی من دایە مەدیان وەک گاڵتەی بەمن کردبێ وایە، جا ئەگەر مێرێی دابنێ ئەوە چاکە، ئەگەریش نەیدانێ ئەوەی پێتانە بەجێی بێڵن و





بگەڕێنەوە جا من بۆ خۆم دەزانم دەگەڵ مەدیانێ چ دەکەم.

بەڵێ کاتێ پیاوەکانی سولەیمان خانی چوونە لای مەدیانێ و ئەو بارانەیان تەسلیم بەمەدیانێ کرد و داخوازی مێرێیان بۆ مەحموودی کرد، مەدیان گوتی بابە ئەمن گاڵتێکم کردووە بۆیەشم وا پێ گوتووە دەمزانی لەتوانایدا نییە و پێم وابوو بەمجۆرە وازی لێ دێنێ، گوتم غەریبە و میوانە با دڵی نەیێشێ. ئێستاش کچکەی بانگ کەن ئەگەر مێردی پێکرد ئەوا دەگەڵ خۆتانی بەرن.

کاتێ کچەکەیان بانگ کرد و پێیان گوت، قوڕی دونیایەی وەسەری خۆی دەکرد و دەیگوت مێردی پێ ناکەم. پیاوەکانیش بەپێی فەرمانی سولەیمان خانی هەر چی پێیان بوو لەوێ بەجێیان هێشت و نەیان هێناوە، چوونەوە حاڵ و مەسەلەیان بۆ سولەیمان خانی گێڕاوە.

ئینجا سولەیمان خان لەشکری بۆسەر مەدیانێ دەنگ دا و دەگەڵی بەشەڕهات، مەدیانی لەو شەڕەیدا تێ شکاند و عێلی مەدیانی لەوێ ڕادا بۆ دەشتێ و مێرێی لێ ئەستاندن و هێنای تا لە مەحموودی مارە بکا.

قازی و ئومەنای وەکۆ کردن، گوتی حاڵێکی وایە هەر چۆنێکی مارەی دێ لێی مارەکەن، کچەش قوڕی دونیایەی وەسەری خۆی دەکرد و ڕووی خۆی دەڕنی و مێردی پێ نەدەکرد. گوتیان ئاغا ئەوە بەمە مارە ناکرێ، شەریعەتی ئیسلامێ ئەوە قەبووڵ ناکا، ژن ڕازی نەبێ مارەیی نایە. سولەیمان خان گوتی: کوڕم مەحموود ئەوە حاڵە کەوایە، ئێستاش ئەمن ئەو کچەم ئەستاندووە و هێناومە مادام کە ئامادە نییە مێرد بە تو بکا ئەمن ژنێکی دیکە بۆ تۆ دێنم، سەروەت و ماڵێکی زۆریشت دەدەمێ و دەتکەم بەسەرلەشکری خۆشم. ئەویش قەبووڵی دەکات و لەقەبی دەبێتە لەشکری و ژنێکی دیکەی بۆ دێنێ سەروەت و ماڵێکی زۆریشی دەداتێ و مێرێی مەدیانیش لە خۆی مارە دەکات.

ڕۆمیان واتە تورکانی عوسمانی، سولەیمان خانیان زۆر خۆش دەویست حەفتەی چەلێک دوو چەلی لە دوو دەهاتن و داوەتیان دەکرد.

سەفەرێکی کاغەزیان لێ نووسی و پیاوێکیان بەشوێندا نارد بەڵام سولەیمان خان زۆر نەخۆش بوو نەیتوانی ئەگەر بچێ، کاغەزێکی نووسی و گوتی لەشکری (مەحموود) ئەتۆ ئەو کاغەزەی بەرە بیدە بەتورکان (ڕۆمیان) ئەمن نەخۆشم و ئەوان عوزرم لێ قەبووڵ دەکەن. غایەتی ئەگەر چاک بمەوە بەبێ لەدوو ناردن دەچم. لەشکری ئەو

کاغەزەی برد و دای بەتورکان، ئەوانیش کاغەزەکەیان خوێندەوە و عوزریان لێ قەبووڵ کرد. زۆریان سولەیمان خان خۆش دەویست و زۆریان پرسیار لە حاڵی کرد، لەشکریش لاقی لەسەر لاق دانا و گوتی ئاغایان نازانم بۆچ هێندەو مولاقات دەگەڵ سولەیمان خانیە؟ گوتیان پیاوی مەیدانێیە و شتێکی گوتی لەسەری سوورە و دەیکا. چەند ساڵە کە حاکمی ئەو ئازەربایجانەیە ئیختیلاف نە دەنێو ئەو دیوەیدا و نە دەو دیویدا پەیدا نەبووە، جا پیاوی وامان خۆش دەوێت چونکە وەعدە بەوەفای خۆی دەکا. لەشکری ئەستۆی بەلاوە نا، چی نەگوت بەڵام پرسیارەکانی هەستی دوو دڵی تورکەکانی بزواندبوو. گوتیان بۆ ئەستۆت بەلاوە دەنێی؟ گوتی وەڵڵاهی ئەنگۆ وای لێ حاڵێن و ئەمنیش ئەگەر دەیڵێم زمانم دەسووتێ و، ئەگەر نایڵێم دەروونم دەسووتێ، دەنا سولەیمان خان دەگەڵ ئێوە غەیانە دەرفەتی وەگیرکەوێ بۆ کوشتنێ دەسەرتانەوە ناچێ.

گوتیان ئەوە درۆیە، ئەمە هیچ خەراپەمان دەگەڵ نەکردووە و ئەویش هەرگیز خەراپەی بۆ مە نەبووە. مەحموود وەڵامی دانەوە گوتی: ئەمن شتێکو پێ دەڵێم ئەگەر قسەکەی من ڕاست بوو ئەوە چاکە، ئەگەریش ڕاست نەبوو ئەوا پیلی من نەزری ئێوە بێ و لە سێدارەم دەن. گوتیان بیڵێ بزانین چییە. گوتی دیارە هەر سەفەرێکی هاتۆتە نێوتان چەند سواری دەگەڵ بووە و هەموو جارێ بە چەک و ئەسلەحەوە هاتووە، ئەو چەلە کە بە چەک و ئەسلەحەوە نایە. بەڵکو خەنجەر و دەمانچان لە بنەوە لە خۆی دەبەستێ بۆ دەرفەتی خۆی و مەبەستی خۆی و قەولیشی داوە بێت، ئێوە تەفتیشی بکەن ئەگەر بەو شکڵەی بوو ئەوە دیارە ئەمن ڕاست دەکەم، ئەگەر واش نەبوو ئەوە ئاشکرایە کە من درۆم دەگەڵ کردوون و لە سێدارەم بدەن.

بەو چەشنە لەشکری واتە مەحموود تۆوی شک و دوودڵی لە دڵی ئەواندا بڵاوکردەوە گەڕایەوە لای سولەیمان خانی. ماوەیەکی پێ چوو هەتا سولەیمان خان لە نەخۆشیەکەی چاک بۆوە و بەپێی بەڵێنێکی کە دابووی ویستی بڕوا بۆ لای تورکان. جا دەستووری بەلەشکری دا و گوتی وڵاغان خاوێن کەوە ئەمە دەبێ بچینەوە نێو تورکان. لەشکری گوتی ئاغا مەچۆ، پیاوی چا بە. گوتی ئاخر ئەمن بەڵێنم پێداون و بەوەعدەی خۆم دەبێ وەفا بکەم، دەبێ بچم. مەحموود گوتی: ئاغا مەچۆ، ئەمن دەگەڵت نایەم بەزات و سیفەتی خودای ئەتۆ لەو سەفەرەی ناگەڕێیەوە.

گوتی بۆچ؟ گوتی تورکان دەگەڵ تۆ غەیانن، دەتکوژن. سولەیمان خان گوتی: نەخێر ئەوە درۆیە، ئەمن وەک ئاوی ڕەوان عەمەلی خۆم لەبەرچاوە، چلۆن ڕۆمیان ئەمن دەکوژن؟! قەتم خەراپە دەگەڵ وان نەکردووە، ئەوانیش خەراپەی دەگەڵ من ناکەن، نا





ئەوە درۆیە. جا گوتی ئاغا ئەمن دەگەڵت نایەم بەزاتی خوڵای ئەتۆ لەو سەفەرەی نایەوە. غایەتی ئەمن نەسیحەتێکت دەکەم، ئەگەر قازانجی لێ نەکەی زەرەدی لێ ناکەی. گوتی چییە؟ گوتی خەنجەر و دەمانچەی لەبنەوە لە خۆت ببەستە ئەگەر دەستدرێژیان بۆ کردی ئەوە هەر نەبێ دوو نەفەران وەپێشە خۆت دەخەی و بێ نام و نەنگ نامێنیەوە، ئەگەر دەستدرێژیان بۆ کردی خەنجەرێک یان دەمانچێک لەبنەوە لە خۆت ببەستە چ زەردێکی دەکەی؟ کوڕە وەڵڵاهی ئەتۆ لەو سەفەرەی نایەوە دەتکوژن. بەمجۆرە ئەو شکەشی لە دڵی ویدا قایم کرد، جا کاتێ سولەیمان خان چوو بۆ نێو تورکەکان، زۆر بەگەرمی پێشوازیان لێکرد و زۆریان پێشوازی کرد، زۆریان پێ خۆش بوو و بەخێرهاتنیان کرد. سەرسەرەکی و بەڕواڵەت دەگەڵیان گوزەراند بەڵام ئەوان پێشەکی بەپێی قسەکانی مەحموودی لێی بەشک بوون، کە تەفتیشیان کرد دیتیان خەنجەر و دەمانچەی لەبنەوە لە خۆی بەستووە. گوتیان سولەیمان خان، کاتێ کە هاتی پێمان وابوو کە چەک و سیلاحت پێ نییە، ئەوە دروست نییە چونکو پیاو ئەو ڕێگا دوور و درێژە بپێوێ چلۆن دەبێ سیلاحی پێ نەبێ؟ نەیانوێرا توندوتیژی دەگەڵ بکەن، بەڵکو بەخۆشی و زمان لووسانە لەگەڵیا دوان بەڵام دەسەری وەنەچوون و دوای دوو ڕۆژان لەکاتی قاوە خواردنەوەدا زەهریان بۆ دەقاوەی کرد و سولەیمان خان شەهید کرا.

لەشکری بێ شەرەفیش هاتەوە، جا سولەیمان خان کە خێزانی نێوی مێرێ بوو خوشکیشی هەر نێوی مێرێ بوو، کاتێ هاتەوە مێرێی کچی مەدیانی کە خێزانی سولەیمان خانی بوو، ڕووی تێکرد و گوتی: مەحموود ئەدی ئەوە سولەیمان خان بۆچ نەهاتەوە؟ گوتی: ئەو لەوێ بەجێماوە ئەمنی لە دووی تۆو لە دووی خوشکی ناردۆتەوە هەتا بتانبەم، لەوێ قەسری مەلیکیان داوەتێ هەتا ئەوەندەی کە لە ئێرانێدا ح،کمی کردووە ئەوەندەش لە وڵاتی تورکاندا حوکماتێ بکات. بە وەزن سووک و بە قیمەت گران هەرچی پێمان چوو دەگەڵ خۆمانی دەبەین، ئەوەی دیکەش تەسلیم بە هەمەکارانی دەکەین و دوایە دێینەوە بۆیان.

جا مێرێ دەمەدیانی لێی زەنین دەبێ و دەیخافڵێنێ، شڕە و بڕەی تێک دەنا لەناکاو گوتی لەشکری پێم وابێ سولەیمان خان نەماوە، ئەگەر نەماوە کوڕە بێتو ئێمە بەریە نێو ڕۆمان و تورکان ئەوا داگیرمان دەکەن لە قیس ئێرانیش دەچین و لە قیس تۆش دەچین، ئەگەریش ماوە ئەوە قەیدێ ناکا، خۆ بەوەی نییە ئەو دەمی قوڕم وەسەر خۆم دەکرد و دەمگوت مێردی پێ ناکەم ئەگەر دەزانی نەماوە ئەوە ئەمنیش مارەکە و خوشکەکەشی مارەکە و لەجێی سولەیمان خانی دانیشە و حوکماتی خۆت بکە.

بەو فیێڵە دڵیان لێ ئەستاند، گوتی وەڵا ئەگەر سوێندم بۆ بخۆن خۆتانم لێ مارە دەکەن پێو دەڵێم. جا سوێندیان خوارد و گوتیان بەو قورعانەی کە کەلامی خودایە ئەگەر ئەتۆ ڕاستێ بڵێی ئەمە خۆت لێ مارە دەکەین.

گوتی: وەڵا سولەیمان خان نەماوە و تورکان کوشتیان. جا پاش چوار مانگ و دە شەوان حەدیەی هەڵاتو خۆیان لێ مارەکرد. هەر کە مەلا وەدەرکەوتن ژنەکان بەنۆکەرانیان گوت لەشکری بگرن، گرتیان ڕووتیان کردەوە و قۆڵبەستیان کرد و کەلەمچەیان لە دەستی کرد.

هەریەکەی دەستیان لێ دا گازێک و، وەگیانی کەوتن ڕووتیان کردەوە، (جا لەشکری شاعیریش بوو) گوتیان ئەتۆ دەبێ بە سولەیمان خانی هەڵبڵێی، جا هەتا بەندێکی تەواو دەکرد بەگازی یەک لەولایە، یەک لەولایە پڕی ئەو گازەی گۆشتیان لە بەدەنی دەکردەوە، بەسێ بەندان لە گوتن کەوت. بەوجۆرە کوشتیان و لەشکری هەر ئەو سێ بەندەی پێ گوتراوە، کە دەڵێ:

ئەوڕۆ سەرم دێشێ و دڵی لەشکری ماڵ وێرانم چەندی لە ئێشە و چەندی لە دەردە و چەندی لە ژانە

وەی خودا هاوار چ بکەم هیچ کەس نییە و ئەگەر قەڵاتێکی بڕووخێنێ لە دڵی لەشکری دەماڵ وێرانە

ئەمن ئەوە لەسەرم سووربووە دەڵێن لەشکری پیاوێکی حەرامزادەیە و غەیانە

ئەوڕۆ ئەمن بۆت هەڵدەڵێمەوە بەیەختەرخانەی خان سولەیمان خانی کە خانی شای قوڵی بەگیانە

ئەگەر لێی دەبەسترانەوە پێنسەد بۆر و، بدەو و، حدود و، حەدال و کەحێلانە

بەڵام زەینی خۆم دەداوە بازخانەی خان سولەیمان خانی شای قوڵی بەگیان ئەوە لێی دەخوێنن پێنسەد باز و شمقاڕ و هەڵەتانجو، شارولو تەرلانە بەڵام ئەمن زەینێکە خۆم دەداوە دیوانی خان سولەیمان خانی شای قوڵی بەگیان ئەوەلێی هەڵاوەسراون، تۆبز و، قەدارە و مەتاڵ و کڵاوزریە و حەیزەرانە و هەردەم دێت.

بەمیرات بەجێ مابوون ئەسپاباتی دەپیاوانە و

بەڵام حەیف بوو، بۆ خانێکی وەک سولەیمان خانی شای قوڵی بەگیان ئەگەر لە دیوانی بڵحە ڕۆمیان بەپیاڵێک قاوە لەوێ دەزەهری ماری دەیانکردەوە شەڵاڵ و بێ گیانە





ئەوڕۆ سەرم دێشێ دڵی لەشکری ماڵ وێران چەندی لە ئێشە و چەندی لە ژانە، چەندی لە دەرد و دەردە

بەڵام ئەمن بۆت هەڵدەڵێمەوە بەتیپە سوارەکەی سولەیمان خانی ئەگەر سەر ڕاو و بەر ڕاویان دادەمەزراند و بەدەستووری پادشایان لە زەوێ چل پشکی، بەکوچک و کەڵەک و داشوپەروە و هەڵیان دەستاندەی و شینکەی مەلول و مەلول ماڵ وێران، پەل کورت و پاشوو درێژ و گوێ مەقەست، بەچاوکە، لەرزاوە جووتێکیان تاجیلەی قەڵا دەزێڕێ تێ بەردەداوە هێندێکیان دەیانگوت ڕۆیی و نەجاتی بوو، هەندێکیان دەیانگوت خانە خەراپ بەخودای ئەوە دەگەردالی تۆزیان وەرداوە

ئاغام سووچی ڕکێفێی بەوڵاغی نیشان دەدا و لەسەری دادەبەزی سەری شینکێی دەبڕی بەکێردی قەر خوڕاسانێ دەسک پوولەکە زەردە جووت پاشووی مامزی کون دەکردن و وەبن سامۆریتێ هەڵدا و

بەڵام حەیف بوو بۆ خانێکی وەک خان سولەیمان خانی شای قوڵی بەگیان ئەگەر لە دیوانی بڵحە ڕۆمیان بەپیاڵێک قاوە لەوێ دەژەهرەماری دەستی لە دونیایە بەرداوە،

ئەوڕۆکە سەرم دێشێ دڵی لەشکری ماڵ وێرانم چەندی لە ئێشە و چەندی لە ژانە،

چەندی لە دەردە، دەردە و لە هەڵاواڵە

ئاغام سەفی سوارانی تێک نەدەدان ڕاوی دادەمەزراند و دەگەڕاوە هەر بەرەو ماڵە

سەرلەنوێ هەڵیاندەستاندەوە شینەکەی مەلول و مەلول ماڵ وێران و پەل کورت و پاشوو درێژ و گوێ مەقەست بەچاو، کە لە زراوە جووتێکیان تاجیلەی قەڵا دەزێڕ و کەلە زەرد تێ بەردا و لەبەر هەڵات هەڵاتی دەسواران، خرمەی دە ڕەخت داران، تەقەی دە ئاوزەنگیان ناسکەی دە تولە و تاجیان، ئەوە گوێ کەڕ دەبوو، زمان دەبۆوە لاڵە غەمزە ڕێی دەنیشت چار و قودرەتی نەدەمان خۆی داویشتەوە فیستی شێخ مەحموودی لە سەرەوە ئاڵە. بەڵان حەیف بۆ خانێکی وەک سولەیمان خانی شای قوڵی بەگیان ئەگەر لە دیوانی بڵحە ڕۆمیان بەپیاڵێک قاوە، لەوی دەژەهرماری دەیانکردەوە شەکەت و شەڵاڵە.

جا پاش ئەوەی کە مێرێی مەدیانی و مێرێی خوشکی سولەیمان خانی ئەو سێ بەندەیان بەو چەشنەوە بەزۆری گازی بەلەشکری گوت بردیان لە داریان بەست و حوکمیان لە خەڵکی ئاوەدانی کرد (لەسەر کانیاوێیان لە دارێ بەست) ئەگەر ژنان چوون بۆ کانی دەبێ دەرزیەک یان شووژنێکی لە بەدەنی لەشکری ڕاکەن و دەری

نەهێننەوە ئەگەریش پیاوان چوون دەبێ خەنجەرێک یان کێردێکی لێدەن و دەری نەهێننەوە. بەمجۆرە لە تۆڵەی سولەیمان خانی لەشکریان کوشت.

***

## بەیتی لاس و خەزاڵ

وێژەر: حوسێن شەشە (کەنیلە)
بۆپانەی سەردەشت

دەڵێن: میر چراغ و میر بداغ و میر سۆفی برابوون، هەرچی میر چراغ و میر براغ بوون لە وەردێ و ناوەندێ بوون، هەرچی میر سۆفیش بوو لە وڵاتی باڵەکان مزڵی مەمی خەلان بووە. میر سۆفی لە زەمانی پاشای بەبان دا بوو کە ئەوەڵی پادشایەتیان بوو لە وڵاتی شارەزوورێ. میر سۆفیان زۆر خۆش دەویست، میر سۆفی لە وڵاتی باڵەکان حوکماتی دەکرد و سەردار عێلێک بوو. دەڵێن پادشای بەبان لێی پرسی: میر سۆفی ئەتو هیچ کوڕت نین؟ گوتی بەڵێ، ئەمن کوڕێکم هەیە منداڵە، نێوی ئەحمەدە و عومری حەوتساڵانە. پادشا گوتی دەبێ بینێری بۆ شارەزوورێ لەوێ بخوێنێ و فێری تیرئەندازی و شیربازی و تەعلیماتێ بێ. بەو جۆرەی ئەحمەد ئاغایان لە عومری حەوت ساڵیدا نارد بۆ شارەزوورێ هەتا عومری بە هەژدە ساڵی گەیشت، یازدە ساڵان لە وڵاتی شارەزوورێ بوو لە تیرئەندازی، شیربازی و سوارچاکی و........دا یەکەم بوو. وەختێکی ئارەزووی وڵاتی خۆی کرد، بەپادشای بەبانی گوت دەبێ ڕێم بکەیەوە بچمەوە وڵاتی خۆم. بەڵێ ئەحمەد ئاغا لە وڵاتی شارەزوورێ ڕا هاتەوە وڵاتی باڵەکان (باڵەکان کەوتۆتە وڵاتی عێراقێ ئەگەر لە زینوێ شێخی ئاوا دەبی دەگەیە ئەوێ.) کاتێ ئەحمەد ئاغا هاتەوە هیچ کەس پێی نەدەگوت ئەحمەد ئاغای میر سۆفی، بەڵکو هەر پێیان دەگوت ئەحمەد ئاغای شارەزووری. کە هاتەوە مامەکانی پێیەوە چوون، یەکیان ماینێکی زۆر چاکی هەبوو پێشکەشی کرد، ئەوی دیکەیان کچێکی زۆر جوانی هەبوو ئەوی پێشکەشی کرد و گوتیان دەبێ ئەحمەد ئاغا بۆ خۆی بێتە وێ، بەینێکی لەوێ بێ تا ماینی بدەینێ و کچیشی بۆ باوێینە پاشکۆیە و بێتەوە. ئەحمەد ئاغاش بەفەرمانی مامان چۆ ئەوێ و لەوێ یەکیان ماینی بۆ لغاو کرد و یەکیشیان کچی بۆ هاوێشتە پاشکۆیە و بەتاقە سوارە گەڕاوە. دە ڕێیەدا شێخی عارەبان بەخۆی و، دەستە سوارێکەوە تووشی بوون، ماندوو نەبوونی لێکرد. شێخی عارەبان ئەسپێکی زۆر چاکی پێ بوو، ئەسپی شێخی عارەبان بەنێوبانگ بوو. ئەحمەد ئاغا پێی گوت: یاشێخ بۆچی





دەستێکم ئەو ئەسپە بۆ ناوێیە ئەو ماینەی؟ شێخیش دەڵێ: با ئەوەی لە پاشکۆت سوار بووە ماچێکم داتێ هەتا بۆت باوێمێ، ئەحمەد ئاغا قەڵس بوو، کچەکە پێی گوت: خۆ ن ەئێمە ئەوی دەناسین، نە ئەویش ئێمە دەناسێ ئەگەر دەزانی ماینەکەت لەو ئەسپەی دەگرێ ماچێکی دەدەمێ قەیدی چ دەکا (هەڵبەت نەک لەبەرئەوەی کە پێی خۆش بێ بەڵکە مەبەستی ئەوەبوو ئەو ماینە ڕەسەنە لەو ئەسپە چاکە، چاک کرێ) جا دەستێک ئەسپەکەیان هاوێشتە ماینەکە پاش تەواوبوون ئەحمەد ئاغا سواری ماینەکەی بوو ئامۆزاکەشی لە پاشکۆی خۆی سوار کرد، ڕووی دەولای کرد تا شێخ کچەکە ماچ بکا و بڕۆن. شێخی عارەبان هات ماچیکا بەڵام کە نیزیک بۆوە ڕۆهاتە پیلی کچەکەی و، لێی ڕفاند ڕکێفی لە ئەسپیدا و هەڵات، ئەویش ڕکێفی لە ماینێ دا و کەوتە سەری بەڵام نەیگەیشتێ.

شێخی عارەبان بانگی کرد و گوتی: براله بازی ئەسپی من مەپێوە و بڕۆوە ماڵە خۆت تازە نامگەیەی، ئەگەر بەو جانووەی کە لەو ئەسپەی دەبێ تۆڵەی خۆت پێکراوە ئەوە تۆڵەی خۆت بکەوە دەنا بڕۆ لە ماڵێ دانیشە و دەنگێ مەکە.

جا دەڵێن ئەحمەد ئاغا هاتەوە ماڵێ و حەوت ساڵان بۆی دانیشت و، لەو بارەوە باسی هیچی نەکرد و کەس لێی نەزانی کە ئامۆزایان لێ ڕفاندووە. هەتا جانووەکەی لەو ماینەی بوو، لە شیرخۆرەیەوە هەتا وەکو لێ هاتەوەی گرتو، ساڵێکی پێ چوو بوو بەولاغێکی زۆر حیسابی. ڕۆژێکی هێنایە مەیدانێ، بازی لە بازی ئەسپی شێخی عارەبان ڕەد ببوو جا گوتی ئەوجار دەتوانم تۆڵەی خۆم بکەمەوە. ئەحمەد ئاغا هەستا بەتاقە سوارە لە وڵاتی باڵەکان وەدەرکەوت و ڕۆیی بۆ مەملەکەتی شێخی عارەبان ئەگەر دەهاتە تەباری وڵاتی ئێراقێ. زۆر گەڕا، تەماشای کرد لە دەڕەیەکیدا دوو سەد چادرێک هەڵدرابوو، هەموو چادری بەفرفرینگە و دوو مەرتەبەیە، گوتی وەڵڵاهی، لادەدەمە ئەو عێلەی، ئیسراحەتێکی دەکەم و دەشپرسم. کانییەک لەبەر ماڵان بوو دوو ئافرەت لەسەر کانیە بوون، یەکیان شیوی دەکرد و دەستی دەشیوێدا بوو ئەوی تریان سەرپۆشێکی بەسەر خۆیدا دابوو و دانیشتبوو. ئەحمەد ئاغا گەیشتە وێ، ئەگەر تەماشای کرد ئەوی شیوی دەکرد ئامۆزاکەی بوو هەمان کچ کە لێیان ڕفاندبوو سلاوی کرد و گوتی: ئامۆزا ئەوە ئەتۆی؟ گوتی کوڕە ئەرێ وەڵڵا، گوتی وەرە سواربە، گوتی جا تازە؟ ئەمن مارەکراوی شێخی عارەبانم و دوو کوڕم هەن، ئەوە کچی شێخی عارەبانە ساڵی دوو جاری تاو وەچاوی دەکەوێ، جارێکی لە سەروو بەرەوژێری جارێکیش لە کەمبەرە بۆ ژێری. تەواوی عالەمێی بەئاواتە، ئەوی بەرە لەباتی من. جا گوتی ئەگەر

وایە چۆڕێکم ئاوێ دەیە. ئامۆزاکەشی بە کچی شێخی گوت دەستم دەشیوێ دایە چۆڕێک ئاوێ بدە بەو سوارەی، کچی شێخی جامێکێ ئاڵتونی لە کن بوو جامەکەی دەئاوێ هەڵدا و داییە بەڵام ڕووی تێ نەکرد و نەیهێشت ئەحمەد ئاغا ڕووی ببینێ، بەرەو پشتی وێدا. ئاوەکەی لێ وەرگرت و خواردییەوە، دەدڵی خۆیدا گوتی کچی شێخی، قەرار بێ بترفێنم هەتا بۆ خۆشت دوێخینم نەکەیەوە قەراربێ ئەمنیش خۆت تێنەگەیێنم چونکو نەتهێشت ڕووت ببینم. ڕۆهاتە پیلی و هاویشتیە پاشکۆیە، زیڕە لە کچەی پەیدابوو هەرا و گرمە دەعێلێ کەوت ئەوی کەتە بارگینێکی هەبوو کەوتە سەری، ئەحمەد ئاغا ڕۆیی.

شێخی عارەبان ئەگەر بازی ئەسپی ویی دی گوتی بگەڕێنەوە، کەس نەچێ، ئەوە ئەحمەد ئاغای شارەزووریێیە و، تۆڵەی خۆی کردەوە. ئەحمەد ئاغا ڕۆیی، چل تەریدە لە بەندەنێکی دانیشتبوون سەرۆکەکەیان گوتی ئەوە چەند ڕۆژە چمان وەگیر نەکەوتووە، ئەوە سوارێک هات ئافرەتێکیشی لە پاشکۆیە سوار بووە بچن ئەو سوارەی بێنن، ئەسپابەکەی ئی خۆتان و ئافرەتەکەش بۆ من. جا پێنج تەریدەی بۆ ناردنە خوارێ، ئەحمەد ئاغا کەوتە سەریان ئەو پێنج تەریدە دەرنەچوون پێنجی دیکە هاتن، بەو قەرارەی چواری دی هاتن. ئەو جار سەرتەریدە ئەوەی دەگەڵی مابوو بەحاڵ دەرچوو. ئەحمەد ئاغا ئەو هەموو شەڕەی کرد و تەریدەکانی پەرش و بڵاوکردنەوە بەڵام بەئافرەتەکەی نەگوت ئەگەر چۆنیان ڕێی پێ گرتین و چۆنم کوشتن یان چەند ئازا بووم، هیچ قسەی دەگەڵ نەکرد لەبزی دە لەبزی نەگەڕا، هاتەوە وڵاتی خۆی و کچەی مارەکرد. شەش مانگان گەردن و نێوقەدیان دەتۆقی زێڕدابوو بەڵام هیچیان لێ بەهیچ نەبوو. کچی شێخی عارەبان لە تاوان وەک بەهێیە زەردبوو، دەیگوت خودایە ئەو پیاوە دەبێ پیاو نەبێ، دەبێ بەبەرخوێنی هێنابم ئەتکێم پێ بکا، دەبێ چ بێ؟ عەجایب بۆچی ئەمن شەو و ڕۆژێ دەگەڵ ئەو کابرایەی گەردن و نێوقەدم دەتۆقێ زێڕ دایە بەڵام چ لەوی ساختە ناکەم و چ لەوی نابینم؟ کاغەزێکی نووسی و بۆ دایکی بەڕێ کرد، کاغەز گەییە دایکی، دایکی کاغەزی خوێندەوە. کچە نوسیبووی لە حاڵی هیلاکی دام ئەگەر نەگەیە سەرم دەمرم.

دایکی کچەی هات، ئەڵبەت ژنی دیکەی شێخی عارەبان بوو نەک ئامۆزای ئەحمەد ئاغای. ئەگەر هات بۆ دیدەنی کچی، تەماشای کرد ئەوە کچ وەک بەهێیە زەرد هەڵگەڕاوە. گوتی ڕۆڵە بۆچی وای؟ گوتی دایە لە هیچ شتێکم کەم نییە، مەردی وەک خۆی نییە، جوان چاک و سەردار عێل، بەهێز و بەدەستەڵات غەیاتی لەو سەعاتێوە





ئەمن هاتووم هەر کچم، ڕاپەڕێکی لێ نابینم و پیاوەتیم لێ نەدیوە. جا گوتی مەگەر پیاوەتی نەبێ دەنا چۆن جوانی وەک تۆ لە پاڵ پیاوی دابێ و هەر کچ بێ، ئەگەر پیاوەتیشی نەبێ ئەوە مارەییت لەوی نەهاتووە و دەتبەمەوە. بەئەحمەد ئاغای گوت دەبێ کچێم بۆ ئیزن دەی، دەیبەمەوە. گوتی بیبەوە. کە کچ گەیشتەوە ماڵی بابی و شێخ ئەو خەبەرەی زانی، گوتی کابرا پیاو نییە و مارەشت لێی نەهاتووە. برازایەکی خۆی هەبوو گوتی بیهێنن لەوی مارە دەکەم و دەیدەم بەوی. هێنایان بەزۆری زۆرداری کچەیان لەوی مارە کرد و شێخی عارەبان بۆی گوێزتەوە، زاوا چووە کن بووکێ. ئەگەر چوو چەکمەی لە پێ دابوو، چەکمەکانی لەلاق ڕاکێشا و چوو لە کن بووکێ دانیشت. مشکێک لەبن دیواری هاتە دەرێ و بۆ بن دیواری دیکە چوو، زاوا لینگە چەکمێکی لێدا و نەیهێشت بڕوا، کوشتی کلکی گرت و ڕایوەشاند، گوتی ئامۆزا چۆنم کوشت؟

کچە گوتی قوڕم وە سەر سەری دا نەکرا، ئەحمەد ئاغا لە ڕێیە چل تەریدەی خەڵاس کردن ئەمنی لە پاشکۆیە بووم ئەو پرسیارەی لێ نەکردم، لەمنی نەپرسی چۆنم کوشتن یا چۆن بووم؟ ئەوە بۆ مشکێکی وا دەڵێ!، وەڵاهی قەراربێ لە ئەحمەدی شارەزووی بەدەر هیچ کەس دەستی وەداوێنی من نەکەوێ.

جا کچ دەستی دا ئافتاوەی، زاوا گوتی ئەوە چ دەکەی؟ گوتی دەچمە دەرێ و دێمەوە کاتێ چۆ دەرێ ئافتاوەی دانا و، هەڵات ڕۆییەوە بۆ ماڵی بابی. شێخی عارەبان ئەو خەبەرەی زانی و، چوو لێی پرسی ئەتۆ بۆچی هاتوویەوە، چییە، چ باسە؟

گوتی بابە، شێت بووی، عەقڵت نییە! خەرفاوی؟ با ئەمنیش دەنگێ نەکەم ئەتۆ نازانی ئەمن مارەکراوی ئەحمەد ئاغای شارەزووریم، چۆن لە کابرایەکی دیکەم مارە دەکەی؟

شێخی عارەبان مەجلیسی گرت و تەگبیری کرد، گوتی بە چ نەوعێک ئەحمەد ئاغای لەنێو بەرین؟ گوتیان شێرێک لەو وڵاتەی دا حاسێ بووە، شوان و گاوان، جووتێر و ئاودێر کەس ناوێرێ وەدەربکەوێ، بنێرە ئەحمەد ئاغا بێ ئەو زۆر لە خۆی ڕادەبینێ، بەگژ ئەو شێرەی دابکە بێگومان ئەو شێرە دەیشکێنێ، ئەو دەم ئەو ئافرەتە مێرد بەهەر کەس بکا، دەتوانێ.

بەڵێ جا ناردیان و ئەحمەد ئاغا لە وڵاتی باڵەکانڕا هات، گەیشتە وێ و لە مەجلیسێ دانیشت شێخیش ئەو تەکلیفەی لێکرد.

ئەحمەد ئاغا گوتی: بەڵێ بەچاوان.

سبەینێ کە ڕۆژ بۆوە ئەحمەد ئاغا ئەسپی خۆی هێنا دەرێ، شاڵو و ڕنەکی کرد و زۆر بەحیسابی ئەسلەحەی هەڵگرت و سواری ئەسپی خۆی بوو و ڕۆیی بۆ ئەو جەنگەڵ و چووغرەی کە شێرەکەی تێدابوو.

شێر کە هەستی ناڵی ولاغی کرد لە چووغرێ هاتەدەر، چەپی یا دەستی هەڵێنان و بۆ ئەحمەد ئاغای هاتە سەر پاشوان. ئەحمەد ئاغا خۆی لە ولاغێرا فڕێ دا و ڕمبێکی وەهای لە تۆقی سەری دا کە لەبەر گەردەنیی چوار قامک هاتەدەرێ، شێری بادا و خستی. جا دەڵێن مەرد ئەو مەردەیە کە ئەگەر شێری کوشت کەوڵیشی بکا. ئەحمەد ئاغاش سەری شێریی لێ کردەوە و دەستی بەکەوڵ کردنێ کرد.

دارێک هەیە دارەلاسی پێ دەڵێن. سێبەری زۆر جوانە کەوڵەکەی لەوێ ڕاخست، گوتی هەتا دەحەسێمەوە ڕادەکشێم. چونکە زۆر ماندوو ببوو. سەری شێریی دەبن سەری نا و لەسەر کەوڵەکەی درێژ بوو.

کە خەبەریان بەکچی شێخی دا و گوتیان ئەحمەد ئاغا ڕۆیوە تا شێری بکوژێ بەڵام گومانی تێدا نییە کە شێرەکە دەیشکێنێ گوتی وەڵاهی وا چاکە ئەمنیش بڕۆم با سوێندم لێ نەکەوێ با وێڕای ئەحمەد ئاغای شێر تێکم بشکێنێ و، نەیەمەوە. ئەویش بەلایەکیدا خۆی دزیەوە و چوو بۆ لای ئەحمەد ئاغای. کاتێ گەیشتە جێگاکە، کە زەینی دایە ئەحمەد ئاغا گیانی خوێناوییە و شێریشی کەوڵ کردووە. کچە نەیزانی کە ئەحمەد ئاغا هەر ماوە، گوتی لاڵ بم، ئەحمەد ئاغا شێرەکەی کوشتووە و شێریش ئەوی شکاندووە، ئەمما توخودا تازە چوو و ڕابرد با بزانم بەڕاستی ژن بوو یان پیاو بوو، نێرە یان مێیە؟ دەستی بۆ دوێخوونی برد و ترازاندی. ئەحمەد ئاغا توند جومگەی گرت و لە بن دارە لاسی کچی شێخی عارەبانی بەدەست گرت و لاسی وەزگی کەوت. بۆیەش ناویان لێنا لاسەشۆڕ چونکە داری لاس شۆڕابەی دێنە خوارێ. بەڵێ، جا ئەگەر ئەحمەد ئاغا لە بن داری لاسی و لەسەر کەوڵی شێرێ کچەی بەدەستەوەگرت، کچە پێی گوت و لێی پرسی: ئەدی بۆچی لەو دەمیەوە ئەمن لە پاڵ تۆدا بووم ئەتۆ خۆت دەمن نەگەیاند؟ ئەحمەد ئاغا لە وەڵامدا گوتی، لە حەیفی ئەو جارەی ئەگەر ئاوەکەت ئاوا بەرەو پشت وێدام. بەڵێ جا پاشان ئەحمەد ئاغا سواری ئەسپەکەی بوو، کچەی لە پاشکۆی خۆی سوار کرد و کەوڵی شێریشی بەپێشکۆی زینیەوە کرد و سەری شێریش بەڕمبێوە بەرەو عێلی شێخی عارەبان کەوتەڕێ. کە دوور و نزیک وێ بۆوە تەواوی عێلەکەی بەپیریەوە هاتن، چەند ڕۆژان لەوێ ماوە جا پاشان کچەی لەگەڵ خۆی سوار کرد و گەڕانەوە بۆ ولاتی باڵەکان.





وەختێک ئەو ژنە حامیلە بوو دوای ماوەیەکی خوا منداڵێکی دانێ و ئەحمەد ئاغا بۆ خۆی نێوی لێنا لاسەشۆڕ. ماوەیەکی دایانە دەستی دایانان بەخێویان کرد هەتا عومری گەیشتە حەوت ساڵی و ئەوجار لەبەر خوێندنیان نا. عومری بەدوازدە و سێزدە و چاردە گەیشت ئەحمەد ئاغا کونجی قەناعەتی گرت و لاس بوو بە ئاغا و دەستی بەحوکماتێ کرد. لە ولاتی باڵەکان هیچ کەس نەیدەتوانی بەبێ ئەمری وی بەو مەملەکەتەیدا ڕابرێ و، کەس دەگەڵ لاسی بەربەرەکانی پێ نەدەکرا.

ڕۆژێکی دەروێشێک لەبەر دەرکێ یاهوویەکی کێشا، لاس ئەوەندی بەدەستیەوە هات وێیدا. دەروێش گوتی: بریا لاس هەر نێو و نێوبانگم بیستبای بەڵام قەت نەمدیبای.

لاس گوتی: بۆچی؟

دەروێش گوتی: وەڵاهی بەخۆت و خزمەتکار و دەستوپێوەندەوە، بەهەمووتان بەتاقە کارەکەرێکی خەزاڵەشۆڕی مەلا نەبی نابن.

لاس گوتی: خەزاڵە شۆڕ کێیە؟ نەیدەزانی خەزاڵە شۆڕ لە چ مەملەکەتێکە و، تازە نێوی لەو دەروێشەوە دەبیست. دەروێش لە کن خەزاڵیش هەر ئاوای تاریفی لاس کردبوو، ئەو قسە لە دڵی هەردووکیاندا مەراق بوو.

هیچیان هیچیان نەدەدیت. دەڵێ ڕۆژێکی لە ڕەوەی لاسی دوو ماین نەهاتنەوە، لاس بەغەزەب داچوو دوو کەسی بەشوێنیاندا نارد. لاس گوتی: کێ بێ بتوانێ بێ لە ڕەوەی من ماینان بەرێ، لەهەر کەسێکی ئاشکرابێ قەراربێ خاکی بەتورەکان بێنم. دەڵێن پیاوێکی پیر و کوڕە جحێڵێک کە پێکەوە ڕەفیق بوون و هەردووکیان پیاوی لاسی بوون. دەستیان بەگەڕانێ کرد. زۆر گەڕان تا بەسەر هۆبە و هەواری خەزاڵێکدا کەوتن، پێیان وابوو مەحشەرە، ئاخر زەمانە. لە کابرایەکیان پرسی: بابە ئەو هۆبە و هەوارە ئی کێیە؟

کابرا گوتی: بۆ مەگەر بابم، خەڵکی سەر عەرزی نین؟ ئەوە هۆبە و هەواری خەزاڵە شۆڕی مەلا نەنیانە. خەزاڵە شۆڕ کچی مەلا نەبییە، مەلا نەبی و مەلا داود بران. سەردار عێلی سورچی و، زرار و، ڕەمک و ڕەبەن و، مام ساولۆ و غەیلانیانن. ئینجا پیاوەکان گوتیان: ئەدی ئەمە میوانی کێ بن؟ کابرا گوتی: بڕۆن میوانی لامێردانی خەزاڵێ بن (لامێردان عیبارەتە لە دیوەخانێ) ئەوانیش چوون میوان بوون، ئەوێ شەوێ چ میوانی دیکەی لێ نەبوو، خەزاڵ لەودیوی ڕا بانگی کرد و گوتی: ئەو میوانانە کێن؟ گوتیان کابرایەکی پیرە و کوڕە جحێڵێکی دەگەڵە.

خەزاڵ گوتی میوان یا دەبێ بزنێ بدا یادە بی شتێکی بڵێ. ئەوانیش گوتیان وەڵا ئەمە نازانین، فەقیرین گەڕاوین و ماندووین، ڕێمان کەوتۆتە ئێرە. ئەویش گوتی قابیل نییە، لە وڵاتی مە ئەوە دەستوورە، هەر میوانێکی بێ دەبێ یان بزنێ بدا یان شتێکی بڵێ. پیرە گوتی: یای خەزاڵ ئەگەر میوان بزنێ بدا، خانە خوێ شەوچەلەی لەسەرە، جا گوتی ئەگەر قامەکەت خۆش بێ شەو چەلەشت دەدەمێ. کابرای پیر دەست پێدەکا و بەتاریفی لاسی دا دەچێ و دەڵێ:

بەلان کێ بوو لەبەر مامێ ڕدێن سپی، دەڵێ خەزاڵ بەسەری تۆ سەرم لە ئێشە دڵم لە ژانە، قایمەتی لە ژانە، ژانە

وەختایەکی ئەمن وەڕێ دەکەوتم، لە وڵاتی باڵەکانە

چەندم حەول دەدا، دەگەڕام لە دوای مایناتە وەسەر دەکەوتم لە کوێستانی عەزیمەت و گەورە و گرانە

خۆم هەڵدەداشت لەوان نەویانە

ئەمما دەو دەمەی دا بەسەر هۆبە و هەواری تۆدا دەکەوتم

لەمن وایە حەشرە و ئاخر زەمانە

مەنسووری هەرادە و کوی بەپەرێ دەکرانە تەرازوو و میزانە، خێر و شەڕ بەش کرانە

لەو دەمەیدا تووش دەبووم بەپیاوێکی مەزلوومۆکە وەکو خۆم بەستەزمانە پەسەری زمانیم لێ دەپرسی بابە ئەو هۆبە و هەوارە ئی کێیە قەت نەهاتوومەتە ئەو وڵاتانە

دەڵێ بابە نازانی هۆبە و هەواری خەزالە شۆڕی مەلا نەبیانە

دەڵێ ئەمن نابەڵەدم لە کوێ ببمەوە میوانە

دەیگوت هەرۆ لامێردانی خەزالی، جێگەی شا و، میر و بەگلەرانە

خەزاڵ بەسەری تۆ تاوڵت ئەتلەسە لەسەر بیست و چوار چڵانە

ڕستەی تاوڵێت خەیاتی کۆ و حەلەب و میسر و شام و دیاربەکر و ئیسفەهانە

لە دیوەخانێت ڕاخراون پێنسەد فەرشی قەرە خوراسانە

داندراون کورسی و سەندەڵی شاماغاجی لەوی پێچک نەردیوانە

ئەمما لەلایەکی کاغەز نووسینە و لەلایەکی مۆر لێدانە

ئەوە لە دەرکی تاوڵێت بەستوونەوە، چەندە ماینی مەحەندەکی یالوش بەرەنگاری





کلک لەسەرچوانە

وڵات بەتەم، دەنگوت لەمن وایە دنیا خەرا دەبێ نەمەدەزانی ئەوەش تۆزی ڕێگای مەڕ و مێگەلانە

خرمێک لەبنی گوێم پەیدا دەبوو، لەمن وایە قەتاری ئارون و قارۆونییە بەقاری عەرزیدا دەچێتە خوارێ، نەمدەزانی ئەوەش خرمەی تۆف و تەلەسم و گوارە و کرمەکی دەوان شەنگە بێریانە

خەزاڵ بەسەری تۆ لە دەورەت هەر خیوەتی ئاشقان، میر عەزیز و میر بداغ و ئەحمەد ئاغای سورچی و، مەممەندی فەقێ وەیسی دەگەڵ خیوەتی خێڵە ڕەشیانە

سەد ئەوەندەی دیشت لە دەورەی بێ ئێستاش نابێ بەتاقە سەحاتێکی لاسە شۆڕی باڵەکیانە

بێت و، ببینی حۆل دەبی گێژ دەبی لە مەیدانێ دەوکەوی شەلاڵ و بێ گیانە

ئەگەر مەیلت لەسەر بێ قەرار بێ ئەمن بەوەعدەی پازدە ڕۆژی دیکە بۆت بنێرمەوە ئێرانە.

**

خەزاڵ لەو دیوی ڕا بانگی کرد، گوتی خالە دادەی وەرە ئەو دیوەی، وەڵاهی قامی خۆش دەزانی. بەڵێ لێی پرسی لە چ دەگەڕێی؟ گوتی ئەمن پیاوی لاسیم، پیاوی لاسە شۆڕی باڵەکانم. ماینمان لێ دزراون، لە ڕەوەی ماینان دەگەڕێم. گوتی: ماینەکان پیاوی من هێناویانن، ئەمما فرۆشتوومن (ئەگەرچی درۆشی دەکرد) لە دڵی خۆیدا گوتی ئەگەر وا بڵێم لاس پیاوێکی کەللەبییە و وەدوای ماینان دەکەوێ و دێتە ئێرە. جا گوتی لاس، چ لاسێکە؟

گوتی ئەگەر بیبینی هۆشت نامێنێ، دەزانی پیر و ئوفتادەم، ماندوو و فەقیرم دەتوانم لە دە بەشان بەشێکت بۆ باس بکەم.

دە گوتی بڵێ بزانم لاس چ کەسێکە، کابراش دەستی پێکرد و گوتی:

بەلام کێ بوو لەبەر مامی ڕدێن سپییە،

دەڵێ خەزاڵ بەسەری تو سەرم لە ئێشە دڵم لە گلەییە قایمەتی لە گلی گلەییە

ئەگەر ئەتۆ دەپرسی لاسە شۆڕی باڵەکییە کوڕی ئەحمەد ئاغای شارەزوورییە نەوەی میر سۆفییە

ئەگەر ڕۆژ دێتە دەرێ لە قوللە و قول و بورج و پەنجەران لە بورجێ بەڵەک شەبەقێ خۆی دەدان لەوان بلێند و نەوییە

لاس دێتە سەر قوللە و بورج و پەنجەران، دەڕوانێ بەحوکمی دووربینێ، لە دوایە دەخورێتە مەتبەر و میر ئاخوڕان بۆی دێننە دەرێ کوێتێکی قاپ ڕەشی ئاو بژی سەر بەژەنگاری لەوی ئەسلە بەحرییە

لە پشتی کوتاوە زینێکی مورساییە. بەتەنیشتی دا بەرداونەوە جووتێک ئاوزەنگی ئاودەست کارییە

تەنگە و بەرتەنگەی بولغارە و لغاوی مروارییە

لە پێش گوێیە ماینی قایم کردووە قولێک پەڕی نێر تاوسێ سەریان لە گەواڵی دەهەورییە، لەسەر دەستی داناوە بازێکی سێ تووکی سێ قەلاتی لەوی تینوو و برسییە،

لە پێشکۆیە زینی داناوە ڕمبێکی هەژدە قەفی لەوی سەر بەنسیرییە

ئەمما بەتەنیشتیدا بەرداوەتەوە شیرێکی لاهوری لەوی کۆسە میسرییە دەشانی دایە کەوانکێ خاسە ڕەنگ دەگەڵ سەد و بیست و چوار تیری سەر بەژەهرەمارییە

بەدەستەوەیەتی مەتالێکی کەرگەدەنی تیۆنەبری لەوی پێستی لە خورییە

ئەمما لەبەریدا زرێیەکی ئالقە ئالقەی لەوی ئەسلە داوودییە

بەسەریوەیەتی جووتێک شەدەی فەرەجولاهی لەوی ئەسڵە کوڕ حوسێنییە

لەبەریدایە کەوا و پاتۆلێکی ئەسکەنە هەر گەزی لە پێنسەد زێڕی کەمتر نییە

لە پشتیدا پشتێندێکی شالی تورمەی لەوی ئەسڵە ئەستەمبوولییە

لەبەر پشتێنی چەقاندووە خەنجەرێکی قەرە خوراسانی لەوی دەسک نێروییە

هەڵی کێشاوە جووتێک چەکمەی بریقەداری لەوی عەسڵە حامیدییە

ساتاغەی هاتوونە خوارێ هێندێک کورتن، هێندێک درێژن هێندێک شۆرابەیان لە عەرزییە

لە قۆڵیدا جووتێک تاجی هەڵاتی هەنی موو دوورکوژی لەوی دەمانێردییە

ئەمما بەدایم لە دوای دەڕۆن دوو سەد سواری، سەدی جحێڵە و سەدی ڕدێن سپییە

هەڵدەستێنێ پۆڕێ کەتی دەگەڵ دەعبای دەکێویە





کڵاوی بەلای سەرێوە، خۆفی خودای نەبێ قەت خۆفی هیچ عەبدانی لە کن نییە

خەزاڵ بەسەری تۆ ئەوە لە دە بەشانم بەشێکی مەدحی لاسە شۆڕی باڵەکی عەرزی تۆ کرد بەسەر زبانییە

دەزانی پیرم و بێ تاقەتم، چیدێکەم تاقەت نییە.

**

بەڵێ، ئەگەر کابرا قامەکەی بۆ خەزاڵی گوت، خەزاڵ پێی گوت: قەراری من و تۆ ئەوەبێ بەوەعدی پازدە ڕۆژی دی ئەتۆ لاسم بۆ بنێریبیە ئێرە، ئەمن دوو ماینانیشت بۆ زین و لغاو دەکەم لەباتی ماینی خۆی بۆی بەرەوە. جا سبحەینێ دوو ماینی حازرکردن، کابرا سوار بوو ڕۆیی. کاتێ گەیشتەوە نیزیک ئاوایی، لاس لەسەر بورجێ ڕاوەستابوو تەماشای کرد دوو سوار وەدەرکەوتن، زانی پیاوەکانی خۆنی ئەمما ولاغەکان نا. گوتی داخودا لە کوێ بەسۆغرەیان گرتووە یان دزیویانە یان فڕاندوویانن. کە گەیشتنەوە و دابەزین، لاس لێی پرسین، کابرا گوتی: برۆ ماڵ خەراپێ ئاگا لە خۆ نەماوی کەللە زل خان، عاشقایەتیم بۆ دەگەڵ خانزادە خانێ هەریری دەکەی! نازانی ماینی تۆ پیاوی خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبیان بردوونی؟ خەزاڵە شۆڕ نەقڵی وایە و حاڵی وایە و.........، چەند ئاشقی لە دەورەنە، بەڵام کە باسی تۆی لە دەروێشی زانیبوو ئەوجا بەجارێکی حاڵی نەما ئەو دوو ماینەشی لەباتی ماینەکانی خۆت بۆ ناردووی، قەراریشم دەگەڵ داناوە بەوەعدی پازدە ڕۆژی ئەتۆ بچیەوێ. جا دەڵێ، لاس گوتی چۆن بچم، بەلەشکرەوە بچم؟

یەک دەیگوت تالانی دەکەین، یەک دەیگوت ئەوی لە دەورەیەتی دەیکوژین، بەڵام پیاوێکی پیر کە خزمەتی ئەحمەد ئاغای دەکرد گوتی: ئەتۆ هەستی لەشکرکێشی بکەی و، بچێ وێ تووشی هەرا دەبی، پیاوێکت لێ بکوژرێ سەد خەزاڵی دێنێ، ئەتو بۆ خۆت لیباسێکی کەسیف و شڕووڕی شوانانە لەبەر بکە و برۆ کەمبەربەندێکی ئاڵتون لە هەزار زێڕی لە پشتێ ببەستە بۆ تەنگانان پێت بێ، ئەگەر پیاو بی لەو لیباسەشدا پیاوەتی خۆت دەکەی، ئەگەر چشت پێ نەکرا ئەوا دێیەوە ماڵەخۆت کەس ناڵێ لاس چۆتەوێ.

لاس گوتی: ئەتۆ لە جێی من بە، هەر کەس بەبێ فەرمانت جووڵاوە کای لە پێستی داخنم.

جا دەڵێ، لاس جووتە کەڵاشێکی هەورامانی لە پێ کرد و، ڕانکوچۆغەڵێکی بۆرەکە

تەپلێکی کوردانەی لبادی لە سەر نا و ئاغابانوێکی لەسەر بەست و، دەستی دا گۆچانێکی بەڕوو، دوو سێ نانیشی لە باغەڵی نا و، لێیدا و ڕۆیی. وەختایەکی ئەگەر گەیشتەوێ، بەپرسیار هۆبە و هەواری خەزاڵی دیتەوە چۆ تاوڵێکی گەورە کە لە نێو تاوڵان هەڵدرابوو، لەبن لاپانکی دەرێ دانیشت نەچووە ژوورێ. کابرای ساحەب ماڵ لێی پرسی: ها کوڕە لە چی دەگەڕێی؟ گوتی: وەڵا شوانی بێ، بەربەرخان بێ، ئەو جۆرە شتانە دەکەم. کابرا لەبەر خۆیەوە گوتی ئەو پەل ئەستوورە بۆ مەلا نەبی چاکە هەربۆیەش وەدوای خۆی دا و بردی بۆ لای مەلا نەبی، گوتی ئەوە چییە؟ کابرا گوتی ئەوە شوانی دەکا. گوتی بیبەنە کن خەزاڵێ با بینێریتە بەرغەڵی، شوانی بەرغەڵی نییە. بردیانە کن خەزاڵێ، خەزاڵیش وەک تاوسی مەست چەتری ئەنگاوتبوو لەبەر دەرکی چادرێ ڕاوەستابوو. کە لاس چاوی پێ کەوت لە قامکی پێی ڕا تێی فکری تا تەوقی سەری لە هیچ کوێدا عەیبی نەدیت. خەزاڵ گوتی ئەوە چییە؟ کابرا گوتی ئەوە مەلا نەبی ناردوویەتی بینێریە بەرغەڵی.

گوتی کەوابوو نانی بۆ تێنێن با بڕوا وە دووی بەرغەڵێ کەوێ، هیچ ئەهەمیەتێکی پێ نەدا چونکە لە لیباسی شڕوشەوێق دابوو...... دەڵێ چۆ بەر بەرغەڵێ ڕۆژێکی وا، دوان وا........ لەولاشەوە خەزاڵ قاسیدێکی لەڕێیە بەندەن و شەقامان دانا داخوا لە کوێرا لەشکری لاسی وەدەر دەکەوێ، لاس لە کوێرا دێ لە حاڵێکا لاسیش ئەوە لەبن هەنگڵی خۆیەتی و ناشزانێ هەربۆیەش چاوەڕوانییەکەی بەخۆڕایی بوو، لەشکری لاسی لە بیستی نەبوو، لە بیست و پێنجی نەبوو پاش مانگێک هەر نەبوو. ڕۆژێکی داریان نەمابوو گوتی کوردەی بگێڕنەوە لە بەرغەڵێ با بچێ کۆڵە دارێکی بێنێ.

کوردەیان گێڕاوە، گوریسێکیان دا دەستی وەک گوریسی عارەبەی سێزدە باڵی. ڕۆیی بۆ بەندەنێ، نە تەپشۆ و، نە تەورداس و نە بیوری پێ نەبوو، سپیە گوێنی کوێستانێ ئەگەر ڕۆی دەبۆیە ئەوەندەی لق و پۆپی بەسەرەوە بوو ئەوەندەشی لە ڕەگ و ڕیشەوە دەهێنا دەرێ. کۆڵەکەی لێنا و............... وتیلەکەی نەگەییە تەک بەندەکەی لە پشتی کردەوە و لەبن لیباسی هێنایە دەرێ و، دەسەر گوریسەکەی خست. کە هاتەوە لە پشت چادرێ کۆڵەکەکەی دانا، قەرەواشێکی خەزاڵێ چاوی بەو تەک بەندەی کەوت کە لاس لە سەری گوریسێی کردەوە و لە پشتی خۆی بەستەوە. ئەو قسەی بە خەزاڵێ گوت.

خەزاڵ شکی لێ پەدا بوو، گوتی ئەوشۆ دەیکەمە گەڕەلاوژە، شوان و گاوان و مسکێن، ئاشق، چاک و خراپ لەڕیزیان دەدەم، کوردەش لە تەنیشت خۆم دادەنێم هەر





کەس بەندی خۆی بڵێ. ئەمنیش بەندی خۆم دەڵێم، ئەگەر لاس بێ دەتوانێ جوابم بداتەوە ئەگەریش لاس نەبێ با گەلێکی بخوا و گەلێکیش شوانی بکا.

جا دەڵێ شەوێ گەڕەلاوژەی دامەزراند و هەر کەس بەندی خۆی گوت ئەوجار نۆرە گەیشتە خەزاڵێ، خەزاڵ دەستی پێکرد ئەوە کوردەش لە تەنیشتی دانیشتووە کە ئەگەر نۆرەی گەیشتێ وەڵامی بداتەوە. جا دەستی پێکرد:

بەڵام کێ بوو لە خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبیە دەڵێ

سەرم لە ئێشە و دڵم لەگرێیە، قایمەتی لەگرێ گرێیە

سەری کوێستانان بە تەمە ڕۆی دە ڕووناکی نییە

دڵی من چەندی لە خەمە، چەندی لە ئێشە قەت تاوێکی ڕووی دەخۆشی نییە

ئەمن قەول و قەرارم دانابوو دەگەڵ مامێ ڕدێن سپییە

بەوەعدەی پازدە ڕۆژان قاسیدم داناوە لە ڕێیان، لە شەقامان لەوان بڵێند و نەوییە

ئەو لاسەی ئەمن لێی دەپرسم کوڕی ئەحمەد ئاغای شارەزوورییە لە هیچ وڵاتان سەر و سۆراغی نییە

ئەمن دەبەرم دایە کراسێکی مەڵحەم کەتانی داراییە

ئەمما لەبن ئەو کراسەی پاوانم کردبوون جوتێک زەردەبەییە

بەو خودایەی بێ شەریک و مەکانە دەستی هیچ کەسی وێ نەکەوتییە

دەبەرۆکێمدا سەد و بیست و چوار دوگمەی دوڕن، لەعلن، مەرجانن، یاقووتن هیندە بودەباغەڵییە

جا کوردە بەشقی خودای ئەگەر ئەتۆ لاسی وەرە دە حەدەحەدی نیوە شەوێدا هەڵگرە دوگمەی بەرۆکێم لەنێو سینگ و مەمکی من، بکەوە بەزم و ڕەزم و کەیف و سیاحەتێ ئەگەر ئەتۆ لاس نی سبەینێ سەری خۆت هەڵگرە چ کارم بەشوان و بەرخەوانی تۆ نییە.

**

بەڵێ ئەگەر خەزاڵ بەندی خۆی گوت، گوتیان کوردە دەی ئەتۆش بیڵێ. کوردە گوتی: بابە ئەمن هیچ نازانم ئەمن هەر شوانی و بەرخەوانی و شتی وا دەزانم، کەنگێ ئەمن قامم گوتووە؟ چ نازانم.

خەزاڵ گوتی ئەوە گەڕەلاوژەیە، دەبێ هەر کەسە و بەندی خۆی بڵێ. گوتی جا ئاخر ئەمن چ نازانم (لاس دەستی خۆی وەپێش خست) گوتی مەگەر بڵێم خەزاڵ و، ئاشقێ

وماڵە مەلا نەبی، ئەوەی لەبەر چاومە لەوانە بڵێم. ئەگەر ئەوانەش بڵێم مەعلووم نییە ئەو ئاشقانە بەگوریسان کوێرم نەکەن. خەزاڵ گوتی ئەتۆ پیاوی من نی؟ هەر کەس گوڵیشت پێدادا خەراپی پێ دەکەم بەکەیفی خۆتی بڵێ.

ئینجا لاس هەستا، دەستی پێکرد و گوتی:

ئەمما هەر لە ماڵی دەمەلایان هەتا ماڵی دەسۆفیان،

لە ماڵی دەسۆفیان هەتا ماڵی دەحاجیان،

هەر لە ماڵی دەحاجیان هەتا ماڵی دەزوودیان،

هەر لە ماڵی دەزوودیان هەتا ماڵی دەسورچیان،

هەر لە ماڵی دەسورچیان هەتا ماڵی دەخەزاڵو، خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبیان،

سەدبرێ بە بەرێ خودای با ئەمن ڕستێ بام بەدارێک و نەمامێکی لەوێ دەقەیسییە، شین ببام لە کەندان و لەندان و، ئەمما کوریلکە، کوریلکە دەزەویان، تەماحیان تێکردبام و بڕیبایانم ئەمما بیاندامە دەستی وەستایەکی دەست پەسەندی کار چاکی لەوێ دەجووندییە.

بیاندابامە بەردەمی ڕەندە و خۆشتەریان بیکردبام بەتیرێکی خاسەڕەنگ، وێیان خستبام پەیکانێکی سەر بەژەهرەی مارییە.

بیاندابام بەدەست ڕاوچێکی بەڵەد بەقووەتی باسکان، بەهێزی دەستان بەحوکمی چاوان هەڵیدابام بۆ زارگەلێ گۆرانگان سەری کێلەشینێ، قۆچی قەزەنی، حەسارێ سەکران، کۆرێ سەرسووری، بەردی تەشی ڕێسان لەوێ پێیان کوشتبام دایکی بەران و پیرەنێری کێویان.

لەوێ کەوتبام حەوت ساڵان لەسەر کەڵەک و ڕەمەند و بەردی دەشاڵە بەگییە. لەدوایە بەسەرمدا هاتبان عێلی میر عەزیز و میر بداغ و، ئەحمەد ئاغای دەسورچیان کیژۆڵەی ناسک بەدەن و شل و مل و کەڵەگەت و چاو بەکل و مەمک خڕ و، پەنجە شمشاڵ و ڕووبەخاڵ، بەپەنجەی ناسک و پڕ ئەنگوستیلە هەڵیانگرتبامایەوە و، بەدیارییان هێنابام بۆ خەزاڵ و، خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە.

خەزاڵیش بڕێکم تێ فکریبا بەوان دەڕەش بەنگیان لەدوایە بیدابام بەدەست وەستایەکی ئیش پەسەندی کار چاکی لەوی دەهیندییان ئەویش بیکردبام بەکلکە تەشێکی خاسەڕەنگ، وێی خستبام سەرێکی خڕنۆکی لەوی دەگا کێوییان.





بیاندابام بەدەست ژنەدۆمێکی گەڕیدەی کراس شینکەی بێ حەیای لەوی گەرمێنیان، بیگێڕابام هۆبە بەهۆبە و، وڵات بە وڵات و، ماڵ بە ماڵ دەخێڵەکیان.

بەهیچ کەس نەکڕابام هەر خەزال خۆی بیکڕیبام بەوان وردە ئەشرەفیان

حەوت ساڵان بەڕانی نەرم و لووسی پێی ڕستبام ڕانکوچۆغەڵێکی کوڕە میر توتیان،

پاش حەو ساڵان بەتەنێ پێی ڕستبام ڕانکوچۆغەڵێکی کوڕە باڵەکیان.

ئەمما لەدوایە ڕقی لێ هەستابام، وەبەر ناڵچەی کەوشی دابام بەدوو لەتی کردبام هەڵیدابام بۆ سەری بەستۆڵی مێرگە خڕکەڵەی، مێرگە چووکەڵەی مێرگە پانکەڵەی قەبری مەڕی مۆڵی بەرخان، لەوێ کەوتبام لەوان بڵیند و نەوییان،

پاش حەوت ساڵان ئیشکارۆ بام، هەڵی کردبا کزێک بایێ شەماڵی وردە وردە نەرم و نەرم دایگێڕابام بۆ چێنکە چێنکەی دەئاوێ ناوەڵا گەیبامە سەر تاتی دەکانیاوان لەوێ تەرەوبنی ئاوێم وێ کەوتبایە، بەحوکمی پادشای لەسەر ئەوێ ڕستابام بەدارێک و نەمامێکی لەوی شۆڕەبیان

شۆرابەم هاتبانە خوارێ، دامگرتبا کەندان و گۆڕان و، ئەمما گۆڕیلکە و گۆڕیلکە و جێ هەواری دەقەدیمییە

لەبن لکێکم دانیشتبان کراس ڕەش و چارۆکە سپی دەزوودیان

لەبن لکێکم دانیشتبان ئاڵقە زێڕ و گوارە زێڕی پشدەریان

لەبن لکی دیکەم دانیشتبان لەرزانەداری شینکێ و ئالانیە

لەبن لکی دیکەم دانیشتبان کەڵەگەت و پشتێند شل و چاو بەکلی سوێسنی و سەردەشتیان

لەبن لکی دیکەم دانیشتبان شەدە بەسەر و دراو لەبەرۆکێ بانەییان

لەبن لکی دیکەم دانیشتبان ساسا و هین هینێ دەژنە سەقزیان

لەبن لکی دیکەم دانیشتبان چاوڕەشکەڵە و خرکەڵە خرکەڵە بۆکانی و مەحاڵیان

لەبن لکی دیکەم دانیشتبان بووزەڵێ لەبەروو، کەڵەگەت و چاو بەکلی شاروێرانیان

لەبن لکی دیکەم دانیشتبان سایە لەبەری دەبڵباسان دەگەڵ تاس بەسەری دەهەرکیان

لەبن لکی دیکەم دانیشتبان بەتاقی تەنێ خەزاڵ و خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبیان

خەزاڵ بەسەری تو سوڵحی بیست و چوار دەوڵەتان کرا تازە سوڵحی من و بابە ڕدێن شینەکەت ناکرێ لەسەر ئەوان چوار ڕۆژە بەرخەوانیان.

**

جا خەزاڵ گوتی ئەوە نێوم لێ گۆڕی هەر کەس پێی بلێ کوردە جەریمەی دەکەم، ئەوە نێوی شوانە بچکەڵەیە، نابی بچیتە بەر مەڕ و بەرغەڵیش. شەوێ زۆر وریابە، دەبێ لەبەر دەرکی چادری من ئامانەتی ماڵ بێ. ئاگام لێیە ئەگەر شەوێ سەگ دەوەڕێ دەردەپەڕێ.

بەو جۆرە بڵاویان کرد و هەر کەسەی ڕۆیەوە بۆ مزڵی خۆی، ئەوێ شەوێ لاسیان هێنا بۆ تاوڵی خەزاڵێ. ئەو قاپووتەی لەبەر دابوو کە پێی دەچۆ بەرغەڵێ سەری وەسەر گوێچکی کرد و لێی ڕاکشا.

لاس دەدڵی خۆیدا گوتی ئەمن وڵاتی باڵەکان و حوکمات و ئاغایەتی خۆ بەجێ بێڵم، ئەمن شوانی و بەرخەوانی بۆ بکەم، چۆن هەر خۆشم بچمە سەرجێی وی؟ قەراربێ هەتا سووچی قاپووتەکەی هەڵنەداتەوە و خۆم دەباڵ نەکێشێ ئەمن نەچمە کنی و خۆی تێ نەگەیێنم.

خەزاڵ وردە نەخۆشییەکی هێنا خۆی بۆ خاتری وەی خەوی لێ نەکەوێ، جارێک بەدوان، جارێک بەسێیان دەیان شێلا، قەرەواشان دەیانشێلا هەر چاوەڕێی وەی بوو ئەگەر لاسی بێتە کنی و هەستێ لێی بپرسێ. پاشان بەقەرەواش و کارەکەرانی گوت: هەر کەسە بڕوا لە مزڵی خۆی بنوێ منیش بزانم بڕێکم خەو لێ ناکەوێ. ئەوان ڕۆیشتن، خەزاڵیش هەستا بەعینوانی نەخۆشی، کە نەخۆش ورتە ورتێکی دەکا و بۆ خۆی شتێکی دەڵێ، گوتی با بە بەندێکی بانگ کەمێ لەسەر خۆ بزانم، ڕەنگە خەوی لێ کەوتبێ بەڵکو وەخەبەر بێ:

بەڵێ جا بانگی کرد:

دەڵێ کێ بوو لەبەر خەزاڵە شۆڕ و خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە

دەڵێ سەرم لە ئێشە دڵم لەگرێیە قایمەتی لەگرێ گرێیە

ئەوشۆ نەخۆشم جارێک دەمشێلن بەدووان، جارێک بەسێیان جارێک بەچواران ئێشی بەدڵی من هێدی نییە

ئەرێ شوانە بچکەڵەی ماڵ بەقوڕێ گیراو ئەتۆ شەوان چەندە وریا بووی لەکەوانەی دەمەڕییە





ئەوشۆ جارێکی سەر هەڵناهێنی جارێکی بپرسی لەمنی قەلەندەر و قەت کەس نەماو، بزانی حاڵ و ئەحواڵی من هەرچییە.

**

لاس سەری هەڵنەهێنا، خەزاڵ هەراسان بوو هەستا پێیەکی لێناو چۆ دەرێ، ئەگەر ڕۆیە دەرێ ڕووی لەولایەی بوو کە هاتەوە ڕووی لە پشتەوەکەی کردبوو. خۆی دەباڵ کێشا و، گوتی لەڕووی نابەڵەدیەوە نەمناسیوە ئەتۆش بەو لیباسە کەسیفەیەوە هاتووی دەبێ قسووریم عافووکەی. هەر چەندە خەزاڵ ئەوبەر ئەوبەری کرد بەڵام لاس گوتی: پێت وایە ئەمن وڵاتی باڵەکانم بەجێهێشتووە، شوانی و بەرخەوانی بۆ تۆ بکەم، بەهەر حاڵ ئەوێ شەوێ لەوێیان گوزەراند، حەوت ڕۆژان لە ژوورێ نەهاتە دەرێ. جا ئەو ئاشقی ئەگەر لەوێ بوون ئێوارە و ئێوارە لەو گوڵانەی کە شوانان لەبەندەنێرا بۆ خەزاڵیان دەهێنا، دەسکە گوڵێکی بۆ ئەو ئاشقانە دەنارد.

جاسووسان خەبەریان بەعاشقان دا، گوتیان، بابە خەزاڵ کوردێکی لەسەرە خۆی دابەستووە، شەوانە دەگەڵ کوردەی بەزم و ڕەزمی خۆی دەکا.

ئاشقان ئەگەر بەو حاڵەیان زانی ناردیانە لای مەلا نەبی، گوتیان ئەمە ماڵ و دەوڵەتی خۆ سەرف دەکەین دێینە ئەمانەداری تاوڵ و چیغی تۆ، ئێستاش کچەکەت کوردێکی لەسەر خۆی دابەستووە و، ئەمەی هەر لەبیر چۆتەوە. مەلا نەبی لەو بابەتەوە ناردییە کن خەزاڵێ.

خەزاڵیش تەگبیری بە لاسی کرد. لاس گوتی هیچ کارێکی گران نییە، بنێرە ئاشق بێن قەرارێ بکەن سێڵی مەفرەق دەلبادی بدروون بەسێ پەلکی مەشکەیەوە هەڵاوەسن ئاشقان تیرەندازی لێ بکەن هەرچی تیری لەو سێڵە ڕۆییە دەرێ ئەوە ئاشقی بەڕاستییە و، دەمێنێتەوە هەرچی تیری نەڕۆییە دەرێ لێرە بڕوا. ئاشقانیش ئەگەر ئەوەیان زانی زۆریان پێ خۆش بوو، گوتیان، جا سێڵ چییە بەتیری وای لێدەکەین هەمووی کون کون بێ. بەڵێ عاشقان ڕیزبوون تاکو تیرەندازی لە سێڵی مەفرەق بکەن، لاسیش لەولاێڕا هات مەلا نەبی و مەلا داوود کە برابوون، هەرچی مەلا نەبی بوو سێ کچی بوو، ڕابی و خۆبی و خەزاڵ. خەزاڵ لە هەرکان چووکتر بوو کوڕێکیشی هەبوو نێوی فەقێ برایم بوو. مەلا داوودیش کوڕ و کچێکی بوو نێوی ئەستی بوو کوڕەکەشی نێوی خدربوو، لەسەر پشتی لانکێ خەزاڵیان لە خدری مەلا داوودی مارە کردبوو ئەستیشیان لە فەقێ برایمی کوڕی مەلا نەبی مارەکردبوو بەڵام لەبەر زاڵم و زۆردار و سەردار عەشیرەتان و لەبەر ئەو ئاشقانە نەیاندەوێرا وەیانگوێزن. ئەوان مەلازادە و بێ دەسەڵات بوون هەموو لەسەیری

تیرەندازی ڕاوەستابوون دەو دەمەیدا لاس هات چووە کن ئەستی و خەزاڵێ. گوتی بۆچی تیر و کەوانێکیش نادەن بەمن تاکو ئەمنیش تیرێکی باوێم.

خەزاڵ بەتەوسەوە پێی گوت: ئەتو کەنگیت تیر هاوێشتووە هەر شوانی و بەرخەوانی و شتی وات کردووە.

لاس گوتی خۆ زەرەدی نییە. ئاشقانیش هەر تیریان داوێشتە سێلێ بەڵام چیان بە چ نەدەکرد و تیردانیان تیری لێ خەڵاس بوو خێندەی باوێنێ و تیریش ئەسەرێکی نەبوو، ئی وا بوو لبادەکەی دەبڕی و ئی واش بوو یا هەر نەیدەبڕی یان هەر نەیدەنگاوت.

مەلا داوود تیروکەوانێکی عاجی هەبوو ناردیان بۆ کوردەیان هێنا. کوردە چووە پشت عاشقان گوتی لاچن لەسەر ڕێیە، مەیدانێک دوور لەوان بوو عاشقان گوتیان ئەو کوردە شێت بووە و هەوای خەزاڵی لە کەللەی داوە، هێندە بێ عاقڵە خۆی بەکوشت دەدا. هێندێکیش تێگەیشتبوون، گوتیان نەخێر ئەوە شوان نییە بەڵکە ئەوە شێرە و پێستی گۆڕیوە. با بزانین تیری ویی چ دەکا ؟!

لاس واتە کوردە تیری لە ماڵی کەوانی نا، کەوانی کێشا و تیری بەرەڵڵا کرد، تیری لە سێلی مەفرەقێ دا و لەودیویڕا هاتە دەرێ و هێندی چاڵێکی عەرزی دڕی. هەموو مات بوون، عاشقان چونکو قەراریان کردبوو کە بڕۆن بەهەڕەشە گوتیان دەڕۆین بەڵام دێینەوە و ماڵە مەلا نەبیش تالان دەکەین، خەزاڵیش دەبەین و کوردەش دەکوژین بەڵام ئێستا لەبەر شەرتەکەمان دەبێ بڕۆین و ئینجا ڕۆیشتن.

سێ ڕۆژ پاش وان لاسیش ئیجازەی لە خەزاڵێ وەرگرت، بڕێکی نان و پێخۆر هەڵگرت و خودا حافیزی لێکرد قەول و قەراریان دانا کە دەفلان وەختەی دا بێتەوە. ڕووی دەکوێستانێ کرد و لێیدا ڕۆیی، گەیشتە بن بەفران ئاویان لەبن دەهاتە خوارێ. گوتی وەڵاهی واچاکە لێرە چۆڕێک ئاوێ بخۆمەوە و پاروە نانێکی بخۆم. لەوێ دانیشت کە زەینی دایە گوڵ هاتبوونە دەرێ هەموو گوڵی یەک شەوە، دوو شەوەیان دەگەڵ نەبوو. دوو دەسکی گوڵ هەڵکەندن، هەر لە چۆغەکەی دوو هەودای لێ ڕاکێشان و پێی بەست، گوتی بریا کەسێک هەبوایە ئەو گوڵانەم بۆ خەزاڵی پێدا ناردبا. دەو دەمەی دا هەرا و هوریایەک پەیدابوو، گوتی ئەوە ڕەنگە لەشکری میر عەزیز و میر براغ و ئەحمەد ئاغای سورچی و مەمەندی فەقێ وەیسی بن. ئەگەر ڕۆیوم بەبێ چەکیان زانیوم پێشیان گرتووم، بەڵام ئیشاڵڵا هەتا دەمگەنێ سەتی بەگۆچانان دەکوژم. دەو دەمەیدا کاروانێک وەدەرکەوت، کوڕە جحێڵێک لە پێشدا دەڕۆیشت، ئەنگوچکی هاویشتبوونە پاشەسەری، ئەوەی دەیگوت نەی دەگوتەوە.





لاس لێی پرسی: ئەو کاروانە ئی کێیە؟ گوتی ئەو کاروانە، کاروانی خەزاڵێیە. جا گوتی مەقسوودی جحێڵی لەکن جحێڵی حاسڵ دەبێ ئەو دوو دەسکە گوڵەم بۆ بەرە کن خەزاڵێ، ئەگەر گوتی ئی کێن؟ بڵێ ئی شوانە بچکەڵەی خۆتن.

کوڕە لێی ڕاست و چەپ بوو هەتا لێی بدا چوار گۆچانی لەنێو شانی دە لاسی دا دەتگوت لەجەواڵە کایەکی داوە ئەوجار گوتی: هەر دز و قون ڕووتێکی لەولایڕا دێ خۆ ئاشقە. لاس گوتی بڕۆ لەبەر دڵی خەزاڵێ چت پێ ناڵێم. پاشی ماوەیەکی دیکە دیتی ئەوە کابرایەکی پیر گایەکی بەبارەوە لێ دەقوڕێ کەوتبوو، ڕەفیق لەسەری ڕانەدەوەستا، ڕووی لە لاسی کرد و گوتی: ئەی جەوان ئەو گایەم دەگەڵ دەرێنەوە. لاس بار و گای بۆ لە قوڕێ دەرهێناوە و بردی بۆی لە ئیشکایی دانا ئەوجار گوتی ئەو دوو دەسکە گوڵەم بۆ بدە بەخەزاڵێ، ئەگەر گوتیشی ئی کێیە؟ بڵێ ئی شوانە بچکەڵەی خۆتن. کابرا گوتی وەڵاهی چونکو ئەو چاکەت دەگەڵ کردم قەرار بێ بۆت بەرمەوە و بیدەمێ. جا ئەوجار هەر کام بەڕێگای خۆیاندا ڕۆیشتن. کابرای خاوەن بار و گا گوتی هەتا سیس نەبوون با بۆ خەزاڵێی بەرمەوە. خەزاڵیش کە لاس ڕۆیشتبوو زۆر قەڵس و تووڕە بوو داری بەبەردی دادەدا، کەس نەیدەوێرا تخوونی کەوێ. کابراش دەو دەمەیدا چوو گوتی یای خەزاڵ هانێ ئەو دەسکە گوڵەیان بۆ ناردووی. گوتی دا هەڵیگرن بەشەقان، کابرایان سەرێکی بەشەقان هەڵگرت کابرا گوتی ئەتۆ نە شەرەفت هەیە نە حەیا، هەر بەلانی کەم بپرسە ئی کێن. گوتی ئی کێن؟ کابرا گوتی ئی شوانە بچکەڵەی خۆتن لەڕێیە تووشی بووم. خەزاڵ گوتی: وەڵاهی لەبەر نەخۆشی بڕێک بێ هۆشم، دا بیهێننەوە خۆ بنەماڵی مەلا نەبی ئەو کابرایە دایناوە. بەڵێ گەنم و گاجووت و خەڵاتێکی زۆری دا بەکابرای.

لاس چۆوە وڵاتی باڵەکان، لەوێ دەستی بەحوکمات و ئاغایەتی خۆی کردەوە و وەک جاران چۆوە دەجڵدی خۆی.

لەسەر و وەعدی گەڕانەوەی تێپەڕیبوو، خەزاڵ و ئەستێ مەلا داوودی دەچن بۆ سەر ئەو ڕێیەی کە عالەمی پێدا دێ کانییەکی لێ بوو خەزاڵ گوتی با بچین لەسەر ئەو کانیەی دانیشین دەشکم خەبەرێکی لاسمان وەگیر کەوێ چاوەڕێی کەسێکی بوون ئەگەر خەبەرێکیان بۆ وڵاتی باڵەکیان بۆ بەرێ کا لەمێژە لاس چۆتەوە و لە وەعدی تێپەڕیوە.

دەوەمەیدا قاسیدێک هات زۆر بەپەلە دەڕۆیی، خەزاڵ گوتی وەڵاهی ڕەنگە ئەو قاسیدە بێ با بەندێکی بانگ کەمێ بزانم لانادا خەبەرێکم بۆ وڵاتی باڵەکان بۆ بەرێ. بەڵێ جا بانگی کرد.

ئەوە دەڵێ: بەڵام کێ بوو لەبەر خەزاڵ و خەزاڵە شۆڕێ مەلا نەبییە

دەڵێ سەرم لە ئێشە دڵم لە گریێە

بانگ دەکا هۆی قاسیدە بابم قاسیدەکەی جووندییە

ئەتۆ لە کوێڕا دێی و بۆ کوێ دەچییە

ئەگەر مۆر و وەرقەی پادشات پێیە، دەچی بۆ وڵاتی سورچی و، زورار و، ڕەمک و ڕەبەشو، مام ساول و غەیلانییە

بەشقی خودای ڕێییەکی بۆ من بخەوە وڵاتی باڵەکان کن لاسە شۆڕی باڵەکییە،

بەسەری زمانی پێی بلێ، بلێ دوێنێ ئەو دەمەی دەمدی لەشکری میر عەزیز و میر بداغ و ئەحمەد ئاغای سورچی و مەمەندی فەقێ وەیسییە.

بەسەر ماڵە مەلا نەبیان دادا و ماڵە مەلا نەبیان تاڵان دەکرد خەزاڵیان بەیەخسیری دەبردییە

سواری یەسترێکی پشت برینداریان دەکردییە

خەزاڵیش بەپەنجەکەی دەقۆڵەکەی قۆڵەکەی جێ ماچی تۆی لە خوێنێدا شتڵ دەکردییە.

دەیگوت ئەگەر بمگاتێ چاکە و ئەگەر نەمگاتێ ئی من و وی لە دونیایە هیچ فایدەی نییە

ئەگەر ئەمن بەرن پەڕۆیەکی شینە لەسەر شانی وییە

ئەمما قاسید لابدە بتدەمێ چەنگێک زێڕ و زێو

ڕێگاکەت دووربەندەنە، نەوەکو بکێشی هەر برسیەتییە.

**

قاسید گوتی جا ئەمن چەند وەختە بێر و بەوێدا دەڕۆم ئەوەندەیان نەداومێ وەڵاهی با دوو ڕۆژ ڕێییە دووربکەومەوە و ئەو خەبەرەی بۆ دەگەیەنمێ. خەزاڵ ئەوەندەی بەدەستییەوە هات وێیدا و قاسید ڕۆیی. کە گەیشتە وڵاتی باڵەکان زەینی دایە ئەوە دەستە سوارێک کە سەد سوار دەبوون ڕاویان دابەشیوە، یەکێک سەر ڕاوە کڵاوی بەلاسەریوە دوو تاجی دەدەستی دان، بازێکی لەسەر دەستی داناوە.. سواری ئەسپێکی ببوو ئەگەر گردەبۆری پێدەڵێن. گردەبۆریش لە دەستەوڵاغی شێخی عارەبان بوو کە زمانی بابی هێنابووی. لەوی وایە لە خۆی بەدەر کەس لەسەر دونیایە نییە.





قاسید گوتی: بێ و نەبێ ئەوە لاسە، ئەمما بانگ کەم تەسادوف نەوەک هەونەبێ. ناوەڵڵا با بەندێکی بڵێیم ئەگەر لاس بێ حاڵی دەبێ و بۆ خۆی دێتە خوارێ، ئەگەر لاسیش نەبێ دەڵێ ئەوە کابرایەک بەرێییەدا دەڕوا و قامان دەڵێ:

جا کابرا دەستی پێکرد، دەڵێ:

کێ بوو لەبەر قاسیدەکەی جووندییە، بانگ دەکا دەڵێ

هۆ هۆی سەرڕاوی سواران، ئەوە سواربووی لە ئەسپێکی مەحەندەکی کەحلانی لەوی دەبەحرییە

هەڵدەستێنی پۆڕی کەتێ دەگەڵ دەعبای دەکێوییە

ئەمما ماڵ وێران لەتۆ وایە کەس لەتۆ بەدەر لە دونیایەدا نییە

ئەتۆ خەبەرت پێ نەگەیوە لەشکری میر عەزیز و میر بداغ و ئەحمەد ئاغای سورچی و مەمەندی فەقێ وەیسی بەسەر ماڵە مەلانەبیان دادا و مەلا نەبیان تاڵان دەکرد و خەزاڵیان بەیەخسیری دەبردییە

خەزاڵیش بەپەنجەی دەقوڵەکە قوڵەکە جێ ماچی تۆی لە خوێنێدا شتڵ دەکردییە.

دەیگوت ئەگەر بمگاتێ چاکە و دەنا ئەگەر نەیە ئی من و ئی وی لە دونیایە هیچ فایدەی نییە.

ئەمما ئەگەر دەڵێی نێو و نیشانەی خەزاڵیت پێ نییە

گوێم بۆ ڕاگرە بزانە نێو و نیشانەی خەزاڵ و خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبی چییە.

ئەوە مەلا نەبی سێ کچی هەن یەکیان ڕابیە، یەکیان خوبیە، ئەوی لە هەموان بچکەلەتریان خەزاڵە، خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبییە.

هەرچی ڕابیە، نە بڵێندە نە نەوییە

هەرچی خوبیە، نە شڵەیە نە شەوییە

هەرچی خەزاڵە سەد ناوی خوای دەگەڵ بێ، تازە هاتۆتەوە لە گەرمێنێ، گەرمەسێری پەری ئەنگاوتوون دەڵەی خاسەسییە دەبەری دایە کراسێکی مەڵحەم کەتانی لەوی داراییە

لەپێی دابوو جووتێک کەوشی پانێ کوڕەکییە

بەسەری دادابوو چارۆکێکی کەتان قەت پەری مێشێ بەقەت وی تەنگ نییە

دەو دەمەیدا ئەگەر سواریان دەکرد بەیەخسیری بەرن هەڵی دەکرد بایە شەماڵی دەیدا لە دوڕ و لەعل و یاقووت و کەڵەمەرجانم لەنێو سینگ و مەمکی وی ڕادەپەڕین دوگمێک دەترازا خاڵێک لەنێو سینگ و مەمکان وەدەردەکەوتیە

بۆ درۆ و ڕاستی من و تۆ ئەو خاڵە دەتگوت مەجیدییە.

**

لاس گوتی وەڵاهی ئەو کابرایە هەر دەڵەی بەدایم دەگەڵ خەزاڵێ بووە. ڕاوی بەتاڵ کرد و هاتە خوارێ، ئەوەندی بەدەستیەوە هات وە قاسیدی دا و، قاسید ڕۆیی، لاس کە گەیشتەوە ماڵێ پێنسەد سواری حازر کرد، دوو سەد و پەنجای ڕدێن سپی و دووسەد و پەنجای جحێڵ، بەشەو و ڕۆژ بەڕێیەدا دەڕۆیشت تا گەیشتە جێ هەواری کە خەزاڵی لێ دیبوو بەڵام لە هەوارێ نەمابوون و جێ هەواریان گوێزتبۆوە و چووبوونەوە ئەودیوی. خەزاڵێش لیباسێکی کەسیفی دەبەرکردبوو بەتاقی تەنیا هاتبۆوە جێ هەواری پێشووی لەسەرکانی دانیشتبوو. ئەو کانیەی ئەگەر لەگەڵ لاسی لەوێ سوحبەت و قوماریان کردبوو. بەئارەزوو و بیرەوەری ئەودەمی هاتبۆوە وێ.

دەو دەمەیدا سواران بەسەر جێ هەواران وەرگەڕان، بەڵام کەسیان لەوێ نەدیت. لاس گوتی کوڕینە ئەگەر ئەمن هاتمە ماڵە مەلا نەبی، لێرە بوون ئێستاش لێرە نەماون. ئەمما ئەوە ئافرەتێک لەسەر ئەو کانێیە، با بەندێکی بانگ کەمێ لەوی دەپرسم بزانم بۆ بەتەنێ لەسەر ئەو کانییەیە.

لاس خەزاڵی نەناسییەوە بەڵام خەزاڵ ئەوی ناسی، جا لاس بانگی کرد:

کێ بوو لەبەر لاسی باڵەکییە بانگ دەکا دەڵێ هۆ کیژێ لەسەر کانییە

گەردەنبەندی قۆڵ بەبازنێ کەڵەگەتێ چاو بەنگییە

ئەتۆ سەر هەڵێنە و ئەمن قسێکی لەتۆ پرسیار دەکەم

ئەمما توخودا جوابم بدەوە بەئەسەحییە

دەمانگی دیدا لێرەبووم ماڵە مەلا نەبی لێرەیان هەڵدابوو ئەلعان بۆجی سەر و سۆراغیان نییە

خەبەرێک بەمن گەیوە داخوا ئەو خەبەرە ڕاستە یان درۆیە؟

**

خەزاڵ لەبەرەخۆیەوە گوتی: حەقیەتی ئەگەر نەمناسێ، چەند ڕۆژم شوانی و





بەرخەوانی پێکرد و کۆڵەدارم پێ هێناوە ئەلعانیش سواری ئەسپێکی بووە کە گردەبۆری پێ دەڵێن سەد و سێزدە پارچەی ئەسلەحەی دەعوایەی لە خۆ داوە، پێنسەد سواری جەنگی دەگەڵە ئەمنیش دەو لیباسە کەسیفەیدا، ئەوە خۆی لێ گۆڕاوە. وا چاکە خۆمی پێ بناسێنم. جا خەزاڵ لە جوابیدا دەڵێ:

کێ بوو لەبەر خەزاڵێ دەڵێ سەرم لە ئێشە و دڵم لەتاوە

قابیەتی لەتاوە تاوە ئەرێ هۆ هۆی لاوە

سەرت هەڵێنە و چاوت بکەوە بلێ هەوە

ئەو خەزاڵی ئەتۆ لێی دەپرسی لەسەر ڕەنگی جاران نەماوە

فەقیر و مەزلوومە بێ چارەیە، خەراپی لێ قەوماوە

ئەمما بەسەری تۆ حەقتە نەیناسی سواری گردەبۆرێ بووی و سەد و سێزدە پارچەت ئەسلەحەی دەعوایە لەخۆ داوە

پێنسەد سواری جەنگیت لە پشتەوە ڕاوەستاوە

چونکە بابت باڵەکە و دایکت عارەبە دەو سەعاتەیدا بۆیە خۆت لێ گۆڕاوە.

**

جا لاس گوتی کوڕینە ئەوە خەزاڵە ئەمما عەجایب بۆچی بەتەنێ لێرەیە، ڕەنگە بردبێتیان و هەڵاتبێتەوە. لاس چووە خوارێ و لێی پرسی. خەزاڵ گوتی ئەو خەبەرەی کە بۆم ناردبووی بەدرۆم بۆ ناردی، ئەمما ماڵمان لەودیوییە ئەورۆکە زۆر وەڕەز بووم، هاتوومەوە جێ هەواری کۆن.

ئەڵعانیش سەعاتێکی مۆڵەتێ بگرە هەتاوەکو دەچم لیباسێ دەبەر دەکەم و خۆ دەڕازێنمەوە، ئەگەر هاتی میوانی منی.

جا هەستا چوو حەوت دەستی لیباس هێنا گۆڕی، هەر جارە یەکی دەبەر دەکرد و دایدەکەندەوە، بەرگێکیان بۆ تەشکیل دا و گوتیان بەو لیباسەیەوە زۆر جوانی، لە دەرکێ وەک تاوسی مەست ڕاوەستا. لەو دەمەیدا لۆزەوی سواران بەسەر عێلی مەلا نەبی دا هاتە خوارێ. ئەو دەمی ناسیان و گوتیان ئەوە لاسە شۆڕی باڵەکیانە، ئەوە هات. لاس لە گردەبۆری دابەزی خێوەتیان بۆ هەڵدا. ڕستەی خێوەتیان دەگەڵ چادری تێک دەخست ئەو دووسەد و پەنجا ڕدێن سپیە دەمەجلیسی لاسیدا دانیشتن و دووسەد و پەنجا جحێڵەکەش خزمەتیان دەکرد. کچەکانی عێلی خەزاڵێش تەواویان هاتبوونە

دیوی خەزاڵێ، کونە چیغ بە سەد زێران وەگیر نەدەکەوت تەماشای لاسیان دەکرد بزانن لاس چ لاسێکە. شەو بەسەردا هات، لەودیوڕا خەزاڵ گوتی دەبێ میوان بزنێ بدا. لاس گوتی ئەمە پێنسەد و یەک سوارین. خەزاڵ گوتی ئەمن هەر ئاغای دەناسم، کارم بەسواران نییە.

لاس لە ڕدێن سپیانی پرسی: ئێوە پێتان چۆنە؟ گوتیان ئێمە پێمان باش نییە چونکە خۆ تۆ نە چاوەشی و، نە شایەری. لە جحێلانی پرسی گوتی: ئێوە پێتان چلۆنە؟ گوتیان ئەمە پێمان وایە ئەو شەونخوونی و ڕێ برینە لەبەر دڵی تۆ و خەزاڵێیە ئەگەر ئەتۆ بیلێی، ئەمە چەپڵەی لێدەدەین و هەڵدەپەرین، لەوەی خۆشتر هەرنابێ.

جا گوتی لەقەدەر ئەوەندەی جحێڵ وەرن دانیشن، ڕدێن سپی هەستن خزمەتێ بکەن، ڕدێن سپی هەستان و جحێڵ هاتن دانیشتن.

خەزاڵێش مەنزووری ئەوەبوو ئەگەر لاس شتێکی بڵێ چونکە ئەو کوردەی ئەگەر لەوێ بوو، هەموو بزانن ئەوە لاس بووە و، ئەو لاسە شۆڕەی ئەڵعان کوردەی جارانە، چونکە ئەگەر لاس بە بەرگی کوردەی ڕۆیشتەوە هەموو گوتیان خەزاڵ قەدەرێکی دەگەڵ کوردەی بوو کوردەش لێیدا و ڕۆیی. جا لاس لەودیوڕا دەستی پێکرد:

بەلان کێ بوو لەبەر لاسی باڵەکییە بانگ دەکاتە خەزاڵ و خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبییە دەڵێ: خەزاڵ ئەوێ ڕۆژێت لەبیرە ئەمن وەختێکی دەهاتم بەلیبباسێکی کوردییە چەند ڕۆژانم بۆ تۆ دەکرد شوانی و بەرخەوانییە.

چەند ڕۆژێت هەر لەبیربێ ئەگەر گەڕەلاوژەت بەئاشقان دەکردییە

ئەمنیش بەسەری تۆ بەندی خۆم بۆ تۆ دەگوتییە

ئەمما خەزاڵ بەسەری تۆ عاشقان دەیانناردە کن مەلا نەبییە مەلا نەبی دەینارده کن تۆ ئجتۆش تەگبیرت بەمن دەکردییە

دەمگوت سێڵی مەفرەق بدروون دەلبادی ئاشقان تیرەندازی لێ بکەن هەرچی تیری لەو سێڵەی ڕۆیشتە دەرێ ئاشقی بەڕاستییە ئاشقان تیرەندازیان لێ کردییە ئەمن هێندی چاڵێکم عەرز دەدرییە عاشقان بەهەڕەشە دەرۆین دەیانگوت ئەمە دێینەوە تاڵان دەکەین ماڵە مەلا نەبی و خەزاڵێ دەبەین بەیەک جارییە ئەمما پاش سێ ڕۆژان ئەگەر ئەمن لەکنە تۆ بەرێ دەبووم ڕووم دەکردە کوێستانی عەزیمەت و ناسازگار و بڵیند و نەوییە بەسەری تۆ گوڵم بەچاو دەنگاوتن، گوڵی یەک شەوە هیچ گوڵی دوو شەوەیان دەگەڵ نییە، خەزاڵ دوو دەسکم بۆ هەڵدەقەندی دەمگوت کەسێکم وەگیر کەوێ بنێرم بۆ





خەزاڵ بەدیارییە گرمێکم لەبن گوێی پەیدا دەبوو لە من وایە لەشکری میر عەزیز و میر براغ و ئەحمەدی ئاغای سورچییە ئەمما بەبێ ئەسلەحەیان زانیوم هەتا دەمگەنێ سەتی دەکوژم بەگۆچانییە.

دەو دەمەیدا کاروانێک وەدەرکەوت کوڕە جحێلێک لە پێشدا دەهات ئەمما دەمگوت بابم ئەو کاروانە ئی کێیە

دەیگوت کاروانی خەزاڵێیە، دێتەوە لە نوخشەی گەنمیە دەمگوت ئەو دوو دەسکە گوڵەم بۆ خەزاڵێ بۆ بەرە بەدیارییە

هیچ سێ و دووی لێ نەکردم چەند گۆچانێکی دەدام لەنێو شانییە

لەبەر ئەتۆ دڵم نەدەهات و هیچ قسەم پێ نەدەگوتییە

لەدوایە کابرایەکی پییرم بەچاو دەنگاوت گایەکی بەبارەوە لێ دەقوڕێ دەکەوتییە،

بار و گام بۆ دەردێنایەوە ئەمما ئەو دەسکە گوڵەم بەویدا بۆ ناردی داخوا پێت گەییون یان پێت نەدەگەیشتییە.

**

بەڵێ جا ئەگەر ئەوەی پێ دەگوت هەموو کەس بۆیان مەعلووم بوو ئەگەر ئەوە کوردەیە. جا بانگی کرد و گوتی شەوچەلەت بدەمێ یان جوابت بدەمەوە کە ئایا گوڵەکەم پێ گەییون یان پێ نەگەییون؟

لاس گوتی پێم خۆشە پێم بڵێی داخوا گوڵەکەت پێ گەییون یان نەخێر. ئەو کچانەی عێلێ کە لە دەوری خەزاڵێ بوون هاتبوون کە لاسی ببینن گوتیان جا ئەوە کەنگی گوڵە، ئەوە هەمووی گوڵی سەرڕێ و بەرڕێیانە، قولینچکە جەواڵی کاروانیان دەیانگرێ و تۆزی مەڕ و مێگەلانایان لەسەر دەکەون. نە گوڵی مێرگە چەکۆیە نە گوڵی مێرگە شەکۆیە، نە گوڵی مێرگە خڕکەڵەیە، نە گوڵی مێرگە چووکەلەیە، نە گوڵی چل پلەی عومانییە. ئەو گوڵانەیان هیچیان دەگەڵ نییە.

ئەوانیش مەنزووریان ئەوەبوو ئەگەر خەزاڵ ئەوەی پێ بڵێ، لاس پیاوێکی کەللەیە و، وە دوای گوڵان دەکەوێ و جا مامە ڕەشەکۆڵەی سەر تەریدەباشی کە لەو کوێستانانەیە لاسی دەکوژێ و لەکۆڵ ولاتی دەکاتەوە. یەک دەیگوت خەزاڵ بۆ ئامۆزای بێ، یەک دەیگوت بۆ پوورزای بێ. هەریەکەی تەگبیرێکیان لێ دەکرد. خەزاڵێش کە ئەوەی وە گوێ کەوت بانگی کرد و، وەڵامی داوە:

کێ بوو لەبەر خەزاڵ و خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبییە

بانگ دەکاتە لاسە شۆڕێ باڵەکییە

دەڵێ ئەو گوڵانەی بۆ منت دەناردن بەمامی ڕدێن سپییە

ئەو گـوڵانەم وەرگـرتوون و دەشـوێنێکی بلورم ناون ڕۆژێ سێ جـاران ئاویان دەدەم بەئارەقەی بەرگەردنێ بەخوناوەی سەری زولفان هەموو گەشن قەت گوڵێکی سیسیان دەگەڵ نییە

ئەوە گوڵی سەر ڕێ و بەر ڕێیانن و، لینچکە جەواڵی کاروانیان گرتییە

تۆزی ڕێگای مەڕ و مێگەلانیان لەسەر کەوتییە

نە گوڵی مێرگەچەکۆی، نە گوڵی مێرگە شەکۆی، نە گوڵی مێرگە خڕکەڵەی نەگوڵی مێـرگە چووکەڵەی، نەگوڵی مـێرگە پانکەڵەی، نەگـوڵی چل پلەی عـومانی نە ئەو گوڵانەیان هیچیان دەگەڵ نییە

ئەو گوڵانەم بەدیاری و سەوقات لەتۆ قەبووڵ نییە.

جا ئەگەر خەزاڵ وای گوت لاس قەڵس بوو گوتی جێم بۆ چاک کەن، جێیان بۆ چاک کرد لاس نوست هەتا سبەینێ ڕۆژ بۆوە ئەوجار بەو پێنسەد سوارەی کە دەگەڵی بوون گوتی: گیرمەبن بڕۆنەوە بۆ وڵاتی باڵەکان، قەراربێ هەر بەتەنێ بچم چل دەسکە گوڵان بۆ خەزاڵێ بێنم لەو کوێستانانە و هەمووشی بەسمێڵی مامەڕەشی دەبەستم کە لە پشتەوەڕا گرێ دەدرێنەوە. سوارەکانی بەڕێ کردنەوە و گوتی: ئەگەر هاتمەوە ئەمن ئاغای جاران و ئەنگۆش پیاوی جاران، ئەگەریش نەهاتمەوە خۆو دەزانن و کاری خۆتان.

ئەوان ڕۆیشتن. سبەینێ کە لاس هەستا گردەبۆریان بۆ حازر کرد، هەرچەندە خەزاڵ وەپێشی گەڕا و گوتی سەهویەک بوو کراوە، وەرە مەچۆ. لاس گوتی ئەتۆ ناچیزەی، دەبوو بەقسەی ئەوانەی وا لەکنتن وا بە من نەڵێی، ئەمن لەوانە نیم بترسم. بەڵێ لێی سواربوو ڕۆیی، ئەو سوارانەی دەگەڵی بوون گەڕانەوە ئەو خەبەرەیان بەخانزادەخانی هەریرێ دا کە زۆر بەهەویای لاسی بوو.

خانزادەخان خێوەتێکی پێدا هێنا و هات لەسەر ڕێی لاسی کە دێ و دەچێ بۆو کوێستانانەی ئەو گوڵانەی لێن. خێوەتی لێ هەڵدا.

لاسیش گوتی بچمە کن وەستا حەیدەری ناڵبەند گردەبۆرم بۆ ناڵ کا، بۆ کوێستانان لازم دەبێ. وەستا حەیدەر لە ڕۆستێ بوو. کە وەستا حەیدەر ناڵ و بزماری بۆ دەبڕی و





دەیدا بەدەستی لاسی، لاس بەدەستێکی دەینوشتاندەوە و دەیگوت ئەو ناڵە بۆ پێی گردەبۆری نابێ. زۆری عەزیەت دا لە پاشان هەرچی ئاسن و پۆڵا بوو بۆی هاویشتە سەری. لاس گوتی وەڵاهی بەپەلەم دەنا باش نییە ئەمما قەیدی نییە، سکەی ئەو دەمیش ئەگەر مەجیدی بوون بۆی دەرهێنا و بۆی هاویشت. وەستا حەیدەر بەقەستی تورەی لەسەر لادەبرد هیچ خەتی و شتی نەدەما، دەیگوت ئەوە ناچێ، بەئەندازەی خۆی زەرەدی پێدا. لاس تووڕە بوو جا گوتی وەستا حەیدەر ئەوە ئەتۆ بەربەرەکانی دەگەڵ من دەکەی (وەستا حەیدەر لە تایفەی «کاوە»ی بوو) قەراری من و تۆ ئەوەبێ هەتا لەو سەفەرەی بێمەوە و ئینجا ڕۆیی.

وەستا حەیدەر سێ کوڕی هەبوو، شۆڕۆ، داوود و خاڵند، جا گوتی براله ئەمە کاسبیمان چەکوچ و دەزگایە، ئەوەش گۆڵ و دێڵی بەبایە ئەو وڵاتە بەکاری مە نایە لەو سەری بێتەوە تووشی هەرایەمان دەکا و دەگەڵ وی چمان پێ ناکرێ، واچاکەماڵەخۆ وەگوێزین.

جا دەڵێن وەستا حەیدەر هاتە وڵاتی پشدەرێ. شۆران ئەگەر دێیەکی زۆرە، شۆڕۆ ئاوەدانی کردۆتەوە و بەنێوی وی کراوە. «داوودیە»ش ئەگەر ئاوەدان کراوەتەوە کوڕی نێونجی وەستا حەیدەری (داوود) ئاوەدانی کردۆتەوە. خاڵندیش وەکو بابی دەزگا و چەکوچی داناوە و کاسبی هەر ئاسینگەری بووە. ئەو وەستا خاڵەی کە ئەلعان لە وڵاتی سەری لە «خەلیفانە» پاراستانە، ئەو وەستا خاڵە، لەو خاڵندەی کەوتوونەوە بۆیەش پێیان دەڵێن وەستا خاڵە.

بەڵێ، جا لاس ڕۆیی گەیشتە دەشتێکی، خێوەتێکی لێ بوو. گوتی وەڵاهی واچاکە لەو خێوەتەی ئیستراحەتێکی بکەم. دەو دەمەیدا خانزادەخان هاتە دەرێ و گوتی واچاکە برێک زەمی خەزاڵێ بکەم، دەشکم لاس لێی پەشیمان ببێتەوە و لابدا. لاسیش ئەوە بەسواری ڕاوەستاوە.

خانزادەخان بانگ دەکا و دەڵێ:

سەرم لە ئێشە دڵم دەکا ژانێ

ئەمما قایمەتی لەژانە ژانە کوڕە ماڵ وێران ئەتۆ بۆچی ئەمنت بەتەنێ ناوە لەوان وڵاتانە بۆ کچەتیوێکی وەک خەزاڵە شۆڕی مەلا نەبیانە

ئەمما بەسەری تۆ ڕۆژێکی دەگەڵ ئەمن لە گازری بوو، دەبەری دابوو کراسێکی چڵکنی لەوی کەتانە.

ئەمما دەپێی دابوو جووتێک کەوشی پانەکەی دەوی هەمەدانە

بەسەری دادابوو چارۆکێکی چلّکنی لەوی قەرەچیانە ئەوە لەبەرچاوی من دەهات وەکو چ تاقە قەرەواشانە

ئەمنیش دەبەرم دابوو، ئەمما دە بەرۆکێمدا بلاوکردبوون دوڕ و لەعل و یاقووت و کەلّە مەرجانە

ئەمما دەبن ئەو کراسەی داپاوانم کردبوون جووتێک شەمامە ڕەنگین، بەسەری تۆ دەستی کەسیان وێ نەکەوتی بۆ تۆم کردبوونەوە پاوانە ئەوشۆ وەرە، لەنێو سینگ و مەمکی من ببەوە میوانە

هەتا کەلّەبابی سبحەینێ بەولاّتیدا دەخوێنێ

ئەمما لەنێو سینگ و مەمکی خۆم دەتکەمەوە تەرخانە

ئەمما دەڕۆی بۆوان بەندەنان نازانی مامەڕەشەکۆلّەی سەرتەریدە باشی ئەگەر دەتکا شەلاّلّ و بێ گیانە.

**

لاس کە گوێی لەو قسانەبوو ڕکێفێکی لەگردەبۆری دا و گوتی: وەلاّهی لام دەدا ئەمما چونکە زەمی خەزالّێت کرد و گوتت مامە ڕەشەکۆلّە دەتکوژێ قەراربێ لانەدەم.

خانزادەخان بەو جۆرە زەحمەتی بەخەسارچوو. لاس ڕۆیی ڕووی دەکوێستانان کرد، لەو دەمەیدا مامەڕەش کە دەگەلّ چل تەریدەکانی دانیشتبوو، دیتی سوارێک وەدەرکەوت. گوتی کوڕینە چەند ڕۆژە چمان وەگیرنەکەوتووە، ئەوە سوارێک هات. تەریدێکیان دەگەلّ بوو زۆر پیاو بوو، زۆر بەتاقەت بوو، پێی گوت بڕۆ خوارێ ئەو سوارەی بێنە هەتا ڕووتی کەین.

تەریدە ڕۆیشتە خوارێ بانگی لاسی کرد، گوتی هۆی سوارە، مەڕۆ. لاس گوتی: چت دەوێ بابم؟ گوتی وەرە سەرتەریدەباشی بانگت دەکا. گوتی بەپەلەم و دەڕۆم، چکاری بە منە. گوتی کورە وەرە سەگباب، گوتی جنێو مەدە ئەوە دێم، ڕکێفی لە گردەبۆری دا و هەلّی کردێ، ڕۆهاتە گوێی، کابرای بلّیندکرد و دایتەکاند گوێیەکی لەبن و ڕیشە هێنا دەرێ و بەقونەڕمبان پێی دادا، بەلاّم نەیکوشت. کابرا هەلاّت هاواری بۆ سەرتەریدەباشی برد. سەرتەریدەباشی ئەو جێیەی ئەگەر لێی دانیشتبوون دەعێی نەهێنابوو بۆ سوارێکی هەستی بچیتە خوارێ بەوی کوت و بەوی گوت بڕۆنە خوارێ بەدوو سێیەکان بیگرن و بیهێنن، گوتیان وەلاّهی ئەمە لەو پیاوەی بەتاقەتتر و





ڕەشیدترنین. ئەوەی ئەمە دیمان وای لەو کابرایەی کرد، وەلاّهی دەتاقەتی مەدانییە مەگەر بۆ خۆت بچی. جا مامە ڕەشەکۆلّە ڕقی هەستا، هاتە خوارێ بەرەنگاری لاسی بوو، پشی پێ گرت جا بانگی کرد:

کێ بوو لە مامەڕەشەکۆلّەی سەرتەریدەباشییە

بانگ دەکاتە لاسە شۆڕی بالّەکییە

دەلّێ ئەرێ هۆی سوارەکەی جووندییە

بەشقی خودای ئەتۆ لە کوێرا دێیو بۆ کوێ دەچییە

بۆچی نێوبانگی مامەڕەشت نەبیستییە؟

کوڕە مالّ وێران ئەلحانەکە نێوی خۆت بەمن بلّێ با بە دەستە من نەکوژرێی هەر بەبێ نێوییە

ئەمما لاس بانگ دەکا دەلّێ مامەڕەش ئەتۆ ئەمن ناناسی ئەمن نێوم لاسە شۆڕی بالّەکییە

کوڕی ئەحمەد ئاغای شارەزوورییە

ئەمما پێمە شیرێکی لاهوری لەوی کۆسە میسرییە

بەدەستمەوە ڕمبێکی هەزدە قەفی لەوی سەر بە نسیرییە

پێمە کەوانێکی خاسەڕەنگ دەگەلّ سەت و بیست و چوار تیری سەر بەژەهری مارییە

کوڕە مالّ وێران ئەمن ئەگەر هاتووم ناوبانگی تۆم هەر بیستییە

بەسەری تۆ هاتووم چل دەسکە گولاّن لەو کوێستانانە بەرمەوە بۆ خەزالّێ بەسمێلّی تۆیان ببەستم، بۆیان بەرم بەدیارییە.

**

جا ئەگەر ئەوەی لە لاسی زانی، مامەڕەش هەلّی کردە لاسی. لاس خۆی لە ولاّغی فڕێدا و بەرۆکی مامەڕەشی گرت، بلّیندی کرد و لەعەرزی دا. خەریکی ئەوەی بوو سەری ببڕێ، مامەڕەش پاڕاوە، گوتی لاوە ئەمن مەکوژە، چەند وەختە ئەمن پیاوێک بووم هیچ کەس نەبوو دەستم لەبەربکاتەوە ئێستاش ئەتۆ پشتی منت لەعەرزی داوە ئەگەر ئەتۆ لاس، ئەو مەردایەتییەت هەبێ و نەمکوژی ئەمن بەخۆم و چل تەریدەی دەبمە خزمەتکاری تۆ و، نالّی ولاّغی دەگوێی من بکە.

لاس گوتی: وەلاّهی نالّی ولاّغیت دەگوێی ناکەم، غەیاتی چونکو قەرارم داوە چل

مووان لە سمێڵی تۆ دەکێشم و چل دەسکە گوڵانی پێ دەبەستم. جا لاس گیانی مامەڕەشە کۆڵەی بەخشی و ئازادی کرد. مامەڕەش بانگی تەریدانی کرد، تەریدە هاتن کە چاویان بەو حاڵەی کەوت گوتیان: عەجایب بۆچی تا ئێستا شەڕیان بوو کەچی ئێستا ئاشت بوونەوە! مامەڕەش تەریدەکانی ناردنە کوێستانێ کە هەر یەکەی دەسکە گوڵێکی بێنێ. چل دەسکە گوڵیان هێنا، لاس چل مووی لە سمێڵی مامەڕەشی کێشا و، ئەو گوڵانەی پێ بەست. مامەڕەشی بەچل تەریدانەوە دەگەڵ خۆی هێنا و هاتەوە کن خەزاڵێ.

لەپاش ئەو ڕووداوە لاس نێوبانگی دەرکرد و لە وڵاتدا کەس نەیدەوێرا تەنانەت لە ماڵە خۆی بەخەراپە باسی لاس بکا و، لاس لەوێ ماوە.

**

بەڵام با ئێستا بێینەوە سەر باسی میر عەزیز و میر بداغ و ئەحمەد ئاغای سورچی و مەمەندی فەقێ وەیسی کە ئاشقی قەدیمی خەزاڵێ بوون و لەبەرئەوەی کەشەرتەکەیان دۆڕاندبوو کە نەیانتوانیبوو تیری لە سێڵی مەفرەق دەرکەن لەوێ ڕۆیبوون.

ئەو چەند کەسە پێکەوە لەشکرێکیان سازکرد و هاتن، گوتیان ئەمە قەرارمان کردبوو بچین ماڵە مەلا نەبی تاڵان بکەین و کوردەی بکوژین. جا هاتن دوور و نیزیکی عێلێ بوون، بەڵام خەبەریان پێدان کە لاسە شۆڕی باڵەکی لەوێیە و مامەڕەشی بەخۆی و چل تەریدانەوە گرتووە و هێناوێتی، ئەلحانیش ئەوە لەکن خەزاڵێیە. جا گوتیان ئەگەر وابێ ناچینە نێو عێلی، مەڕ و گاڕان و شتی وایان کە لە دەرێیە دەپێچینەوەو دەیانبەین. بەو جۆرە هەرچی پەیوەندی بەماڵە خەزاڵێوە هەبوو و لەبەندەنی بوو پێچایانەوە و بردیان.

هاوار دەعێلێ کەوت، دەو دەمەیدا، لاس سەری وەسەر ڕانی خەزاڵێ کردبوو و، خەوی لێ کەوتبوو.

خەزاڵ گوتی کەس دەنگی نەکا، هەرایە مەکەن با لاس وەخەبەرنەیەت. لەشکری فەقێ برایمی کوڕی مەلا نەبی کە برای خەزاڵێ بوو دەگەڵ خدری مەلا داودی ڕۆیشتن. وە دوای تاڵان و هاوارێ کەوتن. مامەڕەش بەخۆی و، چل تەریدانەوە وەدوایان کەوت. لاسیش وەخەبەر هات گوتی: ئەو هەرا و هۆریایە چییە؟

گوتیان حاڵ و نەقڵ ئاوایە. لاس بەخەزاڵی گوت دەبوو ئەمن هەستێنی، ئەتۆ مەنزوورت ئەوەیە حەیای من بچێ. جا چۆن شتی وا دەبێ، ئەمن لێرە بم بەڵام دوژمن بێت ماڵ و ڕەوەی بەرێ؟ ئەوە بۆ من زۆر عەیبە. فەرمانی دا گردەبۆریان بۆ هێنا دەرێ





و سواری بوو، ڕۆیی.

ئەوانی دیکە بەڕاستە ڕێیەدا وە دوای تاڵانێ کەوتبوون، بەڵام ئەو بەلایەکی دیکەدا ڕۆیشت و، بەتەنێ پشتی گرتن، جا بانگی کردنێ و گوتی:

کێ بوو لەبەر لاسی باڵەکییە بانگی دەکا و دەڵێ: هۆی میر عەزیز و میر بداغ و ئەحمەد ئاغای سورچی و، مەمەندی فەقێ وەیسییە

کوڕە ماڵ وێران ئەوە پێو عەیب نەبو هەڵدەگرن تاڵانی ئەوان مسکین و مەزلوومان، ئەگەر هیچ خەتا و تاوانیان نییە.

دەبوو بێن نێو عێلێ مەلا نەبی و تاڵان بکەن مەلا نەبی و ئەمما خەزاڵێش بەرن بەیەکجارییە

ئەو تاڵانەی بەجێ بێڵن ئەگەر ئی مسکین و فەقیرانە هیچ خەتایان بۆ نییە

ئەمما کێ بوو لەبەر مەمەندی فەقێ وەیسییە

بانگ دەکاتە لاسە شۆڕی باڵەکییە

ئەو سەفەرەی هەڵدەگرم تاڵان و ماڵ و مەڕی مسکێن و بێ چارانە ئەگەر هیچ خەتایان نییە

ئەوجار بەسەری تۆ دێمەوە تاڵان دەکەم، ماڵە مەلا نەبی و خەزاڵێش دەبەم بەیەکجارییە

ئەمما لە کوشتنی تۆ خۆش بووم ئەگەر چوومەوە وڵاتی سورچی و زرار و ڕەمک و ڕەبەن و، مام ساول و غەیلانییە

بە من دەڵێن ئەتۆ عەیبت نەدەکرد لەسەر دوو چاوی خەزاڵی دەتکوشت هەتیوێکی خوێڕیلکەی باڵەکییە

ئەمما لاس ئەوەی دەبیست لە مەمەندی فەقێ وەیسییە

دەستی دەدا ڕمبێکی هەژدە قەفی سەر بە نسیرییە ڕمبێکی دەدا لە مەمەندی فەقێ وەیسی هەڵیدەگرت لەنێو خوانی زینی، شیرێکی دەدا لەمیر عەزیزی، میر بداغ هەڵدەهات دەیگوت چ کارم بەو هەراو هۆریایە نییە

ئەمما بەسەری تۆ جارێکی بای دەداوە، ڕووی دەکردە ئەحمەد ئاغای سورچی دەکوشتییە.

ئەمما لاس دەڵێ سەرم لە ئێشە، دڵم لەتاوە، قایمەتی لەتاوە تاوە

بەنێو لەشکری میر عەزیز و میر بداغ و ئەحمەد ئاغای سورچی دادەهات هێندێک دەیانگوت ئەجەلی مەرگییە و هێندێک دەیانگوت ئەوە لێشاوە

لاس دەستی شل دەبوو لە لێدانێ و ئەگەر ئاوڕی دەداوە، مامەڕەشی سەرتەریدە باشی لەپشتەوە ڕاوەستاوە

ئەمما مامەڕەش دەڵێ ئاغا سەرم لە ئێشە دڵم لەغارە قایمەتی غارە، غارە

بەدەستمەوە شیرێکی لاهوری لەوی جەوهەردارە

پێمە ڕمبێکی هەژدە قەفی لەوی بیست و چوارە

ئەمما بەسەری تۆ پێمە کەوانێکی خاسەڕەنگ دەگەڵ سەد و بیست و چوار تیری سەر بەژەهری مارە

ئەمما ئەتۆ لەسەر ڕکێفان ڕابوەستە بڕوانە مامەڕەشی هەتا نوێژی نیوەڕۆیە، بۆ من حەواڵە بکە لەشکری میر عەزیز و میر بداغ و ئەحمەد ئاغای سورچی و هەزار و پێنسەد سوار، هەر بە ئەژمارە.

**

لەو شەڕەدا ئەوی کوژرا، کوژرا، ئەوی هەڵات و بەفێڵێکی خۆی دەربازکرد ئەوە نەجاتی بوو. لاس و مامەڕەش تالان و مەڕ وماڵیان گێڕاوە، تازە لەشکری فەقێ برایم و خدرۆکەی وەدەر دەکەوتن ئەوانیش ئەگەر گەیشتنێ دەقاش و قروش و تالانی وان وەربوون. هەتاوەکونێ پاییز بەسەر داهات و ماڵ چوونەوە دەخانوان، لاس لەکن خەزاڵێ دانیشت. پاییز کە هات لاس ئیجازەی لە خەزاڵێ خواست و گوتی: ئەوە زستانە، چ لە گۆڕێ نەماوە ئەمن ئەوە دەچمەوە وڵاتی باڵەکیان هەتا بەهارێ و، ئەو کاتی دێمەوە. قەراری من و تۆش ئەوەبێ هەتا خشە لە وڵاتی بێ و هەتا یەکێک بمێنێ و بڵێ ئەمن تەعەروز بەعێلی خەزاڵێ دەکەم، ئەمن حازرم. بەو جۆرەی لاس هاتەوە وڵاتی باڵەکان هەتا بەهارێ. بەهارێ عێلی مەلا نەبی ئەوەل هەوار ئەگەر لێیان نا، چوون لە دەڕەیەکی هەڵیاندا.

ئاڵی مەمەند کوڕی مەمەندی فەقێ وەیسی بوو لە خوێندنی تەواو ببوو، کوڕێکی بەتاقەت و ساحەب عەشیرەت ئەمما زۆردار و زاڵم بوو. کە بابی کوژرا، هاتەوە هەتا بەهارێ خەریکی ئامادەکردنی لەشکرێکی بوو، لەشکرەکەی ساز کرد و گوتی قەراربێ بچم تۆڵەی بابی خۆم بکەمەوە، ئەوان ماڵیان بارکرد عێلی مەلا نەبی لە جێیەکیان تاوڵ هەڵدابوو، لەشکری ئاڵی مەمەندی شەوێ هاتن دەورەی عێلی مەلانەبیان دا و





نەیانهێشت نەکەس بچێتە دەرێ، نەکەس بچتە ژوورێ.

خەبەریان بۆ مەلا نەبی برد گوتیان لەشکرێک دەورەی عێلێی داوە. گوتی بپرسن بزانم کێیە و چی دەوێ؟ گوتیان ئاڵی مەمەندی هاتووە بۆ خوێنی بابی.

مەلا نەبی گوتی ئەو سەگبابە سەری منی بەهەنگوین کرد، مێشی تێ بەردان و ڕۆیی. بۆ خۆی ئەو هەرا و هۆریایەی سازکرد و چۆوە وڵاتی باڵەکان، ئەلحانیش وەڵاهی ئەمە پیاوی شەڕی نین و شەڕمان دەگەڵ وی پێ ناکرێ، خوێنی بابی چی دەوێ هەتا بیدەمێ. گوتی لە خوێنی بابم، خەزالم دەوێ. خەزاڵ کە مارەکراوی خدری مەلا داودی بوو بەزۆر و زۆرداری پێیان تەڵاق دا و لە ئاڵو مەمەندیان مارەکرد. ئاڵو مەمەند گوتی: هەتا ئێستا هەر، هەرا و ناخۆشی و شەڕ بووە غەیاتی ئەوجار هەر لێرە خەزاڵێ دەگوێزمەوە.

خێوەت و بارەگای خۆی لەوێ لە عەرزی دا و لە عەشیرەت و عالەمێی گێڕاوە، چاوەشان دەستیان بەبەزم و ڕەزمێ کرد ئەوە خەزاڵیش ڕووی خۆی دەڕنێتەوە و خەریکی ئەوەیە کەسێکی پەیدا بکا ئەگەر بینێرێ لە دوای لاسی. کابرایەکی پەیدا کرد، کاغەزێکی بۆ نووسی کە ئەگەر دەگاتێ چاکە دەنا تازە خەزاڵی لە قیس چوو.

لاسیش لە وڵاتی باڵەکان شەوێ خەونێکی دیت، خەونەکەی بۆ مامەڕەشی گێڕاوە، گوتی: مامەڕەش ئەوشۆ لە خەونمدا سێلاوێک هات لە مەڕی مەلانەبی دا. دەنێو ئەو مەڕەیدا شەکێکی هەڵگرت و ئەوی دیکە هەمووی بەسەلامەتی دەرچوو.

لاس لەبەر ئەو خەونەی دڵی ئۆقرە نەدەگرت، گوتی هەستن سواربن بابڕۆین لەشکری دەگەڵ خۆی نەهێنا، هەر مامەڕەشی سەرتەریدەباشی بەخۆی و چل تەریدانەوەی دەگەڵ خۆی هێنا و هات. لەنیوەی ڕێیەدا گەیشتە ئەو قاسیدەی کە کاغەزی پێ بوو، ئەویش خەبەرەکەی پێدا. ئینجا لاس لە خەونەکەی حاڵی بوو. زانی خەریکە خەزاڵی لەدەست بچێ هەر بۆیەش بەشەو و ڕۆژ بەبێ ئەوەی وچانێک بدات، بەڕێگایەدا دەڕۆیشت تا گەیشتێ. ئەگەر گەیشتێ دیتی ئەوە داوەت دەگەڕێ و کەس ئاگای لە کەس نییە، هەر شاباشێکی دەدرێ بەنێوی ئاڵی مەمەندی دەدرێ. لاسیش لە پشت داوەتێ دابەزی، گردەبۆریان بۆ گرت. گوتی ئەوە ئەمن لە دەستی سەرچۆپییەوە، دەچمە دەداوەتێ و هەڵدەپەڕم.

مامەڕەشیش هات لەنێوەڕاستی داوەتێ ڕمبێ چەقاند و لەوێ ڕاوەستا تەریدەکانیش لە پشت داوەتێ ڕاوەستان.

ئەو خەبەرە بەخەزاڵێ گەیشت، گوتیان مزگێنیمان بدەیە ئەوە لاس هات. یەکێکی نارد کە زۆر چاک لاسی بناسێ، کابرا هاتەوە و گوتی: بەڵێ هەوە، لاس خۆیەتی و ئەوە دەداوەتێدایە.

خەزاڵێش خۆی ڕازاندەوە، لیباسی جوانی دەبەرکرد و هات دەستی داوەتێی گرت. ئاڵی مەمەندیش دەگەڵ پیاوی دەگەورە گەورە لە مەجلیسێ دانیشتبوو.

کە خەزاڵ چۆ داوەتێ، دەستی لاسی گرت، کابرای چاوەشیش داوای شاباشی لێکرد (جاران و ئێستاش لەوێ بەو جۆرەیە، کابرا پوڵی وەردەگرێ و پێ هەڵگوتن نییە هەر کەسە بۆ خۆی پوڵی وێ دەدا و کابرا بانگ دەکا و دەڵێ: شاباش بەنێوی فلان کەسی، هەر شاباشێکیش دەکرا دەیانگوت بەنێوی ئاڵو مەمەندی) لاس مستێکی باجاغلی دەرهێنا دای بەکابرای چاوەش و گوتی هاوار بکە شاباش بەنێوی لاسە شۆڕێ باڵەکی، چونکە ئەو داوەتە بۆ منە و بۆ من دەبێ. کابرای چاوەشیش یەک بەخۆی هاواری کرد و گوتی: شاباش بەنێوی لاسە شۆڕی باڵەکی. یەک لە پیاوەکانی ئاڵی مەمەندی شەقێکی تێهەڵدا و گوتی: سەگباب بەگۆڕی بابی خۆت و لاسە شۆڕی. کوڕە گوتی سەگباب بۆ خۆتی، ئەمن تاوانم لەسەر نییە ئەمن چاوەشم چۆنم پێ بڵێن وای دەڵێم و هەرچی وێمدەن ئەمن بەنێوی ئەو کەسە بانگ دەکەم چکارم بەوەی داوە، ئەوەکێیە و کێ نییە.

تەماشایان کرد، کوڕە گەزی چی و، جاوی چی ئەوە خەزاڵ دەدەستی لاسی دایە و مامەڕەشیش ڕمبی چەقاندووە و لەنێوەڕاستی داوەتێیە. ئەو خەبەرەیان بەئاڵی مەمەندی گەیاند. ئاڵی مەمەندیش زرێ و کڵاوی زرێی تەڵەب کردن و ئەسپیان بۆ هێنا مەیدانێ. دەنگی لەشکری دا، لاسیش بەخەزاڵێی گوت ئەتۆ دەستی داوەتێ بەرمەدە ئەمن ئەوە دەچمە دەرێ و ئەتۆ مەیە.

لاس چۆ دەرێ و لێی سواری گردەبۆری بوو لەگەڵ ئاڵی مەمەندی بەرەنگاری یەک بوون، ئەو سوار و ئەویش سوار. هەردووکیان ئەسلەحەی دەعوایان بەدەستەوەیە و داوەتیش ئەوە دەگەڕێ و لەشکریش حازرە. جا لاس بانگی ئاڵی مەمەندی دەکا و دەڵێ:

ئەمما لاس دەڵێ ئاڵی مەمەندی سەرم دێشێ

ئەمما دڵم دەکا ژانێ سەرم دێشی و دڵم دەکا ژانێ

کوڕە ماڵ وێران ئەتۆ زرێ و کڵاوی زرێیان لەخۆ فڕێ بدە دوو بەدوو ئەمما دەستی





چەپە دەدەین بەدەستی یەکتری و ڕادەوەستین لە نێوگەڕی داوەتێ لە گۆشەی مەیدانێ

بەخەنجەری نێرۆیی لێک دەدەین هەرچی مرد بابمرێ هەرچی ما با خەزاڵ بەدووچاوی جوان لەوی بڕوانێ

ئەمما لاس دەڵێ: ئاڵی مەمەند سەرم دێشێ و دڵم دەناڵێ

ئەمما مەرد ئەو مەردەیە لە گۆشەی مەیدانێ زرێو کڵاو زرێیان لە خۆی فڕێ بدا قۆڵی شەڕی هەڵماڵێ

ئەمن و تۆ لە گۆشەی مەیدانێ لەنێو گەڕی داوەتێ، دەستی چەپ دەدەین بەیەکتری بەدەستی ڕاستە لێک دەدەین بەخەنجەری نێرۆیی لەبەر چاوی خەزاڵێ.

ئەمما لاس بانگ دەکا: ئاڵومەمەند سەرم لە ئێشە دڵم لە ژانە

قایمەتی لەژانە ژانە بەسەری تۆ ئەوەندە لەشکرەی پێتە نابێ بەشی مامەڕەشی سەرتەریدەباشی و بەشی چل تەریدانە

ئەگەر لە گۆشەی مەیدانێ ئەمن و تۆ فڕێدەین کڵاو و زرێیان دەست دەدەینە خەنجەرێ دەسک نێرۆیی عەسڵەدەبانە

لە نێوگەڕی داوەتێ دەستی چەپە دەدەین بەیەکتری و بەدەستی ڕاستە لێک دەدەین، خەزاڵی لەمە بڕوانێ بەچاوی دەجوانە

ئاڵو مەمەندی زۆری لە خۆی ڕادەدی، چاویشی بەخەزاڵێ کەوتبوو وەک شەڕابی خواردبێتەوە مەست ببوو. جا ئەگەر لاس ئەوەی پێ گوت زرێ و کڵاو زرێی لەخۆ فڕێدا و لە وڵاغی دابەزی.

لاسیش خۆی فڕێدا و دەستی چەپەیان دا بەیەکتری، هەرچی ئاڵو مەمەند بوو چونکە نەیکردبوو، نەیدەزانی لە ڕاستەیڕا خەنجەرێکی داهێنایە لاسی، لاسیش لە چەپەیڕا خەنجەرێکی ئەنگاوتێ و جەرگ و ڕیخۆڵەی بەمەیدانێ وەرکرد و مەیتی ئاڵو مەمەندی لەوێ کەوت. لاسیش برینی سارد ببوونەوە خەریک بوو بکەوێ، مامەڕەش نەیهێشت بکەوێ هەڵیگرت و بردی بۆ خێوەتی خەزاڵێ. چاوێکی لە تەریدان هەڵتەکاند تەریدان دەستیان بەشەڕێ کرد و دەنێو لەشکری ئاڵو مەمەندی کەوتن ئەوانیش چونکە گەورەیان نەمابوو شکستیان کەوتێ، هەمووشیان بێگارچی و ڕەعیەت و سوار و مسکین سوار بوون کە هێنابوونی هەر کەسەی بەلایەکیدا خۆی دەرباز کرد.

لاس بەبرینداری لە ماڵە خەزاڵێ کەوتبوو، خەزاڵێش هەموو ڕۆژێ دەینارد حەکیمی

دەهێنا هەتا ئێوارێ پێی دەرمان دەکرد و ئێوارانیش حەق و حیسابی خۆی دەدایە و بەرێی دەکرد. ئەگەر گوتبایان لە فلانە جێیەی کەسێک هەیە سەری لە برینان دەردەچێ و دەستی حەکیمی هەیە، بەدوایاندا دەنارد و دەیان هێنا سەر لاسی.

دوای چل شەوی برینەکانی لاسی سارێژ بوونەوە، گوتی گردەبۆرم بۆ بێنن بزانم سواریم پێ دەکرێ یان نا؟

گردەبۆریان بۆ هێنا، لەمەیدانێ برێکی ڕمبازێن کرد ئەوجار ڕاست ڕۆیی بۆ پێش مەلانەبی جا گوتی کەیفت لێیە شەڕم دەگەڵ بکە، دەنا خەزاڵم لێ مارە بکە.

بەو جۆرە خەزاڵیان لە لاسی مارە کرد، ئەستێ مەلا داودیشیان بەفەقێ برایمی تەڵاقدا و ئەویشیان لە مامەڕەشی مارەکرد. پاشان ئەگەر مامەڕەش لەوێ دەماوە لاس بەخۆی و خەزاڵێ دەچوونەوە وڵاتی باڵەکان، ئەگەریش مامەڕەش دەچۆوە وێ لاس و خەزاڵ دەهاتنەوە نێو عێلی مەلا نەبی. بەو جۆرە ئاگایان لێ دەبوون و بەجێیان نەدەهێشتن دەیانگوت نەوەک دوژمنێک زەفەریان پێ بەری، چونکە بۆ ئەوان عەیب بوو. لاس حەوت ساڵان بەو قەرارەی بەپیاوانە و مەردانە ڕایبوارد. ڕۆژێکی کە سەری لەسەر ڕانی خەزاڵێ بوو «کەونە چەتە»ی قەدیم جا ئەگەر لە تایفەی میر عەزیز و میر بداغ و، ئەوان بوون یان نا، هاتن ڕەوەی مەلا نەبیان هەڵگرت و گارانیان برد. پیرێژنان دەستیان بەقیژە قیژێ کرد، ئەو گوتی مانگام نەماوە، ئەو گوتی زاری منداڵانم ویشک بوو، خەزاڵ دەیگوت دەنگێ مەکەن لەباتی مانگایەکی دوو مانگاتان دەدەمێ با لاس هەڵنەستێ و هیچ قەزیە ڕوو نەدەن.

لاس وەخەبەر هات، گوتی ئەو هەرایە چییە؟ کە پێیان گوت مستێکی لە دەمی خەزاڵێ دا و زاری پڕ کرد لە خوێن. گوتی ئەوە تۆ تەماتە وەک جارێ دی حەیام بەری، چۆن ئەمن هەڵناستێنی؟

خەزاڵیش ئەوەندەی بەزاریدا هات گوتی: برۆ یاخودا بەتیری چڵکنیەوەبی. هەر چۆنێکی بێ لاس خۆی گەیاندێ و تاڵان و ماڵەکەی گێڕاوە، کابرایەکی بۆرەکە لەبن گوێنیەکی تیرێکی هاویشتە لاسی و، وەڕانی کەوت. لاس تیرەکەی دەرنەهێناوە گوتی چونکە خەزاڵ بۆ خۆی دوعای لێکردووم. تیرەکە بەژەهرێ ئاودرابوو، غاری دایە کابرای و ڕمبێکی تێ کوتا و، بەسەری ڕمبێوەی کرد. هەتا گەیشتەوە ئەو ژەهرەی دەبەدەنی گەڕا و برینەکەی لێ بوو بەتیراوە.

لاس حەوت ساڵانیش بەتیراوەداری ماوە و دوو کوڕی بوون لە خەزاڵێ کە ئەوانیش





ئەحمەد ئاغا و خدر ئاغای وڵاتی باڵەکان بوون.

شێخ محەمەد ئاغای وەڵاشێ، عەلی ئاغای ڕایەتێ و عەلی ئاغای حاجی ڕسو ئاغای ناوپردان لە لاسی کەوتوونەتە.

ئێنێ و خۆشکان و بن دایزان و مەرانیش لە مامەڕەشی کەوتوونەوە. حەساری مامەڕەشی کە شوێنی ڕاولێکردنی مامەڕەشی بووە بەکێوی گەڵاڵەوەیە ئێستاش هەر پێی دەگوترێ حەساری مامەڕەشی.

خەزاڵ چواردە ساڵان لەکن لاسی بوو، لاس مرد و پاش لاسیش خەزاڵ نۆ ساڵان ژیا و حوکماتی وڵاتی باڵەکانی کرد هەتا کوڕی گەیشتوونێ ئەوجار مردووە.

مامەڕەشیش هەر ئەو سەروبەندی مردووە و ئێستاش لە تایفەی وی خەڵکێک هەر ماون.

***

## بەیتی برایم و میران

وێژەر: عەلی کردار
ئاوایی باخجەی مەنگوڕ

میر حەج و میر شێخ و میران برابوون و ماڵیان لە کۆیە بوو. ڕەئیس عەشایر بوون مودەت عەیامێک بوو پێکەوە دەژیان و لە ملک و ماڵەکەش شەریک بوون. خوشکێکیشیان هەبوو بەنێوی خاتوون.

میر حەج و میر شێخ ژنیان هێنابوو. خاتوونیش بن پشکی میرانی بوو کە یان میران ژنێ بێنێ و، ئەو مێردی بکا یان بە ژنی بدا.

پاش چەند ساڵێک خودا بارێکی لە شانی میرانی نا و میران گول بوو. ماڵێکی سەر ئاواڵە و دەوڵەمەندبوون و میوانیان زۆر دەهات، پێیان گوتن: بابە میران گول بووە و پیاو پارێزی لێدەکا. ئێوە دەوڵەمەندن و ماڵی دونیایە و، زۆرە. یان یەکێکی بۆ بگرن خزمەتی بکا، یان دەری بکەن با بڕوا، ئاخر خۆ ناکرێ ئەو لە مەجلیسێ دانیشێ و دەگەڵ ئێمە نانی بخوا.

ڕۆژێکی میر حەج بەمیرانی گوت: میران، براله ئەتۆ گول بووی و خەڵک پارێزت لێدەکا، ئێستاش ئەوە کاری خوایە و دەبێ ڕازی بین پێت خۆشە ئەوە لە پەنا ماڵە خۆمان خانووت دەدەینێ و خزمەتکاریشت بۆ دەگرین هەتا دەمری خزمەتت بکا. ئەگەر

ئاوا ڕازی، ئەوە باشە ئەگەر نا دەبی بڕۆی. میرانیش کە جوان و جحێڵ بوو زگی بەخۆی سووتا، هەستا ملی ڕێیەی گرت و ڕۆیشت.

برایمی مەلا زێندینی کە زۆری میران خۆش دەویست و نۆکەری بوو، وە دوای کەوت. میر حەج و میر شێخ پێیان گوت: برایم تازە میران بۆ ڕەفیقی تۆ نابێ، ئەو تازە گول بووە و، بۆ خۆی دەچێ سواڵ و سەدەقەی خۆی دەکا هەتا خودا دەیکوژێ. ئەتۆ مەچوو. برایم گوتی: خودا، یەکە و نابێ بە دوو، لێم دوورەوەکەن حالّم نابێ و من بەبێ وی ژیانم ناوێ وەڵاهی وەدوای دەکەوم یان دەقولّکێم دەخا، یان دەقولّکێی دەخەم تازە بەجێ ناهێلّم. هەرچەند پێیان گوت برایم نەگەڕاوە. بەو جۆرەی چەند ساڵێکی سواڵی دەگەڵ کرد، دەچوو لەبەر هەیوانی مزگەوتێ و لە سێبەران، لە چارداغان لە مزلّێکی، نیانی دایدەنا و سواڵی نانی بۆ دەکرد.

ڕۆژێکی بێری دەنێو مەڕی دابوون، میران گوتی برایم برسیمە و ئیشتیام لە شیرییە، دەبێ بچی بۆم بێنی. ئەوان ئەسپابی خۆیان پێ بوو جا گلّێنە بێ، جام و قاپ بێ هەرچیەکی بێ.

برایم قاپێکی دەست دایە و چووە کن بێریەکان، لەو مەنتەقەی خۆشیان وا مەنشوور ببوون هەموو کەس دەیناسین. بێریەکان گوتیان ئەوە دەزانین بۆ میرانە گولەتە هەربۆیەش ئێمەش ستڵ و قاپی خۆمانت وێ نادەین، گوتی قاپم هێناوە ئەگەر بۆمان تێدەکەن. جا هەر بێریەی لە ڕاستە خۆی ئیستکانێک یان پیالّێکی بۆ تێکرد.

کاتێک برایم شیرەکەی هێناوە دیتی میران خەوی لێ کەوتووە. قاپە شیرەکەی لەبن کەلّەک و پنچکە شیلانێکی دانا و گوتی: وەڵاهی میران خەوی لێ کەوتووە، هەلّی ناستێنم دوایە نانەکەمان دەخۆین و دەچین بۆ دێیەکی دیکە.

برایم لە تەنیشت میرانی ڕاکێشا و خەوی لێ کەوت، وەختێکی کە هەستا دیتی ئەوە مارێک لە کەلّەکەکەی هاتۆتە دەرێ شیرەکەی خواردۆتەوە و چۆتەوە دەکەلّەکێ. جا گوتی: خۆ ئەوە بێرییەکانیش لێرە نەماون خۆ ئەگەر میران وەخەبەربێ دەگری و خۆی دەپچڕێتەوە، دەلّێ ئەتۆ بۆ خۆت هەمووت خواردۆتەوە و، بەشی منت نەهێشتۆتەوە. گوتی خودایە ئەمن پێیەوە هەراسان بووم، حەوت ساڵە بەکۆلّێ دەیگێڕم و عەزیەتی دەگەڵ دەکێشم، یاڕەبی مارەکە تێی بڕشێتەوە بەلّکو بیدەمێ و پێی بمرێ ئەمنیش لە دەستی نەجاتیم دەبێ و، سەرفراز دەبم.

خودا دوعاکەی لێ قەبووڵ کرد و ئەو مارە بەئیرادەی خودای لە کەلّەکەکەی هاتەوە





دەرێ و، دەقاپەکەی ڕشاوە و ئەو شیرەی خواردبووی بۆی تێکردەوە. دەو ئەسنایەیدا میران لەخەو هەستا و گوتی: برایم، کوا پێخۆرت هێناوە؟ برایم گوتی: بەلّێ بۆم هێناوی. دەشیزانی ئەو مارە تێێ ڕشاوەتەوە بەڵام هیچ بێز و بۆی لێ نەدەکرد. نانەکەی بۆ دانا و، میران گوتی وەرە برایم بخۆ. برایم گوتی: ئەمن زۆرم برسی بوو دلّیشم نەهات لە خەوێت هەستێنم، بەشی خۆم خواردووە و ئەوەندەشم بۆ تۆ هەلّگرت کە ئەگەر لە خەو هەستای بیخۆی. میران دەستی بەخواردنێ کرد، هێشتا بەتەواوەتی لێ نەببۆوە هاواری برایمی کرد و گوتی: کوڕە برایم، بەپەلە بمگەیەنە ئاوەدانییەکی ڕەنگە بمرم، ئەوە هەر دلّم پێکدادێ و بەدەنم موچوڕکان دەدا نازانم بۆچی وام لێهات! هەرچۆنێکی بوو برایم میرانی گەیاندە بەر هەیوانی مزگەوتی ئاوەدانییەکی و لەوێ داینا.

میران بەدەنی بلۆقی دەرکردن، زنچکاوی لێ هات و ئەو بلۆقانەی هەموو دڕان هەموو ڕۆژێ برایم دەچوو لێرە و لەوێ نانی بۆ دەهێنا و نزیکەی چاردە پازدە ڕۆژان خزمەتی کرد.

وردە وردە میران ملی نا لە توێخ هاویشتنێ، بەدەنی سپی بۆوە و توێخەکانی چابوونەوە بەکورت و کرمانجی حەلەمی خوای لێ بڕا و یەک دەردی تێدا نەما. ئەوجار بانگی برایمی کرد و گوتی: برایم، ئەمن ئەوە چاک بوومەوە و غەل و غەشم لێ بڕاوە و بوومەوە میرانی جاران، ئێستاش برالە چونکە ئەو برایانەی من ئەمنیان وەدەرنا و تۆش ئاوا پێم وەفاداربووی، شەرت بێ کە شەرتی خۆم بەرمەسەرێ. (دەلّێن ئامۆزاکەشی کە کوڕی میر عەزەمێ بوو لە قولّە سمۆرێ بوو، ئەگەر میرانیان بەکۆلّێ دەبرد ڕای نەدەگرت. جا میران شەرتی کردبوو کاغەزیشی دابوو بە برایمی کە ئەگەر مردم خاتوون ئی تۆ بێ جا کەیفت لێیە لەخۆتی مارەکە، ئەگەر چاکیش بوومەوە شەرت بێ بەشەرتی خودای ئەمن بەماڵی دونیایە ژنێ بێنم و با خاتوونیش هەر ئی تۆ بێ. دیارە میر حەج و میر شێخیش بەو شەرتەیان زانیبوو.) بەلّێ کە میران چاک بۆوە گوتی شەرت بێ ئەو مەملەکەتی کە میر شێخ و میر حەجی لێ بێ، ئەمن نەیچمێ (میر حەج و میر شێخ لە هەولێر و کۆیە بوون). جا دەسەری کردن و بەشە ماڵی خۆی لێ ئەستاندن. ئەوجار هێنای نۆکەر و دەستوپێوەند و قەرەواش و نۆبەدار و ئەوانەی سازکرد. هاتە ئەو غومارۆیەی و ملّکەکانی کڕین کە ئێستا «سەرچاوەی ڕەبەتێ»ی پێدەلّێن. ئێستاش وارشە و قەڵاکانی غۆمارۆی هەر ماون و کانییەکانی دیارن. کانیە ژنان بەجوێیە و ئی پیاوان بەجوێ، هەردووک بەرامبەری یەکن.

بەکورتی میران لەوێ دەولّەمەندبوو، ئەوجار برایمی لەسەر نۆکەری لابرد و بەچاوی

سووک چاوی لێ نەدەکرد چونکە وەفای بۆ میرانی زۆر بوو. ئامۆزاکانی کە زانیان میران چاک بۆتەوە ئەوجار وردە وردە هاموشۆیان دەکرد و خۆیان دەگەڵ ڕێکخستەوە و فەسادی و شەیتانیان لە برایمی دەکرد. چونکە دەیانزانی میران قەولی پێداوە خوشکەکەی خۆی بداتێ. بە میرانیان دەگوت: عەیبە ئەتۆ خوشکی خۆت دەدەی بە نۆکەر و ورکەخۆری بەردەرکی خۆت. خوشکی خۆت بدە بە ئێمە و، ئێمەش خوشکی خۆمان دەدەین بەتۆ چونکە ئەتۆش ژن و ماڵت دەوێ. وردە وردە بەو قسانە میرانیان لە برایمی وەرگێڕاوە و، قەستی کوشتیان تێکرد.

برایمیش پیاوێکی ڕەشید بوو. گوتی شەرت بێ بەشەرتی خودای ئەگەر کوڕی میر عەزەمێ هاتنە ماڵە میرانی ئەمن لەسەر کانییە غومارۆیە دەست دەملی خاتوونێ بکەم با بزانم ئەو سەگبابانە دەتوانن چ بڵێن و چم دەگەڵ دەکەن با ئەمنیش دۆست و دوژمنی خۆم بناسم، دۆستەکانی برایمی پێیان گوتبوو کە وریای خۆت بە چونکە خەریکن بتگرن

ئەتکت پێ بکەن یان بەفێڵێکی بتکوژن. بەهەرحاڵ برایمیان وشیار کردبۆوە.

ڕۆژێک ئامۆزاکانی میرانی پەیدابوون. برایمیش ئەو وەخت و سەعاتەی کە ئەوان هاتبوون چۆ سەر کانیە غومارۆیە و دەستی دەملی خاتوونێ کرد. ئەوانیش دووربینیان دا بەدەست میرانی و گوتیان؛ تەماشای کابرای نۆکەرت بکە چەند بێ ئەدەبە، ئەمە نەمانگوت زووی سەر پان کەوە؟ چاو چەند بێ ناموسە، ئابڕووی تۆ چۆن دەبا. بەپەلە دوو نۆکەریان ناردن کە برایمی بکوژن یان، بیگرن دەوەتاغێدا ئەتکێکی پێ بکەن (ئەڵبەتە ئەو دوو نۆکەرە دۆستی برایمی دەبن). جا ئەوە برایم بەو جۆرە بەندەکان دەڵێت:

ئەوە برایم دەڵێ دەچوومەوە کن میرانیساڵێکی لە ساڵان هەر لەوێ دەهەوەڵێ بەژنی خاتوونێ بەمن بمێنێ بەوی شەنگەدارێ.................

بۆنی خاتوونێ بەمن بمێنێ بەوێ گیابەند و خاوێ

ئەگەر شەو با شەڕیەتی لەسەر وارشی دەگەڵێ

چاوی خاتوونێ بەمن بمێنێ بەئەستێرەکەی کاروان کوژێ ئەگەر دوو سەعات و نیوی دەپێش ئەستێرەی ڕۆژێدا، کەی، لە برایمی قەلەندەر هەڵێ

ئەوە برایم دەڵێ ئەمن دوێنێ ئێواری چاوم بەخاتوون دەکەوت بێت و، دوو قسەم دەگەڵ نەکا ناژیم بەژینێ، دەمرم، هەر دەمگاتێ دەردی ئەجەلێ.

**





برایم قەتی قسەی بێ ئەدەب نەکردبوو، ئەو ڕۆژەی کە ئەوەی بەخاتوونێ دەڵێ، خاتوونیش خۆی لەسەر بەناز دەفرۆشێ و جوابی بەناحەزی دەداتەوە. برایمیش دەڕوا:

ئەوە خاتوون دەڵێ برایم ئەو قسانە مەکە، ئەو قسانە مەڵێ

ئەمن بڵێم بەفەڕاش و نۆکەری میرانی دەتکوژن، زگت هەڵدەدڕن بەخەنجەرێ

برایم زیز دەبوو هەر لەوێ و، لەوێندەرێ.

خاتوون دەیگوت: قەرەواشێ کارگەرێ ئەمن جوانێکی وەک برایمی مەلا زێندینێم لێ زیز بووە لەو دونیایەی، نازانم داخودا لەو دنیای دی لە ئاهی برایمی چم لێ بەسەرێ.

ئەوە قەرەواش بەپێی پێخواسی دەردەپەڕیە دەرێ

دەیگوت برایم مەڕۆ، محەمەدی ئەمینم هێنایە تکایێ

برایم دەڵێ: قەرەواشێ کارگەرێ، قەول و قەرار هەر ئەوەبێ هەر کەسێکی زیز بووان وەگرێڕێ دەبێ تۆق و تەلەسمێ خۆی بداتێ و بینێتەوە دەلایەکی دەباغەڵێ.

**

ئەو قەرەواشەی خاتوون بەدوای برایمی دانارد، زۆری لەبەر پاڕاوە و گوتی: خاتوون ناردوومی و گوتوویەتی ئەوجار نەڕوا و، ئاشت دەبینەوە با بگەڕێتەوە.

برایم گوتی: بەو شەرتەی ئاشت دەبمەوە ئەگەر نیشانە و مۆر و سجیل و حیسابی خۆی بدا بە من، ئەوی هەیەتی. بەو شەرتەی دەگەڕێمەوە دەنا دەڕۆم، شەرتیش بێ چۆن میرانی برای لە کۆیە ڕۆیشت و سوێندی خوارد کە تازە نەچێتەوە ئەو وڵاتەی چونکە میر حەج و میر شێخی لێن، ئەمنیش چونکە ئەو قسەی پێگوتم لەو وڵاتەی نەمێنم و بچمە وڵاتێکی دیکە. بەڵام قەرەواشەکە بوو بەعۆدەدار و، بەو شەرتەی کە باسکرا برایم دەگەڵی گەڕاوە.

ئەوە برایم هەڵدەوەشاوەو هەر لەوێ و لەوێندەرێ دەگەڕاوە کن خاتوونێ

خاتوون لەبەر خۆی دادەڕنی قەتارەی فەرەنتیان، ڕێزەی دەبابەکریان جلەوی دەبوغزیان دەیدانەوە بەبرایمی دەیگوت: ها، برایم بیاننێوە دەلایەکی دەباغەڵێ

هەر دەو دەمی دا و دەو سەعاتیدا، قاسید لە دەرووی غومارۆڕا دەهات، دەیگوت برایم وەرە میران گازت دەکاتێ، دەڵێ دەست داتەوە گوێزانێ ئەوە دەمرم لەبەر ژانی سەرێ

برایم هەڵدەستاوە دەچۆوە دیوانی میرانێ

ئەوە دەستێکی دەبرد بۆ تانجی، دەستی دی دەبرد بۆ مێزەرێ

بەختی برایمی هێندە ڕەش بوو نێرەی دەترازا لەبەر کەمبەرێ

تۆق و تەلەسمی خاتوونێ دەیانکرد بەخرمێن و قارقارە دەکەوتن لەوێندەرێ.

ئەوە میران دەیگوت برایم ئەوە چن؟

دەیگوت کاکە میران بەسەری تۆ ئەوە دوێنێ خاتوونێ خوشکت گەسکی لە فەرشان دابوو، ئەوانەی نابوونە وەدەتاقەی دەرێ ئەمنیش هەڵمدەگرتن دەمنانەوە دەلایەکی باغەڵم

دەمگوت نەوەک ناکەس بەچەیەک دەستیان بداتێ بەنائەمینی بیانباتەوە دەرێ

میران دەیگوت برایم، ئەگەر وایە هەردایاننێوە لەوێندەرێ.

**

چونکە برایم بەگولی دەگەڵ میران گەڕابوو، سەر و ڕیشی بۆ خاوێن کردبۆوە و شیوی بۆ کردبوو، کە چاکیش ببۆوە هەر لە دوای برایمی دەنارد ئەگەر ژانە سەرێکی گرتبا. دەیگوت پێی بلێین چەقوی بێنێ و، بێ.

کە میران پیاوی بەدوادا نارد لەو دەمەیدا تۆق و تەلەسم و هەموو ئەو شتانەی کە لە خاتوونێی وەرگرتبوون دەبەر پشتێندەکەی دابوون (جا ئەگەر دەڵێ نێرەی دەترازا لەبەر کەمبەرێ، مەبەستی گرێی پشتێندێیە.) ئەوە بوو کە قاسید هاتوو گوتی بە برایمی کە میران دەڵێ سەرم دێشێ بێ سەرم بتاشێ. ئیدی برایم تۆق و تەلەسمەکەی لەبەر پشتێندێ نا و چوو سەری بتاشێ جا کە بەدەورەیدا دەهاتوو دەچوو تۆق و تەلەسمەکەی لێ بەربوونەوە. ئەوجا میران دەڵێ: ئەوە ئی خاتوونێن، بۆچی بەتۆن؟ برایمیش قسەکەی وا دانا و گوتی: دوێنێ گەسکی لە وەتاغی دەرێ دابوو. ئەو تۆق و تەلەسمەکەی کە دەتاقەی نابوون لەبیری چوونە و، ئەمنیش هەڵمگرتن و پێم نەکراوە بدەمەوە بە ماڵێ، ئەوە هەر پێمن. گوتم نەوەک کابرایەکی خەیانەتکار و ناکەس بەچە دەستیان بداتێ و عالەم لە دوایە تووشی سوێندخواردنێ بن.

میران گوتی: جا زۆر چاکە، لەوێیان دانێوە خاتوون نەیزانیوە، هەر ئێستا هاوار دەکا.

برایم لەترسان بەدزی خۆی گەیاندە خاتوونێ.

ئەوە برایم هەڵدەوەشاوە لەوێ و، لەوێندەرێ





دەچۆوە کن خاتوونێ دەیگوت خاتوونێ بەژن باریکێ کەڵەکەتی خوێن شیرینی زێڕکەمبەرێ

ئەو موقەدەرەی بەسەر من هات، ڕەبی ئەوانەی خودا و پێغەمبەری ناناسن وەکو ئەمنیان لێ بەسەرێ

ئەمن دەچوومەوە دیوانی کاکە میرانت دەستێکم دەبرد بۆ تانجی دەستی دیم دەبرد بۆ مێزەرێ

بەختی برایمی هێندە ڕەش بوو نێرۆم دەترازا لەکەمبەرێ

تۆق و تەلەسمی تۆ دەیانکرد خرمە و قارقارە هەردەکەوتن لەوێندەرێ

میران دەیگوت: برایم ئەوە چن؟

دەمگوت کاکە میران: ئەوە بەسەری تۆ دوێنێ خاتوونێ خوشکت گەسکی لە فەرشان دابوو، ئەوانەی نابوونە دەتاقەی دەرێ

ئەمنیش هەڵمگرتن و دەمنانەوە لایەکی باغەڵم، دەمگوت نەوەک ناکەس بەچەیەک بە نائەمینی دەستیان داتێ، هەر بیانباتەوە دەرێ.

ئەوە خاتوون دەڵێ برایم: خۆ من نەمزانی ئەتۆ نۆکەرێکی هێندە ترسنۆک و ناکەس بەچەی.

بۆ دڵۆپە خوێنێکی دەپاڕێیەوە، ئەلحان دەچمەوە دیوانی کاکە میرانم ئەو خەجاڵەتی و شەرمەزارییەی لەسەر تۆ دەبەمەوە دەرێ

ئەوە خاتوون دەپێی خۆی دەکرد جووتێک گۆرێی چەن و جووتێک کەوشی شافی هەر لەوانی دە ئیراتی، بەسەر سەری دادەدا چارشێوێکی بەغدا زەمین ڕیشوو نیو گەزی لەوانی سێ قەلاتی

سەبر، سەبر، نەرم نەرم دەچۆوە بەرپەنجەرەی میرانێ دەیگوت:

کاکە میران بلێ بەکوێخای جارچی، جارم بۆ بکێشێ لە ولاتی

ئەمن دوێنێ گەسکم لە ولاتی دابوو، تۆق و تەلەسمم نابوو دەتاقەی دەرێ

بەڵکو بیکەن بەسندووقی سەری تۆ بۆم باوێنەوە ئەوێندەرێ.

ئەوە میران دەیگوت خاتوون برایم نۆکەرێکی بەسەری من و تۆ ئەمینە ئەو هەڵی گرتبوون و نابوونیەوە دەنێو لایەکی باغەڵێ

خاتوون دەڵێ کاکە میران ئەگەر دەزانی برایم بەسەری من و تۆ ئەمینە تۆ بۆی دروست کەوە کالانی دەخەنجەرێ

ئەو تۆق و تەلەسمەی بۆ خۆت ئاگاداری سەروەختیانی

ئەمیش دەیدەمێ بۆ زریزەو و دووپشکەی دەخەنجەرێ

ئەوە برایم بە چاوانی چاو لێدەکا بە برۆیانی حاڵی دەکا بۆ سەر کانی غومارۆیە

ئەوە خاتوون دەستی دەدا ئافتاو گومگومەی حەیدەر بەگی

سەبر سەبر و نەرم نەرم دەچۆوە بۆ سەر کانی غومارۆیە

دەستنوێژێکی هەڵدەگرت و نوێژێکی دەکرد لەوانی چوار ڕەکاعەتی

برایم بەسەرشانی خۆی دادەدا کەوڵێکی بەغدا زەمینی نیقەدگاری لەوانی سێ قەڵاتی

سەبر سەبر و نەرم نەرم دەچۆوە کن خاتوونی سڵاوێکی لە خاتوونێ دەکرد، ئەوە سێ جارانی زیارەت دەکرد سووچی بەردەتاتی

خاتوون دەڵێ وەعەلێکمە سەلام و ڕەحمەتوڵاهی، برایمی مەلا زێندینێ

هەر لەوێڕا هەتاوەکونێ ئێرە سەر چاوی خاتوونێ قەلەندەرێ بابان وێران دەهاتی.

کورە خانە خەراپ شەوی دەشەواران و ماڵە دۆست و برادەران لەمن و تۆ ببووە بەقاتی،

بۆ بەنوێژی نیوەڕۆیە لە ژوانی خاتوونی قەلەندەری بابان وێران دەهاتی

کوڕە خانە خەراپ میران پێ بزانێ دەرمان دەکا بەچلەی دەزستانێ

بەمانگی کانوونێ هەر بەسۆدرەی دەوڵاتی

ئەوە خاتوون دەڵێ برایم ئەوە بۆ وا زەردی، بۆ وا زەنوێری، بۆ وا کزی هەر دەڵەی لەژێر قەبرانڕا دەهاتی

برایم، دەنێرم کەوات بۆ بێ دوگمە لەسەر خەیاتی

بەخودای برایم ئەمن لێوی تۆم گەلێک پێ جوانترە لەو موشەجەریانەی ئەگەر کوڕە مفردیان هەڵی دێنن لەسەر دووکانی بەمقەستێکە دەسک ڕاجع بۆ قەراغی سیخمە و قەراغی لێ هەڵدەنگاوتی

ئەمن برایم حەوت ساڵە جووتێکم شەمامە و شەمامە ڕەنگینی پاوان کردوون و





حاشارداون لە نوراڵی خانی ئامۆزام بەعام سیخواری نێوانی هاوینێ و پاییزێ هەر سەریان لێ هەڵدەنگاوتی

ئەوە برایم دەهاتەوە کن خاتوونێ بۆ خۆی و خاتوونێی ڕادەخست سووچێکی کەوڵی بەغدا زەمینی لەوی سێ قەڵاتی

ئەوە دەستی دەستۆی دەکرد و سمێڵی بەخورمایی لەسەر کوڵمەی زەرد و سووری خاتوونێ دەبزاوتن. شەقەی ماچی برایم و خاتوونێ هەروەکو دەمانچەی هەر دەنگی دەداوە لە وڵاتی

ئەوە کوڕی ئەمیر عەزەمی بە دووربینێکی بلوور بەگی، سەرتەقی کانی بەچاو دەنگاوتی

نەیدەوێرایە دەستە و خەنجەری بچنێ، دەچوونەوە دیوانی میرانی قسەیان دەکردن بەفیتنەوە هەرزومەتی بەفەسادی.

**

بەڵێ جا دەو دەمەیدا ئەو کوڕانە کە دەبنە ئامۆزای خاتوون و میرانی فیتنەیی و شەیتانیان دەکرد لە برایمی کە لەنێوی بەرن و ئەتکێکی پێ بکەن لەو کاتەشدا کە ئەوان هاتن ڕابردن بۆ ماڵە میرانی برایمیش لە داخی وان چوو دەستی دەملی خاتوونی کرد. ئەوانیش چوون دووربینیان دا بەمیرانی و، گوتیان ئەتۆ پێت وابوو ئەمە درۆیە دەکەین. تەماشاکە کابرایەکی ورکەخۆری دەرکی خۆت چۆن دەستی لە ملی خوشکەکەت دایە. لەپێش چاوی عالەمێ بەنوێژی نیوەڕۆیە لەسەر کانی غومارۆیە. میرانیش دەیزانی برایم پیاوێکی ڕەشید و جەسوورە و، دەست دەکاتەوە دوو نۆکەری بانگ کردن و گوتی بڕۆن برایمی بانگ کەن بەڵام هیچ قسەی پێ مەڵێن. تەنیا ئەوەندە نەبێ بڵێن میران کاری پێتە و بانگت دەکا. کە دوو نۆکەرەکان لە وەتاغی میرانی هاتنە دەرێ خاتوون چاوی لێ بوو، دیارە ترسێکیشی دەزگی دابوو. بەبرایمی گوت: ئاخر خودا غەزەبتە نەمگوت بەنوێژی نیوەڕۆیە مەیە ژوانی من؟ ئەوە کاکم دوو نۆکەری ناردن. کە نۆکەرەکان هاتن بانگی برایمیان کرد و قسەیان دەگەڵ دەکرد.

ئەوە خاتوون دەڵێ:

برایم ڕەبی خانەت خەرابێ ماڵت وێران بێ ئەتۆ سەرت هەڵێنە، سەرت لە کەوڵی غەز بێنەوەدەر بزانە ئەو دوو کوڕە مفردیانە کێن لە دیوانی کاکە میرانم دێنەدەرێ بەپەلە

ئەوە برایم دەیگوت: خاتوون مەترسێ یەکیان برای دایک و بابیمە ئەوی دیکەشیان برادەرە، دەهاتنەوە کن برایمی دەیگوت برایم ڕەبی ماڵت خەرابێ خانەت وێران بێ شەوی دەشەواران و ماڵە دۆست و برادەران لە تۆ و خاتوونێ ببووە بەقاتی

بۆ بەنوێژی نیوەڕۆیە لە ژوانی خاتوونێ قەلەندەرێ بابان وێران دەهاتی

خانە خەراب کوڕی ئەمیر عەزەمێ بەدووربینێکی بلووربەگی سەرتەمی کانیەیان بەچاو دەنگاوتی

نەیان دەوێرایە دەستە و خەنجەرت بێنێ دەهاتنەوە دیوانی میرانی قسەیان دەکردن بەفیتنە و هەرزومەتی بەفەسادی

ئەوە برایم دەڵێ براڵە وەکو بزانن دەمکوژن یان دەمبڕن یان دەرم دەکەنەوە لەکاولە وڵاتی

یان دەمنێرنە سەر عێلان، عاشیرەتان پێم دەستێنن سووریاش و، شەکەزەکاتی

ئاغایان لە سەفەرێ دێنەوە لە نۆکەری خۆیان زیاد دەکەن خەڵات و بەراتی

یان لەنێو دۆست و دوژمناندا بەسەر شانی منی دادەن کەولێکی بەغدازەمینی نیقەت گاری هەر لەوانی سێ قەڵاتی

دەیانگوت نازانین نەدەتکوژن، نەدەتبڕن، نەدەرت دەکەنەوە لە کاولی وڵاتی

ئەوە برایم هەڵدەستا دەچۆوە دیوانی میرانی سڵاوێکی لە ئەهلی مەجلیس دەکرد، ئەوی بەبرایمی دۆست بوو دەیگوت: وەعەلێکمە سەلام و ڕەحمەتوڵاهی برایمی مەلا زێندینی هەر لەوێڕا هەتاوەکونێ ئێرە سەرچاوی ئێمە دەهاتی

ئەوەی بەبرایمی دوژمن بوو هەروەکو ژنێکی حیز لەبنەوە هەرلیچیان لێ دەبزاوتی.

**

کە برایمیان برد بۆ دیوانی میرانی، بۆ خۆی دەیزانی یان دەیکوژن یا ئەتکی دەکەن و نێفەکی دەبڕن یان عەیبێکی تووش دەکەن. لە ڕێیە فکری خۆی کردەوە، کۆسەی خەنجەرەکەی ترازاند و گوتی: ئەمن ناچمە نێویان بێ شکوا دابنیشم، دەرکی پێشخانەی دەکەمەوە و دەردی دڵی خۆم هەڵدەڕێژم. با ئەمن دۆست و دوژمنی خۆم بناسم، بزانم کێیە ئەو فەسادیەی لەمن دەکا و پەی سەری من کەوتووە تاوەکونێ ئەمن تووشی ناڕەحەتی بکا.

کوڕەکانی ئەمیر عەزەمێ خەریکی ئەوە بوون ژن بەژنەی بکەن و ساختەیەکی بۆ





برایمی ساز بکەن هەتا لەنێوی بەرن، کەچی برایمیش ئەو هەموو زەحمەتەی کێشاوە و قەولی خاتوونێشیان پێداوە.

جا ئەوە برایم دەرکی پێشخانەی گرتووە و ناچێتە ژوورێ نەوەکو سواری سەری بن، میرانیش غەزریوە. برایم هەر بەپێوە دەردی دڵی خۆی دەڵێ و، کەس جوابی ناداتەوە:

ئەوە برایم دەیگوت کاکە میران سەری من دێشێ دڵم ڕاناوەستێ لەبەر ئەوێ نەکاوێ

ئەمن نۆکەرە خوێڕیەکەم لە ماڵێ نەبوو دەچوومەوە بۆ کانێ غومارۆیە بۆ سەتڵێکی دەئاوێ

ئەوەی لەسەر کانێ غومارۆیە بوو، خاتوونی خوشکت نەبوو کچی ئەمیر عەزەمێ بوو پڕی دەسرۆکێکی بۆ دەنارد هەردووعا دەگەڵ سڵاوێ.

**

ئەوەی برایم گوتی جنێوێک بوو بەوانی دا بەڵام یەک ناوێرن دەنگێ بکەن چونکە بۆ خۆیان برایمی دەناسن، برایمیش ئەوە هەر شکۆیان دەکا:

ئەوە برایم دەڵێ کاکە میران سەری من دێشێ دڵی من ڕاناوەستێ لەبەر ئەوێ نەکاوێ،

ئەتۆ ئاغایەکی بەشەو دەکەی ڕەشەڕاوێ کەیفت لێ بێ دەمخنکێنی بەزیندانان، بەمەیدانان، ناوەڵا بەشەپۆلی دەئاوێ

ئەوە برایم دەڵێ: کاکە میران سەرم دێشێ دڵم چەندی لە دەراودەرە

توخوداکەی یان وەرە بمکوژە یان بمکە دەربەدەرە

خۆ من گوناهی خۆم گەلێک زۆرن با گوناحی برادەرانیشم نەیەتەوە سەرە.

ئەوە برایم دەڵێ: کاکە میران سەرم دێشێ دڵم ڕاناوەستی لەبەر ئەوێ ژانێ، ئەوە دەترازێنم کۆسەی خەنجەرم هەڵدەکێشمە دەبانێ

خۆ ئەمن ئەلحان بیست و چوار کەلاکت بۆ دەخەم لە گۆشەی دەمەیدانێ تازە دەرکراو و دەربەدەر بووم لەسەر تاق تاقە ماچی خاتوون پەری خانێ.

**

جا، کە برایم ئەو قسانەی کردن میرانیش لێی ترسا، گوتی وەڵاهی وا چاکە جوابی بدەمەوە بەجوانی نەوەک دەستمان لێ ببزێوێ، هەموومان دەکوژێ.

میرانیش بەو جۆرە جوابی دەداتەوە دەڵێ:

ئەوە میران دەیگوت برایم ئەگەر دەهاتێوە ئەو دەرکە بەقوڕێ گیراوەی من، ئەو حیزە فێڵانەت دەگەڵ نەبان وەگیر نەدەکەوتی نە لەعەرزی نە لە حەوت تەبەقەی ئاسمانێ

بەخودای برایم ئەمن سامی تۆم گەلێک بێ گەورەترە لەو حاکمەی ئەگەر حەو ساڵانی دەکردەوە حوکماتی شاری بانێ

ئەمن برایم لێت ڕادەوەستم بەمانگی کانوونێ بە چلەی دەزستانێ

خاتوونێ دەنێرمەوە بۆ گەرمێنێ ئەتۆش دەنێرمەوە بۆ کوێستانێ

ئەگەر قاسید حەوت گۆچانی پۆڵا بشکێنێ، حەوت کاڵەی ئاسن بدڕێ، هیچوو بەسۆراغی هیچوو نەزانێ.

**

بەڵێ جا میران پێی گوت: شەرت بێ دەرت دەکەم بەڵام ئەوڕۆت دەرناکەم، ڕۆژێکت دەردەکەم کە هیچ کەس نەتوانێ بچێتە ماڵە جیرانی خۆی. ئەمن ئەتۆم پێ پیاوێکی زۆر حیسابی بوو، فەقەت نەدەبوو ئەتۆ ئەو نا ئەمینیانە دەگەڵ من بکەی.

خاتوونیش ئەوە بێ خەبەرە لەوەی کە بەهانەیان بەبرایمی گرتووە و ئەوە دەری دەکەن و قسەی پێدەڵێن، کە خەبەریان بۆ برد گوتی: خودا غەزەبت لێ گرێ برایم، هەدات نەدا هەتا پاش ئەو هەموو خزمەت و چاکەی. ئەوە پاداشتت بوو دایانیەوە.

ئیدی خاتوونیش چارشێوی لە خۆی هاڵاند و هاتە بەر پەنجەرەی کاکی هەتا لێی بپرسێ و، بزانێ بۆچی بەو زستان و قیامەتەی دەری دەکات؟

ئەوە خاتوون دەپێی خۆی دەکرد جووتێک گۆرەوی چەلو جووتێک کەوشی شافی هەر لەوانی دەئیراتی

ئەوە بەسەر سەری دادەدا چارشێوێکی بەغدا زەمینی ڕیشوو نیوگەزی لەوانی سێ قەڵاتی،

سەبر سەبر و نەرم نەرم دەهاتەوە بەر پەنجەرەی میرانی دەیگوت کاکە میران خۆ من نەمدەزانی دەرکردنی برایمی هێندە موتڵەقە دەنا ئەمن بۆ برایمیم دەکڕی وڵاغێکی گوڵ گوڵی لەوانی سم تەبەقە

ئەوە کەلی مێرگە چەکۆیە و مۆڵی بەرانان و سەری دانغاڵان پەری کوێستانی عەزیمەت و گەورە و گرانی پێ کردباوە شەق و پەقە





خۆمن خەمی ئەوەم نییە ئەتۆ برایمی دەردەکەی بەمانگی کانوونێ، بەچلەی دەزستانێ ئەمن خەمی ئەوەمە، ئەوە بەهارێ عێل دەکەنەوە گەرمێن و کوێستانێ.

داخوا چ کوڕە دۆمێک، چ کوڕە مفردێک بەنووکە چەکمەی دەسەری هەڵدا و بڵێ:

ئەوە چ کەڕە کرمانجێکە، سەرما بردوویە دەگەڵ ڕاو و ڕووت و تاڵانێ

ئەدی نازانێ ئەوە برایمی مەلا زێندینێ دەرکراو و دەربەدەر بووە لەسەر تاق تاقە ماچی خاتوون پەریخانێ

ئەوە برایم دەڵێ: سەرم دێشێ دڵم ڕاناوەستی لەبەر ئەوێ جغارێ

خۆ من ناڕۆمە دەرێ لەوان حەوشەیان لەوان حەسارێ

هەتاوەکونێ بۆ خاتوونێ دانەنێم هەر قەولێ دەگەڵ قەرارێ

ئەوە برایم دەڵێ: خاتوون سەرێ من دێشێ دڵی من چەندی لە نەهاتی

بەخودای کاکت ئەو پیاوەتیانە دەداتەوە، ئەو ڕۆژانە وەبیرناکا ئەگەر گول ببوو، گول پارێزی لێ دەکرد و حەوت ساڵان بەکۆڵێم هەر دەگێڕا دەوڵاتی

ئەوە میران دەڵێ: برایم سەرێ من دێشێ دڵی من چەندی لە دەراودەرە

ئەتۆ خۆت نەدیبوو دەگەڕای دەشاریدا کەس نەیدەگرتی نە بەغوڵام و نە بەشوان و نە بەنۆکەرە،

جووتێک کەڵاشە کۆنت دەپێ دابوون و پەستەکۆنێکت دەبەرکردبوو، لاقانت، سەری قامکانت لە کڵاشی هەر لە من سەریان دێناوە دەرە

ئەوە خاتوون سەرێ من دێشێ دڵی من چەندی لەکزی

ئەتۆ وەرە دەگەڵ میرانە گولەی برات وڵاغم بۆ وەگۆڕە خۆ ئەمن زامنی هەزار و پێنسەد زێڕت دەدەمێ هیچ گوێم لەبن کەلی بەفرێدا نەڕزی

ئەوە برایم دەڵێ سەرێ من دێشێ دڵی من چەندی لەکزی

ئەتۆ بێنە بیست و چوار ماچم دەیە دوازدەیان بەئاشکرایی دوازدەشیان بەدزی،

خۆمن زامنی هەزار و پێنسەد زێڕانت دەدەمێ، هیچ کوێم دەبن کەلی بەفرێدا نەڕزی.

**

بەڵێ جا هەتا ئەو هەموو چەند و چوون و کێشە و گلەییانەیان لە یەکتری کردن بوو بەنوێژی شێوان.

کابرایەکی سەڕاج دەدێیەکەیان دابوو، چەند ساڵ بوو چەرمەگایەکی بەملدا مابۆوە، خاتوون چۆ لای کابرای و گوتی دەبێ لەقایش و ئاغزوونە و لە بولغاری باڵتەیەکم بۆ دروست کەی لە بۆ برایمی، لێم مەعلوومە کاکم دەری دەکات لە ڕۆژێکیشدا دەری دەکا کە هیچ کەس نەتوانێ بچێتە لای جیرانی خۆی. هەڵبەتە بەکوێستانێشدا دەڕواتەوە بۆ ماڵە میر حەج و میر شێخی، دەبێ باڵتەیەکی وام بۆ سازکەی کە ئەگەر دەبەر برایمیم کرد سەرما کاری لێ نەکات.

کابراش لە خۆشی ئەوەی کە قایشەکەی لە کۆڵ دەبێتەوە، هێنای باڵتەیەکی زۆر چاکی بۆ ساز کرد و دەبەری کرد.

ماڵی میر حەجی ماینێکیان هەبوو لە جانووەکەیان هەڵبڕیبوو. جانووەکە لە کۆیە بوو ماینەکەشیان هێنابووە ماڵە میرانی تا وشک بکات جا لە دوایە بیبەنەوە. ئەو ماینەش بەحری بوو دەنا هەموو ولاغێک لەو ڕۆژەیدا و بەو کوێستانەیدا برایمی بۆ نەدەچۆوە ماڵە میر حەجی. هەڵبەتە خاتوونیش ماف و ئیرسێکی لەکن میرانی بوو، جا ئەگەر میران برایمی بەچلەی زستانێ دەرکرد خاتوونیش هێنای بەکابرای مەیتەری گوت: دەبێ ئەو ماینەی بەدەستوورێکی زۆر جوان زین بکەی. میرانیش نەیدەوێرا دەنگێ بکا.

بەنوێژی شێوان ولاغەکەیان بۆ برایمی ڕاگرت و کابرای سەڕاجیش باڵتۆکە و ئەو چەند قایش و ئاغزوونەی کە دەگەڵی ساز کردبوو، هێنای کە دەبەر برایمی بکەن و بەڕێی بکەن. هێشتا برایم باڵتەکەی دەبەر نەکردبوو هێنای ئاوزەنگی بەتاڵ کرد و سوار بوو، ئاوزەنگیش بۆ خاتوونێ بەتاڵ کرد. خاتوون پێی دە ئاوزەنگی نا و، سەرکەوت بیست و چوار ماچی لە پێش چاوی برا و دۆست و دوژمنی دا بە برایمی و خوا حافیزی لێ خواست. بەقەرەواشانیشی گوت: بێنن سێ چوار گۆزانم ئاوێ بگەیەننێ.

باڵتەکەیان دەبەر کرد، زۆر جوان قایمیان کرد و دایانبەست سێ چوار گۆزەشیان ئاو پێدا کرد. ئەگەر ئاوەکەیان پێدا کرد، برایم گوتی: دەبوایە ئاوەکەم پێدانەکەی، سبحەینێ دەڵێن: وەڵا برایمیان بەچەپڵە ڕێزانی منداڵان لە غومارۆیە دەرکرد و ئاویشیان پێداکرد خاتوونیش گوتی: ئەتۆ دەبێ ئەمنت مەنزووربێ، ئەتۆ ڕێگات زۆر سەختە و، کوێستانە ئەو قایشانە توند دەبن و پێکەوە دەیبەستن، دەنا ئەتۆ ناگەیە ماڵە کاکم. بێهۆش دەبی و بەردەبیەوە و لە جێگایەکی تێدا دەچی، هەر بۆیەشم ئاو پێداکردی. بەڵێ جا بەو جۆرەی برایم خواحافیزی کرد و ڕۆیشت.

ئاغاوەت شەوێ دەچنەوە ئەندەروون و دیوی ژنان. یەک دوو سەعاتی شەو مابوو میر حەج خەونی دیت، دەخەوێدا پێیان گوت: میر حەج ئەگەر نەچێ دەرێ میوانت سەرما





دەیبا و قەتڵت دێتە ئەستۆی. میر حەج کە هەستا دوو قەرەواش لە پێشخانەی بوون، بەقەرەواشەکانی گوت: دا هەستن، بچن سەرێکی دەرکی دەرێ بدەن و هەستێکی ڕاگرن بزانن کەس لەپشت دەروازەی نییە.

قەرەواشەکان هاتنە دەرێ شەوێکی بەکرێوە و تەم و مژبوو، سەیرێکی دەرکی پێشخانەیان کرد و نەیانوێرا بچنە دەرێ. لێیان بوو بەسەتوخورت و ملیان لە قسان نا، یەکیان گوتی: وەڵا ئێوارێ ئەگەر ئەو کرێوە نەبایە ئەمن قەولم بەکوڕی ماڵە فلان کەسی دابوو کە بۆی بچمە دەفلان قەلاغی. ئەوی دیکەش گوتی: وەڵا ئەمنیش قەولم بەفلان کەسی دابوو بۆی بچمە کاولی ماڵە فلان کەسی بەڵێ قەرەواشەکان هاتنەوە لێی نووستن. دیسان میر حەج خەونی دیتەوە و سەرلەنوێ پێیان گوت: میر حەج ئەگەر هەڵنەستی میوانت سەرما دەیبا و قەتڵێکت دێتە ملی.

هەر بەو دەستووری میر حەج دیسان قەرەواشەکانی هەستاند و پێی گوتن: بچن سەرێکی حەسار و دەرک و بانی وەتاغێ و دەروازەی بدەن، بزانن کەس لە پشت دەروازەی نییە و کەس هەرا ناکا.

قەرەواشەکان دیسان لەترسی سەرمایە نەیانوێرا بچنەدەرێ.

سەرلەنوێ میرحەج خەونی دیتەوە بەڵام ئەوجار بۆ خۆی هەستا خۆی کۆکردەوە و هاتەدەرێ، ئەگەر تەماشای کرد ولاغێک هاتۆتە حەسارێ و ڕاوێچکەی دەکا و دێت و دەچێ. بەپەلە بانگی قەرەواش و نۆکەرانی کرد و چرایان هێنا و لەدەوری کۆبوونەوە. سەهۆڵی پرچی ماینێ لە سینەبەندی ولاغێ قایم ببوو، تەنگەی زینەکەیان هەڵبڕی و بەئاوی گەرم برایمۆیکیان لە زینەکەی کردەوە، ئەگەر بەرگەکەیان لەبەر هەڵدڕی ئەوجار بۆیان مەعلووم بوو ئەگەر ئەو سوارە برایمە. میر حەج و میر شێخ زۆر ناڕەحەت بوون، گوتیان: وەڵاهی یان خاتوون مردووە یان میران، دیارە قەزیەکی زۆر گەورە ڕووی داوە دەنا بەو زستانەی برایمیان هەڵوەدای ئێرە نەدەکرد، مەعلووم شتێک قەوماوە، برایمیش لە حاڵی خۆیدا بوو هیچ هۆشی نەمابوو.

میر حەج ڕووی لە کوێخا و ڕدێن سپیان کرد و گوتی: ئاخۆ بڵێی بژیت؟ ئەوانیش گوتیان: بەڵێ، ئەمە لە پێشینیانمان بیستووە کە ئەگەر کەسێک کەسیرە بوو سەرما بردی دەبێ حەمامی ژنانی بۆ بکرێ، ئەگینا بیبەنە بەر ئاوری هەر دەمرێ و دڵی لەخۆ دەبێتەوە، دەبن کورسیشدا هەر دەمرێ. بەڵام ئەگەر حەمامی ژنانی بۆ بکرێ بەئەسپایی و، وردە وردە دەبووژێتەوە.

میر حەج بۆ خۆی دوو ژن و کچێکی هەبوون هێنای لە دەوری برایمۆکی وەرگرتن و دانیشتن. برایم وردە وردە دەبووژاوە و دەجوولاوە. هێشتا تەواو لەسەر هۆشی خۆی نەبوو ملی لە جنێوان نا دەگەڵ میرانی. ئەگەر چاوی هەڵێنا وردە وردە هەموو شتێکی وەبیرهاتەوە و زانی دەرکراوە. چاوی بەمیر حەجی کەوت ناسییەوە، لە خەجاڵەتیان خۆی مراندەوە.

میر حەج گوتی: هەستە خۆت مەمرێنە، ئەمن ئاگام لە قەرار و وادەی تۆ دەگەڵ میرانی هەیە و دەزانم چتان کردووە و کاغەزێکتان هەیە. هەستە شەرت بێ بەشەرتی پیاوان ئەگەر پەڵەڕەشانگ دەکوێستانێ کەوێ و وڵاغ دەرچێ، ئەمن خاتوونت بۆ دێنم و دەتدەمێ. جا برایمیش هەموو شتێکی بۆ میرحەجی گێڕاوە.

میر حەج دیسان گوتی ئەگەر پەڵەڕەشانگ دەولاتی کەوێ و وڵاغ دەربچێ خاتوونت بۆ دێنم. برایمیش ڕۆژێ دەچوو پوڵی دەدا بەمنداڵان کە بچن پەین و خۆڵەمێشی لەسەر تیرەگی کوێستانان ڕۆبکەن تا میر حەج چاوی پێی بکەوێ و بڵێ ئەوە پەڵەڕەشانگ دەولاتی کەوتووە و بچێ خاتوونی بۆ بێنێ.

دەڵێن میر حەج بەئەجەلەی ئەو زستانەی هێنای کچێکی لەبرایمی مارە کرد هەتا برایم بێ بناوان نەبێ. (هێندێک دەڵێن کچی خۆی بوو، هێندێک دەڵێن کچی مەلای بوو ئیدی ئەوە مەعلووم نییە) ئەوجار لەپەنای ماڵەخۆی دیوێکی دایە و ماڵ و حالێکی بۆ سازکرد.

برایم پیاوێکی ماقووڵ بوو، ئەوانیش خۆشیان دەویست و ڕۆژانە دەگەڵ خۆیان دەگێڕا و پێکەوە دامەیان دەکرد. بەڵام بەهیچ جۆرێک خۆی دەوکچەی نەدەگەیاند کە بۆیان گواستبۆوە، بۆ خۆی شیو و شتی دەکرد و ئەگەر هەر شتێکیشی ویستبا هەر خۆی هەڵدەستا. شەوانیش ئەو لە سووچێکی دیوەکەی دەنوست و کچەش لە سووچەکەی دی. ئاخیری کچە بەخۆی نەوەستا و لێی وەجواب هات و گوتی منیان بەتۆوە سەرگەردان کردووە و تۆش هیچ خۆم تێ ناگەیێنی، ئاخر خۆ من بێ کەس و بێ کارە نیم.

برایمیش لەبن لێوێوە گوتی: وەڵاهی فلان کەس، خۆ من نازانم ئەتۆ بێ کارەی یا نا. فەقەت ئەمن سوێندخۆری خاتوونێم و، هەتا لەوی خاترجەم نەبم ناتوانم ڕوو دەکەس بکەم و بڵێم ئەتۆ خێزانی منی.

کچە زۆری پێ ناخۆش بوو. هەستا چۆکن خوێندەوارێکی جا میرزا بوو یان مەلا،





نامەیەکی پێ نووسی بۆ غومارۆیە بۆ لای خاتوونێ کە دەبێ لایەکی سەری لەوێ بشۆی و لایەکی بێنیە ئێرە. تەونێکمان هەڵاوەسیوە و ئەوە بەدارێوەیە، لێمان ئاڵۆز بووە و بەکەس نایەتەوە سەردار ئەگەر نەیەی ئەوە هەموومان لێ دەبێتە زەرەد.

کاغەزەکەی ئاوا نووسی و مۆری میر حەجی لێدا. بەڵێ. کاغەز گەیشتە غومارۆیە و چونکە میر حەج برا گەورە بوو میران نەیتوانی خۆ بگرێ، هێنای بێگارچی زۆری ڕەگەڵ خست. وەک دەڵێن بەدوولمەدان (نمەدان) بەسەر بەفراندا بردیانە کۆیە.

ئەو کچەی کە ئەو نامەیەی نووسیبوو، دەیزانی نامەکە دەگات و خاتوون ناتوانێ گیربێ، قاسیدی لەودیوی ماڵان دانا و گوتی: ئەگەر دونیا بوو خەڵکێک هاتن و ژنێکیان پێ بوو. فەقەت ژنەکەی بێنە نێو دێی و بەعالەمەکەی بڵێ بگەڕێنەوە. ئەڵبەتە میر شێخ و میر حەج لەو بێگاریەی بێ خەبەر بوون. ئەو کچە ئەو فێڵەی سازکرد و حەقێکیشی دەدا بەو قاسیدەی کە لەسەر ڕێگایەی دانابوو.

کابرای قاسید کاتێکی عالەمەکەی دیت کە ژنێکیان پێیە و بەرەو دێی دێن بەپەلە خۆی گەیاندنێ و گوتی: کاکە هەرچی بێتە نێو دێی دوو سەد شەقی وێدەکەوێ، میر حەج و میر شێخ لەسەر ئەو بێگاریەی بەشەڕ هاتوون. میر شێخ گوتوویەتی ئەتۆ بەو زستانەی بوویەتە باعیسی گیانی ئەو خەڵکەی، دەبوایە ڕاوەستێ هەتا وڵاغ دەردەچوون ئەوکات دەماننارد خاتووغان بۆ بنێرن. فەقەت ئێوە بگەڕێنەوە و ژنەکەی بەجێ بێڵن. بێگارچیش کە پێیان خۆش بوو زوو نەجاتیان بێ، خودا حافیزیان کرد و خاتوونیان دایە دەست کابرای. کچەش واتە ئەو کچەی دابوویان بەبرایمی لە دەروازەی ماڵە میر حەجی ڕاوەستابوو، هەر کە خاتوون گەیشتێ دەپەنای خۆی گرت و بردیە دیوەکەی برایمی.

جا کە خاتوون چووە ژوورێ هەر بەو جۆرەی کە ژن عادەتیانە دەستی بەپرسیاران کرد و گوتی: کوا تەونەکە لە کوێ هەڵواسراوە؟ بۆ لێو خەرابوو، کێ وەستابوو؟

کچە گوتی: کچێ وەستای چی و، تەونی چی و حاڵی چی؟ ئەوجار سەرلەنوێ وەزع و حاڵی خۆی بۆ گێڕاوە و گوتی ئێستاش ئەتۆم بۆیە هێناوە بەڵکو نەجاتم بێ لە چنگانی، وەڵاهی شەوێ لەترسانی خەوم لێ ناکەوێ، دەڵێم نەوەک بمخنکێنێ.

خاتوون کە دیتی برایم خۆی لەو کچەی نەگەیاندووە هێندە پێ خۆش بوو لە خۆشیان قاقایەکی کێشا. لەو کاتەیدا سەری میر حەجی لەسەر ڕانی برایمی بوو کە حەکایەتی بۆ دەکرد، برایم کە گوێی لە قاقای خاتوونێ بوو سەری میر حەجی فڕێدا عەرزی و

بەندێکی تێ هەڵکرد کە دەڵێ:

ئەوە برایم دەڵێ: سەری من دێشێ دڵی من ڕاناوەستێ لەبەر ئەوێ ژانێ
ئەورۆکانە کەس بە بابێوە ڕێی ناکەوێ سەری لەسەر ڕانی من دانێ

ئەمن ئەورۆکانە کەس بەپیاو نازانم، کەسم پێ پیاو نییە چونکینێ لەبن گوێم خۆش دێ هەر قاقای خاتوون پەری خانێ.

**

جا کە برایم سەری میر حەجی گرت و فڕێیدا، میر حەج لێی ترسا و گوتی: برایم ئەوە بۆ سەرت فڕێدام؟ برایم گوتی: ئاغا خودا شاهیدی حاڵە گوێم لە قاقای خاتوونێ بوو، زۆرم بدوێنی دەتکوژم، ئەمن ئەتۆ نە بە ئاغا و نە بە پیاو نازانم. میرحەج لێی ترسا و گوتی: وەڵاهی ئەوە شێت بووە هەربۆیەش خاتوون و میران لێی وەڕەزبوونە، دیارە کەللەی خەرابووە و ئەو ئەحواڵەی بەسەری دادێ. گرێوێکی دەگەڵ دەکەم و دەی لاوێنمەوە و هەردووک دەستانی دەپەڕێنم، فەقەت چونکە خزمەتێکی زۆری کردووین بەخێوی دەکەم هەتا دەمرێ. ئەوە دەستی هەبێ خەراپە، ئەوجار سەری فڕێداوم جارێکی دیکە بەخەنجەرێ لێم دەدا و دەمکوژێ وا چاکە دەستانی بپەڕێنم چونکە ئەگەر دەستی نەبێ هیچی پێ ناکرێ.

جا بانگی کرد و گوتی: برایم ئەتۆ سەری منت فڕێدا، براله ئەگەر خاتوون لێرەبوو ئەمن ئەو ڕۆژەی ناکەم بەشەو، مەلا بانگ دەکەم و خاتوونێت لێ مارە دەکەم و داوەتێت بۆ دەگرم، ئەگەریش خاتوون لێرە نەبێ هەرتک دەستتانت دەپەڕێنم. (ئەوە ناشزانێ ئەو کچە بەفێڵ خاتوونی هێناوەتەوە ماڵێ) بەڵێ جا کاغەزێکی دەنووسن دەمەعبەینی خۆیاندا و هەرکیان ئیمزای دەکەن.

کە دەنێرنە دیوی ئەو کچەی کە داویانە بەبرایمی دەبینن ئەوە خاتوون لەوێ دانیشتووە.

میر حەج بانگی خاتوونی دەکا و دەڵێ: بەو زستانەی لەچی دەگەڕێی کێ بەتۆی گوتووە وەرە و لە چی دەگەڕێی؟

خاتوون دەڵێ: کاکە ئەدی ئەتۆ کاغەزت لێ نەنووسیبووین کە ئەوە تەونمان هەڵاوەسیوە و لێمان خەراپ بووە، وەرە چاکی بکەوە؟

میر حەج زۆری پێ سەیر دەبێ و، واقی وڕدەمێنێ. دەڵێ ئەمن شتی وام نەنووسیوە.





وەپێشینەی وەی دەکەون خەڵکی بێنن ئەزیەتیان بکەن و ئیقراڕیان لێ وەرگرن تا بزانن کێ ئەو کاغەزەی نووسیوە. لەو دەمەیدا کچە هەڵدەداتێ و دەڵێ: ئاغا کەس نارەحەت مەکەن، ئەتۆ ئەمنت بەزۆری لە بابم ئەستاندووە و داوتم بەو کابرایەی. ئەو پیاوەش لەو ڕۆژەوە لێی مارەکراوم تا ئێستا ئاویشی پێ تێنەکردووم. ئەمنیش لێی ترسام و لە ترسی ڕوحی خۆم کاغەزێکم لە زمانی تۆوە نووسی و مۆری تۆم پێوەناوە بۆ غومارۆیە کە خاتوون بێ تەونمان دەگەڵ بکا، بەشکم ئەتۆ خاتوونێی بدەیەی و، ئەمنیش نەجاتم بێ.

کە کچەکە ئەو قسانەی کرد و لەبەر ئەوەش کە شەرتیان دەگەڵ برایمی کردبوو بەکاغەزی و ئیمزا، میر حەج هێنای بانکی مەلای کرد و خاتوونی لێ مارەکرد، داوەتی بۆ سازکرد و گوازراوە.

***

## ئازیزە

١

ئازیزێ، دەوەرە ئازیزە جوانێ، سینگ سەدەفێ مەمک فینجانێ،
چاوڕەشێ برۆ قەیتانێ، دایک حدودێ باب کەحلانێ،
بەوانت سوێند دەدەم ئەگەر هەڵدێن لەسەفی دەعاسمانێ،
بەوان حەرفان کەم ئەگەر هەڵدەستێ لە قورعانێ،
بەوان گەورە کیژان دەکەم ئەگەردێنە دەرێ، لەوێ ماڵێ لەوێ خانەدانێ،
ئەگەر نەمدەنێ بەژنێکی باریک و زەندێ بەبازن، لە خۆم حەرام دەکەم نان و ئاوی کاولە ئێرانێ، ئازیز.

**

ئەوە کوڕ دەڵێ کیژێ ئەمن پیر نەبووم پیرت دەکردم، دەردەدار نەبووم دەردەدارت دەکردم، ڕەنگ زەرد و لێو بەبارنەبووم ڕەنگ زەرد و لێو بەبارەت دەکردم، دەتکردم بەتۆزێک بەبانانت وەردەکردم، بانان وە خۆیان هەڵنەدەگرتم گردەبایەکی شەماڵ دەهات لێی دەدام و بە بەحری وەردەکردم، هەر کیژێ لەوان گەورە ماڵ و نەجیم و خانەدانان دەهاتن دەئافتاوێ گەرومالیان ڕادەبردم، هەموو ئێواران و سبەینان، سەحەریان، سینگ و مەمی خۆیان پێ دەشوشتم، ئازیز..........

٢

ئەوە سـەرێکی منی مـاڵ وێران دێشێ دڵێکە من بەوەیە، بەکـابەی شـەریف بکەم، بەخـالقی گـەورەیە، لەشکرێک لەمن دیارە لەشکرێکی گـەورەیە، گـەورە و عـوندەیە، لەشکری کـێیـە و کێ نییـە؟ ئەگـەر نازانی، دەیگوت پێنسـەدی تورکە و تورکـمـانە، پێنسـەدی فەلەیە و، فەلە ڕەشکەیە، پێنسـەدی نیزامی خـاسەیە، چیـیان پێیە مـاڵی ئاگری؟ دەیگوت ئەگەر نازانی پێیـانە تۆپ و تۆپخانێ، تیری سەر بەپەیکانە، تفەنگی هەوەڵ کـارخـانە، دەداتەوە بەسـەر زینوێ شـێخـەکـەی باڵـەکـاندا. تاڵان دەکـا حـێلی حوربادی، بادەداتەوە سەر ئەوێ ماڵە حاجی برایم ئاغای بەحیلی.

کیژ گاز دەکا: هەتیوە، لاوەکە غەمێ تاڵان و ماڵێ مەبە وەرە من و تۆ لێک بهاڵێین سێ شەوان بەشەوی دەپاییزێ، دوو ڕۆژان بەڕۆژی دەبوهارێ، وەک تولەکی دەنەمامێ، وەک غەلفی دەچنارێ، وەک گوڵی دەلاولاوێ، هەر بۆ من و تۆ گەلێک گەلێک خۆشترە لە خەراجاتەکەی شاری کاولە بەحللێ.

ئازیز وەی لێ...............

ئازیزێ دەوەرە وەرە من و ماڵە بابم ئەمن لە بۆت هەڵدەڵێم بەکوێستانی دەسێو سوور و، گەنمان، بەکۆزیلەی بەرخان، بەکۆزلەتی شاڵە بەگیـان، بەسپی سـەنگی موکریان، بەقەندیلە گچکەی مامە کۆیبیان.

ئەوە قەندیلم دەیگوت: ئەمن قەندیلم، بەفرێ خۆ کۆناوکۆن وەکۆ هەڵدەگرم، گاکری مەیدان چوغان دەیگوت ئەمن گەلێک گەلێک سازگار ترم. ئازیزێ...........

٣

ئازیزێ ئەمن بۆت هەڵدەڵێم بەڕنوو، ڕنووی دەبەفرێ و گوڵ گـوڵی دەمێرگێ، ئەگـەر نێوی دەمە کن وی لە سێزدە ساڵ و چواردە ساڵی، لێدەگرنەوە، پیرۆ پیرۆی لێدەگرنەوە بەنێڵە لێی هەڵدەکەنن چڵ چڵ لەوی گیابەندێ، ئەو کیژ نییە هەرامە پیرە خاڵە، خۆ ئەمن لەبۆت هەڵدەڵێم بەقەندیلە گچکەڵەی مامە کۆیان دەیگوت هەتا بەفری نوێم لێ دەبارێ هی کۆنم لێ دەماوە

ئەمن لەبۆت هەڵدەڵێم بەئەشکەوتی کـەڵوانی ئەگەر سەرە بەهاران ئەوە شوانکاران، هەرسێ بەرەی گەلالانیان هەڵدەداوە.

ئەمن لەبۆت هەڵدەڵێم لە بۆ کـانیلەی کـانی کـەنێرێ، ئەگـەر خـۆ من بەهارم گـەلێک





گـەلێک پێ دەخـۆشن لەبەرفـیکە فـیکی شـوانان، لەبەر بێـڵـە بێڵـی شاخداری، ئەوان بێریان چاویان دەرەشن برۆیان دەبکولاوە

لەوان بێریان لەجێ کۆچێ دەماوە

گۆمیلکە گۆمیلکە عارەقی لەناو سینگ و مەمکان دادەماوە

کـیژ دەڵێ ئەگـەر بێـتو گـوڵێکی دەمێردانی لێ بخواتەوە لەبۆی دەبێتـەوە سندان و ژەهرەمارە ئەگەر هەتیوە لاوکیشم لێ بخواتەوە، لەبۆی دەبێتەوە قەنداو و شەکراوە.

٤

ئازیزێ، وەرە وەرە مـن و مـاڵە بـابم ئەمن لەبۆت هەڵدەڵێـمـەوە بەکـوێسـتـانی دەبرایم گەلالی ئەگەر سەرە بەهاران، شوانکاران وەسەر دەکەون لەبۆ کەمبەری دەکوێستانێ، هەریەکی بەخۆی و، بەسێ چوار هەزار سەر مەڕ و ماڵێ

ئەمن لەبۆت هەڵدەڵێم بەوێ حاجی حەمـەدی مـاڵ لە ئەسـتـەمبـوڵی، ئەگـەر وەسـەر دەکەوێ لەبۆ سێبەری دەکوێستانێ دەبێتەوە گەورەی پێنسەد و بیست و دوو چادر و ڕەشماڵێ

خۆمن لە بۆت هەڵدەڵێم بەوێ حەمەدی شێرە قولەی ئەگەر لەبەر شۆخ و شـەنگیـان ملکی لەسەر پەتوێکی حەجێ ڕادەماڵێ

دەک ڕەبی ئازیزێ بەژنی باریکت لەبۆ من بمێنێ بەباری حونێ

پـانی پێت بەمـن بمێنێ بەقــەیسی دەهەڵوینی، بەلـەکت بەمن بمێنێ بەهوڕڕەی دەهەلاجی، سینگت بەن بمێنێ بەکاغەزی دەمەرجانی چاوت بەمن بمێنێ بەوێ ئەستێرەی کە هەڵدێ لەنێوانێ هەور و ساماڵێ

برۆت بەمن بمێنێ بەپانە پەڕ و بەجغەی دەرەشەداڵێ

زوڵفت بەمن بمێنێ بەئاوریشـمی خاسە ڕەنگ ئەگەر لە مـانگ و سـاڵ کـەوتۆتەوە دەیبەن دەیفرۆشن لەشاری دەگەرمێنێ بەکاردێنەوە کیل و مینەقی بەمسقالی،

جا ئەو جار ئەمن دەچم بۆ گەڵی ئەوێ نێو نێڵی، ئەوێ نێو لێرەواری

لە شــەکـینێ، لە دارەبەنێ، لە مــازوو داری دارەبەنم دەبینی بەڕووتی کـەوتبـوون بەڕەزالی،

دەمگوت تۆ خـودا بەنێ ئەتۆ بۆچی وا ڕووت و ڕەجـالی؟ دەیگوت نازانم بۆچی وا ڕووت و ڕەجالم.

ئەگەر لەنێوانی بەهار و زستانێ شین دەبووم لە لێرەواری

ڕاوچی دێن کەوی نێرم پێوە دەخوێنن دەست دەکەن بەوێ گرمە گرم و ساز و سەمتوور و هاوار هاواری

ئەگەر ئەوەڵی پاییزێم شەختە لە جەنگەی پاژنوێژان هەڵدەکاتە گوڕەگوڕی پیرە شەماڵێ پێم هەڵدەوەرێنێ هەر لەبۆ سەر ئەوێ چۆم و شەت و کاولە ڕووباری، ئازیز...........

٥

ئازیزێ، ئەمن دەچووم لێم دەپرسی: دارەبەن، ئەتۆ بۆچی وا ڕووت و ڕەجاڵی؟ دەیگوت ئەتۆ نازانی ئەمن بۆچی وا ڕووتم، وا ڕەجاڵم ئەگەر لەنێوانی بەهار و هاوینانم شینکم، لێم دەست دەدەنە تەشوێ دەگەڵ ئەوێ تۆپەڵە قوڕێ

بەجێم دێڵن لە ساردی پاییزێدا بەنەخۆشی، بەزەلیلی، بەکەسیفی بەبرینداری، ئەگەر ئەوەڵی پاییزێم دادەداتەوە نمەنمەی دەبارانێ، هەتا پەڵەی پاژنوێژانم لێ دەکاتەوە گوڕەگوڕی دەپیرە شەماڵی، ئەوەڵێ پێم هەڵدەوەرێنێ هەر لەبۆ سەر ئەشکەوتی دەدانخاڵی

دەوەرە ئازیزێ ئەمن فەلاتم دەگەیشتنێ کەلێک گەلێک فەلاتی دەگەورە و گرانە،

هێندێک دەڵێن: بابەکەی بابم ئەوە سەدایە پیرە پاییزییە هێندێک دەڵێن: نەخێر، هەر بایە بارانە،

هێندێک دەڵێن: بەفرە، بوومەلەرزەیە ئاخری زەمانە،

هێندێک دەڵێن: ئاجووج و باجووجە، هێندێک دەڵێن: دەجالە حەجی سۆفیانە،

هێندێک دەڵێن: نەخێر ئەوە حەزرەتی مووسایە، هەموو ڕۆژێ لەسەر کێوی توورێ هەزار و یەک کەلیمەی دەڵێ لەخزمەت بینایی چاوانە.

هێندێک دەڵێن: حەزرەتی ئیسرافیلە فو دەکا بە نەفخی سووردا دونیا دەبێتەوە تەخت و مەکانە،

هێندێک دەڵێن: بابەکەی بابم ئەوە ئاخری زەمانە، ئازیزێ.............

٦

ئاخ دە وەرە وەرە ماڵە بابم ئەوە سەری من دێشێ، دڵێکی منی ماڵ وێرانێ بەبرینە





برینە،

ئەگەر یاری من ناناسن، بەلەکی هەی هەلاجین، پانێی قەیسی هەلۆبنین، لێوی ئەتڵەسن، ددانی مروارین. ئەمن دەچوومەوە گوڵ گوڵی دەکابەکی پۆلێکم پۆڕ هەڵدەفڕاندن، هێندێکیان سۆنە و مراوینە، هەر دەهاتن لە باژاری دەنیشتینە.

گەلێک پارێزم بۆ دەبردینە، دەهاتن لە مێرگان دەنیشتینە، لە مێرگی دەشین شینە، ئەگەر لەوێم پارێز لە بۆ دەبردینە لەوێ هەڵدەستان دەهاتن لەدەشتی «وەزنێ» دەنیشتینە، ئەگەر لەوێم پارێز لە بۆ دەبردینە دەهاتن لەمێرگی «دەکەوپەڕ»ێ دەنیشتینە ئەگەر لەوێم پارێز لەبۆ دەبردینە لەوێ هەڵدەستان دەهاتن لە گوڵ گوڵی دەخێڵێ دەنیشتینە، ئەگەر یارێ من ناناسن هەموو سەبای سبەینان دێتەوە دەرێ بەکراسێکی پەشمین پەشمینە.

٧

وەرە ئازیز، ئەرێ دە وەرە من و ماڵە بابم ئازیز

ئەوە دڵێکی منی ماڵ وێران بەبێرە بێرە

ئازیزم چاوێکم لێ دەکات بەمانگ و یەکێکم لێ دەکات بەئەستێرە

دەڵێ هەتیوە لاوکە نازانی، ئەتۆ کاوڕێکی بەماڵە بابی من بسپێرە

هەموو ڕۆژێ لەبەر کاوڕەکە وەرە بۆ ئێرە

بەباسکانتەوە بگرەوە لادێر، لادێرە

بەڵکی فەقیانەت ئەویش بەکەتانم دەگەڵم بکەوە هاوێر هاوێرە

بیست و دوو ڕامووسان لەگەردنی ڕەنگینی حەلیم بەگی بژمێرە

سەد بری بەبری دەخودای بوایە ئەمن دارێک بام لەداری دەشەنگەبی برەستابام لەبەر دەرکی ماڵە بابی کوڕە لاوەکەی حەیرانی لکێکم ڕۆیشتبا لەبۆ گەرمێنی دەگەرمەسێرە

بیست لکی دیکەم ڕۆیشتبا لەبۆ کوێستانی خاڵ خاڵ و زەنوێرە

لەبن لکی کوێستانم بهاتایە دانیشتبان ئەوسەپان و، ئاغا و، نۆکەر و جوندی و جوامێرە.

٨

ئازیزێ، ئەمن لە بۆت هەڵدەڵێمەوە بەکوێستانی عەزیزم و ڕەنگین و خاڵی خاڵێ.

ناوەڵا لەبۆت هەڵدەڵێمەوە بەوێ حاجی عەزیزی ماڵ لە گەرویسێ، ئەگەر بەهارانی دراوی هەموو دەبەشێوە لە عالەمێ پاییزان خڕی دەکردەوە بەتەلیس و جەواڵێ

خۆمن بەغیلیت لەبۆ دەبەم بەگولەگولەی مێردانە ئەگەر دەحەدە حەدەی نیوە شەوێ بەڕیشی شەق دەکا ، بەسمێڵێ چڵماوی ئەرێ عارەقی لە سینگ و مەمێ ئازیزە جوانی من و دەمالآن ڕادەماڵێ.

***

# بەیتی ناسر و ماڵ ماڵ

وێژەر: محەمەد باڵەکی

ئەوە بابەکەی بابم سەرێ من دێشی دڵی من چەندی لەمن وێرانە ئەوە من ئەورۆکانە بابەکەی بابم ئەتۆ زەینێکی خۆت لەمن بدەوە تیلەگی دەکوێستانی گاگەش و گاگەش بابۆمەران

کاکە ناسر بەسەری تۆ ئەوە ئەورۆ لێیداوە لەمن گزینگی تاوێ ئێستاکە لەبنی سێبەرێ

ئەوە بابەکەی بابم کاکە ناسر ئەتۆ زەینێکی خۆت بدەوە ئەو بەرەوبەری گاگەش و گاگەش بابۆمەران

لێی هەڵدراوە تاوڵ و چادر و چی قوڵ قوڵ وتیپە تیپە لەمن سەرانسەرە

ئەتۆ ئەورۆکانە زەینێ بدەوە تاوڵی مەزن بابۆمەر ئاغای مامم.

سێ تەیر لەسەریان بەستۆتەوە لەنگەرە

ئەوان تەیرانە یەکیان بازە، یەکیان شەهێنە ئەوی دەدیکە پیرە سەقرە لەدیارە

ئەوە بابەکەی بابم کاکە ناسر بەسەری تۆ ئەتۆ بۆ زەینی خۆت نادەیە تاوڵی مەزن بابۆمەر ئاغای مامم وێران ئەگەر هەڵدراوە لەسەر چاردە چەڵەکەی بن زێوی ناوەڵا لەمن سەریان بەپەنجەرە

دەدەوری تاوڵی مەزن بابۆمەر ئاغای مامم وەرگیراوە بیست و پێنج چیغی دەسمەر پێنج لەمن سەرانسەرە

تاوڵی مەزن بابۆمەر ئاغای مامم ئەورۆکانە سێ کیژی تێدان لەوان کیژانە یەکیان نازەنینە یەکیان خاتوونە ئەوی دەدی خاتوون ئەسمەرە





ئەوە بابەکەی بابم کاکە ناسر بەسەری تۆ خوشکی گەورە ئەوە سێ ئەنگوستیلەی دەدەستی دان ئەوان ئەنگوستیلان یەکیان لەعلە یەکیان دوڕە ئەوی دەدیکەیانم لەمن پیرە گەوهەرە

خوشکی گەورە دێتەوە دەرێ لەتاوڵی مەزن بابۆمەر ئاغای مامم بەدەستیەوەیەتی دار کوتکێکی لەوی دەخاسە ڕەنگین دادەکوتێ لە دەورەی تاوڵی مەزن بابۆمەر ئاغای مامم سەد و بیست و پێنج بەرچیغی هەر لەمن سەریان بەخیزەرە

دیارە ئەوە بابەکەی بابم کاکە ناسر دەبلێ ئەمن و تۆ شەوم شەو لەوەڕە خۆمان باوێینەوە تاوڵی مەزن بابۆمەر ئاغای مام هەتاوەکونێ مەلای مەزن بابۆمەر ئاغای دەچێتەوە دەگردەکەی دەگرخم خانێ دەڵێ ئەڵلاهو ئەکبەرە ئەوە ناسر بەمن دەڵێ بڕۆ ماڵت شێوێ ماڵ ماڵە تۆ بابە سەری تۆ نازانی مەزن بابۆمەر ئاغای مامم تازە بەوخەبەرەی زانیوە

ئەگەر بێتو بەنائەمینی بەبەردەرکێدا بڕۆی چون ئەو چاردە کوڕی شوانی هەیە ئەگەر یەکی سندەگلێکمان پێدا بدەن هەردەمان بڕنەوە ئاسارە.

جا ئەگەر وا دەڵێ ماڵ ماڵ زۆری ڕق هەڵدەستێ دەڵێ هەستە سواربە دەی، بەڵێ هەڵدەستن بەینێکی تەقلێ و ڕمبازێ دەکەن لەوی واوە هەرسێ کچی مەزن بابۆمەر ئاغای ڕوو دەمێرگە نەخشینان دەکەن. ئەوانیش ڕوو دەوی دەکەن هەر لە هەوەڵی سبەینێوە دەیانگەوزێن هەتا فەردایێ نوێژی ئێوارێ

فەردایێ نوێژی ئێوارێ سوێندێ دەخۆن بەحەمایەڵی سوڕە قورعانی نەئەوان ژنان بێن نە ئەوان چ مێردان بکەن، بەڵێ ئێوارێ ئەوان بەجووتە سوارە دێنەوە ئەوانیش هەڵدەستن بەپەلە پەل یەکی کۆڵەپووشێکی لەتینگێ دەبەستن و دێنەوە.

شەوێ مەزن بابۆمەر ئاغا پیاویان دەسەر دەکا دەڵێ ناسر و ماڵ ماڵ سبەینێ یان شەڕ، یان لە ملکم بچنە دەرێ.

ئەوجار ماڵ ماڵ ڕوو دە کاکە ناسری دەکا و دەڵێ کاکە ناسر تەگبیر چییە؟ ئەویش دەڵێ: برالە تەگبیر بەکەس چانابێ، بەوەزیری بەغدایە نەبێ. جا سبەینێ هەڵدەستن بەجووتە سوارە لێی سوار دەبن ڕوو لە بەغدایە دەکەن، کە دەگەنە دەراوی ئالانەزی تەماشا دەکا ئەو مەڕی ئەگەر خاتوون بەردی داناوە بۆ بەردەبێری، مەڕی لەسەر بێردراوە لە ماڵ ماڵی وایە قوونی خاتوونێ هەروا بەبەردەکەی وەیە، دادەنیشێ قونی لەجێ قوونی خاتوونێ دادەنێ و دەست پێ دەکا:

ئەوە بابەکەی بابم کاکە ماڵ ماڵ لەمن دەڵێ کاکە ناسرە

سەری من دێشی دڵی من چەندی لەمن وێرانە

ئەوە بابەکەی بابم کاکە ناسر بەسەری تۆ ئەورۆ ئەتۆ بۆچی زەینێ نادەیەوە تیلەگی دەکوێستانێ دەگاگەش و گاگەش بابۆمەران

بابەکەی بابم چەندی لەمن بەشینە، ناوەڵا چەندی لە من ئەورۆکانە زنوێرە ئەوە بەسەری تۆ ئەلحانەکە لەسەر ئاوی دەگاگەش و گاگەش بابۆمەرانڕا کاکی خۆ دەبەیەوە گەرمێنێ بەقوڕێ گیراو

چەندی لەمن گەرمایە چەندی لەمن گەرمەسێرە

بەسەری تو ئێستاش تەگبیر هەر ئەو تەگبیرەیە هەستە بامن و تۆ بچینەوە کن مەزن بابۆمەران ئاغای مامم

یەکمان بچینەوە بەنۆکەری ناوەڵا ئەوی دی بەقەنەدارە

ئەوە ناسر لەمن بانگ دێلێ وەرە ماڵت شێوێ ماڵ ماڵە تو نەکو بابت کەرە، بۆیە بۆ خۆشت هیچ تاقە پیاوەتیت لەمست نایە

پێم وایە ئەو ڕۆژانەت وەبیر نەدەهاتن ئەگەر ئەمن و تۆ دەچووینەوە دیوەخانەکەی مەزن بابۆمەر ئاغای مامم قەت بزانە کەس قونمان لەبەر دەبزێوی

ئەگەر دێینەوە دەرێ هیچ کەسمان وێڕانایە

بەسەری تۆ ئێستاش کاری تۆ بەکەس چانابێ فەقەت بەوەزیرەکەی ماڵ لەبەغدایە.

**

بەڵێ جا کە ناسر وەدەڵێ، بەجووتە سوارە لێی سوار دەبن و، ڕوو دە بەغدایە دەکەن و دەگەنە پڕکانیان. ئەگەر دەگەنە بەندەنی پڕکانیان، تەماشا دەکەن ئەوە کابرایەک لەسەرڕا بەتوێی کراس و دەرپێیان بەتەقڵەکوت دێتەخوارێ.

هەرچی ماڵ ماڵ دەبێ دەڵێ: ئەو کابرایە ڕووت کراوە، هەرچی ناسریش دەبێ دەڵێ: ناوەڵا ڕووت نەکراوە. لەو قسانەدا دەبن کابرا بانگیان دەکا و دەڵێ: وەرن پیاوی چابن مەچن، ئەوە زیائەدینی دز بەخۆی و چل کەسەوە لەسەر ئەو چاردە ڕێیانە دانیشتووە، هەرکەسێکی دەستیان دەگەڵ بکاتەوە دەیکوژن هەر کەسێکیش دەستیان دەگەڵ نەکاتەوە وەک من ڕووتی دەکەن و بەرەهەڵدای دەکەن.

ماڵ ماڵ هێندەی ڕق هەڵدەستێ تەمای دەبێ بەڕمبێ لە کابرای بدا، ناسر ڕووی





تێدەکا و دەڵێ: ماڵت شێوێ خۆ هەموو کەس تاب و تاقەتێکی نییە دە مەیدانێدا. جا بەکابرای دەڵێن: کاکە وەرە دەچین ئەگەر کوژراین ئەتۆ هەڵێ، ئەگەریش نەکوژراین چەندی ماڵی تۆیە دوو ئەوەندەت بۆ دەستێنینەوە.

کابرا دەڵێ: هەی بەلاقی خێویەوە، بەحاڵێکی خۆش نەجاتم بوو، سەری خۆم بۆ دەو قاڵمە قاڵمەی داوێمەوە؟

ناسر و ماڵ ماڵ ئەگەر دەچن و تەماشا دەکەن، ئەوە چل دانە کەس لەسەر چەقی ڕێیە دانیشتوون. ناسر بانگیان دەکا و دەڵێ: خواردنی نگۆ نین، ڕێمان بەردەن. ئەوانیش دەڵێن: ڕووت بەخواردنی کوێ؟

کەوایان جواب دەدەنەوە، ناسر و ماڵ ماڵ یەکیان دەکەوێتە بەر ڕێیە، یەکیان دەکەوێتە پشت ڕێیە. ئەوانیش بیستیان دەکەونە بەر ڕێیە، بیستیان دەکەونە پشت ڕێیە. شەڕ دەست پێدەکات. ناسر و ماڵ ماڵ پازدە بیست کەسیان لێ کول و کۆم دەکەن، باقیەکەی دیکەش تەسلیم دەبن. جا دەڵێن: سەگباب ئێوە بۆچی چەندساڵە ئەو چەتەیی و پیاوکوژیەی لەسەر ئەو چاردەڕێیەی دەکەن؟

ئەوانیش دەڵێن: خودا غەزەب لەزیائەدینی بگری هەموو خەتای وییە. ماڵ ماڵ دەڵێ: کێهەو زیائەدینن؟ دەڵێن: هیچمان هەونین، ئەو قەڵایچەی دیارە، ئەوە زیائەدین لەوێیە.

جا ئەگەر دەچێ تەماشا دەکا، ئەوە زیائەدین دەنێو دۆشەگ و لێفەی مەخمەردا بەحاڵ دیارە. ماڵ ماڵ بانگی دەکا و دەڵێ:

ئەورۆ سەری من دێشێ دڵی من چەندی لەمن کەوسەر کەوسەرە

وەرە زیائەدینی دزی قەحبەباب تۆ سەری خۆ هەڵێنە لە لێفە و دۆشەگی دەمەخمەرە،

بزانم ئەتۆ چەند ساڵە ئەو چەتەیی و پیاوکوژیە چییە دەیکەی هەی لەسەر ئەو چاردە ڕێیانەی ئەلحانەکە کەڵەگای خۆت بەشیری ڕووت ڕاوەستاوە هەر لەسەرە.

**

بەڵێ ئەگەر زیائەدین سەر هەڵدێنێ، تەماشا دەکا کابرایەکی لەسەر ڕاوەستاوە دەڵێ بێ و نەبێ، ئەوە تاجرە و ماڵێکی زۆری پێ بووە لێیان ئەستاندووە و ئێستاش ئەوە هاتووە بپاڕێتەوە ئەگەر شتێکی دەمەوە، لێفەکەی بەسەرچاوی دادەداتەوە. ماڵ ماڵیش ڕمبێکی لێدەدا و بەلێفە و دۆشەگانییەوە دەدروێ و دەباڵێکی دەبا. جا بانگی کابرای ڕووتکراو دەکا و دەڵێ: ڕووتە وەرە چەندی ماڵی چووتە ئەوەندەی بەرەوە، ئەمما ها ئەو

کاغەزەش بەرە بەو دێهاتەیدا بڕۆ و بڵێ هەر کەسێکی ڕووت کراوە بابچێ ماڵی خۆی بێنێتەوە و بڵێ ناسر و ماڵ ماڵ زیائەدینیان کوشتووە و ڕێش بەرەڵڵا بووە بچوون ماڵەکەی خۆتان بێننەوە. بۆ خۆشیان (ناسر و ماڵ ماڵ) دادەبەزن دوو پاشکۆی بەوەزن سووک و بەقیمەت گران دادەگرن و لە وەڵاغانیان دەنێن، هەیتێی لێ دەکەن بۆ بەغدایە.

نوێژی شێوان دەبێ، دەگەنە بەغدایە. ماڵ ماڵ ڕوو لە ناسری دەکا و دەڵێ: کەسی برای لەکێ میوان بین؟ ناسر دەڵێ: پێشینیان گوتوویانە وڵاغ مرادە، سەری وڵاغان بەردەدەینەوە ڕوویان لە هەر دەرکێکی کرد، لەوێ میوان دەبین.

بەڵێ جا دەرکە بەدەرکە و، کوچە بەکوچەی دەکەن هەتا وڵاغان سەر دەدەرکەی ئەحمەد ئاغای وەدەنێن. ئەحمەد ئاغاش وەزیری بەغدایە دەبێ. لێیان وەدەردەکەوێ و، موختەسەری وەل ئیکرام هەتا حەوت ڕۆژان ناچێتەوە بارەگایە.

وەزیری بەغدایە پیاوی دەنێرێ تا بەئەحمەد ئاغای بڵێن کە ئایا لە خەڵاتی کەمە، لە بەراتی کەمە، کەسێک قسەی پێ گوتووە. چییە کە ئەوە حەوت ڕۆژە ڕوو لە مەجلیسێ ناکات؟

ئەحمەد ئاغاش هەڵدەستی دەچێ و دەڵێ: سەری وەزیری بەغدایەم خۆش بێ نەهیچ کەس دەتوانێ لەبەرتۆ قسەم پێ بڵێ و، نە لە خەڵات و بەراتیشم کەمە، فەرتەق دوو برای کوێستانیم ئەوە حەوت ساڵ بوو چاوم پێیان نەکەوتبوو کەچی ئەوە حەوت ڕۆژە لێم میوانن. لەمنایە (لەمن وایە) سەعاتێکە لەکن من دانیشتوون. وەزیری بەغدایەش دەڵێ مادام برات ئەو برایەبن، بڕۆ بیانهێنە.

بەڵێ ئەگەر برایان دێنێ، وەزیری بەغدایە پیاوی هێندە جوان چاک و زەریف و مەردی چاو پێ نەکەوتووە. لە تەنیشت خۆیان دادەنێ ناشزانێ چیان دەدڵی دایە. ئەوانیش هەموو ڕۆژێ دێنە مەجلیسێ و، هەر دەڵێن ئەوڕۆ نا، سبەینێ پێی دەڵێین. بەو جۆرەی هەتا حەوت ساڵان کەس لێیان ناپرسێ خەڵکی کوێن و چ کارەن و لەچی دەگەڕێن؟

پاش حەوت ساڵان ڕۆژێکی ماڵ ماڵ دەچێتە سەربانی، ئەگەر تەماشا دەکا دەوری شاری بەغدایە بەئاڵقە گیراوە، دەڵێ: وەڵاهی واچاکە بەندێکی باوێمە ناسری.

بابەکەم بابم کاکە ناسر

ئەمن ئەوڕۆ سەرێ من چەندی دێشێ دڵی من چەندی لەمن لە کەوسەر کەوسەرە،





بابەکەی بابم ئەتۆ نازانی ئەو ساڵەکە حەوت ساڵە ئەمنت هێناوەتەوە گەرمێنی دەبەقوڕێ گیراو. دەرخواردی کاکی خۆتی دەدەیەوە ئەو ئاوی لەمن دەتاڵ و سوێرە

ئێستاش ئەوە دەوری شارەکەی بەغدا زەمینێ لەمن بەئاڵقەگیراوە وەرە

بڕۆ بزانم ئەوە چ باسە و لەمن چ خەبەرە.

**

بەڵێ جا دەڵێ ئەوە دەڕۆم. ئەویش دەڵێ کوڕە ئەخە ڕۆیین نییە، کاتێکی بۆ دیاری دەکا و دەڵێ ئەگەر بەوەندەی نەگەیەوە سەرم، دەگەمە سەرت. کە لەسەرڕا دێتە خوارێ لەهەر کەسێکی دەپرسێ هیچ کەس جوابی ناداتەوە دەڵێ چما ئەوە شاری هەلووتیانە؟ ئەو سەگبابانە بۆچی جوابم نادەنەوە کە دەگاتە مەیدانێ تەماشا دەکا ئەوە وەستایەک لەسەر کورسێکی دانیشتووە و چل شاگردی دەبەر دەستی دایە. ئەو چل شاگردانە هەریەکە و ئیشێکیان هەیە، یەک شیری سەقاو دەکا یەک خەنجەران سپی دەکاتەوە و یەک وڵاغان ناڵ دەکا و یەک..... دەڵێ وەڵاهی لەو کابرا نەجیمەی خەبەرم وەدەست نەکەوێ لەکەسی دیکە خەبەرم وەچەنگ ناکەوێ، وەچاکە بەندێکی بانگ کەمە ئەو کابرایەی جا دەڵێ:

ئەرێ سەلاموعەلێکم بابەکەی بابم لەمن مامۆستا

ئەرێ مامۆستا لەمن عەسکەرە. ئەمن تەماشا دەکەم وڵاغ چاکان وڵاغی خۆیان ناڵ دەکەن

زەینێ دەدەم مەردچاکان شیریان سەقاو دەدەن

تەماشا دەکەم جحێڵان سپی دەکەنەوە ئەوە خەنجەرە

ئەمن ئەوڕۆ بەشارەکەی بەغدا زەمینێدا دەهاتمەوە خوار و هەرچەندە پرسیارم دەکرد بۆ هیچ کەس نەبوو بەمن بڵێ ئەوە چ باسە، لە من چ خەبەرە

ئەوە مامۆستا لەمن بانگ دێڵێ وەعەلێکمە سەلام و ڕەحمەتوڵڵاهی لە من بابەکەی بابم بەخێر دەهاتی لەمن لاوەکەی بەجگەرە

ئەتۆ دەڵەی دەگوێی گایدا نووستووی، نازانی ئەوە شێخی عارەبان هاتۆتە سەر وەزیرەکەی بەغدایە

یانە خەرجی حەوت ساڵان، یان ماینێ وەزیری بەغدایە، یان دەگەڵی بکاتەوە شەڕە.

**

کە لەو گفتوگۆیەی تەواو دەبێ تەماشا دەکا دوو دەقیقەی لێ هەڵبردووە، دەڵێ ئەو کەرە بێتە خوارێ هیچ وەڵات نامێنێ. بەغاردان لەژێڵڵادێ ماڵ ماڵیش لەسەرڕا ئەگەر تەماشا دەکا، کەس دیار نییە شیری لەکالانی دەردەکێشێ و دەڕوا، دەقاڵدرماندا خۆ فڕێ دەدا و لەسەرڕا بەغاردێ، ئەگەر تەماشا دەکا ئەوە ناسر لەژێڵڵا بەغاردێ. جا بانگی ناسری دەکا و دەڵێ:

ئەوە بابەکەی بابم کاکە ناسر سەری من دێشێ دڵی من چەندی لەمن وێرە قایمەتی
چەندی لەمن کەوسەر کەوسەرە

ئەگەر ئەلحانەکە نەگەیشتبایە و ئێرە بەحوکمی ئەو شیرەی شارەکەی بەغدا زەمینم لە
بۆ دەکردێوە موستەخەرە

جا وەرە لە بۆ کاکی خۆت وەگێڕە و بزانم ئەوە چ باسە و لە من چ خەبەرە.

ئەوە ناسر لەمن بانگ دێڵێ بابەکەی بابم کاکە ماڵ ماڵ ڕۆژە ڕۆژی من و تۆیە،
شێخی عارەبانە هاتۆتەوە سەر وەزیرەکەی بەغدایە

یان ئەوەتانێ خەرجی حەوت ساڵان یان ماینی وەزیری بەغدایە
یان ئەوەتانێ لەمن دەگەڵی بکاتەوە شەڕە.

**

ماڵ ماڵ دەڵێ: با دەست دەینە شیران و بچینە مەیدانێ. ناسریش دەڵێ: کوڕە ماڵت نەشێوێ بەشیران مەیدان داری ناکرێ، لێ پرسینەوەمان هەیە یەکدا بەدوو چۆن بەو عالەمەی دادەین. جا کە شەوێ ئەحمەد ئاغا دێتەوە ڕەنگی مردووانی لێ نیشتبوو. ماڵ ماڵ دەڵێ: ها ئەوە لێمان حێجزبوون؟ ئەویش دەڵێ: کوڕە ماڵت نەشێوێ ماڵ ماڵ، ئەوە حەوت ساڵە لێم میوانن بەخۆ و بەدوو ولاغانەوە. نەبابم بابی ناسیون، نەدایکم دایکی ناسیون. ئەمن کەنگێ لێم پرسیون خەڵکی کوێن و لەچی دەگەڕێن؟ ئەگەر دە ساڵی دیشم لێ میوان بن هێشتا ناڵێم خەڵکی کوێن، فەتەق ئەمن کابرایەکم ئەوڕۆ وەجاغ کوێرم وەختە بۆ داراییش دەست لە وەزیری بەغدایە بستێنم ئەوە شێخی عارەبان هاتۆتە سەر وەزیری بەغدایە خەرجی حەوت ساڵان یان ماینی وەزیری بەغدایەی دەوێ یان شەڕی دەگەڵ بکا، وەزیریش پێی ئیرادە ئەو دوو لایەنانەی بداتێ. لەتەڕەف وەزیری بەغدایەڕا ڕۆژێ دە کەسی بۆ دەچێ کەلوکۆمیان دەکا. قەرارە بەخۆی و براشی بچنەوە ئارامگای خۆیان، سبەینێش نۆرە مەیدانی منە سەرێکە دەیبەم و نایهێنمەوە. ئێستاش وەرن پیاوی چاک بن هەستن با بچینە کن وەزیری بەغدایە و





مەلا و قازی، با بەیەکجاری کاغەز و بەدەمێ ئەو ماڵەی من بۆ ئێوە بێ و خەڵک نەیخوا و ئێوە بیخۆن. کە ئەحمەد ئاغا وەدەڵێ، ماڵ ماڵ دەڵێ حەک لەبرات نەکەوی، جا برا بۆ ڕۆژێکی وا نەبێ دەبێ ڕیخی دەقۆنێ دەی.

ئەحمەد ئاغا دەڵێ: ماڵ ماڵ ئەوەی دەگوێی من ماوێ، سەد کەس بەمن دەڵێن ڕووی بابی ئەحمەد ئاغای ڕەش بێ بۆ پاروە نانێکی دوو میوانی بەکوشت دان. بابچینە خێوەتی، تازە کار لەوەی دەرچووە.

کە دەیانبات، خێوەت چ خێوەت! بیست خێوەت دەپێش خێوەتی ئەحمەد ئاغای دایە.

ماڵ ماڵ ڕقی هەڵدەستێ و دەڵێ: ماڵت نەشێوێ هەتا بیست شەوی دی ئەمن دەگەمە خێوەتی شەڕێ هەر دڵیشم دەتۆقێ.

دەڵێ کوڕە عالەمت پێ چییە؟ بەخودای ئەو بیست خێوەتی دەیبینی هێندەت بەجێ دێڵن دەبێ دۆینەت بۆ بکەن. ئەوانیش بەقایە ناکەن. نێوانی شەو و ڕۆژان ئەگەر ناسر سەرهەڵدێنێ و تەماشا دەکا، چادری چی و، جاو و دراوی چی؟ هێند بەجێ ماون دەبێ هۆهۆیان بۆ بکەی. ناسر دەڵێ: فایدەی نییە با گراوێ وەبیر ماڵ ماڵی بێنمەوە دەنا سبەینێ هەردووکمان دەکوژرێین و بەهیچ دەچین.

جا بانگ دەکا و دەڵێ:

ئەرێ کاکە ماڵ ماڵ ئەمن ئەوڕۆکە سەرێکم دێشێ دڵەکەی من چەندی لە من لەگلی
چەندی لەگلی گلەییە

دەتۆ سەرێ خۆت هەڵێنە لەخەوی شیرن ڕەبی خەوی خێرێت بێ پێم ئەتۆ ئەو ڕۆژانەت وەبیرنایە ئەگەر لە میرگۆڵە و، میرگە نەخشینی دەگاگەش و گاگەش بابۆمەرانمان جووتە گراوێ خۆمان دەگەوزاندن پێم دەشکاندن گوڵی هەڵاڵە و سوێسن، ناوەڵا دەگەڵ قۆپەنی لە من دەشەنگە بیزایێ.

ئەوە بەسەری تۆ ئەو بیست خێوەتەکەی ئەگەر دوێنێ ئێوارێ دەدیت لەپێش خێوەتی خۆتدا ئەلحان بیست فەرسەخ بەجێ ماوە لە دوایێ.

ئەوە ماڵ ماڵ لە من بانگ دێڵێ: وەرە کاکە ناسر سەد ماشەڵڵا لەوێ غیرەتێ ناوەڵا دەگەڵ ئەوێ جورئەتێ

ئەتۆ لەبۆ کاکی خۆ بێنە ئافتاوەیەک ئاو، من دوو ڕەکاعەتان نوێژی سبەینێ بەجێ دەگەیێنم

ئینشائەڵڵا برازای شێخی عارەبانت لەبۆ دەکوژم و، دەست و پێی شێخی عارەبانت لەبۆ دەبەستم، لەبۆو دێنمەوە بۆ نێو خێوەتێ.

**

بەڵێ جا هەڵدەستن نان و چایەکی دەخۆن شێخی عارەبان بەخۆی و برازایەوە دێنە مەیدانێ، لێکدا لێکدا مەردی تەڵەب دەکەن. ئەوانیش ڕادەکەنە وڵاغان ئەگەر سواربن، حەوت ساڵیشە کە لە گاگەشێ ڕاهاتوون نەپشتی وڵاغیان زینی دیوە نەسواریشیان دیوە بەهیچ بار و بابەتێکی پیاوی وەخۆ ناگرن. ناسر دەڵێ: برالە بادەست دەینە شیری، بەوڵاغی تۆڕ مەیدانداری ناکرێ. ماڵ ماڵیش دەڵێ: دەنا وەڵاهی ئەو شەڕە بەشیرانش ناکرێ، لە دەوڵەتان مۆڵەت هەیە دەچم حەوت ڕۆژان مۆڵەتێ دەخوازم. ئەویش دەڵێ کەیفی خۆتە.

ماڵ ماڵ دەچتە کن شێخی عارەبان و پێی دەڵێ: برالە، لە دەوڵەتان مۆڵەت هەیە ئێستاش ئەتۆ حەوت ڕۆژانم مۆڵەت دەیە. شێخیش دەڵێ: کاکە ئەتۆ دەڵێی حەوت ڕۆژ ئەوە ئەمن حەوت مانگ مۆڵەت دەدەمێ خۆ ئەتۆ هەر لەبەر دەستی خۆمدای، جا ئەوڕۆت بکوژم هەر حەلە، سپەینێت بکوژم هەر حەلە ئەوانیش دێن بەجوملەی ئەو حەوت شەو و ڕۆژەی وڵاغان دێننەوە سەر تەعلیمی گاگەش و گاگەش بابۆمەران. شەوێ هەرچی ماڵ ماڵ دەبێ وەک دەستی کەر لێی دەکەوێ، هەرچی ناسریش دەبێ دەڵێ: هەیاران، ئەوان وڵاغیان بەحرین و ئەمەش وڵاغمان گۆڵە بارگینن، ئەوان هەریەکەی دوو مەیتەریان دەبەر دەستی دایە ئەمەش کەس نییە خزمەتی وڵاغەکانمان بۆ بکا. نەوەڵا ئەو نوستووە با ئەمن خۆم گەوج نەکەم، با خزمەتی وڵاغان بکەم و سبەحەینێ ئابڕوومان نەچێ.

بەو جۆرەی وڵاغەکان دێنێت و هەتا سێ بەقل لە شەوێ دەچی وایان لێدەکات ئەگەر ڕمبیان لێدەی نەقوپێن، لەوێڕا ڕایان دەکێشێ دەچۆمیدا ئاویان دەدا و بەینێکیان دەچۆمیدا دەگێڕی دواتر دەیانهێنێ لەبن زاری خیوەتێ دەیان بەستێتەوە و دەڵێ هەتا ماڵ ماڵی هەڵدەستێنم و نان و چایەکی دەخوا، بۆ مەیدانێ وەدرەنگی دەکەوین وا چاکە بانگی بکەم. جا دەڵێ:

ئەرێ بابەکەی بابم کاکە ماڵ ماڵ بەسەری تۆ ئەوڕۆکانە سەری من دێشێ دڵی من چەندی لە گلی گلییە ئەتۆ سەری خۆت هەڵێنە لەخەوی شیرین ڕەبی خەوی خێرێت بێ ئەتۆ ئەو ڕۆژانەت وەبیرنایە ئەگەر لە مێرگۆڵە و، مێرگە نەخشینی دەگاکەش و گاگەش بابۆمەرانمان جووتە برا ئاویلکێ خۆمان دەگەوزاندن پێم دەشکاندن گوڵی هەڵاڵە و





سوێسن ناوەڵڵا دەگەڵ قۆپەنی لەمن دەشەنگە بیزایێ

ئێستاش بابەکەی بابم ئەوڕۆکە لە پێشێکە خۆمان نەکەین بەخوێڕێتی نێومان دەگەڕێتەوە دەدنیایێ

ئەوە ماڵ ماڵ لەمن بانگ دێڵێ وەرە بابەکەی بابم کاکە ناسر سەد ماشەڵڵا لەوێ غیرەتێ ناوەڵڵا دەگەڵ ئەوێ جورئەتێ ئەتۆ لە بۆ کاکی خۆت بێنە ئافتاوەیەک ئاو ئەمن دوو ڕەکاعەتان نوێژی سبحەینێ بەجێ بگەیێنم ئینشائەڵڵا دەست و پێی شێخی عارەبانت لە بۆ دەبەستم، لە بۆو دێنمەوە بن ئەوێ خێوەتێ.

**

بەو جۆرەی هەڵدەستن و ڕادەکەنە مەیدانێ بۆ تەقڵەی و تەڵەبی مەردی مەیدانێ دەکەن. چونکە پێشتر یەکەمجار لە تەڕەف شێخی عارەبانەوە مەرد چۆتە مەیدانێ و دواتر لە تەڕەف شێخی عارەبانەوە مەرد چۆتە مەیدانێ و دواتر لە تەڕەف وەزیری بەغدایەڕا مەرد هاتووە بەڵام ئەوجار پێشتر لە تەڕف وەزیری بەغدایەڕا مەرد هاتووە، برازاکەی شێخی عارەبان مووی لە قالبی دەبێتە پەیکان و سەر لەبەرگی وەدەردەنێ. دەچێتە بەردەرکی چادری مامی و دەڵێ مامە دەرپێن لەپێ داکەندرا، چەند ڕۆژە لە تەڕەف مەوە مەرد چۆتە مەیدانێ کەچی ئەوڕۆ لە تەڕەف قەحبەبابێکی وەک وەزیری بەغدایە مەرد هاتۆتە مەیدانێ.

مامی دەڵێ: ڕۆڵە نۆبەتێیەکم هاتۆتێ، ددانم ددانی ناگرێ. ئەویش دەڵێ: مامە، لامومکینە دەبێ دەگەڵ من سواربی و بێیە سەیری مەیدانێ، ئەمن دەیانکوژم و دەگەڕێینەوە.

دەڵێ: ڕۆڵە، وەرە پیاوی چابە ئەمن ئەوشۆ خەونێکم دیوە و خەونی منیش ڕاستە و هیچ درۆی تێدا نییە. ئەوشۆ دەخەوێمدا دوو کوڕی کوێستانی هاتبوون، ئەتۆیان کوشت و ئەمنیشیان بەدەست و پێ بەستراوی لەپێش وەزیری بەغدایە دانابوو.

برازاکەی دەڵێ: لاموومکینە، ئەوەڵ ڕۆژێ ئەو قسەیەت بەمن گوتبا، هەستە سواربە. جا کە دێتە مەیدانێ و چاوی بەچاویان دەکەوێ لە پشتێند بەرەژێری دەمرێ، جا بانگیان دەکا و دەڵێ: پیاوی چابن ئەی نۆجەوان، حەیفم دێنێ بۆ وەزیری بەغدایەکی قەحبەباب ئەنگۆ بەدەستی من بەکوشت بچن ئێستاش وەرن چەند مەملەکەتی دەڵێن دەودەمێ، بۆ خۆتان ئاغایەتی خۆتانی لەسەر بکەن کوڕە، با بەدەستی من بەکوشت نەچن.

ناسر دەڵێ: ئەو قرکێنە چن دەیانڵەی؟ دەڵێی ئەنگۆ هەڵێن، جا ناسر و ماڵ ماڵ هەڵدێن؟

کە ناسر وای جواب دەداتەوە، ئەوانیش دەکەونە سەریان. دەنیوەی مەیدانێدا ناسر وا بادەداتەوە و ماڵ ماڵ وا بادەداتەوە. ناسر ڕۆدەبێتە ڕمبی و لەبرازای شێخی عارەبانی دەدا، وای لێ دەدا بستێکی لەسەر سینگی وەدەردەنی و هەڵی دەدێرێ. هەرچی ماڵ ماڵیش دەبێ ئەگەر ڕۆ دەبێتە ڕمبی کە لە شێخی عارەبانی دا، دەڵێ: حەک حەمرت نەمێنێ ئەدی ئەتۆ چ قەرارێکت کرد. کە مەندی داوێتی تەتەر پێچی دەکا و شێخی عارەبان دێنێ لە پێش خۆی دادەنێ.

لەشکری وەزیری بەغدایەش ئەگەر دەزانن ناسر و ماڵ ماڵ سەرکەوتن بەلەشکری شێخی عارەبان دادەدەن و، وەک گەڵاڕێزانی هەڵیان دەوەرێنن. ئەحمەد ئاغا کە ئەوەی دەبینێ، خەزا پیرۆزەیان لێ دەکا و دەڵێ: جا با بچینە کن وەزیری بەغدایە.

ماڵ ماڵ دەڵێ: چما دەبێ وەزیری بەغدایە بێتە کنە من یان ئەمن بچمە کنە وی؟ ناسریش دەڵێ: کوڕە ماڵت نەشێوێ بۆ هێندە گەوجیت؟ ئەتۆ شێخی عارەبانت گرتووە ڕەق و ڕووت لێرەت داناوە، چ کارت بە شێخی عارەبانە چی لێ بکەین؟ ئێمە ئەوڕۆ کارمان بەوەزیری بەغدایە چا دەبێ. جا ماینەکەی دەدا بەناسری و بۆ خۆی هەڵدەستێ دەچێتە کن وەزیری بەغدایە. وەزیری بەغدایە کڵاوی پادشایەتی لەسەری خۆی هەڵدەگرێ و لەسەر وی دەنێ بن پیلی دەگرێ و دەیبا لەسەر تەختی سەڵتەنەتی دادەنێ و دەڵێ: ماڵ ماڵ، ئەلحەقی ئەتۆ بۆ پادشازادە باشتری. ئەتۆ دانیشە پادشایەتی خۆت بکە و ئەمنیش دادەنیشم، کونجی قەناعەتێ دەگرم و نوێژ و تاعەتی خۆم دەکەم.

ماڵ ماڵ دەڵێ.. سەری وەزیری بەغدایەم خۆش بێ، ئەمن نە کڵاو و تەختی سەڵتەنەت و، نەملک و ماشم دەوێ بەڵام مامم گاگەش و گاگەشی لێ داگیر کردووم حەز دەکەم بۆ پاشەڕۆژێ کاغەزێکی تۆم پێ بێ، ئێستاش ئەگەر کەلیمە کاغەزێکم دەدەیەی چاکە دەنا دەچمەوە بەدەست و ڕمبی خۆم چم پێکرا، پێم کرا، دەنا با بکوژرێم. وەزیری بەغدایەش دەڵێ: جا ئەگەر ئەتۆ بەو کەس نەکێڵ و بەردەڕەقەی لەمن قایل دەبی ئەوە هەتا ئاشی «گاو و دەڵێم»یشم بۆ هاویشتیە سەری.

لەودەمەیدا شێخی عارەبان ئاخێکی هەڵدەکێشێ. ماڵ ماڵ دەڵێ: ها شێخ، ئەو ئاخەت بۆ هەڵکێشا؟ دەڵێ وەڵاهی ئەو ئاخەم بۆیە هەڵکێشا ئێستاش نەمزانی کە ئەگەر دەگەڵ ناسری تەقلێکی بکەن کێهەتان ئازاترن؟





ماڵ ماڵ دێتە خوارێ و دەڵێ: کاکە ناسر با تەقلێکی بکەین.

ناسر دەڵێ: کوڕە ماڵت نەشێوی ئەوە فەندە (فەننە) شێخ خەریکە بەکوشتمان دەدا، دیارە ئەتۆ هەڵێی ئەمن تەقلێکت لێدەم دەتکوژم. ئەگەر ئەمنیش هەڵێم ئەتۆ تەفلێکم لێدەی دەمکوژی، ئەوە فەندە با بۆ خۆی ئەگەر چ مەردی هەیە بابیهێنێتەوە مەیدانێ. ئێمە سوێندمان خواردووە پێکەوە تەقلەی لێ نادەین، ئەگەر چ مەردیشی نینە ئەوە خودا حافیز.

جا ماڵ ماڵ دەچتەوە و دەڵێ: شێخی عارەبان، ئێمە سوێندمان خواردووە پێکەوە تەقلە لێ نادەین. ئەتۆ ئەگەر چ مەردت هەیە با بێتە مەیدانێ دەنا ئێمە خودا حافیز.

شێخ دەڵێ: قولێکم هەیە، بچن قولەی بێنن.

ئەگەر قولەی دێنن سەرچەی هەر ڕەشە، ولاغەکەی هەر ڕەشە و بۆ خۆشی هەر ڕەشە.

ناسر لە پشتێند بەرەژێریڕا دەمرێ، دەڵێ: ماڵ ماڵ باشاری ئەو سەگبابەی ناکا و بەری حەملێکی ناگرێ.

مەیدان ئامادەکرا، ماڵ ماڵ تێی دەخوڕێ و دەڵێ: حەملە. هەرچی ولاغی ماڵ ماڵی دەبێ بەحرییە و، هەرچی ولاغی قولەشە گۆڵە بارگینە. بەڵێ جا حاوی لێ دەکێشی دەگاتە نیوەی مەیدانێ، ماڵ ماڵ دەچێتە بن زگی ولاغێ. هێندی لێ دوور دەبێ هەر بەدار تەقلەی پێ دەدا بەپلار قاڵتاغ و، قەڵتووکی ولاغەکەی هەڵدەگرێ و دەگوێی ماینیدا ئاوا دەکا. ماڵ ماڵ وەبەرنایە، دەگاتە ئەوسەری مەیدانێ ئەوجار ناسر دەڵێ: بەسەری خۆم گراوێی وەبیر نەهێنمەوە، بێتەوە ئەو سەری مەیدانێ قولەی نەجاتی بدا، تازە ئەو نەجاتی نابێ ئەگەر بچێتە نێو زگی ولاغەکەشی، هەر دەری دەهێنێتەوە. وا چاکە وەبیری بێنمەوە. جا دەڵێ:

ئەوڕۆ سەری من دێشێ ئەرێ بابەکەی بابم کاکە ماڵ ماڵ

دڵی من چەندی ئەوڕۆ لەمن لە گلی چەندی لەمن لە گلی گلییە

ئەرێ بابەکەی بابم ئەرێ پێم وابێ ئەتۆ وەبیرت نایە ئەگەر لە مێرگۆڵە و مێرگە نەخشینەی دەگاگەش و گاگەش با بۆمەرانمان جووتە گراویلکێکەی خۆ دەگەوزاندن

پێم دەشکاندن گوڵی هەڵاڵە و سوێسنی ناوەڵڵا لەمن دەگەڵ قۆپەنی دەشەنگەبیزایێ

ئەلحان ئەمن و تۆ لەسەر مرادین بچینەوە وڵاتەکەی دەگاگەش و گاگەش بابۆمەران

ئەگەر بێتو کار لە پێشێکی خۆت نەکەی دێتەوە نۆرە مەیدانی قولەی تازە قوتاریت

لەچنگی قولەی کازاب نایێ.

**

قوله هەڵدێ دەگاتە نیوەی مەیدانێ ئەگەر حاوی لێ دەکێشێ، قوله دەچێتە بن ورگی وڵاغێ و ڕێی نادا ڕمبی پێدادا. ماڵ ماڵیش پێیدا نادا و قوله دێتەوە سەرپشتی وڵاغێ. دیسان حاوی لێ دەکێشێ قوله دەچێتەوە بن زگی وڵاغێ، ئەوجار دەڵێ خێر لە مەیدانێ دەرچوو، دارتەقڵەی بەسەردا هەڵداوێ قوله دێتەوە سەرپشتی وڵاغێ. جا ماڵ ماڵ ڕمبێکی لێدەدا بەوڵاغەوە دەی دروێ و هەڵی دەتەکێنی و لەباڵێکی دەبا، ئینجا خوا حافیزی دەخوازێ و دەڕوا.

جا شێخی عارەبان ئاخێکی دیکە هەڵدەکێشی، وەزیری بەغدایە ڕووی تێدەکا و دەڵێ: ها، شێخ، ئەو ئاخەت بۆ هەڵکێشا؟

شێخ دەڵێ: وەڵاهی وەزیری بەغدایە خۆتۆ یان دەڵەی تیرەبارانی کەن، یان دەڵەی بەگازی گۆشتی لێ بکەنەوە یەکسەر بیکوژن، خۆ هیچی دیکەت لەدەست نایە بەرامبەرم بیکەی. فەقەت ئەتۆ ئەگەر لە دایکت بووی هەر بە دێڵی بووی، هەر بەدێڵیش ڕسکاوی.

وەزیر دەڵێ: بەدەلیلی؟

شێخ دەڵێ: بەو دەلیلەی ئەگەر ئەو جووتە سوارە نەبان ئەمن تەواوی مەملەکەتی تۆم بەتوورەکەی ئەسپان دەبردەوە مەملەکەتی خۆم. ئەو جووتە سوارە هاتن برازای منیان کوشت، دەست و پێی منیان بەست و لەپێش تۆیان دانام ئەتۆ ئەوەندەت جەوهەر نەبوو، ماینی من و ماینی تۆ خوشکن ئەگەر ماینی خۆت بدەی بەوی دیکەیان، هەتا لەسەر ماینی من یەکتر نەکوژن. حەیفە لە دونیایەدا ئەو جووتە لاوە لێک بن. لەسەر ماینی من یەکیان دەکوژێ و لێک دەبن.

وەزیری بەغدایە دەڵێ: بچن بیانگێڕنەوە. بەڵێ جا هەتا دەیانگێڕنەوە، ماینی ماینی وەزیری بەغداش ڕەخش ماینی شێخی عارەبان بوو کارامە دەبێ بەڵام ماینی وەزیری بەغدایە هەر دابەستراو دەبێ لە جوانیدا میسل و مانەندی نابێ. بەو جۆرە ماینی وەزیری بەغدایەش دەدەن بەناسری. جا ناسر بە ماڵ ماڵ دەڵێ: براله سواری ماینی شێخی عارەبان بووی لێت مبارەک بێ دەنا ئەوە ماینی وەزیری بەغدایە کامیانت دەوێ ئەوڕۆ سەری شەرتانە، کوڕە دەنا لەو ڕۆڕا سواری ماینم بی دمت دەبڕم. ماڵ ماڵیش دادەبەزێ و سواری ماینی وەزیری بەغدایە دەبێ.





ناسر دەڵێ: نا، تازە خۆت گەوج مەکە ئەوە بوو بەوڵاغی تۆ، ئەمما ئەمن و تۆ قەرارێکمان دەگەڵ شێخی عارەبان کردووە برۆ بەری دە بەئاقڵی. ماڵ ماڵیش دەڵێ: بەخودای بەری دەدا چاکە دەنا دەرکێ عارەبانی دەبەم. هەر بەو نیازەی هەڵدەستێ دەچێتە کن وەزیری بەغدایە.

وەزیر دەڵێ: ها، ماڵ ماڵ چ نیازێکت هەیە؟ ئەویش دەڵێ: سەری وەزیری بەغدایەم خۆش بێ، شێخی عارەبان برازای کوژراە و مەملەکەتەکەی ئێستا چۆڵە، پێمان خۆش بوو ئەگەر بەری دەی بچێتەوە مەملەکەتی خۆی دەڵێ: کوڕە ئاخر ئەوە گورگە لە پێستی مەڕیدا، چۆن بەری دەم؟ ماڵ ماڵیش دەڵێ: بۆ گاگەش و گاگەش هێندە لە تۆ دوورن، کەلیمە کاغەزێکم بۆ بنووسی کای لە پێستی سەری داخنم. شێخی عارەبانیش سوێندێ دەخوا و دەڵێ: وەزیری بەغدایە شەرتە بەشەرتی پیاوان هەتا قالبەندی تۆ دەمێنێ پشتا و پشتیشم تیغی لەڕووی تۆ نەکێشن. وەزیریش کە شێخ وا دەڵێ، بەری دەدا و دەچێتەوە مەملەکەتی خۆی.

ناسر و ماڵ ماڵ بەرەو گاگەش و گاکەش بابۆمەران دەکەونە ڕێ، بۆ شەوێ دەگەنە خەندەکی وەزیری بەغدایە. لەوێ ماڵ ماڵ بەبێ خەمی بۆی دەنوێ، بەڵام ناسر دەڵێ: بەوەی نییە دوێنێ شەوێش نەنوستووم ئەو ماینانە هەریەکی خەراجاتی دونیا دێنێ، خۆ ئەگەر بێتو دز بیانبا یان گورگ بیانخوا، یان هەڵێنەوە بۆمە دەبێتە عەیبێکی گەورە نەوەڵاهی وا چاکە ئەو خۆی کەر کردووە ئەمن خۆم کەر نەکەم، با خزمەتی وڵاغان بکەم و ئابڕوومان نەچێ.

ماڵ ماڵ کە نووستبوو، خەون بەخاتوون وەدەبینێ. جا هەڵدەستێ و دەست پێدەکا:

ئەمن ئەوشۆکانە خەونێکم دەدیبە خەونی من ڕاستە شتاقی درۆی لە بۆ نییە

ئەگەر لە خەوێدا لە من خاتوونیان دەددا بە کوردێکی کەڕکە دەبەری ناوەڵا لە من حەسڵ دەشارەزووریبە

خاتوون دادەنیشت لە لاپانکی تاوڵی دەمەزن بابۆمەر ئاغای بەدەستی دەیڕستەوە ڕانکوچۆغەڵەی دەکوردیبە

بەزمانی دەیکرد سەڕافەتی عێلیبە، بەلاقی لە من ڕایدەژاند کوڕی دەکوردیبە.

**

ناسر پێی دەڵێ: دەرد و قوزەڵقورت، ئاخر هێندەی لەسەر یاد نوستووی بۆیە خەوی پێوە دەبینی، دڵت نەتۆقێ سبەینێ دەگەینێیە. ماڵ ماڵ دەنوێتەوە، ئیستێکی پێ

دەچێ دیسان هەڵدەستێ و بەهەردک دەستان بەئەژنۆی خۆیدا دەدا و جا دەڵێ:

بابەکەی بابم کاکە ماڵ ماڵ لەمن بانگ دێڵێ بەسەری تۆ ئەمن ئەوشۆ خەونێکم دەدییە

دەخەوێدا ئەمن خاتوونیان لەمن دەدا بەکوردێکی کەرکە دەبەری حەسڵ لەوی دەشارەزووریيە

خاتوون لەمن دادەنیشت لەلاپانکی تاوڵێ مەزن بابۆمەر ئاغای مامم بەدەستی لەمن دەیڕستەوە ڕانکوچۆغەڵەی دەکوردییە

بەزمانی دەیکردەوە سەڕافەتی عێلییە

بەلاقی لەمن ڕادەژاندەوە کۆرپەڵەی لەمن دەکوردییە

هەر کەسانێکی بێتو لە خەندەکەکەی وەزیری بەغدایە خەبەرێکی ئەسەح و مەعلوومی خاتوونم لە بۆ بێنی شەرت بێ ئەمن پیرەبابێکم هەیە دەیدەمێ کاغەزی لە گەرمێن و کوێستانانی لە بۆبێنی

پیرە دایکێکم هەیە ئەویشی دەدەمێ ئەگەر شەوێ لانکۆڵەی لە بۆ ڕابژێنی

خوشکێکی دەبچکەڵم هەیە ئەویشی دەدەمێ ئەگەر لەسەر جێگایە خەم و خەفەتێکی خۆی پێ بڕەوێنی

ناوەڵا ئەمن بەخودا برایەکی گچکەڵەم هەیە ئەویشی دەدەمێ ئەگەر لەسەری بۆڵ و ئاڵان بزانی کۆرپە بەرخە کۆرپەڵان دەبۆ بچەرێنی ماینی وەزیری بەغدایە ئەویشی دەدەمێ لە مزگێنی

ئەوە ناسر بانگ دێڵێ: کاکە ماڵ ماڵ دەزانم کەس لە خەندەکی وەزیری بەغدایە نییە بەگوێی کاکی خۆتی هەڵدێنی

ئەمن نەپیرە بابی تۆم دەوێ کاغەزم لە گەرمێن و کوێستانان لە بۆ بێنی

نەپیرە دایێ تۆم دەوێ ئەگەر شەوێ لانکۆڵەم لە بۆ ڕابژێنی

نەخۆشکێ بچکەڵەی تۆم دەوێ ئەگەر لەسەر جێگای خەم و خەفەتم بڕەوێنی

نە برای بچکەڵەی تۆم دەوێ ئەگەر لەسەر بۆڵ و ئاڵان بەرخە کۆرپەڵانم لە بۆ بچەرێنی

نە ماینی وەزیری بەغدایەم دەوێ لە مزگێنی





یان ئەوتانێ چوار پەلی ماینی شێخی عارەبی لە بۆ دەشکێم

یان ئەوەتانێ بۆ دووسبحەی نیوەڕۆیە خەبەرێکی ئەسەح و مالوومەی خاتوونێت لە بۆ دێنم.

**

ناسر دەڵێ: جا ماڵ ماڵ، ئەمن ئەوە دەڕۆم کوڕە بێتو ماینی وەزیری بەغدایە شتێکی لێ بێ کات دەپێستی سەری داخنم. ماڵ ماڵیش دەڵێ: شەرت بێ بەشەرتی پیاوان کاکە ناسر ئەمن نەهێڵم ماینی وەزیری بەغدایە هیچ شتێکی لێ بێ، ئەمما دەبێ ئەتۆش شەرتێکم دەگەڵ بکەی کە بەبێ من دەستنوێژت لەگراوێ خۆت نەشکێ. ئەویش دەڵێ: شەرت بێ بەبێ تۆ دەستنوێژم لەگراوێ خۆم نەشکێ.

ناسر ڕکێفی لێدەدا و دەڕوا، بەڵام لەبەر ئەوەی دوو شەو و ڕۆژان نەنوستبوو، خەو هێرشی بۆ دێنێ و لەسەر وڵاغی بالسکۆیە دەبا، دەڵێ وەڵاهی دابەزم، وا زوو وەخەبەر نایەم ناوەڵا هەر لەسەر وڵاغی شێخی عارەبان ئیستێکی دەگرم و دەڕۆم. ماینی شێخی عارەبانیش کارامە دەبێ چوار پەلان بڵاو دەکا و ڕوبی دەچەقێنێ و دەست داوێتەوە سەر چاوی. ناسر خەوی لێ دەکەوێ، فەسڵایەکی ئەگەر وەخەبەردێ بەتینی تاوێ پشتی گەرم داهاتبوو. بۆ خۆی بەخۆی دەڵێ: حەک عەمرت نەمێنێ وەڵا عەجەب خەبەرێکت هێناوە بۆ ماڵ ماڵی. ئەوجار ڕکێفی لێدەدا و دەڕوا، ئەگەر دێ دەگەڕێ دە مەم و زینیاندا، تەماشا دەکا کەرکە مەڕێک ئەوە لەوێ کەوتووە. بانگی کابرای شوان دەکا و دەڵێ: ئەرێ کاکە، نانێک مانێکت لە کنە؟ کابراش دەڵێ ئەرێ وەڵا نانم زۆر پێیە. جا کە نانەکەی بۆ دێنێ ناسر دەڵێ: وەڵاهی نانەکە زۆر ڕەقە، پیاوی چا بە ئەو مەڕە ڕەشەم بۆ بدۆشە تا ئەو نانەی تێبوکشم.

کابراش دەڵێ بابەگیان، کەیفت دێنێ هەتا تەواوی مەڕەکەت بۆ دوێ دەم با نەڵەی دڵی بەشیری مەڕەکەیەوەیە، بەڵام ئەو مەڕە مەڕی ناسری میرزا ئاغایە ئەوە حەوت ساڵە لەوەتی ناسر و ماڵ ماڵ چوونەتە وڵاتی گەرمێنێ ئەو مەڕە حەبڕەشە نەشیری دەگوانی دایە، نەبەرانی گرتووە. ناسریش دەڵێ: بەڵکو خودا ڕوحمێ بکا و مەڕە ڕەش شیری تێدابێ. کابراش ئەگەر دەچێ تەماشا دەکا مەڕە ڕەش پڕ بەنێو ڕانی گوانە بەخەجاڵەتییەوە شیری بۆ دەدۆشێ و، دێنێ لە پێشی دادەنێ.

ناسر کە نانەکەی خوارد ئەو جار دەڵێ: ئەدی کاکە ئەو مەڕەت بۆ لەو بەر ڕۆژەی قەدیس کردووە کەچی ئەو مەڕگەلەی دیکە لەو کوێستانەی شاش و بێش لێی دەدا؟

ئەویش دەڵێ: ئەوە مەڕی بابۆمەرئاغایە، ئەوەش مەڕی ناسر و ماڵ ماڵییە. ئەوساڵ حەوت ساڵە ئەگەر ناسر و ماڵ ماڵ چوونەتە وڵاتی گەرمێنێ، بابۆمەر ئاغاش کوردێکی هاتۆتە کنی خاتوونی کچی داوەتێ هەرچی پاشخوانی ئەو مەڕەی نەبێ ناوێرم وێی کەوم. لەسەر ئەو چۆمە زۆرەش ڕا هەتا ئەو مەڕە ئاوێ نەخواتەوە و، نەکشێتەوە ئەگەر ئەو مەڕە قرپیشی بێ ئەمن ناوێرم وێکەوم.

ناسر دەڵێ: دا هەستە ئەو مەڕەی پێوەنێ ئەویش بەغیرەتی ناسری مەڕەکەی پێوەدەنێت. کوردەش ئەوە لە بەندەنێرا تەماشا دەکا لەو کاتەیدا مەڕێکی لێ گیا بڕ دەبێ چوارپەلی دەبەستێ و بەقەفی گۆچانێی دادەکا و بەشانی دادەدا، وردە وردە بەجنێودان دێتە خوارێ.

ناسر دەڵێ: هەی بەلاقی خێویێوە، وەڵا ئەوە ماڵ ماڵ باشاری نەکا قەت ئەمن باشاری ئەو سەگبابەی ناکەم، کورە چش قەیدێ ناکا با ئەو جەمەی لێیدا، بەو جەمەی نامرێ، کار لە دنیادا بەکەرێتی ناکرێ، وا چاکە بچم سڵاوێکی لێ بکەم. جا دەڵێ:

لەمن ناسر بانگ دێڵێ: سەلام و عەلێکم لەمن بەدەولەت بی کوردە

لەمن کوردەی لەبەر مەڕییە، ئەمن نازانم ئەو هۆبە و هەوارە ئی کێیە

لەمن هەڵیداوە لەو چۆڵ و بیابانەی

ئەوە کوردە لەمن بانگ دێڵێ: وەعەلێکمەسەلام و ڕەحمەتوڵاهی لەمن بەخێر نەدەهاتی حەیتە لەمن حەیتەی دەگەرمێنێ

هەرچەند ساڵێکی ئەگەر لە ژێڵڵاڕا دێن و بەپێوتانەوەیە قات و قڕی و نان گرانییە

خۆ تۆ حەرتک چاوت کوێرنەبووە نازانی ئەوە هۆبە و هەواری مەزن بابۆمەر ئاغایێ لەمن هەڵیداوە هەر لەو بەرەوبەری گاگەش و گاگەش بابۆمەری.

**

ناسر ئەوەندە گفتوگۆیەی دەگەڵ دەکا و، ڕکێفی لێدەدا و دەڕوا.

............................................................ *

ئەگەر ماڵ ماڵە شۆڕی ئەدی ناسری میرزا ئاغات هەر لەمن چ دەکردییە

* لێرەدا لاپەڕەیەک لە دەستنووسەکە کەوتبوو، زۆر هەوڵمان دا پەیدای بکەینەوە، بەداخەوە دەستمان نەکەوت– ئاراس.





ئەوە ناسر لەمن بانگ دێڵێ بڕۆن دێڵە سەگی لەمن قەحپەی سوزمانی

بەخودای درۆیان دەکەن بەقای ژنان هەروایە

هەتاوەکو سەر بەقایان بۆ هیچ کەس نییە

ئەنگۆ پێم ئەو ڕۆژانەو، وەبیرنایە ئەگەر لە مێرگۆڵە و مێرگە نەخشینەی دەگاگەش و گاگەش بابۆمەرانمان سوێند دەخوارد بەحەمایەڵێکی دە سوورەتی قورعانی

نە ئێمە، چ ژنان بێنین نە ئەنگۆ بکەنەوە چ مێردییە

لەنگۆ وایە سەری ناسر و ماڵ ماڵی بەقەڵایەکەی قالبێوە نییە

خۆتان دەبەر کوردێکی کەڕکە دەبەری، حەسڵە شارەزووری لەمن دەکردییە.

**

ناسر کە لەو گفتوگۆیەی دەبێتەوە، دەڕوا. ئەوانیش قەرەواشیان دەگەڵ دەبێ شتومەکەکانیان پێ دەشۆن و دەچنەوە. ئەویش وەک هەوەڵی دەوری پەهلەوی ئەگەر نێر و مێ، گەنج و پیر با هەر دایاندەپلۆسی وابوو.

مەزن بابۆمەر ئاغا بانگی میرزا ئاغای دەکا و دەڵێ: بزانە ئەو سەگبابە بۆچی وا لەو عالەمەی دەکا، ئاخر چی دەوێ؟

ئەویش دێ دەڵێ بابە بۆچی وا لەو عالەمەی دەکەی؟ دەڵێ: ئەو ساڵ حەوت ساڵە خەرجیتان بەدەوڵەت نەداوە، ئەلحانیش حوکمی سەختم پێیە، حەوسەد تمەنم بۆ تەحویل بدەن لە هەمبانەی بکەن و لەو حاستەی داینێن. دەنا دانابەزم.

مەزن بابۆمەر ئاغای لەو قسانە ئاگادار دەکەنەوە. جا دەڵێ ئەو سەگبابە هەر بۆ حەوسەد تمەنی وا لەو عالەمەی دەکات؟ دابچن لە میرزا ئاغا و مەزن ئاغای چوارسەد تمەنی بستێنن و بچن لە تاوڵی منیش سێ سەد تمەنی بێنن. کە حەوسەد تمەنەکەی دەبەن، دەڵێ بڕۆن بەمەزن بابۆمەر ئاغای بڵێن: هەتا ڕۆژ دەبێتەوە لامێردانم بۆ چۆڵ بکا و چاوم بەچاوی نەکەوێ. بەبابیشی دەڵێ هەتا ڕۆژ دەبێتەوە دەبێ خزمەتی وڵاغم بۆ بکەی. ئەویش دەچێتەوە دەڵێ: مەزن بابۆمەر ئاغا، عارەب دەڵێ: دەبێ لامێردانم بۆ چۆڵ کاو سبەینێ چاوم بەچاوی نەکەوێتەوە. بەمنیشی گوتووە کە دەبێ هەتا بەیانی خزمەتی وڵاغی بکەم و بۆی بلەوەڕێنم مەزن بابۆمەر ئاغاش دەڵێ: بەگۆڕی بابیەوە، ئەوەندەی ئەو لەمن بێزارە ئەمن سەد ئەوەندە لەوی بێزارم. ئەمن ئەوە لامێردانی بۆ چۆڵ دەکەم و ئەتۆش هەتا ڕۆژ دەبێتەوە خزمەتی وڵاغانی بۆ بکە.

ناسر ڕوو لە باوکی دەکا و دەڵێ: تۆ من ناناسیەوە؟ ئەمن ناسری کوڕی تۆم. ئەو حەوسەد تمەنەش بەرەوە دەگەڵ مامم لە خۆتانی داروبەش بکەن. بەمامیشم بڵێ: ماڵ ماڵ لە خەندەکی وەزیری بەغدایە لێم کەربووە ئێستاش خەونی دیوە هاتووم خەبەری بۆ بەرمەوە، ئەگەر چوو پێدەکرێ دەست درێژێکمان بۆ بکەن ئەگەر چیشو پێ ناکرێ ئەوە مەڕ و ماڵ و ڕەعیەتێکی ئەگەر بەدەستانەوە ماوە خۆو کەنارگیر کەن کوڕە سبەینێ بگەڕێینەوە سەر مەزن بابۆمەر ئاغای، کای لە پێستی سەری داخنین. میرزا ئاغا هەڵدەستێ هەمبانەی بەشانی دادەدا و دەچتە کن مەزن ئاغای. مەزن ئاغا دەڵێ: ئەوە چییە؟ ئەویش دەڵێ: ئەوە ناسری کوڕمە هاتۆتەوە. مەزن ئاغا دەڵێ: ئەدی ماڵ ماڵ؟ دەڵێ ماڵ ماڵ ئەوە لە خەندەکی وەزیری بەغدایە بەجێ ماوە، گوتوویەتی خەونم دیوە. ئێستاش ئەوە ناسر هاتووە خەبەرێکی بۆ بەرێ بەمنیشی گوتووە ئەگەر چوو پێدەکرێ دەست درێژێکمان بۆ بکەن، ئەگەر ناخۆو کەنار بگرن. سبەینێ دێینەوە و کای دەپێستی سەری بابۆمەر ئاغای داخنین.

مەزن ئاغا دەڵێ: بەگۆڕی بابیانەوە، تازە ئەمن خۆ پیاو خەراپ دەکەم لەسەر کوڕان؟ ئەگەر بۆ خۆیان کوڕ بن با ملکی خۆیان بستێننەوە، ئەگەریش کوڕ نین، ئەوە بەگۆڕی بابیانەوە.

بابێینەوە سەر نەقڵی ناز و نازدار و خاتوونێ:

ناز دەڵێ: وەرە بابچین کچێ، ئەگەر عارەب بێ دەخەوێشدا ئەو کارەی دەگەڵ بکەی وەخەبەر نایە، ئەگەر عارەبیش نەبێ ناسر و ماڵ ماڵن و لێمان وەجواب دێن. جا خاتوون کوڕی کوردەی دێنێتە پشت لامێردان و بەندێکی بەکوڕی کوردەی هەڵدەڵێ:

ئەوە بابەکەم بنوو ڕۆڵە بنوو دەچبکەم بنوو دەتکەمەوە بەقوربانی سەری ئەوان جووتە سوارەکەی ئەگەر ئەو ساڵ حەوت ساڵە لەسەر ئەمن و تۆی قەلەندەری دەبابان وێرانێ دەخۆنەوە ئاوێ لەمن تاڵ و سوێرە

ئێستاش خەتای من نەبوو لەلایەکی باب لێم ڕادەسا بەشیرێکی دەلاهورێ دایک لێم ڕادەسا بەکۆڵەوەژێکی دەنانییە

برای دەگچکە لێم ڕادەساوە بەخەنجەری دەڕووتییە

هەتاوەکونێ مارەیان دەکردم و لە کوردێکی کەڕکە دەبەری حەسڵە لەوی شارەزوورییە

ئەوە ناز لەمن بانگ دێڵێ بڕۆ دێڵە سەگی قەحپەی سوزمانی بەخولای درۆیان دەکەی ئەو قسانەت ڕاستیان بۆ نییە





بۆچی هەوەڵێ باب لەمن ڕادەسا بەشیرێکی دەلاهورییە

دایک لێم ڕادەسا بەکۆڵەوەژی دەنانییە

برای دەگچکە لێم ڕادەسا بەخەنجەری دەڕووتیە

هەتاوەکونێ مارەیان دەکردم لە کوردییە

دەمگوت بەخودا و بەپێغەمبەری ئەمن جوانیم دەگەڵ ناسری میرزاغایە شەرت بێ ئەمن لەسەر ناسری میرزاغای بهۆنمەوە پرچۆڵەی لەوی دەسپییە

ئەوە ناسر لەمن بانگ دێڵێ بڕۆن دێڵە سەگی قەحپەی سوزمانی بەقای ژنان هەروایە

هەتاوەکونێ سەر بەقایان بۆ هیچ کەس نییە

ئەنگۆ ئەو ڕۆژانە و، وەبیرنایە ئەگەر لە مێرگۆڵە و نەخشینان سوێندمان دەخواردەوە بەحەمایەڵی دەوێ دەسوڕەتی قورعانێ

نەئێمە بێنین چ ژنان نەئەنگۆ بکەنەوە چ مێردییە

لەنگۆ وایە سەری ناسر و ماڵ ماڵی بەقەلایەکی قالبێوە نییە

خۆتان دەبەر کوردێکی کەڕکە دەبەری حەسڵە شارەزوورییە

لەمن دەکردێ ئێستاش وەرنە ئەو دیوەی ئەو شەڕە مەتەڵۆکە هەر لە من فایدەی نییە.

**

جا هەرچی خاتوون دەبێ دێتە زاری لامێردانی و هەرچی نازێش دەبێ هەر سووچێکی لێفەی بلێند دەکا و خۆی دەبن ڕادەکا خۆی داوێتە باوشی ناسری. ناسر دەڵێ: پیاوی چا بەدەستنوێژم دەشکێ. ئەویش دەڵێ بۆ لێمان پەشیمان بوویەوە؟ دەڵێ ناوەلا، هەتا دنیا خەرادەبێ لە تۆ پەشیمان نابمەوە، ئەمما ماڵ ماڵ لە خەندەکی وەزیری بەغدایە سوێندێکی داوم کە دەستنوێژم لێت نەشکێ و دەستم وەدەستت نەکەوێ، با سوێند نەمگرێ. خاتوون لەولای ڕادێ، دەڵێ دەستم بەدامێنت ناسرخان، ماڵ ماڵ کەرە ئێستاش ها ئەوە بەرو بەرمووری منی بەیادگارانە بۆ بەرەو بڵێ خاتوون گوتوویەتی ئەمن هەرگراوێ ئەویم و، ئەویش هەر گراوێ منە و بۆ تاقە شەوێکیش دەست لە گراوی خۆم هەڵناگرم. ناسریش دەڵێ: خاتوون ئەمە بەجوملەی حەوت ساڵان کە ڕۆیشتووین چمان بۆ نەکراوە بەو تاقەشەوەش هیچمان بۆ ناکرێ. خودا دەزانێ دوو شەوە نەنوستووم و ئەوە کوێر دەبم هەستن بڕۆن.

ناسر دوا بەدوای ئەوان لێی دەنوێ، نێوانی شەو و ڕۆژان بابی لەولایڕا دێ، جا دەڵێ: بابەگیان بچۆ مزڵی بابۆمەر ئاغای بڵێ عەرەب دەڵێ پیاوێکم دەگەڵ خا بۆ بەڵەدی ڕێیە. ئەویش دەچێ پێی دەڵێت و بابۆمەر ئاغاش پیاوێکی بۆ دەنیرێ. لەو دیوی مالآن ناسر لێی دەگەڕێتەوە و هەردووک گوێیانی هەڵدەقەنی و دەمستی دەنێ، جا دەڵێ بڕۆ بۆ مەزن بابۆمەر ئاغای مامم بگێڕەوە بڵێ ئەوە ناسری برازات بوو، عەرەب نەبوو. ئێستاش با بۆ پاشەڕۆژێ نەڵێ بەدزیم هاتنەوە سەری، چی پێدەکرێ وەخۆکەوێ دەنا کای دەپێستی سەری داخنم.

کابرا کە لەولاێڕا دێتەوە بەچۆڕەچۆی خوێنێ، دەڵێ کوڕە ئەوە بۆچی وای؟ کابراش دەڵێ: ئەوە ناسری برازات بوو هیچ عەرەب نەبوو گوتیشی بۆ سبەینێ نیوەڕۆیە دەگەمەوە سەری و کای دەپێستی سەری داخنم، چی پێدەکرێ بیکا. دەنا نەڵێ بەدزیم هاتنەوە سەرێ.

بابۆمەر ئاغاش دەڵێ: هەی بەگۆڕی بابیەوە، ئەوە ڕێم نەدا بۆیە وا دەڵێ. ناسر ڕکێفی دێنیتێ و دێ، ئەگەر تەماشا دەکا ماڵ ماڵیش ئەوە چاوێکی لەسەر سەعاتێیە و چاوێکی هەر لە ڕێگایەیە. تەماشا دەکا ناسر تەپوتۆزی دیارە بەڵام یەک دوو دەقیقەی لەو جەنگەی کە بۆی داناوە بگەڕێتەوە لاداوە، ماینی وەزیری بەغدایە بەرەڵڵا دەکا و بەسەری ڕووتی بە ڕەڵمێدا دەڕواتە خوارێ.

ناسر دەڵێ: ئەو سەگبابە دیسان خۆی کەر کرد ئەمن چبکەم ناوەڵاهی با ئەمنیش بڕێک خۆ کەر کەم، بزانم بە کەرەکەرە دنیا چۆن دەبێ. هەر بۆیەش کە دەگاتە وێ خۆی فڕێدەدا، سەری ڕووت دەکا و بەپێی پێخواسی بەڕەڵمێدا دەڕوا، دەڵێ کوڕە سەگباب ئەتۆ خۆت خنکاند ئەمن خۆم بۆ دەخنکێنم ئێستاش ئەگەر بڕوایە ناکەی گراوێ منە و گراوی تۆ نییە ئەوەش بەروبەرمووری خاتوونێ. ماڵ ماڵ دەگەڵ چاوی بە بەروبەرموورەکانی خاتوونێ دەکەوێ لە قاقای پێکەنینێ دەدا و بەروبەرموورەکانی لێ وەردەگرێ و، دەباخەڵێیان دەنێ. بەجووتە سوارە لێی سوار دەبن هەتا دێنە ئەو جێیەی کە مەڕەکەی لێ کەوتووە. بەکابرای شوان دەڵێن، ئەرێ نانێک مانێکت لەکنە؟ کابراش دەڵێ: ئەرێ وەڵا نانم زۆر لەکنە. کە نانەکەیان بۆ دێنێ، ماڵ ماڵ دەڵێ: بابەگیان تەماشا، ئەو مەڕە شاش و بێش لە دڵی ئەو کوێستانەی دەدا ئەتۆ ئەو مەڕەت بۆ لەوبەر ڕۆژەی قەدیس کردووە؟ ئەویش دەڵێ: بابە ئەوە مەڕیی مەزن بابۆمەر ئاغایە، لەوەتی ناسر و ماڵ ماڵ کە حەوت ساڵە چوونەتە وڵاتی گەرمێنێ، کوردێکی هاتۆتە کنێ. ئەوی پاشخوانی ئەو مەڕەی نەبێ ئەمن ناوێرم ویێ کەوم، لەسەر ئەو چۆمە زۆرەی





گاگەشیڕا هەتا مەڕی وان ئاوێ نەخواتەوە ناتوانم ئەو مەڕەی ئاودەم ئەگەر قڕیش بێ لەتینوان. جا بە ناسری دەڵێ: ئەدی ئەتۆ ئەو درۆیەت بۆ کرد بۆ دەڵەی گراوی تۆ نییە و گراوی منە ئەوە لە ترسی کوردەی وا دەڵەی؟ دەڵێ هەستە ئەو مەڕەی بەئاوێ وەنێ. هەتیو هەڵدەستی مەڕێ بەئاوێوە دەنێت.

کوردە لە بەندەنێڕا چاوی پێدەکەوێت، دەڵێ: ئەمن دوێنێ چەندم لەو هەتیوەی دا، ئەوە ناسر و ماڵ ماڵن. جا لەسەرڕا بەجنێودان دێتە خوارێ.

ناسر دەڵێ: کوڕە بەفەند (فەن) نەبێ باشاری ناکەین، پیاوی چابە ماڵ ماڵ ئەتۆ لێی وەپشتەوە کەوە ئەمنیش لە پێشەوەڕا بۆی دەچم، چی بەماڵی دنیایە پێمان کرا، کرا دەنا خودا دەزانێ سەر و قونمان لەکن یەک دادەنێ. ئەویش دەڵێ قەیدی نییە.

جا ناسر بەرەو ڕووی دەچێ و دەڵێ:

سەلام و عەلێکم لەمن بەدەوڵەتی کوردە لەمن کوردەی لەبەر مەڕییە

ئەمن نازانم ئەوە هۆبە و هەواری کێیە لەمن هەڵیداوە هەر لە چۆڵ و بیابانیە

دەڵێ وەعەلێکمە سەلام و ڕەحمەتوڵڵاهی لە من بەخێر نەدەهاتی

لە من حەیتە حەیتەی لە گەرمێنێ، خۆ تۆ هەردووک چاوت کوێر نەبووە نازانی ئەوە هۆبە و هەواری مەزن بابۆمەر ئاغایە

لەمن هەڵیداوە لە بەرامبەری گاگەش و گاگەش بابۆمەرییە

بەخودای دەزانم ناسر و ماڵ ماڵن ئێستاش ئەو پێچ و پەنایە لەمن فایدەی نییە

ئەوە ناسر لەمن بانگ دێڵێ لەمن کوردەی لەبەر مەڕییە

وەرە پیاوی چابە ئەتۆ بەلەبزێکی خۆشمان خاتوون بۆ تەڵاق بدە شەرت بێ ئەمن بتدەمێ سەد شەکی ئەوی دەبەر بەرانییە

بتدەمێ سەدگامێشی دەوی پەل سپییە

بتدەمێ لایەکی دەگاگەش و گاگەش بابۆمەرانیش ساڵێ بیخۆ بە ئاغایەتییە

ئەگەر بێتو بەلەبزێکی خۆشمان خاتوون لە بۆ تەڵاق بدەی بتدەمێ ماینێ شێخی عارەبان هەموو ئێواران و سبەینان لێی سواربە و، لێی بکەوە تەقڵە و لەمن ڕمبازییە

ئەوە بابەکەی بابم کوردە لەمن بانگ دێڵێ بەسەری تۆ ناسر نەهێندە شوانێکی چاکم بەخێوکەم سەد شەکی دەبەرانییە نەهێندە

گامێشەوانیشم بەخێوکەم سەد گامێشی دەوی پەل سپییە

نەهێندە ئاغایەکی نێو بەدەرەوەم ساڵی لایەکی گاگەش و گاگەشان بخۆم بەئاغایەتییە

نەهێندە سوارێکی چاک و تەڕدەستم هەموو ئێوارە و سبەینان سواربم لەماینێ شێخی عارەبی پێ بکەمەوە تەقڵە و ڕمبازییە

بەسەری تۆ ماڵ ماڵ ئەمن ئەو وەختانەم پێ چاکترن ئەگەر نیوەڕۆیە خاتوون نانم بۆ دێنێ ئەمن ماچێکی لە کۆڵمەی ڕاستەی خاتوونێ دەکەم دەڵێم بەکوێری چاوی دەکاکە ماڵ ماڵییە

بەسەری تۆ ناسر ئەتۆش دڵت بەخۆت نەمێنێ دەچیکەم گەلێکم قازی و مەلا و فەقێ دەرکردن ئەگەر مارەی نازێشم لێ نەدەهات دەنا ئەویشم مارە دەکرد هەر بەکوێرایی چاوی دەکاکە ناسرییە.

**

جا ئەکە ئەو قسانەی دەگەڵ دەکا ماڵ ماڵ ڕقی هەڵدەستێ و، ئەگەر ڕمبێکی لێ دەدا بستێکی سەر لەسینگی وەدەر دەنێ.

ناسر دەڵێ: ماڵ ماڵ هەی ماڵت شێوێ، دەست دەکەن بەهەڵاتنێ. کوردە بەگەرمە برینەوە لێیان ڕاست دەبێتەوە و پلارێکیان ڕێ دەهاڵێنێ، ئەوجار لێی دەگەڕێنەوە بەرمبان شڕی دەکەن. هەتیوی برای ماڵ ماڵیش ڕۆ دەبێتە گۆچانی و مەڕی مەزن بابۆمەر ئاغای ڕەگەڵ مەڕی خۆی دەخا و دەڵێ با جارێ مەڕەکەم لێرەبێ.

شوانی بەرخانیش بەغار هاوارێ دەباتەوە دەڵێ، بابە، ناسر و ماڵ ماڵ هاتنەوە کوردەیان کوشت و ماتیان بەدیل گرت. هەتا ئەو چەند و چوونەی دەکەن ئەو لەشکر و سپایەی کە وەزیری بەغدایە دەگەڵی ناردبوون گەیشتنەجێ.

کە لەژێڵلا پێ هەڵا دەچن تەماشا دەکەن کوردێک لەسەرڕا دێتە خوارێ، سواری کەرێکی گوێ لەق بووە و شیرێکی لاهوری و زوورێکی پێیە جارێک ڕەو دەمی دەخا و جارێک ڕەو دەمی دەخا. جا دەڵێ ئەولایەی ناسرۆکەی پێ دەکوژم و ئەولایەی ماڵ ماڵۆکە.

ماڵ ماڵ دەڵێ: کاکە ناسر ئەوە کێیە؟ دەڵێ کوردە ئەگەر چ بابی هەبێ ئەوە بابیەتی و، دەچی دەڵێ مامەگیان ئەوە دەچیە کوێ؟ ئەویش دەڵێ: ناسرۆکە و ماڵ ماڵۆکە هەن لە وڵاتی گەرمێنێ هاتوونەوە دەگەڵ کورم بەشەڕ هاتوون دەچم ئەولایەی ناسرۆکەی پێ





دەکوژم و ئەولایەش ماڵ ماڵۆکەی.

کە کابرای کوردە وا دەڵێ، ڕمبێکی لێدەدا بەکەرەکەیەوە دەیدروێ و لە باڵێکی دەبا.

جا لەژێڵلا پێدا دێن، مەزناغای بابی ماڵ ماڵی بانگیان دەکا و دەڵێ:

ئەرێ جوتە لاوەکەی دەبەر ماڵاندا دەکەنەوە هێلان و گێلانە

ڕەبی سەری باب و مامێکە خۆتان دەکەمەوە بەقوربانی لەمن قەفی دەسمێلانە.

لە خۆت تویا لمبۆزی ڕدێن شینی مامو خۆی لێ کێشاون دەخەندەکێ لە پاشڕا لێتان نەکاتەوە چ پەند و هەر لە من چ فێڵە.

**

کە تەماشا دەکا مامی لەنێو خەندەکێ خۆی مات کردووە تا لە پڕ پێیان دادا بەیەکجاری مامیشی جووت دەکا. جا ئەگەر مامی جووت کرد، لە مندالییەوە ماڵ ماڵ ئەوەندەی ئاقڵ بەمێشک دادێ کە دەڵێ: کاکە ناسر ئەوە کوڕی کوردەیە خاتوون بەئامێزێوەی هێناوە و دەڵێ پیاوی چابە مەیکوژە چکۆلەیە، خۆ ئەمیش کوڕی کوردەیە ئەگەر ببێتە کوڕێکی چاردە ساڵە سەبارەت بە چاوی خاتوونێ ناوێرم هیچی پێ بڵێم. ئەمما کوڕە ئەوە مارە لە پاشەڕۆژێدا پێمان وەدەدا، بۆت داوێم ئەگەر بۆی هێنام ئەتۆش بەزایەی مەدە، دەڵێ زۆر چاکە.

جا خاتوون لەولایڕا دێ و دەڵێ: وەرە پیاوی چابە ئاوری جگەریە ماڵ ماڵ مەیکوژە.

ئەویش دەڵێ: شەرت بێ بەشەرتی پیاوان دەیکوژم بۆم باوێ، بەڵێ کوڕەکەی لێ وەردەگرێ و ئەویش بۆ ناسری داوێ دەڵێ کاکە ناسر ئەمانەتی خاتوونێیە، کوڕە عەزیەتی مەدە.

ناسر دەڵێ بۆم باوێ، کە بۆی داوێ نووکی شمشێری وەبەر دەدا وەک چڵمەلەتەی پێیدا شۆڕ دەبێتەوە. لەو نێوەیدا ئەوی دەمێنێ تەنیا کوڕە کەچەڵەیە. لەقسان لە تایفەی خۆیان نییە، یان لە تایفەی ژنێ مەزن بابۆمەر ئاغایە یان لە تایفەی کوردەیە کە کوڕێکی کەچەڵی شەلەیە و تەمری لەنگی پێ دەڵێن. ئەویش هەشت نۆ ساڵان چۆتە بەر گوێلکان و بەر بەرخان هەتا دەستی ڕاست و چەپی خۆی دەناسێ. لەقسان دواتر دەچێتە تارانێ و لەوێ دەبێتە مەیتەر. لە مەیتەرێڕا دەبێتە میرئاخوڕ، لە میرئاخوڕێڕا هەتا دەبێتە ڕەئیسێکی نێو بەدەرەوە. جا لەشکر و سپایەکی زۆر ڕەگەڵە خۆی دەخا. لەقسان ئەو قەڵای بەڵ تەمرێ «ڕوستای ایل تیمور»ی لێ نووسراوە چەندی لەشکر

دەگەڵ دەبێ تورەکەڕێژ ئەو قەڵایەی ساز دەکا وردە وردە لە ژێڵڵا دێن هەتا دەگەنە گەرمی دەمامەزییان، جا ئەو دەمی خەبەر دەدا فلانەکەسم و دێمە دیدەنیان. بەڵام ئەگەر چەکیان بێنن نابێ.

هەرچەندە ناسر دەڵێ: کوڕە ماڵ ماڵ ئەوە فەندە (فەنە). ماڵ ماڵ دەڵێ: کوڕە فەندی ئەو سەگبابەی چییە، جا هەتا ئەو چەند و چوونەی دەکەن ڕدێنیان سپی دەبێ و کۆم دەبنەوە.

جا کە ئەوان لەسەرڕا دێنە خوارێ بەخەنجەرەوە، ئەوانیش لەژێڵڵا لەشکریان هەڵدەستێ هەتا دەگەنە ڕاستی شەکر بەگی. ئیدی ئەگەر تەماشا دەکەن چەکیان پێ نییە حاویان لێ دەکێشن. چی بەخەنجەرێ پێیان دەکرێ دەیکەن دەنا یەکیان لەوبەری دەکوژرێ و یەکیان لەوبەری.





## ناوەڕۆک


کورتە سەرەتایەک ........ 5
چیرۆکی شێری مەنەشێر ........ 7
بزنۆکە و مەڕۆکە ........ 8
چیرۆکی پیرێژن و حەزرەتی سولێمان ........ 10
ئاشەوان و کابرای قەرەتاڵەچن ........ 10
مەڕ و گورگ ........ 13
مام ڕێوی و دایە پیرێ ........ 13
مام ڕێوی ........ 15
چیرۆکی هێلکە و ڕۆن ........ 16
مێرووله و مشک ........ 16
چیرۆکی مریشکە قوڵە ........ 17
سووری عەیار ........ 18
چیرۆکی تیسکنێ ........ 20
حەوت برا و یەک خوشک ........ 22
بەیتی گەلۆ ........ 27
بەیتی سێوەخان ........ 28
بەیتی تالانی عەلی بەردەشانی ........ 33
بەیتی دوو برالان ........ 36
بەیتی برایم و مەحمەڵ ........ 45
بەیتی کاکە میر و کاکە شێخ ........ 55
بەیتی خەج و سیامەند ........ 60
بەیتی سەیدەوان ........ 63
بەیتی لەشکری ........ 66
بەیتی لاس و خەزاڵ ........ 73
بەیتی برایم و میران ........ 108
ئازیزە ........ 126
بەیتی ناسر و ماڵ ماڵ ........ 131

# چاپکراوەکانی دەزگای ئاراس لە ساڵی ٢٠٠٢دا

(١) مذكرات بنڤنوتو چلليني. ترجمة وتعليق: جرجيس فتح الله.
(٢) المجتمع الكردي في المنظور الإستشراقي. تأليف: د. بدرخان سندي.
(٣) مارەکەیان بکوشتایە. ڕۆمان: یەشار کەمال. وەرگێڕانی: ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل.
(٤) سەردەمی بێ تاوانی. شانۆنامە. دکتۆر قوتبەدین سادقی. وەرگێڕانی لە فارسییەوە نەجیبە ئەحمەد
(٥) كركوك في العصور القديمة. الدكتور جمال رشيد أحمد.
(٦) نامەکانی مەم. محەمەد مەولوود مەم.
(٧) نووسین و پەخشان و وەرگێڕاوەکانی گۆران. ئومێد ئاشنا- کۆی کردووەتەوە و ڕێکی خستووە و پێشەکیی بۆ نووسیوە.
(٨) ماڵئاوایی لە چەک. ڕۆمان. ئێرنست هێمنگوای. عەبدولخالق ئەحمەد عەزیز لە ئینگلیزییەوە کردوویەتی بەکوردی.
(٩) سانتیاگۆ دی کۆمپۆستێلا Santiago De Compostela –ڕۆمان. فەرهاد پیرباڵ.
(١٠) مەلی ئاوات. سێ شانۆنامە. وەرگێڕانی: محەمەد فەریق حەسەن.
(١١) فەرهەنگی خەم. سەرجەمی شیعرەکانی. حەسیب قەرەداخی–بەرگی یەکەم.
(١٢) فەرهەنگی خەم. سەرجەمی شیعرەکانی حەسیب قەرەداخی–بەرگی دووەم.
(١٣) ساڵنامەی کوردستان–دەزگای ساڵنامەی کوردی. پرۆفیسۆر وریا عومەر ئەمین.
(١٤) الجبل والسهل – قصص قصيرة. محي الدين زەنگەنە.
(١٥) كوردستان العراق–آراء ومواجهات إعلامية بقلم: فوزي الأتروشي.
(١٦) مستەفا بارزانی لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا ١٩٤٥–١٩٥٨ (تۆمارێکی زێڕین لە مێژووی گەلی کورد). د. ئەفراسیاو هەورامی.
(١٧) تحولات. ناصر يوسف.
(١٨) کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا. (چالاکییەکانی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠١دا). ئامادەکردنی: بەدران ئەحمەد حەبیب + هەڵمەت حەمید.
(١٩) کوردستان: دیوانا شێخ مەمدووحێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.
(٢٠) زبانێ کوردی: دیوانا شێخ نوورەدینێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.



(٢١) دیدارێ یار: دیوانا شێخ شەمسەدینێ قوتبێ ئەخلاتییێ بریفکانی. ئامادەکردنی: زاهد بریفکانی.
(٢٢) وفادة الى المنطقة المحررة. رواية وثائقية. يونان هرمز.
(٢٣) نناشد صلاح الدين... أم نحاسب أنفسنا؟ إستجواب قائد بعد ثمانمائة سنة. حوار مع الأستاذ الدكتور مُحسن محَّمد حُسَين. أجراه: بدران أحمد حبيب
(٢٤) يقظة الكرد. جرجيس فتح اللە.
(٢٥) گەڕان بەدوای نەمرییدا. مەولود ئیبراهیم حەسەن.
(٢٦) حملة الأنفال في كردستان العراق. تدمير قرية كوريمي. ترجمة د. رزگار.
(٢٧) شیعری ئینگلیزی. بەرگی یەکەم: شیعری سەدەی بیستەمی بریتانیا. هەڵبژاردن و وەرگێڕان: ئومێد وەرزەندە، بەختیار سەجادی.
(٢٨) دیاردەگەرایی تاراوگە. ڕێبوار سیوەیلی.
(٢٩) ئاراس پەرینەوەیە بەرەو سەرفرازی- ڕۆشنبیران کارەکانی دەزگای ئاراس هەڵدەسەنگێنن.
(٣٠) الحديقة الناصرية في تاريخ وجغرافيا كردستان. علي أكبر كردستاني. ترجمة: جان دوست.
(٣١) کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی – کەشکۆڵی عەبدولفەتاح – لێکۆڵینەوەی: محەمەد عەلی قەرەداغی. بەرگی پێنجەم.
(٣٢) ئەوێستا – نامەی مینەوی زەردەشت. وەرگێڕی بۆ کوردی: عومەر فارووقی.
(٣٣) مێژووی ئەدەبی کوردی. بەرگی دووەم. دوکتۆر مارف خەزنەدار.
(٣٤) احداث عاصرتها. الجزء الثاني. ذكريات السيد محسن دزەيي.
(٣٥) الفيدرالية والديمقراطية للعراق: الدكتور: محمد هماوەندي.
(٣٦) چیرۆک و بەیتی کوردی. کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: عەزیز شاڕوخ.
(٣٧) بەرهەمی خەبات. بەشێک لە بەرهەمەکانی ا. ب. هەوری (ئەبوبەکر شێخ جەلال).
(٣٨) عێراق و دەوروبەری – کورد لەو چەقەدا: سامی شۆڕش.